




# بەشێک لە وتار، بابەت و چیرۆکەکانی

## هاوڕێ مستەفا شێخە

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

**بابەتی ساڵی ٢٠١٢ ...................... لاپەڕەی ...................... ٦**

١- چەکی «ناتونێ» کەرەستەیەک بەرەو چارەسەری کێشەی لەمێژینەی کوردان.....

٢- تەهدیداتی نەورۆز.....

٣- کوو بوو، بوویمە شاحیر!؟.....

٤- سەرگەردانی ناو فاریزە و خاڵ و پرسیار و سەرسوڕمان.....

٥- بەرەو نەخوێندەواری.....

٦- شانازی کردن بە رووناکبیرییەوە.....

٧- سێحری رستە.....

٨- دانگە لە جیاتی کێڵگەی پەروەردەی مریشک.....

٩- هۆکاری سەرەکیی بوومەلەرزەکانی لای خۆمان.....

١٠- رێکخستن چەکی هەر گرنگی پیاوانە!.....

١١- خوێندن لە خزمەت پشیلەدا.....

١٢- تۆپخانەی ماڵی خاڵمان!.....

١٣- یادێک لە سمێڵی رەق و کڵاوی سەربەدوگمە.....

١٤- سێزدەی ماندووی مانگ.....

١٥- بەراوردی دوو دونیای مەجازیی خۆش.....

١٦- لە دونیای مەجازییدا تەنیا پشت بە هاهاهاهایەک ببەستە.....

١٧- رووناکبیری لە دونیای مەجازیدا.....

## بابەتی ساڵی ٢٠١٣ ...................... لاپەڕەی ...................... ٤٥

١٨- زمانی فرەڕێنووس.....
١٩- «کوردستان» لە قۆناخی گواستنەوەیەکی هەستیار دا.....
٢٠- هەڵەی بڵاوکردنەوەی گۆرانیی مەترسیدار.....
٢١- ئەوکاتەی سنوور خۆی دەبەزێنێت.....
٢٢- دەردی Replace All لە گیانی منی خەڵکی موکرواتای.....
٢٣- بەزمانی شیرینی کوردی، پارسی را فاس بداریم.....
٢٤- مریشک یەکێک لە تاوانبارانی نەورۆزە.....
٢٥- تێکسڕماندنەوەی زمانی کوردی.....
٢٦- پسپۆڕی زانستی مرۆڤخواردن!.....
٢٧- جەنبەهای خەتەرناکو ناڕەحەتکونەندە.....
٢٨- موژدە موژدە، سەربڕینخانەی مرۆڤیش کرایەوە.....
٢٩- چەند کاتژمێر لە کاژێریکدا.....
٣٠- عەمەلیاتی جوانکاریی لووت.....
٣١- هەڵسان بە ژیان کردن لە کاتی بوونی کێشەی هونەرییشدا، کاژێربە کاژێر بەردەوامی هەیە.....
٣٢- دەستگیرکردنی گۆشتی هیندی و جەنگی جیهانی.....
٣٣- کەوتە ژێر سایەی زمانی پاراو.....
٣٤- جیاکردنەوەی ناوی کۆن و نوێ بۆ ژنان.....
٣٥- کتێب خوێندنەوە باش نیە.....
٣٦- دکتۆر کۆپی ڕێگە لە دڵداری ناگرێت.....
٣٧- شامگا و گونجیشک نەوەی ئێستا و داهاتوو بە لێدان نادەن.....
٣٨- کورد دەتوانێ ئۆتۆمبێلیش بکاتە فرۆکە.....
٣٩- هەڵسەنگاندنی دوو وشەی چەند بڕگەیی.....
٤٠- ئامریکا هاتە ناو کێشەی هەشت چالاکە گیراوەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.....

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ ...................... لاپەڕەی ...................... ٩٨**

٤١- خەونی سەربەخۆیی.....

٤٢- چاوی سەرم بی دەستەڵاتی چوارەم!.....

٤٣- زمانی کاک ناسیاسەتی لای خۆمان.....

٤٤- هەڵەی مریشکی ئێمە و بەزمی قەلی هەندەران.....

٤٥- هەشتی مارس بەتەنیا لە ئافرەتان پیرۆز بێت.....

٤٦- یادی زگچوونی تیپی زەیتوون دەکرێتەوە.....

٤٧- چنینەوەی هەڵەی خۆم.....

٤٨- مارکیزیش نەیتوانی لێمان تێکبدات.....

٤٩- هۆلۆکاست کاری کوردی ئاڵمانیولئەسلە.....

٥٠- ئەی وەرن با بەزمانی جەستە قسە بکەین!.....

---------

٥١- ڕێبەری گەل........................................................................................ ١٢١

٥٢- دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین و خاڵی وەرچەرخان لە خەباتی دوو نەتەوەدا.............................................. ١٢٦


٥٣- ١٣ی خەزەڵوەر: سەرەتایەک بۆ قەیران و سەرکوت...................................................................... ١٣٣

**کۆمەڵێک بابەتی: "ڕۆچنــــە"وە - وێبلاگی نووسەر...... ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ....... ١٣٨**

١- پێنجخولەک مەودا.....

٢- نەریتەکانی نووسین.....

٣- مەترسیی فارساندنی زمانی دایک.....
٤- کاوێژێک و دوو لێکدانەوە.....
٥- هێڵکاریی لە سەر رووبەرێکی سووتاو (چیرۆک).....
٦- تیرۆریست (چیرۆک).....
٧- مەزادخانە.....
٨- ئەو ڕێبوارەی بەدوای ناوی خۆیدا وێڵ بوو........................................................ ڕەهبەر مەحموودزادە
٩- پێنجخولەک مەودا.....
١٠- ئاوڕێکی زۆر خێرا بە سەر "کۆچی هەورەتریشقە"ی مستەفا شێخە دا.......................................... عەلی سۆهرابی
١١- "گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی نەنووسراو"....................................................................... مراد ئەعزەمی
١٢- وردە ژانی کاڵ بوونەوە(چیرۆک).....



## بابەتی ساڵی............. ٢٠١٢

## چەکی «ناتونێ» کەرەستەیەک بەرەو چارەسەری کێشەی لەمێژینەی کوردان

ئەوەندەی مێژووی ئەم دواییانە لە یادی بێت، کێشەی دووبەرەکی و شارشارێن و شەڕەگەڕەکی کوردان لە سەردەمی دەستەڵاتداریەتیی سەفەوی و عوسمانییەکانەوە لەم کوردستاناناتەی ئێمە بەرچاوە. بۆیە ئەیژم کوردستانات، چونکە دەکرێ بڵێین کوردستانەکان بەم هەموو جیاوازییەوە، یەکەیەکی گەورەتریان پێکهێناوە کە ئەکریەت پێی بێژی کوردستانات. بەمەرجێک وەک دانیشتوانی شاری سنە بیر نەکەینەوە و تەنیا بە سنە نەیژین کورسان، وشەی کوردستانات زۆر باشە و کۆمەڵێک کێشەمان لە کۆڵ دەکاتەوە. ئەگەر کەمێک پەلە بکەین و پێش ئەوەی ئەم وشەی کوردستاناتە وەک کۆمەڵێک وشەی دەستەوئەژنۆی دیکە لەلایەن یەکێک لە حیزبەکانەوە دەستی بەسەردا بگیرێت، بیقۆزینەوە، کێشەی زۆر گەورەمان لە کۆڵ دەبێتەوە.

کوردستانی ئێران و کوردستانی ئێراق و کوردستانی تورکیا و کوردستانی سوریا و جارێکی دیکە کوردستانی باشوور و کوردستانی رۆژهەڵات و کوردستانی رۆژئاوا و کوردستانی باکوور و هەر ئەمانەشە زۆرجار دەکەونە بەر رەخنەی شۆڕشگێڕانی دۆخی نەتەوەیی و بۆ وێنە دەڵێن کوردستانی رۆژهەڵات هەڵەیە و راست و درووستەکەی رۆژهەڵاتی کوردستانە. هێندێک لە دۆستانی مۆڕ و لالووت ئەوەشیان پێباش نیە و لە جیاتی رۆژئاوای کوردستان یا کوردستانی رۆژئاوا دەڵێن باشووری بچووک. وادیارە دۆستانی مۆڕ و لالووت ئیمانی تەواویان بە نەخشە دانەسەپاوە نوێیەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کە لەوێدا دەڵێن دوو بەشی کوردستاناتی ژێر چاودێریی ئێراقەبەریتانی و سوریا فەرەنسایییەکە لەداهاتوودا تێکەڵ دەکرێنەوە.

سەرەڕای ئەوانەش، هەر لەناو پارچە جیاجیاکانی کوردستانیشدا کەم بەش و گەڕەک و ناوچە سەنەی ئەوی دیکە دەخوێنێتەوە و جاری وایە حیسابی کوردستان بوونیشی بۆ ناکات. هەولێری دەست بە سکیانەوە دەگرن و بە شاری هەڵمەت و قوربانی پێدەکەنن. سلێمانیەکان دەڵێن بوونی قەڵایەک و منارەیەک لە شارێکی گەورەی هۆلاکۆبەزێندا شوورەییە و رەنگە ئابڕووچونی بەدوادا بێت. ئەو پەتایە لە لای رۆژهەڵاتیش بە شەڕی نێوان موکریان و خوارووی کوردستان بەردەوامە و لە

ئەویش بەمەش ناوەستن و لەناو موکریانەکانیشدا بۆکانیەکان بە شاری بوداغ سوڵتان و مزگەوتی سوور پێدەکەنن و سابڵاخیەکانیش ددانی بەخێر بە بۆکانی بووکی موکریاندا ناهێنن و ئەووەی هیچ حیسابی بۆ نەکەن، حەوزە گەورەیە. بەم حاڵەوە ئەگەر کێشەکانی بەشی کرمانجی سەرووی بخەینە سەر و جارێکی دیکەش بگەڕێینەوە سەر ئەو ئەمارەتە ورد و درشتە کوردیانەی بە فیتی سەفەوی و عوسمانیەکان، ئێستاشی لەگەڵدابێت تۆوی ناکۆکی لە بەیار و کرێن و رەقەنی چیا و پێدەشتەکانیاندا هەروا دەڕژێ و دەڕوێتەوە، بەم ئاکامە دەگەین کە بە وشەی کوردستانات زۆربەی کێشەکان بنبڕ دەبن و لەناو دەچن.

لەم کوردستاناتەی خۆماندا دوو شاری هەولێر و سلێمانی ئێستاش هەر بەفیتی سەفەوی و عوسمانیەکان، لە پێشکەوتن و دواکەوتنی کوردستاندا کاریگەریی بەرچاویان هەیە. ئەگەر سەردەمی مافی ئافرەت و مافرەت و ژنان و منان نەبوایە و وەک جاران گەمەی سێبەردان باو بوایە، ئێستا سێبەردەم بۆ فڕێ دەدا و دەمگوت شەڕی ئەم دواییانەی دوو زلحیزبەکەی ئەم پارچەیەی کوردستانیش هەر دەستی سەفەوی و عوسمانیەکانی تێدابوو.

بەڵام ئەوانە هیچکامیان کێشەی ئەمڕۆی ئێمە نین و کێشەی سەرەکیمان ئەم دوو پاشگرەی «وانێ» و «تن»ەیە.

دیارە «تن» مەودای جوگرافیای بەکارهێنانی فراوانە و لە هەولێرەوە بە شنۆدا تێدەپەڕێت و تا گوندەکانی دەلۆ و دەربەند و سامۆرتێ و رەشەکانی سەر لێواری گۆلی ورمێ دەگرێتەوە و «وانێ»ش جاری وایە لە سلێمانییەوە تا بانە پەل داوێت. «تن» پیتی «ت»ەکەی لەو فرمانەوە دزیوە کە پێیەوە دەلکێت و هەر ئەم «دەلکێت»ەی ئێستا لە کیبۆردمان دەرپەڕێ، دەبێت بە « دەلکێ - تن». «تن» تەنیا بە فرمانی داهاتوو لە دۆخی سێهەم کەسی تاکەوە دەلکێت، بەڵام «وانێ» بە هەموو فرمانێکەوە دەلکێت. وەک دەلکێتەوانێ، دەلکانەوانێ، لکابوومەوانێ، چوومە وانێ، خواردمەوەوانێ و بردمەوانێ. پێش ئەوەی خەڵکی سلێمانی خاکی شارەکەیان بە باش و خراپەوە بکێشنەوانێ و گۆلی وانیێ پێ وشک بکەن، واباشە لە هەڵشێلان و هەڵخلاندنی ئەم «تن» و «وانێ»یە چەکی «ناتونێ» بەرهەم بهێنین و هەتا پەتای تن و وانێ رۆدەمرکێت ئەم ناتونێ یە بخەینە دوای هەموو فرمانەکانەوە.

**بە بۆنەی ئەم داهێنانە بێوێنەیە، سەری ساڵی تازە و بەهاری کوردەواری لە هەمووڵایەکتان پیرۆزبیتناتونێ و ئەم ساڵەش بە خێر و خۆشی بەرنەسەرناتونێ.**

**٥ی ئەپریلی ٢٠١٢**



سەرچاوە Serchawe

# تەهدیداتی نەورۆز

ئەم نەورۆزە ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر تووشی گرفتمان دەکات. زۆرم لا سەیرە کەس لا لەم پەیدەیە ناکاتەوە و هیچکەس لەم مەیدانەدا لە فکری نەجاتی ئەم ئۆممەتە دا نییە. کەسیش ئەم تەهدیدە موهیممە بۆ سەر دین و دونیامان بە جددی تەلەقی ناکات. لە غەربی کشوەر، نەورۆزی ئەمساڵ زۆر لە ساڵەهای قەبل شەنیعتر و خراپتر بەرگوزار کرا. مەسئوولینی موحتەرەمی نیزامی موقەددەسیش زۆر بە بێ زەوقی تەوجۆهـ بەم پەدیدەیە دەکەن. هەمووماں دەزانین ئەم پەدیدەیە لە ئایەندەدا تووشی چ موعزەلێکمان دەکات.

ئەوەی ئەمساڵ لە غەربی کشوەر لەلایەن کەسانی نائاگاهەوە بەدەستی موزدوورانی ئەجانب ئیجرا کرا، بۆ ئەوە دەبێ بە نیگاهێکی کونجکاوانەوە تەوجوهی پێبکرێت و مەسئوولینی موحتەرەم بە دیتنی ئەم وەزعە، لازمە ئیحساسی مەسئولیەتی زیاتر بکەن و لە تکراری چونین سەحەنەهایەک جلەوگیری بکەن. مەسئولینی موحتەرەم متوەجیهی ئەوە بوون چلۆن لە ئەییامی نەورۆزدا، دەستی ئەجانب و بێگانە لە ئاستینی هەوادارانی زیددی ئینقلابی لەخودا بێخەبەر دەرهات و بە زیندوو کردنەوەی خوڕافاتی ئەییامی ئاتەشپەرەسەتیەوە خاهەران و بەرادەرانی نائاگاهی بە سوویی لەهو و لەعەب و حەرەکاتی مەوزوونی ناشەرعی و تەبیج کونەندە هان دا. ئەم حەرەکاتە مەوزوونە لە گەڵ مووسیقای تاغووتی و موهەییەج، جەوانانی کەمتەجروبە بەرەو کارهایی نائەخلاقی تەشجیع دەکات.

هەر ئەم هەڵپەڕین و حەرەکاتی مەوزوونە بە وەسیلەی ئەفڕادی فورسەتتەڵەب فیلمبەرداری کران ئەز راهی ئیرتباتاتی پوشتی پەردەی تەشجیع کونندەگانی ئەم بەزمە و زیددی ئینقلابەوە، گەیشتنە ئەو تەلەویزۆنانەی لە لایەن سەهیۆنیزم و شەیتانی گەورەوە بۆ زیدد ئینقلابەکان دروست کراون. زیددی ئینقلابیش وەک خۆراکی تەبلیغاتی لەو تەلەویزیۆنانەدا سوئی ئیستفادە لەم فیلمانە دەکات و جەوانانی پێ گومراه دەکات و شەهروەندان بۆلای تەجموعهایی غەیری ئەخلاقی سەوق دەدات.

لەم بورهە تاریخیەدا کە مەملەکەتی ئیسلامیمان لە شەرایەتێکی زۆر حەساس دایە و نیرووهایی دوشمەنی قەسەمخوردە هەموو ئەتراف و ئەکنافیان گرتووە و هەروا مەحاسەرەیان توندتر دەکەن، چونین حەرەکاتێکی شەنیع و دوور لە شئوناتی ئیسلامی، مەخسوسەن لە سەروبەندی نوێبوونەوەی ساڵی هیجری شەمسیدا، لە داهاتوودا زیانی جوبران ناپەزیر بە نیزامی

موقدەسمان دەگەیەنێت.

زیدی ئینقلابی ئەز خودا بێخەبەر بەوەش ناوەستێت، هەر قدەمێک ئێمە عەقەبنشینی بکەین، دووقەدەم دێنە پێشەوە و بەوەسیلەی کەسانی نائاگاه زیاتر فشار بۆ نیزام دێنن.

دوای ئەوەی ئەم ئاگرکردنەوە و حەرەکاتە مەوزوونانە لە تەلویزیۆنەکانی زیدی ئینقلابەوە بلاو کرانەوە، ئەفرادی دەستنیشاندە و مەعلومولحاڵ بە عەجەلە خۆیان گەیاندە ئەم تەلویزیۆنانە و لە ڕێگەی شەبەکەی خەتەرناکی ئینترنێتەوە دەستیان کرد بە تەحلیل و تەفسیری ئەم حەرەکاتە. هێندێک لەو کەسانە پێیان فەراتەر لە مەوزووعەکە راکێشا و باسی زەرفییەتی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نەورۆزیان کرد و ئینتزار دەکەن لە سالانی ئایەندەدا دەست وپەیوەندەکاینیان کە لەناو خەڵکی موستەزعەف و هەمیشە دەرسەحنەدا کەمیش نین، دەسیسە و ئەمیالی شەیتانیی ئەوان لەوەش زیاتر جێبەجێ بکەن. ئەگەر ئەمیالی ئەو جۆرە کەسانە جێبەجێ بێت و تیریان بە سەنگ نەخوات،

**رەنگە نیزام تووشی ئەم کێشانەی خوارەوە بێتەوە:**

١- ئەو خۆبادان و حەرەکاتی مەوزوون و خوێندنەوەی شێعر و مەتڵەبی بابیتەبعی زیدی ئینقلابە، لە سالانی داهاتوودا زیاتر لەوە گوسترش پەیدا بکات بە تەواوی لە کۆنترۆڵ دەربچێت.

٢- ئەفرادی وابەستە بە جەریانهایی مەعلوومولحاڵ، هەتا نەورۆزێکی دیکە، زیاتر فێری ئەو شێعر و مەتڵەبانە بن کە بە مەزاقی زیدی ئینقلاب خۆش دێن و دەبنە هۆی سەرئێشەی مەسئولینی موحتەرەمی رەدەبالای نیزام.

٣- ئیحتماله تێکەڵ بوونی خاهەران لەگەڵ ئەم مەجلیسی بەزم و رەزمی لەهو و لەعبە باعس بێت، کچ و ژنانی بێشەرمی ناو ئیجتماع زیاتر روویان بێتەوە و حەتا ئیحتمالی هەیە لە ساڵی ئایەندەدا کچ یان ژنی وا هەبێت وێڕای هەڵپەڕین و خۆبادان لە دەستی پیاوی نامەحرەمدا بە ئاشکارا بە دەنگی بەرز، ئاوازی موبتەزەلیش بڵێتەوە.

٤- ئەگەر ئەم بایە لەو کونەوە بێت، ئیحتمالی هەیە ساڵی ئایەندە منیش شەیتان فریوم بدات و تێکەڵی ئەم حەرەکاتە مەوزوونە بم.

٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٢

## کوو بوو، بوویمە شاحیر!؟

ئەو بەیانیە وەکی لەناو یاتاغان هاتمە درێ، تەماشام کرد زەوقێکی عەنتیکەم هەیە و بوویمەتە شاحیر. بە پەلە ئەو شەحرەی لۆم هات، نووسیمەوە و گۆتم با لە بیرم نەچیتەوە. لۆخۆم خەنی بوویمە کە هەستاوم بە نووسینی شەحرێکی دردارانە و ئەو شەحرە جوان و قەشەنگەی ئەمن نووسیمە، بە گێی هەر کەسەکی بگاتن، دەیکاتە ریسالەی مۆبایلەکەی و بە مەسیج بەناو گەنجادا براوی دەکاتەوە و بەدەنگی نەرم و نیانان ئەوای دەخوێننەوە:

چەندە خۆش بوو خەونی ئەمشۆ
خەونێکم دی
ساتەکانی پڕ لەخۆشی و
هەناسەکان تێکدەنگووتن
دەستەملان بووم لە باوەش تۆ

گەلەکم پێخۆشە هەمووشەوێ خەونەکی وەها ببینم و بۆ سبیانێ، لە تێنووسی یاداشتەکانمدا بینووسمەوە و ئەگەر زۆر بوون، کۆیان دەکەمەوە و لە پەرتوکێکی بچووکی گیرفاندا چاپیان دەکەم و جا ئەوجا، دەگەر کتێبی مۆبایلە شەحری شاحیرانی دیکە لە پێش رۆژنامە فرۆشەکان دەیبینمەوە. هەندەک لە کتێبی مۆبایلە شەحرەکانیشم بە تەوقیعی خۆم دەدەمە ئەو کیژ و کارە جوانانەی وەکی کارمامزی خۆشبەز بە پانتۆری دەرینگ کورتەوە دری زەلامی لۆ خۆیان دەبەن.

ئەرێ بەڕاست، پێم سەیرە، چلۆن بوومە شاحیر؟ ئەو شەحرەم کو لۆ هات؟ ئاخر ئەمن و شاحیری کوجا مەرحەبا؟ خۆ ئەمن نە دەزانم کێشی شەحر دەبێ کوو بیتن و نە دەشزانم سەروا چییە؟ راستە جاروبار بیستیتم باسی کێشی بڕگەیی و حەروزی و مۆسیقای شەحر دەکەن، بەرام هەر ناویانم بیستییە. ئەدی کوڕە ئەتوو کوو ئەو شەحرەت لۆهات، لۆ پێم نارێی؟

ئەوەندەی خۆی لۆ دەینم و دەبەم و فکرانی لێ دەکەمەوە، نزانم کوو بوو وە لەنەکاو بوویمە شاحیر؟

شەوێ دی چوومە ناو یاتاغان، هەر جولام و خۆم وەرگێڕا سەر کەلەکی چەپ و راست و ئەوەندی کردم خەوم لێنەکەت. لە ناو فکر و خەیاراندا نزانم کوو خەو بردمیەوە. ئەوەی بە فکرو خەیارامدا نەهات، شەحر بوو. هەنووکە وەک شێتانم

لێهاتییە، نزانم ئەو شەحرە حیزە بە کێندەرێدا هاتە ناو دەماخم. ئەگەر ئەو قلە شەحرە نەبوایە، کوا عەشق لە لە دەماخی دەدام و تووشی ئەو رۆژە تارەی دەکردم، هەر نزانم کوو بەو شەحەرە عاشق بووم و لە خەیاری خۆمدا ئەو هەموو کیژ و کارە جوانەم ریز کردن؟ کوڕە گەلەک عەنتیکەیە، ئەو کیژانە وەکی مامزی رەوەکن و یەک لە یەکێ جوانترن! حەموویان چاوبەرەک و بەژن زراڤن. ئاخ لۆت نەمینم شاحیرۆکە. بەخوای رەنگە وەزگ بدەی و دەستت نەگاتە نەرمەڕانیان! جا برێم ئەوە دەستت گەیشتێ، خۆ وەکی ماسی زێیە بادینان لە ناو دەستت رادەخوشن! دە ئەوجا منیش وەک شاحیری دی ناوی خوا و رەسورانی لێ دەینم و خۆیان تەناو دەکەم و هەرچی راوەستا لە خوای بەزیاد بیتن.

سوبحانوڵڵا گەلەکم پێ سەیرە، نازانم کوو بوو خۆم تووشی ئەو رۆژەی کرد؟ بەس فکرم لۆ تشتەکی دەچیتن. هەبی و نەبیتن هەر ئەو تشتە وەی کرد ببمە شاحیر. ئەوە تازە بەبیرم دێتەوە، شەوێ دی فکرم لە سەربەخۆیی ئەو کوردستانەی خۆمان دەکردەوە. ئەوندە لە تەلەفزیۆن و رادوێنان بیستیمە یەک دەرێ کورد دەبیتە دەورەتی سەربەخۆ و حوکمەتی خۆی دەبیتن و یەکی دی دەرێ تشتی وەها هەر قەت نابیتن، سەرم دەگەری دەسووڕێ. شەوێ دی گەلەک درەنگ بوو، تەلەفزتۆنۆکەم پێکردبوو، دوو موزیعی خەبەران لە تەنیشت یەکدی رۆنشتبوون و یەکیان دەیگۆ سەردەگری و ئەوی دی دەیگۆ هەندک کەس درێن سەرناگریتن. خەوم لێ کەت و نازانم پاشان کارەبا رۆیشتبوو یان پیرەژن تەلەفزیۆنەکەی کوژاندبۆوە، بەس ئێستا دەزانم لۆ بویەمەتە شاحیر!

٨ی مای ٢٠١٢

## سەرگەردانی ناو فاریزە و خاڵ و پرسیار و سەرسوڕمان

چۆن شوفێری شارەزای ئاژۆتنی ئۆتۆمبێل بەشی هەرەگرنگی کارەکەی ئەوەیە سرنج بداتە ئەو هێما و ئاماژانەی سەرجادە و شەقامەکان کە لە شێوەی تابلۆ و هێڵی ناوەند و لێواری جادە خۆیان دەنوێن، هەر بەم شێوەیەش قەڵەم بەدەستێک کە خەریکی نووسیینە ، پێویستە هێما و ئاماژەکانی بەردەم نووسەر بناسێت و لەبەرچاویان بگرێت. لە وڵاتی ئێمەدا، یاسای هاتوچۆی ماشێنەکان و یاسای نووسین زۆر وەک یەک دەچن. چۆن لە کاتی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلدا کەسی ناو ماشێنەکە لە دەرگای پشت شوفیرەوە جەندەکی بەڕێزی بەو ماشێنانە دەسپێرێت کە بە پرتاو لەدواوە دێن و تێدەپەڕن، یان چۆن لە کاتی سوورهەڵگەڕانی چرای سەر چوارڕێیانەکان، فەرمانبەری پۆلیسی هاتوچۆ لە تاکسی دادەبەزێت و مارپێچ و پێچەڵفاچ بەناو ماشێنە وەستاو و نەوەستاوەکاندا لە شەقامەکان دەپەڕێتەوە، ئێمەی نووسەریش هەر بەمجۆرە یان هێماکانی نووسین ناناسین و یان گوێیان پێ نادەین.

لە نووسینیشدا لەبەرچاو نەگرتنی یاساکانی هاتو چۆ و ریزبوونی وشەکان لە ناو دەقێکی نووسراودا رووداوی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە. جگە لەوانەش، جاری وایە لە ناو رۆژنامەکان و لەسەر رووپەڕی کتێبەکان، بەسەر دەقی نووسراوی وا دادەکەوین، نەخوێندەواری کلۆڵی وەک من هیچ، بەماموستا و لێزان و پسپۆڕی زمانەوان و زمانزانیش سەروبنی رستە و رێکەوەندەکانی ساغ نابنەوە و لەیەکتر جیا ناکرێنەوە و نازانین جەنابی نووسەر چی فەرمووە. زۆرجار دوای وردبوونەوەی زۆر لە دەقی نووسراوەکان، وادەزانی نووسەری بەڕێز دوای تەواوبوونی وشە و رستە و پاراگرافەکان، مشتێک فاریزە و خاڵ و نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمانی بەسەر کۆی نووسراوەکە وەرکردوە و هەر نیشانە و هێمایەک بە مەیلی خۆی لە پاش یان پێش بکەر و بەرکار و زێدەواژە و فرمانەکاندا خۆی مەڵاس داوە و وەک ئەو شوێنە مارەبڕانەی دایکیان بێت، بەزەبری مست و پێلەقەش چۆڵی ناکەن.

زۆربەری ئەو بەڕێزانەی تێبنی سەبارەت بە رەچاونەکردنی خاڵبەندی دەبینن، هەڵدەتۆزنەوەوە و لە قالبی موبارەکیان گران دێت و هەتا رووحیان لەبەر گەرووداپێت لێت دەبن بە دوژمن. جا یاخوا دوژمنی قەستەسەریشتان دوژمنی نووسەری نەبێت و نەکەوێتە بەر نووکی تیژی درێژووکەی قەڵەم بەدەستانی خۆخۆرەوە. دیارە چۆن شۆفێری باش دوای دەرچوون لە تاقیکردنەوەی ناسینەوەی هێماکانی هاتوچۆ، لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆوە ئیزنی ئاژۆتنی ماشێنی پێدەدرێت، هەر نووسەرێکیش هێماکانی خاڵبەندی نەناسێت و لەناو دەقدا جێگەیان بۆ دەستنیشان نەکات، لە ئەزموونی نووسەر بوون

دەرنەچووە و وەک من نەخوێندەوارە.

ڕۆژێک لە گەڵ بەرێزێک کەوتینە بەریەک کە لە ناوەندێکی پێداچوونەوەی هەواڵدا بە دەقی هەواڵەکانی ڕۆژدا دەچێتەوە و هەواڵەکان دوای تێپەڕین بە ژێر پەنجەی موبارەکیدا، ئێزنی بڵاوبوونەوەیان پێدەدرێت. ئەو بەڕێزە وەک هەموومان خۆی بە نۆمانگای زاو ناگۆڕێتەوە، دەیفەرموو: «ئێ، ئێ، ڕاستە، ڕەنگە خال و فاریزە پێویست بن، بەس ئەگەر داشینەنێیت، کێشەیەک نانێتەوە.«

**ناچاری کردم وەک ئەو دەفەرموێت، بۆی هەڵسم بە لێکدانەوەی ئەم چەند ڕستەیەی خوارەوە:**

**لابردن، باش نییە لە جێگەی خۆی بێت.**
**لابردن باش نییە، لە جێگەی خۆی بێت.**
**دابەزین، باش نیە سوار بێت.**
**دابەزین باش نییە، سوار بێت.**
**کوشتن، پێویست ناکات ئازادی کەن.**
**کوشتن پێویست ناکات، ئازادی کەن.**

ئەوکاتەی هینەکەم بۆ لەگەڵ هینی ئۆتۆمبێل و سەیارە و شتی لەم بابەتە هەڵسەنگاندوە، ناوێرم سەر هەڵبڕم هۆڕنم بۆ لێدەدات و دەنگی ستاپ(تۆرمز) و کلاچی ماشێنم بۆ دووپات دەکاتەوە و منیش یەک ڕستەم بۆ نایەت و هەر خاڵ ریز دەکەم و لە نێوان هەرچەند خاڵێک فاریزەیەک دادەنێم و کەوڵێکم لە نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان دروست کردو ە و لەناویدا خۆم حەشار داوە و دەڵێم حاشا لە شەقام و ئۆتۆمبێل و هێمای هاتوچۆ و ستاپ و چرای ئاماژە بە ڕاست و چەپ و سەد خۆزگەم بە سەردەمی سمکۆڵ و جووتەهاویشتن.

**٥ی جوونی ٢٠١٢**



سەرچاوە Serchawe

# بەرەو نەخوێندەواری

ساڵ و زەمانان، لەسەردەمی زوودا هەر توانیبات قەڵەم بخەیتە ناو پەنجەکانت و یەک دوو سیپارە و پەڕاوت خوێندبایەوە، دەبووی بە میرزا و بستێک و قولانجێک لە کەسانی دەوروبەرت باڵابەرزتر دیار دەبووی. دوو سێ قەڵەمت سەروبن بە گیرفانت دا دەکرد و قوونی قەڵەمەکان لە سووچی سەرووی گیرفانتەوە ملەقوتەیان دەکرد و فەخر و شانازییان بە نەخوێندەواران دەفرۆشت. ئەگەر گەرمای هاوین قەڵەمەسەروبنەکانی نەختبایە هێڵنجدان و دڵ لەژێڵلا هاتن و بە قوژبنی خەڵوەتی گیرفاندا نەرِشابانەوە، ئەوە کاری هەموو لایەک راست دەهات و نە جەوهەر و رەنگی قەڵەمەکان لایەکی چاکەت و پانتۆڵی رەش هەڵدەگێڕا و نە کەس لە میرزایەتی و خوێندەوار بوونی خاوەن گیرفان و قەڵەمەکە دوودڵ دەبوو.

ئەم پێشکەوتن و مێشکەوتن و هەراوهوریایەی ئەم دواییانە میرزا و قەڵەم بەدەستیشی لە برەو خست و ئێستا باو باوی کامپیوتێر و کیبۆرد و ئێس ئێم ئێسی موبایل و بلوهەرامە و شتی لەم بابەتانەیە. پازدە بیست ساڵ لەمەوبەر جەماعەتێک دەیانفەرموو لەمەو دوا ملەقوتەی یەکدوو قەڵەمی رەنگاوڕەنگ لە سووچی گیرفانەوە، خوێندەواربوونی خاوەن گیرفانەکە ناگەیەنن و هەر کەسێک لە کامپیوتێر نەزانێت و شارەزای زمانی ئینگلیزی نەبێت، بە نەخوێندەوار حیسابە. منی میرزا سفەت کە هەمیشە لانیکەم سێ چوار قەڵەم یەک بە بەژنی گیرفانم وەک سەربازی بەئەزموون سانیان لە کەسانی بەرانبەرم دەگرت، هەستم بە بێ دەرەتانیی خۆم کرد و وەجاخی میرزایەتیم کەوتە مەترسییەوە.

بەر لە هاتنی لەبتاب و مەبتاب و ئەم وردە کامپیوتێرانەی ئێستا، دەنگۆی ئەوە هەبوو کامپۆتێر وەک تەلەڤزیۆنە، بەڵام هەموو کارێک دەکات و رەنگە وەک خۆمان نەخۆشیش بکەوێت. دوای ئەوەی یەکەم خولی فێربوونی کامپۆتێر لەم نزیکانەی ئێمە کرایەوە، ماموستا شارەزاکانی ئەم بوارە نەیاندەهێشت فێرخوازەکان بە پێڵاوی خۆیانەوە بڕۆنە ژووری تاقانە کامپۆتێری شارەکەمان و دەیانگوت، ئەگەر پێڵاوتان نەگۆڕن، رەنگە ڤایرۆس و نەخۆشی لەگەڵ پێڵاوەکەتان لە کامپۆتێرەکە نزیک بێتەوە و خوای نەخواستە بیکوژێت. خوا راستی هاورد و نەک هەر تاقانە کامپیوتێرەکە جوانەمەرگ نەبوو، بەڵکوو ئێستا ماڵی وا هەیە هەر ئەندامەو کامپیوتێری خۆی هەیە. تەنانەت لە هەندێک ماڵاندا کامپیوتێرە کۆنەکان دەدەن بە کەسانی وەک پلە عایشێ و دادەمەنیج و مام پیرۆت و سۆفی غەفوور و ئەوانیش لەگەڵ هاوتەمەنەکانیاندا بە ڤیدیۆ چات بیرەوەرییەکانی رابردوویان دەگێڕنەوە و بە مۆدەی سەردەمی ماس میدیا دڵداریش دەکەن.

دوای ئەوەی تاقانە کامپۆتێری شارەکەمان لەم ڤایرۆس مایرۆسە رزگاریی هات، زانیمان دەکرێ بە کامپیۆتێر دەقی نووسراویش پیتچنی بکرێت. بە خۆشیەوە کورتە نووسراوەیەکی خۆم بردە خزمەت ماموستایەکی کامپیۆتێر و داوام لێکرد بۆم بنووسێتەوە. ماموستاکە کاتێک نووسراوەکەی لە سەر کاغەز پێدامەوە، زۆر جوان نووسرابوو. تەشبیهات نەبێت، دەتگوت چاپ کراوە، بەڵام عەیبی ئەوە بوو، قەڵەمی نووسینەکەی ئەوەندە ئەستوو بوو دەتگوت راگەیەندراوی پێشاندانی سێ رۆژەی تاسە و سەرەخۆشیی خوالێخۆشبووانە.

لە ماموستام پرسی، نەدەکرا کەمێک باریکترت نووسیبا؟ گوتی کامپیۆتێر ناتوانێ بابەتی کوردی بە قەڵەمی باریک بنووسێتەوە. چەند ساڵ دواتر کە وێرام لە کامپیۆتێر نزیک ببمەوە و دەستم ئەم کیبۆرد میبۆردەی ناسی، گوتم ئەگەر منیش بوایەم هەر وام دەنووسیەوە و لاپەڕەیەکم دەکرد بەچوار و ئەوجار بابەتی کوێرەوەریی نووسینەکە پارەم وەردەگرت.

ئێستا شوکر بۆ خوا و لە سایەی سەری ئێوەی تەواو میرزاوە کەمێک لەم کامپۆتێرە تێدەگەم، بەڵام هەر چەند فڵتە ئینگلیزییەکە دەزانم و دەشتوانم خۆمی لێ سەرراستتر بکەم، دیسانیش هەروا نەخوێندەوارم. دوای ئەوەی ئینترنێت کامپۆتێری کردە پاشکلکی خۆی و هەر کەس شتێکی وەک شیاف لە قوونی کامپیۆتێرەکەی بدات و پارەیەکی مانگانەی بۆ تەرخان بکات، دەبێتە خاوەنی ئینترنێت یان لەڕاستیدا خۆی و کامپۆتێرەکەی دەبن بە کلک و پاشکۆی ئەم جیهانە پان و بەرینە.

چەند ساڵ دوای ئەوەی جەنابی کامپیۆتێر و ئینترنێت تەشریفی مەمبارەکیان هات، دیسان من و کاکم و دادم و چەند کەسی دیکە هەروا نەخوێندەوارین. هەزار خۆزگەم بەو سەردەمە کە قەڵەمەکان خوێندەوار بوونمانیان دەسەلماند. ئێستا کە دەچمە ناو ژووری چاتەکان یان ژێرنووس و تێبینییەکان دەخوێنمەوە، رستەی لەم شێوە دەمخەنە دوودڵیەوە و دەڵێم هەرچەندە فێری ئەم کیبۆرد و میبۆرد و دەبلێو و مەبلێویانەش بووم، خۆ هەروا
نەخوێندەوارم:

$Selaw, coni? em katet ba
Silav, chony? Am ktatat bash
Sallu chuni? Im ktat bas

من لەجیاتی فێربوونی ئینگلیزی، فێربوومە کوردی ئەوا بنووسم و لە بەشی هەرەزۆری کامێنتنووس و چاتنووسەکانیش تێنەگەم و بە بینینیان دڵم تێک بهاڵێت و دەڵێم هەزار خۆزگەم بە سەردەمی زوو کە بە قەڵەمەکەی خۆمان ئەوامان

دەنووسی:

سڵاو، چۆنی؟ ئەم کاتەت باش!

خۆزگە توانیبامان بە کامپیوتێریش بەم فۆنت و ڕێنووسە بنووسین.

لە ژمارە ٥٨٥ ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆەتەوە

٢١ی جوونی ٢٠١٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## شانازی کردن بە رووناکبیرییەوە

هەر من بە تەنیا خەریکی هەڵەچێنی نیم. بە خۆشیەوە هەموو لایەکمان لەمێژە دەستمان بە هەرەوەزی هەڵەچێنی کردوە و هەتا زەمەن تێدەپەڕێت و دەسکەوتی نوێ و پێشکەوتن هەراوتر دەبن، ئێمەش لە هەڵەچێنیدا فراژووتر و پوختەتر دەبین.

لە بواری هەڵەچێنیدا ئەگەر ئاوڕێک لە چەمکی رووناکبیری بدەینەوە، بۆمان ئاشکرا دەبێت لەم بوارەشدا دەستی ئەو نەتەوە و وڵاتانەمان لە پشتەوەڕا بەستووە کە دەڵێن وشەی رووناکبیری لە سەرەتاوە لای ئەوان سەری هەڵداوە و ئەوان چەند سەدە لەمەوبەر و بەر لە ئێمە هەستیان بە چەمکی رووناکبیری کردوە و گەشەیان پێداوە. کاتێک دەبینم رووناکبیر و رووناکبیری لای ئێمە ئەوا بەلەز و خێرا گەشە دەکات و پەل بۆ هەموو کەلێن و قوژبن و ئاقارەکانی ژیانی رووڵەگەشەماندا دەهاوێت، پێکەنینم بەو وڵاتانەشەوە دێت.

وایە لەڕادەبەدەر دەچمە ناو پەراوێزەوە و رەنگە ناوەرۆک و کاکڵی بابەتەکەم لێ هین بێت.دیسان دەگەڕێمەوە سەر رووناکبیری خۆمان و ئەگەر بۆم بکرێت سەرێک لەم چەمکە ئاڵۆزوفرەرەهەندە دەر بکەم کە رووناکبیر لای ئێمە هەیەتی و خەڵکی وڵاتانی دیکە هەر بەخەونیش بیریان لێی‌نەکردووەتەوە، سەرکەوتووی ئەم مەیدانەم.

منیش وەک ئێوە کەم کتێب و متێب دەخوێنمەوە و ئەگەر بشخوێنمەوە، هەرەی لە بڕەی ناکەمەوە و چونکە باش تێی ناگەم، هەر چاو بە دێڕەکانیدا دەخشێنم و وەک ئەوەی لێی تێگەیشتبێتم، سەری بۆ دەلەقێنم. بەڵام لەملاو لەولا بیستوومە رووناکبیری وڵاتانی دیکە، وەک هی ئێمە نین و لە بواری پڕاکتیکدا زۆر دەستەوەستاون و تەنیا بە دەرکردنی تیۆری و رەخنە و مەخنە و شتی لەمجۆرەوە خەریکن.

لەلای ئێمە چونکە رووناکبیر بوون، پیاوی بە شان و باهۆ و بەکاری دەوێت، ژن وەک مرۆڤێک کە توانای جەستەیی ناگاتە توانای پیاو، بۆ بوون بە رووناکبیریش، لە پلەی دواوەیە.

تەنیا کێشەی ئێمە لە پێناسەی رووناکبیر جیاوازی لە ناوەکەیدایە و لە بواری ئەرکەکانی رووناکبیر و ئاقارەکانی

پڕاکتیزەکردنی چەمکی رووناکبیریداهیچ کێشەمان نییە. بە هۆی ئەوەی وڵاتەکەمان پارچە پارچەیە، ئەم وشەیەش بە مەرەدی وشەکانی دیکە چووە و لە پارچەیەکی وڵاتە قاش قاش و کووزکووزکراوەکەماندا بووە بە رەوشەنبیر و جار هەیە رەوشەنبیرەکەش بە رۆشنبیر و رەوشنبیر دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە.

شوکر بۆ هەوڵ و تێکۆشانی رووناکبیران، لە پارچەی رزگارکراوی وڵاتەکەماندا رووناکبیر ئەوەندە زۆرە لە هیچ شوێنێک بۆی ماتڵ نابی و هەر بۆیەشە ناچار بوونە شارێکی گەورە بکەن بە پایتەختی رۆشنبیری و وەزارەتێکی گەورە و گرانی لۆ دابنێن و بە ملیۆنان دۆلاری بۆ تەرخان بکەن. لەم بەشەدا لە وێنەگری تەلەفزیۆن و هەڵەچنی رۆژنامە و تەمبوورژەنەوە بگرە تا دەگاتە چایەچی هەندێک لە ئیدارەکان و شۆفیر ماشێنی ئەو ئیدارانە، بە رووناکبیر حیسابن.

هەر لەو پارچەیە پایتەختیشمان بۆ رووناکبیران لەبەرچاو گرتوە، ئێستا شاری هەڵمەت و قوربانیی جاران ئەم ناوە کۆن و سواوەی لەکۆڵ بووەتەوە و بووە بە پایتەختی رۆشنبیری و خەڵکەکەی لە دەست چیرۆکی ئیبڕاهیم و ئیسماعیل و مەڕەکە رزگار بوونە لە جیاتی قوربانیدان، رووناکبیرن.

ئەم پارچەیەمان ئەوەندە رووناکبیری هەیە حیزبە زۆر و زەبەندەکانیش لە دەستیان وەزاڵە هاتوون و ناچار وەزارەت و پایتەختیشیان بۆ دابین کردن.

بەڵام بە هەزار ماشەڵڵاوە، پارچەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەندە رووناکبیری هەیە و ئێمەش تەنیا بە بۆچوونی من وەک رووناکبیرێکی هەڵەچێن، زۆر زۆر زۆر پێشکەوتووین و خاوەنی لەشکری هەراوی رووناکبیرانین. لەبەر ئەوەی پارچەی رۆژهەڵات لەژێر دەستەڵاتی نەیارانی کورد دایە، رۆشەنبیرانی ناوخۆ کپ کراون و ناچار ئەوانەی دەرەوە بەلێشاو زیاد دەکەن و ئەگەر رۆژگارێک رۆژهەڵاتی کوردستان وەک باشوور ئازاد بێت، رووناکبیران ئەوەندە زۆر دەبن کە چینێکی سەربەخۆ و هەراویان لێدەکەوێتەوە و چەند پایتەخت و وەزارەتیان پێویستە.

زۆری و هەراویی رووناکبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەم دواییانە گوشارێکی توندی خستووەتە سەر حیزب و رێکخراوەکانی تاراوگە و بە هۆی جیاوازیی بیروبۆچوونی رووناکبیرانەی ئەم رووناکبیرانەوە چەند ساڵێکە لە ناوەوە فشار کەوتووەتە حیزبەکانیش و پارچە پارچەی کردوون. چۆن رووناکبیرەکانمان لە زیادبوون دان، ئەواش حیزبەکان دابەش دەبن و پاژەکانیان گەشە دەکەن و گەورە دەبن.

لەبەر ئەوەی حیزبەکان زۆرن، جارێ بەشی جیاوازییەکانی رووناکبیرانیش دەکەن، بەڵام ئەو رەوتە روولەگەشەیەی رووناکبیران رەنگە چەندین لەتبوونی دیکەشی لێبکەوێتەوە.

وێڕای ئەمەش لەشکری رووناکبیران لە پشت ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی حیزبەکان بە ریز راوەستاون و بەپەلەن بچنە ژوورەوە و لە شاشەکانەوە خەڵک بۆ دابەش بوون و زیادکردنی رێژەی حیزبەکان هان بدەن و فرەحیزبی و فرەدەنگی بە چەشنێک زیاد بکەن.

**ئەمانە گشتی با بخەینە پاش گوێ، ئەوەی راستی بێت، من هەروا لە نێوان وشەی رووناکبیر و رۆشنبیر و رەوشەنبیردا دەخولێمەوە و خەون بەچەند وەزارەت و پایتەختی دیکەی رەوشەنبیریەوە دەبینم.**

لە ژمارە ٥٨٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٨ی جووڵای ٢٠١٢

---

## سێحری رستە

لە سەرەتای کەڵکوەرگرتن لە زمانەوە، مرۆڤ هەوڵی داوە رستە دروست بکات. رەنگە بەر لەوەی مرۆڤ توانیبێتی لە پیت و وشە کەڵک وەربگرێت، رستەی داهێنابێت. مەڵێن بەر لەوەی کە قوڕ و خشت و بەرد و چیمەنتۆ و شتی لەو بابەتەت لەبەر دەست دابێت ناتوانی دیوار دروست بکەی و بەرزی بکەیەوە. ئەو کات مرۆڤ لە جیات ئەوەی وەک ئێستا بە پرتاو وشە و رستە بە دوای یەکتردا ریز بکات وهەژدەر هەژدەر فەرمایشتان دەرپەڕێنێت، جاروبار نووسکەنووسک و قرپوسکەیەکی لێوە هاتوە. بەم نووزە نووز و نووسکە نووسکە و ئاماژەی دەست و جووڵەی لەشی، لە ناو ئەشکەوت و پەنا وپەسیوەکاندا هەوڵی داوە رووداوەکان بۆ هاوڕێیانی بگێرێتەوە. مرۆڤی ئەوکات، سەرەڕای ئەوەی هیچ زانیارییەکی لەبارەی پیت و وشە و بکەر و بەرکار و فرمان و زێدەواژە و پنت و فاریزەوە پێ نەبووە، بەڵام بێئەوەی کەڵک لەمانە وەربگرێت، توانیویەتی مانا و مەفهوومەکان بە کەسانی دەوروبەری بڵێت و لە مەترسیی دڕندە و چڕندە و سروشتی تووڕە ئاگاداریان بکاتەوە. رستەش هەر ئەوە دەگەیەنێت. ئەو هەموو یاساورێسا رێزمانییەی ئەم سەردەمەی ئێمە لە خزمەت دروستکردنی رستە دایە و رستەش ئەگەر هێزودەستەڵاتێکی هەبێت، دەیخاتە خزمەت شیکردنەوەی مانا و مەفهوومەکانەوە.

ئێمەش هەوڵمان داوە بەردێک لەسەر بناغەی پێشکەوتن و شارستانیەتی باوانە نیاندرتاڵەکانمان زیاد بکەین و کۆشکی پێشکەوتنی پێ هەڵچنین. خۆمان گەیاندووەتە لووتکەی پێشکەوتن و لە بواری زماندا رستەمان بنیات ناوە و ئیتر وەک باوانەکانی ناو ئەشکەوت و تاشە بەرد و بۆدرێ ناو چیاکانمان چاولەدەستی سەمای لەش و نووزەنووز و قرووسکە قرووسک نین و زۆر بە شێنەیی پیت و وشەکان بەدوای یەکتردا ریز دەکەین و بە زەبری وەستایەتیمان بکەر و بەرکار و فرمان و پیتی پێوەندی و زێدەواژە و پاشگر و پێشگرەکان دەخەینە پاڵ یەکتر و بە دانانی پنت و فاریزە قفڵ و بەندیان دەکەین.

ئەگەر باوانی نیاندرتاڵ یارمەتیان لە هەموو خوا جۆراوجۆر و هەمەچەشنەکانی سەردەمی خۆیان وەرگرتبایە، نەیاندەتوانی بەم شێوەیە سەر لە بیسەرانی رستەکانیان بشێوێنن.

**بەم چوار رستەیەی خوارەوە زیاتر دەتوانین ئاگاداری سێحری رستە بین:**

**- هێزەکانی ئاسایشی رێگەوبان لۆریەکیان دەستگیر کرد.**
**- وتارەکەی سەرۆک کۆماری لەبەر چەند کێشەیەکی هونەری پێشکەش نەکرا.**
**- رووناکبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر حیزبەکاندا دابەش دەکرێن.**

– سەرۆک وەزیرانی پێشووی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاران چاوی کەوت بە بەرپرسانی ئێرانی.

لە رستەی یەکەمدا هێزەکانی ئاسایش ئاسنەواڵەیەکی زەبەلاحیان دەستگیر کردوە و پێویستە داواکاری گشتی داوای یاسایی لە سەر تۆمار بکات و بەشی دادوەری لێی بپرسێتەوە و پاشان بەندیخانەیەکی تایبەتی بۆ دروست بکەن و خۆیان دەزانن چەند ساڵ دەیخەنە بەندیخانەوە.

لە رستەی دووهەمدا وا دیارە سەرۆک کۆمار هونەرمەندە و فلچە و بوومی وێنەکێشان، کەرستەی پەیکەرسازی، ئامێری مۆسیقا، دیوانی شێعرەکانی، جل و گریمی شانۆگەری یان یەکێکی دیکە لە کەرستە هونەرییەکانی لەبیر کردوە، رەنگە لە رێگاش لێی شکابێ، بۆیە وتارەکەی پێشکەش نەکردوە.

لە رستەی سێهەمدا وێدەچێت ئەو حیزبانەی روناکبیر بە نیوەیی پێکەوە بەخێو دەکەن، ساڵی جارێک یان بە چەند ساڵ جارێک روناکبیرە بەخێوکراوەکان دارئەژمێر کەن و دوای ئەوەی کۆمەڵکۆمەڵ لێکیان جیا دەکەنەوە و تیروپشکیان لێ داوێن، هەر حیزبە بەشی خۆی هەڵبگرێت.

بەڵام لە رستەی چوارەمدا، ئیتر ئەویان شک و گومانی تێدا نییە و دەستەڵاتی خاوەن ئەزموونی کۆماری ئیسلامی باش دەزانێت رستەی خۆی چۆن دادەرێژێت. ئەم دراوسێ بەرێزەی کوردان هەمیشە لەغەمی ئێمە دایە و پێی خۆش نییە تووشی کوێرەوەری بین، هەر بۆیەش پێی باش نییە لە هیچکام لە پارچەکانی کوردستان ببین بە دەستەڵات و تووشی ئەم گێرەوکێشەیە بین کە دەوڵەتانی جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنن. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆی لەسەر بناغەی حکوومەتێکی چەند هەزار ساڵە دامەزراوەتەوە، باش دەزانێت حکوومەتداری کوێرەوەریی زۆرە و هەر بۆیەش پێی باش نییە برا کوردەکان کە لە سەردەمی باوانە نیاندرتاڵەکانیانەوە لە رەسەنترین ئێرانیەکانن، بەدەست کوێرەوەریی حکومەتدارییەوە بناڵێنن. بەم هۆیەوە ئەم دراوسێ خەمخۆرەمان هەتا ئەم دواییانە رازی نەبوو لە ئاستی هاوشانەکانیانەوە پەیوەندی بە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بگرێت و هەر جەماعەتی قەرارگای رەمەزان و شتی لەمجۆرەی دەنارده چاوپێکەوتنە رەسمیەکانیان و دەیگوت بەڵکوو ئەوانە رازی بن واز لە حکومەت بێنن و تێبگەن دەوڵەت و مەوڵەت بۆ ئەوان نابێت.

ئەم رستەی چوارەمە لە هەواڵێکی ئاژانسی مێهرەبانی «مێهر»ی دەوڵەتی مێهرەوەرزیی سەرۆک ئەحمەدینەژاد وەرگیراوە و کاتێک زانیان  ئەم کوردە کەللەرەقە هەر واز لە حکومەتداری ناهێنین، پێیان خۆشە لە هەر شار و گوندێک سێچوار دەوڵەتمان هەبێت و ئەوجار هەست بە کوێرەوەری و زەحمەتی هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەت بکەین و بڵێین وەڵاهی ئێوە

جەرگتان بەقەت حەوت سێڵ پانە کە دەتوانن ئەم دەوڵەتە زل و زەبەلاحە هەڵسووڕێنن و تەنانەت لە تاریکترین کۆڵانەکانی پایتەختە چەند میلیۆن کەسیەکەتاندا نەهێڵن تاڵە قژێکی کچە حەکەدار و کوڕخوازەکانیش بەدەرەوە بێت.

**ئەدی قوربان ئەوەیە سێحری رستە**

**لە ژمارە ٥٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**٢٤ی جوولای ٢٠١٢**

## دانگە لە جیاتی کێڵگەی پەروەردەی مریشک

مامۆستایەکی نووسەرو شاعیر رۆژێک وەداوی کلاوی خوار کەوتبوو و لۆمەی زمانەکەمانی دەکرد کە چۆن ئەم نووسەر و رۆژنامەنووسە لاوانە وشەی سەقەت دادەتاشن و زمانی پێ خرا دەکەن. پێم وابێت ئەم مامۆستایە دژی پێشکەوتن بوو یان بیری لەوە نەکردبۆوە ئەم رۆژنامەنووس و نووسەرانەی ئێستامان بۆ ئەوەی جیهان بکەن بە یەک نەتەوە و لەکۆڵ ئەم هەموو دەستە و تایفە وعێل و عەشیرەت و نەتەوە و مەتەوەمان بکەنەوە، پرۆژەیەکی رێک وپێکیان بەدەستەوەیە. ئەم نووسەرانەمان بە شێواندنی زمانی خۆمان کارێکی وادەکەن کەس لەم زمانە تێنەگات و پاشان پەنا بۆ زمانێکی وەک ئینگلیزی ببەین و دیارە ئەگەر واشمان کرد، ئەو زمانە هیچ و پووچەی خۆمان کە پڕە لە قسەی سووک و بێئەدەبانە، دەفەوتێت و لە گەڵ ئەویشدا، ئەو کوردایەتی و موردایەتی و نەتەوەپەرەستییە نامێنێت و بە داگیر کردنی ئەم تاشەبەرد و دەشتە قاقڕانەی  لای خۆمان لە لایەن کەسانی دیکەوە، دڵگیر نابین و وێڕای ئەوان بە زمانی خۆیان قسە دەکەین و بەرابەری و یەکسانییەک دروست دەبێت، سەگ خاوەنی خۆی نەناسێتەوە.

ئەو مامۆستایەی خوا لێی گۆڕیبوو و دەیهەویست بەر بە لافاوی پێشکەوتن و نوێخوازی بگرێت، دیگوت کەیفی بە وشە و رێکەوەندی وەک سەرهەڵدانی کێشەی هونەری و ئەرێنی و نەرێینی  و هەڵسان بە ماچ کردن و کێڵگەی مریشک و شتی لەو بابەتە نایەت و دەیگوت ئەم وشە و رێکەوەندانە زۆر بە خراپی داتاشراون.
بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایەمان دڵی نەهێشێت، گوێم بۆ شلکردبوو. ئەویش پێیوابوو ئەوە کێشەی تەکنیکی یان فەننییە و بوارە هونەریەکانی وەک مۆسیقا، شێعر، شێوەکاری، شانۆ، سینەما و شتی لەم بابەتە دەگرێتەوە. بۆ ئەرێنی و نەرێنییەکەش پێی وابوو، ئەرێ و نەرێ تەواوە و «نی»ەکەی بە زیادی پێوە لکێنراوە. بەڵام خۆم لەسەر هەڵسان بە ماچ کردن و کێڵگەی مریشک تێبنیم هەبوو.

رێکەوەندی «هەڵسان بە ماچ کردن» لە روانگەی منەوە زۆر تەواوە، چونکە هەمووکەس بە ماچ کردنی کەسانی بەرانبەری رەنگە بەشێک لە لەشی هەڵسێت. دیارە گومانی تێدانیە ئەو هەڵسانە بەپێی رەگەزی کەسەکان لە بەرزی و نزمیدا جیاوازە.

بەڵام لە بارەی کێڵگەی بەخێو کردنی مریشکەوە، ئەومامۆستایە پێی وابوو، لە جیاتی کێڵگە وشەی «دانگە» زۆر باشە. پاساویشی ئەوە بوو لە کۆنەوە وشەی دانگەمان هەیە و بۆ دانی خۆراک و تفاق بە ئاژەڵ لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەو



سەرچاوە
Serchawe

شوێنە دەڵێن دانگە. خۆم کێشەم زیاتر لە گەڵ مریشک هەیە، نەک لەگەڵ دانگە یان کێڵگەی بەخێوکردنی مریشک.
ناچارم بۆچوونی گەورە پیاوێک بێنمەوە کە زۆر راشکاوانە باسی مریشک دەکات و ئەو بوونەوەرە مەترسیدارەمان پێ دەناسێنێت. ئەو گەورە پیاوە لە عێل و تایفەیەک هەڵکەوتوە کە ئێمە وادەزانین کوردن و ئەوانیش بێ ئەملاوئەولا ئێمە بە کوردی خاسەڕەنگ دەناسن. مامۆستا مەلا سەید ئەحمەد میرعیمادی(دامەت بەرکاتوهووووو)کە پێشنوێژ وخوتبەخوێنی شاری خۆرەم ئابادی لوڕستانە و دیارە لە ساداتی مەزنیشە، چەند هەفتە لەمەوبەر لە سەر مینبەری نوێژی هەینی لەبارەی مریشکەوە فەرمووی: «مریشک هەر ئەو باڵندەیە کە لەبەرانبەر حەزرەتی نووحی پێغەمبەری خوادا سەربزێوی کرد و خوادوەندیش پەڕ و باڵی فرینی لە ئەستاندەوە.« ئەو مامۆستایە چونکە لە پارێزگای لوڕستانە و ئێمە زۆرمان پێخۆشە کوردبێت، لە درێژەی فەرموودەکانی دا دەفەرموێت: « بەبڕوای من خواردنی گۆشتی مریشک مەکروهە بە تایبەت کاتێک دینی ئیسلام بەرەوڕووی مەترسیی کافران بێتەوە، ئیدی مریشک هەر بەتەواوی حەڕامە».

دەی ئەم مریشکە رێوی سفەتە ئەوە نییە دەستی داوەتە دەستی ئەمریکا و زایۆنیزم و خەریکە هەموو دانیشتوانی ئێران تووشی کێشەیەکی گەورە بکات؟ ئەی ئەوە نییە ئەم مریشکە ئەوەند لای خەڵک خۆی شیرین کردوە، ژن و پیاوی نامەحرەم بۆ کڕینی بە ریز لەدوای یەکتر رادەوەستن؟ رەنگە لەو ریزبوونەدا پیاوان بەجۆرێکی ناشەرعی بکەونە دوای ئەو ژنانەی تا ئێستا بەفرگری ماڵەکانیان پڕ لە گۆشتی مریشک بووە. ئەوانە هەمووی هیچ، ماوەی چەندین ساڵە ران و سنگی مریشک بە جیا لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت و خواردنی سینگ و رانیش هەم بۆ ژن وهەم بۆ پیاو زۆر جێگەی شەرم و شوورەییە.
بێزاریی لە مریشک وای کردوە زۆر لە خوتبەخوێن و پێشنوێژەکان لە نێوخۆی ئێران دژی ئەم باڵندە شووم و بێ ئەدەب و کەرەستەی دەستی دوژمن و ئابڕووبەرەیە بدوێن. هەر بە دژایەتی لەگەڵ مریشکدا بوو چەند هەفتە لەمەوبەریش پێشنوێژ و خوتبەخوێنی شاری مەشهەدی پیرۆز لە پارێزگای خۆراسانەوە فەرمووی: «ئەی گەلی موسوڵمانان! ئێوە مزراویلکەتان لەبیر چووەتەوە؟ ئێمە ساڵ و زەمانان کە ئەم کێڵگەی پەروەردەی مریشکە نەبوو، هەر ئاو و پیوازمان تێکەڵ دەکرد و دەمانئەنیایە سەر ئاگرەوە و کەمێک رۆن و سماقمان لێ زیاد دەکرد و دەبوو بە مزراویلکە. واباشە ئێستاش بگەڕێینەوە سەر مزراویلکەکەی خۆمان».

**لێرەدا فەرمایشتەکەی مامۆستا خۆرئاسانیەکەش تەواو بوو. منیش لەگەڵ رای ئەوانم، ئەگەر مریشک نەمێنێت، کێشەی ئێمەش لەکۆڵ دەبێتەوە کە ئاخۆ دانگە راستە یان کێڵگەی بەخێوکردنی مریشک؟**

لە ژمارە ٥٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

# هۆکاری سەرەکیی بوومەلەرزەکانی لای خۆمان

دەڵێن بوومەلەرزە، بە هۆی گۆڕانکاریی فیزیایی لەناخی زەویدا سەرهەڵدەدات و تا ئێستا پسپۆڕانی بواری زەویناسی وەک رووداوێکی سروشتی سەیری دەکەن و دەڵێن بەهۆی دەبەریەکتر بەزین و گوشاری جەمسەری پارچە رەقەکانی ژێر زەوی یان سەرهەڵدانی گڕکانەوە سەرهەڵدەدات. ئەگەر گڕکان بە هۆی گوشاری گەرما و حەزی ئاشکرابوونی گەرمای پەستێوراو و پەنگخواردووی ناخی زەوی رووبدات، زیاتر وێدەچێت ئەوەیان هۆکاری سەرەکیی روودانی ئەم رووداوە سروستییە بێت.

بە بڕوای بەندەی خزمەتگوزارتان، ئەگەر بوومەلەرزە رووداوێکی سروشتی بێت، لە سروشتی مرۆڤیشەوە زۆر نزیکە. من هیچ کارم بەچۆنیەتیی خوڵقان و سەرهەڵدانی ئەم رووداوە لە وڵاتانی دیکەی وەک ژاپۆن و ئەمریکا و رووسیاوە نییە، چونکە سروشت لە هەریەک لەم وڵاتانەدا زۆر لەگەڵ سروشتی وڵاتی ئێمە جیاوازە. هەموو لەرزینەوەکانی ئەوان لە ناخی مرۆڤەوە سەرهەڵنادەن، بەڵام هەموو لەرزینەوەکانی وڵاتی ئێمە لەپێشدا لە ناخی مرۆڤەوە دەست پێدەکەن و پاشان دەگوازرێنەوە ناخی زەوی و ئەم کارەساتە سروشتیانەیان لێدەکەوێتەوە.

وەک ئەرکی پیرۆزی هەڵەچێنی، بە پێویستم زانی بۆ روونکردنەوەی دەروونی قوڕاویی ئێوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هینەکەتان بەوردی بچمە ناو ئەم بابەتەوە و بۆتان لێکبدەمەوە لەرزینەکە چۆن لای خۆمان پێچەوانەی وڵاتانی دیکە لە ناخی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات و پاشان دەگوازرێتەوە ناو ناخی زەوی و زەوییش لە حەژمەت لەرینەوەی بەشێک لە جەستەی یەکێک لە رەگەزەکانی مرۆڤەوە دەلەرزێتەوە.

لە وڵاتانی دیکە، وەک مرۆڤی لای خۆمان کەس سەرنج ناداتە لەرزینەوەی بەشیک لە ئەندامی تاکەکانی پێکهێنەری نیوەی پلەدووی کۆمەڵ و هەر بۆیەش بوومەلەرزەی وڵاتانی دیکە هیچ پێوەندییەکی بە لەرینەوەی بەشێک لە ئەندامی تاکەکانی پێکهێنەری نیوەی کۆمەڵەوە نییە و رەنگە لێکدانەوەی ژیۆلۆژیی ئەوان بۆ سەرهەڵدانی بوومەلەرزە راست بێت.

لای ئێمە ئەوە تێکبەزینی جەمسەرە رەقەکانی قووڵایی زەوی نین هەردهەژیان واتە بوومەلەرزەیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵکوو تێکبەزینی تیلەی چاوی وردبینی بەشێک لە نیوەی کۆمەڵ لە گەڵ لەرینەوەی بەشێک لە ئەندامی تاکەکانی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی بوومەلەرزەی وێرانکەرە.

وەک هێندێک لە ماموستایانی شارەزای بواری ئەخلاق و رەوشتپاکی دەفەرموون، لەرینەوە بەرلە هەموو شتێک لەناخی ئەندامانی حەکەداری نیوەی پلەدووی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدات. کاتێک تاکە حەکەدار و ئاگالەخۆبڕاو ناسک و لەبەردڵانەکەی کۆمەلگا هەست بە حەکەداری دەکات، بەرلە هەموو شتێک سەروسنگی رووت دەکات و بەتایبەت هەوڵ دەدات ئەندامە هەرە خڕەکانی لەشی وەلەرینەوە بخات. ئەم لەرینەوە دڵهەژێنە سروشتییە، دڵ و دەروونی بەشێک لە نیوەکەی دیکەی کۆمەڵەگا دەهەژێنێت و لە ئاکامی ئەم کۆ لەرینەوەیەدا، کردەی لەرینەوە و هەژاندن تەنیا لەنێوان ئەم دوو بەشەی مرۆڤدا نامێنێتەوە و کاردەکاتە ناخی زەوی و لەوڵاتی ئێمەدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بوومەلەرزەی وێرانکەری گەورە.

بۆچوون و لێدوانی پسپۆڕانی زاڵ بەسەر دەستەڵاتی کۆمەڵەگای ناوچەی ئێمە ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرەی بەجۆرێک سەلماندوە کە بڕستی لە هەموو لێکدانەوە و بۆچوونێکی زانستیانەی ناسەرکەوتووی ئەم سەردەمە بڕیوە.

چاودێران و ماموستایانی چازانی ئەم بوارە، پێیانوایە لەمەودوا، نیوەی پلەدووی حەکەدار و ئاگا لەخۆ براو بەرپرسی هەرچەشنە لەرینەوە و بوومەلەرزیەکی گەورە و بچووکە و پێویستە بە مەبەستی پێشگیری کردن لە بوومەلەرزەی ماڵوێرانکەر هەمیشە لەژێر چاودێری دابیت.

**لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە باشترین ڕێگەچارەی پێشگیری کردن لە دووپات بوونەوەی ئەم رووداوە سروشتیەن:**

١- نیوەی ئەندامانی زاڵی کۆمەڵگا، لە جێگەی چۆڵ و تەریک نەبێت، بۆیان نییە بیر لە لەرینەوەی ئەندامە خڕەکانی نیوەکەی دیکەی کۆمەڵگا بکەنەوە.
٢- نیوەی دووهەم و پلەدووی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەوەیدا نابێت لەبەرچاوان تاڵەکانی قژیان بەدەرەوبێت، پێویستە بەشێوەیەک سەیری نیوەی یەکەم و پلە یەکی کۆمەڵگا نەکەن کە بیانورووژێنێت. ئەم کارە دەبێتە هۆی یەکەم لەرزینەوەی دەروونی و بەرەو لەرزینەوەی گەورەترهانیان دەدات.
٣- لەسەر تاکەتاکەی ئەندامانی پلەدووی کۆمەڵگا پێویستە بۆ پێشگیریکردن لە گواستنەوەی لەرینەوەی مەترسیدار، جلی فشوفۆڵ بکەنەبەر و لەرینەوەی ئەندامە خڕەکانیان لەچاوی بەدکار بپارێزن و نەهێڵن لەرزینەوەی گەورەتری لێبکەوێتەوە.

تێبینی: ئەوانەی لە لەراندنەوەی شوێنە هەستیارەکانیان بەردەوام بن، بە لەراندنەوەی لەڕادەبەدەر و زۆر هەژێنەر لە ژوورە چۆڵ و تاریکەکاندا سزا دەدرێن.

سەرچاوە: وتە بەنرخەکانی یەکێک لە کەڵە زانا ڕیش ماش و برنجیەکانی یەکێک لە شارە گەورەکان کە بەشە برنجیەکەی بەڕێژەیەکی بەرچاو لە بەشە ماشیەکە زیادترە.

(وێڕای داوای لێبووردن لەبوومەلەرزە لێدراوانی ئەم دواییەی ئازەربایجان، لە قووڵایی دڵمەوە هاوخەمیانم)

لە ژمارە ٥٨٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێکخستن چەکی هەر گرنگی پیاوانە!

لەوەتی ڕێکخستن و ڕێکخران و ڕێکخراو بووەتە کەرەستەیەکی باو و سەردەمیانە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ کێشەکاندا، پیاوی کورد وەک ئەمجارەیان نەیتوانیوە لە دروستکردنی ڕێکخراودا بەمجۆرە لێی وەدەست بێت و بیر لە پێکهێنانی ڕێکخستنێکی چارەنووسساز بکاتەوە.

ماوەی چەند ساڵە کوردان لە هەموو پارچە لێکدابڕاو و پێکەوەنووساو و وێکهاتووەکانیاندا خەریکی خۆ ڕێکخستنن. جارهەیە ئەوەندە خۆیان ڕێک دێخن و لەیەکتری مۆڕ دەبنەوە و وەک کەڵی لەشەڕ گوێیان لەیەکتری دەمووچەوە دەنێن، پیاو سەری سوڕ دەمێنێت کە چۆنە گەلانی دەوروبەر لە ترسانیان هەزاران ئاودەستی دیکەیان بۆ خۆیان دروست نەکردوە.
لەمێژە ئێمە خاوەنی دەست وتفەنگین و زۆرجار تفەنگمان بۆ ئامانجی خراپ بەدەستەوە گرتوە، تەنیا جارێک نەبێت کە دەڵێن پیاوێک دوای ئەوەی ماستێکی شل لە دەست خێزانەکەی وەردەگرێت، دەست دەداتە چەک و دەچێتە سەربانی ماڵەکەی و لە خێزانەکەی ڕادەخوڕێت و دەڵێت بۆم وەردەرێ! هەتا خاوەنی ئەم دەست و تفەنگەبم، بە شل دەڵێم شل و بە توندیش دەڵێم توند.

ئەمەیان وەک مێژووی خەباتی چەکدارانەی پیاوان پێمان دەسەلمێنێت پیاوی سمێڵ بابڕ لە مێژوودا دژ بە ستەم و چەوسانەوە بەدەست ژنانەوە دەستی بۆ چەکیش بردوە.

کە باسی چەک کرا، واباشە پیاوان هەمیشە خۆیان بە چەکی تازەوە تەیار بکەن. لە ناو زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیشدا ئەم دروشمەمان بیستووە کە دەڵێت «ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە». ڕەنگە تەنیا ئەم چەکە لە فریای پیاوانی ستەم لێکراوی کورد بکەوێت. پیاوانی چازان و تێگەیشتووی ئێمەش هەر نەبێت جارێ لە پارچەی ئازاد کراوی کوردستاندا هەستیان بە بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوی پیاوان کردووە و دامەزراندنی «یەکیەتیی پیاوانی کوردستان» لەم بوارەدا بۆشاییەکی گەورەی پڕ کردووەتەوە.

پیاوانی ئێمە بەتایبەت لەم دواییانەدا کە دەور و زەمانە لە گرێژەنە چووە و ژنان زۆر لە دەلینگی خۆیان زیاتر پێ ڕادەکێشن و تەنانەت پیاو ناتوانێت بۆ سەلماندنی شل و توندیی ماستی بەردەمیشی دەست بۆ چەک بەرێت، پێویستە بزانن

ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە.

لەکاتێکدا، ژنان بۆ ئەوەی پیاوان تاوانبار پێشان بدەن، ڕوودەکەنە فرت و فێڵێ وەک خۆسووتاندن بە پەرەمێز و یان چەکی دەستی پیاوان بەرەو رووی خۆیان دەگرن و بە فێڵ و تەڵەکە پیاوان هان دەدەن بە ئەنگوستی دۆشاومژەیان ماشەی تفەنگەکان بکێشن.

لە کاتێکدا ژنان دەستیان وە کورسیەکانی پەرلەمان رادەگات و لەوێ گومان دەخنە سەر یاسای پیرۆزی فرەژنی و ئیزن نادەن پیاوێک بە زەبری شان و باهۆ، شان وەبەر هەزران ئەرکی قورس بدات و سێ چوار زەعیفە تێر نان و پێخۆر و جل و بەرگ بکات، لە کاتێکدا ژنان ددانیان لە پیاوان سپی سپی بووەتەوە و بەمەش راناوەستن و ڕۆژانە پارەیەکی زۆر بە کەرستەی ددان شوشتن دەدەن و مانگانە و ساڵانەش ئەم پووڵە جوانە لەمستی پزیشکە ددانسازەکان دەکەن، لە کاتێکدا ژنان بەم هەموو ستەمە دەرحەق بە پیاوان راناوەستن و چەندین ڕێکخراو و ڕێکخستن بەناوی یەکیەتیی ژنان و نازانم چی و چیەوە دادەمەزرێنن، لەو کاتەدا ژنان بەمجۆرە لەبەرانبەر پیاواندا سەنگەر دەگرن و گەمە بە پیاوان دەکەن و لێیان دوور دەکەونەوە و تەنانەت بەناوی گۆرانیبێژ و سەماکەرەوە بەنازەوە بێ سێحەب و سەرپەرست خۆیان بادەدەن، پیاوانیش مافی ئەوەیان هەیە خاوەن هەڵوێست بن و خۆ بەخۆ خۆیان ڕێکبێخن.

دامەزاندنی یەکیەتیی پیاوان کە ماوەیەکە لە بەشێکی کوردستان راگەیەندراوە، وەڵامێکی توندە بۆ ئەو ژنانەی لە جیات ئەوەی لەگەڵ پیاوان تێکەڵ بن و پێ لە نەریت و یاسا باوەکان نەنێن کە دەبنە هۆی سێبەری فێنک کەرەوە و ئارامبەخشی سەر ژنان، خەریکن لە چەند ڕێکخراوی دوور لە پیاوان دادەمەزرێنن و بە جیا خۆیان ڕێک دەخەن.
پیاوانی کوردستان بەم پێشدەستییەیان کە تا ئێستا لە ئورووپا و ئەمریکاش یەک تاقە پیاو بیری لەوە نەکردووەتەوە ڕێکخراوێکی لەمجۆرە بۆ پیاوان دابمەزرێنێت، پێویستە بەدوای ئەو پیاوەدا بگەڕێین کە یەکەمجار بیری لە دامەزراندنی یەکیەتیی پیاوانی کوردستان کردووەتەوە و هەوڵ بدەین ناوی لە کتێبی جیهانیی گیبسدا
بنووسرێت.

پێشکەوێت خەباتی ماندوویی نەناسی پیاوان لە ڕیزە پتەوەکانی یەکیەتیی پیاوانی کوردستاندا.

لە ژمارە ٥٩٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

# خوێندن لە خزمەت پشیلەدا

جارێکی دیکە مانگی ڕەزبەر گەڕاوە و لای ئەو منداڵانەی یەکەم ڕۆژی یەکەم ساڵی خوێندنیانە، ئەزموونێکی تازە دەستی پێکرد. لە ساڵانی داهاتوودا ئەگەر ئەوانیش وەک ئێمە تەمەنیان بێت، بەردەوام یەکەم ناسینی پشیلەکە دەبێتە بەشێکی گرینگی بیرەوەریان و هەمووساڵێک لایان نوێ دەبێتەوە. ئەوانیش وەک خۆمان هەست دەکەن هەتا هەتایە خزمەتکردنی پشیلە جوانەکە، بێئەملاو ئەولا ئەرکی سەرشانیانە. مەبەستم لە کتێبەکە کتێبی کتێبان، یان خاستر بێژم، شای کتێبان و دایکی هەموو ئەو کتێبانەیە لە مەودای چەندین ساڵەی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکانی سەرپشت و نێوسک و سەرسینگ و بن کلکی پشیلەکەدا دەخوێندرێن.

هەوڵ دەدەم هەتا کۆتایی ئەم چەند دێڕە، بتوانم ئەم پشیلە نازدارە زیاتر بناسێنم و دیارە کتێبەکەش، کتێبی فارسییە و چونکە زمانی فارسی زمانێکە لە چاو زمانان شەکەرە و دواتر زانستەکانی کۆمەڵناسی، زیندەوەرناسی، بیرکاری، جوغرافیا، مێژوو، هونەر و هەموو شتێکی پێ دەخوێندرێت.

پشیلە لەم کتێبەدا دەوری سەرەکی دەگێڕێت. لە سەرەتای کتێبە شیرینە فارسیەکەی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا، پلکە «ئازیتا» و دادە «ئەفسوون» و «پونە» خانم کە لەم دواییانەدا ناوەکانیان بووەتە «روقییە» و «زەینەب» و «فاتیمە»، ناوێرن جلەکانی خۆیان و حاج ئاغا و کەس وکاری حاج ئاغا بۆ وشک بوونەوە بدەنە بەر خۆرەتاوەکە، پشیلە خوێنشیرینەکە بە چرنووک دایاندەگژێتێ و سەرەداوی تان و پۆیان دەبینێتەوە و بەدوای خۆیدا ئەوەندە رایاندەکێشێت هەتا جلەکە لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە.( لێرە لەناو کەوانەدا، لای خۆتان وای دابنێن ماڵی حاجی ئاغا، تەنیا مەندیل و عەباکە لەناو جلشۆرە کارەباییە ئۆتوماتیکەکەیاندا دەشۆن. دوابەدوای من ئەم کەوانەیە دابخەن و دوو رستەی ئەمدیو ئەودیوی ئەم کەوانەیە لە یەکتری گرێ بدەنەوە.) پشیلەکە، گلۆڵە و کەلافی روقییە و زەینەب و فاتیمیلێی ئێستا و ئازیتا و ئەفسوون و پونەی سی وچەند ساڵ لەمەوبەر ئەوەندە ئاڵۆز دەکات، بە گەلی گوندیان و جیرانانیش هەڵنەوێزندرێتەوە. بە کورتی ئەم پشیلە خوێنشیرینە ئەوەندە گەمە بەم قوماش و داوانە دەکات و ئەوەندە خوێنی خۆی شیرین دەکات، منداڵان بە کچ و بە کوڕەوە، بە کورد و بە فارسەوە، بە بەلووچ و بە تورکەمەنەوە، بە ئازەری و بە عەرەبەوە، بە تاتی و بە تالشییەوە، هەموویان هەتا ئاخری کتێبەکە هیچ، هەتا خۆڵەبانی چاویشیان دەکرێت، گەمەی ئەم پشیلە جوانەیان لە بیر ناچێتەوە.

ئەم پشیلەیە ئەوەندە خوێنشیرینە، هەر کەسێک سێ پیت و دوو دێڕی بە زمانی شیرینی فارسی خوێندبێت و چاوی بە کتێبی پۆلی یەکی سەرەتایی کەوتبێ، گەمە خۆش و سەرنجڕاکێشەکانی لە یاد ناچێتەوە. جا ئەو کەسە چ ژن بێت و چ پیاو، چ پیر بێت و چ لاو، چ نەتەوەخواز بێت و چ ئایینی، چ ئیسلاح تەڵەب بێت و چ کۆنە پارێز، چ سەڵتەنەتخواز بێت و چ کۆماری، چ چەپ بێت و چ ڕاست، چ خوازیاری سەروەریی خاکی ئێران بێت و چ ج ی ا وا... وەی ئەوەیان نا، کەمێکی مابوو دڵی پشیلەکە بڕەنجێنم!

جا منداڵانی خوێنشیرین و ژیکەڵە، بە ئەم زمانە شەکەرە دەخوێنن و دەخوێنن و دەخوێنن، هەتا لە کۆتایی ساڵی خوێندندا دەگەنە ئاخری کتێبەکە و لەوێدا بەسەر پشیلەیەکی گەورەی گەورەدا دەکەون. پشیلە گەورەکە، لە سەر چینچکان پشت بە ڕۆژهەڵات و ڕوو بەڕۆژئاوا هەڵتووتەکاوە. هەرکەس بیڕەنجێنێت چڕنووکێکی لێ دادەگرێت. هەموومان سوێند بەسەری ممبارەکی دەخۆین و بەدرێژایی ڕۆژ و ساڵ و سەدە، بە کورد و بەلووچ و فارس و عەرەب و تورکەمەن و ئازەرییەوە شانە بەدەست شانەی دەکەین و هەمووان دەڵێین خۆشمان دەوێت.

لەم دواییانەدا کە هەستی ئاژەڵ دۆستی بەهێز بووە و چەندین ڕێکخراوی بەرگری لە ئاژەڵان دامەزراون و وردەوردە خەباتی مەدەنی و بزاوەکانی پاراستنی ژینگە و مینگە و ئاژەڵ و ماژەڵ خەریکن جێگەی بزاوە سیاسی و نەتەوەییەکان دەگرنەوە و ڕووناکبیرانی سەردەمی زێڕینی بەرابەری و یەکسانی بە ڕیشی نەتەوەپەرستە ناسیۆنالیستەکان پێدەکەنن، پشیلەکە ئەوەندەی دیکە جێگەی ڕێزە، ب

ۆیە بەزمانی فارسی کە دایکی زمانانەکانە، دەڵێین:

گربەی ما نازنازی
با ما می‌کند بازی
گربەی ما قشنگ است
سبزو طلایی رنگ است
هەمیشە در کمین است
می‌گوییم برترین است

لە ژمارە ٥٩٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## تۆپخانەی ماڵی خاڵمان!

شوکر بۆ خوا و بۆ بیرگەی خۆمان کە هەموو لایەک بە ورد و درشتەوە دەزانین تۆپخانە چییە. ئەوانەی بە قەولی خۆمان دانیشتووی سنوورەکانی نزیک باشووری کوردستان و بە قەولی ماڵی خاڵیشمان مەرزدارانی غەیورن، زۆر جوان دەزانن تۆپخانە چییە. ئەوانەی دیکەش، هەر لە کرماشانی جاران و ئێستا و قارەمانشەهری چەند ساڵ لەمەوبەر و کرمانشاهی ماڵی خاڵمانەوە بگرە تا دەگاتە سنەی خۆمان و کورسانی سنەییەکان و بادەداتەوە بۆ شاپور و چیای قوتوور، هەموویان بە مەرزدارانی غەیور و ئەوانەی دوور لە مەرزەکانن، ئەگەر لە تەلەفزیۆن و رادیۆی سەراسەریی ئێرانی یەکپارچەشەوە ناوی تۆپخانەیان نەبیستبێ، هەر نەبێ جاروبار بەدزییەوە گوێیان بۆ رادیۆی زیددی ئینقلابی ئەز خودا بیخەبەر شل کردوە و دەزانن تۆپخانە چییە.

ئەوانەی سەردەمی پاشایەتیی ئێرانیان لەبیرە، ئەگەر جارێک رۆیشتبنە تاران یان تاراندیتوویەک بۆی گێڕابنەوە، دەزانن تۆپخانە یەکێک لە مەیدانە کۆنەکانی ناوەندی تارانە. سیوشتێک ساڵ لەمەوبەر کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، پێش ئەووەی شۆڕشەکە بە دارسیواک رەنگ بکرێت و مێزەری بچێتە سەر و ماڵی خاڵمان بە تەواوی خۆی لێ بەخاوەن کەنەوە، خاڵە گەورە ئەمری فەرموو ناوی مەیدانی تۆپخانە بە ناوی خۆی بکرێت. هەموو لایەک سڵاواتێکی بەرزمان لێدا و گوتمان ئۆخەیش ئەوە دنیا ئەمن و ئەمان دەبێت و لەمەودوا دۆ و دۆشاو پێکەوە ئاو دەخۆنەوە و تۆپخانە هەر ناویشی نامێنێت.

هەر لە سەروبەندی ناوگۆڕینی مەیدانی تۆپخانەی تاراندا، خاڵمان و وان هەستیان کرد شۆڕشەکە زۆر لە هەموو لایەک زیادە و دەبێ وەک تووتنی تووتنچییان، بەشی کێشانی لێ پاشکەوت بکەن و ئەوی دیکە بەپێی پلەی بۆنخۆشی و توندی و خاوی، دەسک دەسک و باقە باقە بە باری لۆری و کەشتی و فرۆکان هەناردەی وڵاتانی دەرەوە بکەن. ماڵی خاڵمان هەستیان کرد خزمان لە باشووری عێراق و لە لوبنان و بەشێک لە وڵاتانی کەنداو پێویستیی زۆریان بەم شۆڕشە زیادەیە هەیە. لە عێراقەوە دەستیان پێکرد، هەر لە یەکەم هەنگاودا بەرەو هەناردەی شۆڕش لە ناوچەی ئیلام و کرمانشاهی ئەو کاتەوە و بگرە ئەولاتریش، عێراقیەکان پێشیان بە شۆڕش گرت و رمبەی تۆپخانە دەستی پێکرد و هەشت ساڵی رەبەقی خایاند.

ئەو شەڕە هەشتساڵەیە تەواو بوو، گرمەی تۆپخانە هەر کۆتایی نەهات. ئەوجار ماڵی خاڵمان تۆپبارانی خۆمانیان



سەرچاوە Serchawe

درێژە پێدا. ئێمەش لەبەر هێندێک نازانم بڵێم چی، هەر هەڵاتین و خۆمان مات کرد و خاڵمان هەر ڕێمان کەوت. جا ئەوجار لەبن گوێسوانە و ناو پەرێز و باغاتی مەرزدارانی غەیورەوە تۆپخانەی دامەزراند و ئێستاشی دەگەڵدابێت جاروبار چەند تۆپێکمان ڕێدەهاڵێنێت.

بەشێک لە خاڵەکانمان کە لەسەر دابەشکردنی مڵک و ماڵ و کەیخودایەتیکردن کێشەیان تێکەوتوە، جیابوونەتەوە و پەڕیوەی هەندەرانن. خاڵە تۆراوەکانمان هەر چەند خاڵە و لە وڵاتێک جێگەیان خواستوە و ماڵ و حاڵێکیان پێکەوە ناوە و دەڵێن خاڵوانی ناوخۆ زوڵمیان لێ کردووین و بەشەماڵیان لێ خواردووین.

ئێمەش وەک ماڵی خاڵان دابەش بووینە. بەشێکمان بە خاڵە تۆراوەکانمان دەڵێین خاڵینە پیاوی چابن، ڕاستە ئێوە خاڵی ئێمەن، بەڵام ئێمە لە بەرەبابێکی دیکەین و لە جیاتی بماندەنە بەر تۆپخانە، لێمان گەڕێن کەمێک بە ماڵ و حاڵی خۆمان ڕابگەین. بەشێکیشمان دەڵێین، نەخێر ناوەڵا وا نابێت، ئێمە کوا بە بێ خاڵوان خۆمان پێ بەڕێوە دەچێت؟ واباشە دەستەودامێنی خاڵوانی تاراوگە بین. ئەوان گەورەتر و عاقڵتریشن. هەرچی گەورەش فەرمووی بەجێیە. ئێمە بە دوو بۆچوونەوە، خەریکی کێشەین و خاڵوانی ناوخۆ و تاراوگەش دەڵێن نەخێر ئێوە دەبێ بە قسەی ئێمە بکەن و هەروا وەک مەرزدارانی غەیور پاسەوانی ماڵی خاڵوانی خۆتان بن. ئەگەر وانەکەن، هەتا هەتایە تۆپبارانتان دەکەین.

بەخۆشیەوە پاش سی و چەند ساڵ، دوێنێ لە هەواڵەکاندا گوێمان لە ناوی ئەو تۆپخانەیە بوو کە ئەوکات خاڵمان و وان ناوەکەیان گۆڕیبوو و خەریک بوو لەبیرهەموومان بچێتەوە. وەک هەواڵەکان ڕایانگەیاند، دووڕۆژ لەمەوبەر منداڵ و پاڵی ماڵی خاڵمان بە مەیدانی تۆپخانە وەربوونە و دەستیان بە شینگێڕی بۆ تمەنی ئێرانی کردوە و دەڵێن کەی ڕەوایە دۆلاری ئەمریکایی سواری تمەنی ئێمەبێت و ئێمەش سەر شۆڕ بکەینەوە. وەک دەڵێن دۆلار بە چەشنێک سواری تمەن بووە، نە بە منداڵانی ماڵی خاڵمان و نە بە خاڵانی ناوخۆ و نە بە خاڵانی تاراوگە لەسەری هەڵناستێتەوە. جا زۆر دوور نییە، مەیدانی تۆپخانە وەک سی ئەوەندە ساڵ لەمەوبەری لێ بێتەوە و ناوی خاڵەگەورەشی بەسەرەوە نەمێنێت. بەڵام نازانم ئەم تۆپخانانەی لوولەی تۆپەکانیان لەلای ئێمەدایە چیان بەسەر دێت؟ هەر چۆنێک بێت، ئێمەش لە ڕوانینماندا بۆ خاڵوانمان خۆمان یەکلایی دەکەینەوە کە ئێستا هێندێکمان دەڵێین زڕخاڵن، هێندێکمان وادەزانین جووجەڵانمان بۆ دەژمێرن و بەشێکیشمان پێمان وایە لە ناچاری پێیان دەڵێین خاڵە.

لە ژمارە ٥٩٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## یادێک لە سمێڵی ڕەق و کڵاوی سەربەدوگمە

هەتا نزیکەی سی ساڵێک لەمەوبەر، یانی ئەو کاتەی دنیا بەم شێوەیە لە گرێژەنە نەچووبوو و وەک ئێستا هەر کەسە ئەسپی خۆی چوارناڵ لینگ نەدەدا و دنیا نەزم و حیسێبێکی دیکەی هەبوو، سمێڵی ڕەق و دەنک درێژیش نیشانەی پیاوەتی و بوێری و زۆرزانی بوو. جاروبارێش کڵاوێکی سەربەدوگمە بە شەبکەی کورتی پێشەوەیەوە، ئەوەندەی دیکە دیمەنی خاوەن سمێڵەکەی بەهەیبەتتر دەکرد. بۆیە دەڵێم دنیا ئەوا لە گرێژەنە نەچووبوو، چونکە ئەو کات کچەتیوۆکە و ژن و ژاڵیش وەک ئێستا دەم لەپێش نەبوون و سەرڕاو و بنڕاویان نەدەگرت و لە مەجلیسی پیاواندا هەژدەر هەژدەر وەسەریان نەدەکرد.

ئەوکات ئەوەندە بەس بوو پیاوێکی کەمێک چوارشانە و تێکسڕماو بای و چڵەکانی سمێڵت وەک باقە بەڵمی چەڵتووکی نەکوتراو بەسەر یەکدا کەوتبان و لێوی ژێرەوەتیان ختۆکە دابا. ئەو دیمەنە بەهەیبەتە، بە کڵاوێکی پێش بەشەپکەی بۆرەکەڵەی سەربەدوگمەوە ئەوەندەی دیکە سام و هەیبەتی دەنواند. ئەوەندەت هەبایە، لە مەجلیس و کۆڕی ڕووناکبیران و شۆڕشگێڕاندا دەبوویە نێرەهەرامەی زەمانە.

ئەوکات وەک ئێستا پیاوی پیاو سمێڵیان بە تیغ و گوێزان و دەواو دەرمان دانەدەماڵی و ژنانیلە بوونیش مایەی شەرم و شوورەیی بوو. پیاوە بەهەیبەتە سمێڵدارە کڵاو سەربەدوگمەکان کە دادەنیشتن دەبوایە چەند جووت گوێ و چاوی دیکەت قەرز کردبایە و چاوە قەرز و نەغدەکانت وەک کامێرای وردبین زوومی سەر بەژن و بالایان کردبایە. بە هەموو گوێیەکانیشت فاکت و ڕێنوێنی و ڕێنوماییەکانی مارکس و ئێنگێلس و لێنین و مائۆ و هوشی مین و ڕەفیق ئەنوەرخووجە و ئەم فیدڵەی ئێستات تۆمار کردبا.

کاتێک کابرای سمێڵ بابڕی کڵاو سەر بەدوگمە دەگەیشتە لێکدابڕان و بەرەنگار بوونەوەی ڕەفیق ئیستالین و ئۆف و مۆفەکان لەگەڵ گەڕەکی ماڵی مائۆ و دەروێشەکانی، تۆی گوێگریش ماندوو دەبووی، چاوەکانت شل دەبوون و گوێیەکانیشت لە تۆمارکردن دەکەوتن.

قسەی خۆمان بێت، سمێڵ و کڵاوە سەر بەدوگمەکەی ئەوکات، ئەگەرچی خەریک بوون ژانی برینی دابڕانی بەرەی ستالین و مائۆی بۆ چەندەکی ئێمەمانان بگوێزنەوە، کۆمەڵگاکەمان یەکدەستتر بوو و وەک ئێستا ژن و ژاڵ و کچەتیوۆکە دەم

لەپێشییان پێنەدەکرا هیچ، پیاوانی کۆسە و ژنانیلەش بەزەحمەت چەند چڵە موویەکیان لە پشت لێوی سەرەوەیان ڕێک دەخست و ئەوکاتیش لەڕوویان هەڵنەدەهات وەک زانا و خەباتگێڕە سمێڵزلەکان سینگ رەپێش خەن و لافی شۆڕشگێڕی و زانایی لێبدەن.

کاتێک سمێڵتاشین دەستی پێکرد و وردەوردە دەموچاوی پیاوان لە رەنگ و رووی دەموچاوی ژنان نزیک بۆوە، پیاوانی کۆسە و کەممووش هاتنە مەیدان و ئەمجارە هەر بەڕاستی دۆ و دۆشاو تێکەڵ بوو. گۆڕانێکی مەترسیدار دنیای لە خۆ گرتەوە، ئیدی ئێستا کاتێک سەیری تەلەڤزیۆن دەکەین، لە بەرانبەر پیاوی سمێڵ بابڕی خاوەنی کڵاوی سەربەدوگمە چاومان زەق ناکەینەوە و دەم داناپچڕین و لە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکانیش بۆ گەڕان بەدوای بابەتی بەپێز و بەهێزدا بەدوای وێنەی سێبەچواری پیاوی سمێڵ بابڕی سەر گۆشەی راست یان چەپی بابەتی رۆژنامەکاندا ناگەڕێین. بەداخەوە ئەوەی لە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و لاپەڕەی رۆژنامەکاندا سەرنجمان رادەکێشن، وێنەی ژن و ژاڵی دەموچاو تیفتیفە دراو و سینگ دەرپەڕیو و هەتیوۆکە و مەتیوۆکەی ژنانیلەیە.

ئەمڕۆژانە خەریکە یادی سمێڵ بابڕە کڵاو سەربەدوگمەکان زیندوو بێتەوە. ئەو دەنگە لەناو کۆمەڵە کەسێکدا دەرکەوتووە ئەگەرچی وەک ئێمە تێکەڵاوێکن لە خەڵکی بەسمێڵ و بێ سمێڵ، بەڵام ئێستاش هەر هیوایان بە سمێڵی رەق و شەپکەی سەربەدوگمەیە.

دوو رێکخراوی رەسەنی لایەنگری کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێ پێڵاوان و رووت و رەجاڵان و بێ هاوسەران و .... راگەیەندراوێکیان دەرکرد کە داوا دەکەن پێخاوسان و زەحمەتکێشان و رووت و رەجاڵان و بێ هاوسەرانی ئێران دژ بە مەترسیی دەستەڵاتی ناسیۆنالیستی و رەگەزپەرستانەی کوردان یەک بگرن و پێش بە خولیای ئازادی و لیبڕالیزم و ئەمپڕیالیزم و شتی لەم بابەتە بگرن.

ئەوەی ئاشکرایە، ئاسۆی دوارۆژی ئەم رێککەوتنە ستراتێژیەی دوو حیزبی میراتگری سمێڵی رەق و کڵاوی سەربەدوگمە، ئەم دیاردە ناحەزانە دەفەوتێنێت و لە ئاکامدا لە ژێر فەرمانی دادوەرانەی پیاوێکی سمێڵفشدا مەترسیی پارچە پارچە بوونی وڵاتان و جیهان لەناودەچێت و دوای ماوەیەک جگە لە مرۆڤەکان، گورگ و مەڕ و رێوی و کەڵەشێریش کڵاوی سەربەدوگمە و پێشبە شەپکە دەکەنە سەریان و دەست لەسەرشانی یەکتر بە قاقاو پێکەنینەوە، قسەی خۆش بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

تەنیا وێدەچێت ئەگەرێک کێشە بۆ ئەم پێشبینییە بخوڵقێنێت، ئەویش ئەوەیە رەنگە هەر لە بنەڕەتدا دژایەتی ئەم شێوازە

سمێڵ بەردانەوە و شەپکە لەسەر نانە بکرێت و سمێڵەکە کورت بکرێتەوە و لە جیاتیان مووەکانی خوارتر و ئەملاوئەولای سمێڵ شۆڕ بکرێنەوە. لەم دۆخەشدا گۆڕانکارییەکی مەترسیدار روونادات، چونکە لە هەردوو شێوازەکەدا موو بالا دەستە و ژن و ژاڵ ناتوانن بیچمی خۆیان والێبکەن و پیاوانی کۆسەش نابنە خاوەنی سمێڵ یان ریشی رەشی پان و پۆڕ. لەکۆتاییدا ئەگەر کۆمەڵگایەکی ئارام و گوێڕایەڵ دەست بکەوێت، سەودایەکە سەر دەگرێت.

لە ژمارە ٥٩٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## سێزدەی ماندووی مانگ

سێسەد و شێست و چەند ڕۆژەی ساڵیش بەپێی شانس و بەختی خۆیان هێندێکیان زۆر حەساوە و کەیفخۆش و تێر و تەسەلن و هێندێکیشیان زۆر ماندوو و شەکەت و سەرقاڵن. بە پێی گەڕەک و کۆڵان و شوێنیش بارودۆخی ئەم ڕۆژانە گۆڕانی بەسەر دادێت. ڕەنگە بیستو چەندی فلانە مانگ لە فیسارە وڵات ڕۆژی نەتەوەیی بێت و لەم ڕۆژەدا خەڵکی وڵاتەکە بیکەن بە شایی و هەڵپەڕکێ و نۆقڵ و نەبات بەخشینەوە. هەر ئەو ڕۆژە لە وڵاتێکی دیکە ساڵڕۆژی کۆچی یەکجارەکی پاشا و سەرۆک و سەرکردەیەک یان هونەرمەندێک بێت و خەڵکی ئەوێ دەڤەرێ مل بە کوێن و سەربەهەش بکات.

زۆر خۆشە ئەم ڕۆژە، ساڵوەگەڕی دروستکردنی یەکەم پەیوەندیی دڵداری دووکەس بێت. ئەدی ئەگەر ساڵڕۆژی زەماوەندی دوو هاوسەری لێکتری بێزار بێت و هەموو ساڵێ بە ئاواتی تەڵاقەوە جێژن بگرن؟

یەکێک لەو ڕۆژانەی ئێستای ئێران ڕۆژی ١٣ی نەحسی مانگی گەلاڕێزانی دەستەڵاتی نەحسە. ئەم ڕۆژە کۆمەڵێک بۆنەی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە کە دوای وەرسووڕانی دەستەڵات لەسەر ئەم وڵاتە بە دەردی ٢١ی ئازەر و ٦ی بەهمەنەکەی شاهەنشای پەهەلەوی دەچێت. چۆن تازە هەرگیز لە شەشی بەهمەن دا بە بۆنەی جوققەی پاشا نوقڵ و چوکلێت ناخوێن و سروودی «شاهەنشەهێ ما زیندەبادا» ناخوێننەوە و لە ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزیشدا ڕۆژی نەجاتی ئازەربایجان و کوردستان لە چنگ کۆمەڵێک کورد و ئازەرییەوە و گەڕانەوەی ئەو دەڤەرانە بۆ باوەشی شاهەنشا جێژین ناگرین، ڕەنگە دواترێ ئەم ١٣ی ئابانەی خۆمانیش هەر لە لاپەڕەی کتێبی مێژوودا بدۆزینەوە یان لە مۆتۆڕە گەڕۆکەکانی ئینترنێتدا بەدوایدا بگەڕێین کە ئاخۆ لە سەردەمی ڕیش و تەسبیح و قەمچی و بەرادەر و مەرادەر و گێزەر و مێزەردا ساڵڕۆژی چ بۆنەیەک بووە.

سێزدەی مانگی ئابان کە دەکاتە ڕۆژی سێزدەی هەمان گەلاڕێزانی خۆمان، چەندین بۆنەی لە خۆ گرتوە. لە یادمە ئەوێ ساڵێ لەم ڕۆژەدا تەشریفیان شاربەدەر کرا، ئەگەر دواتری ئەو دووسێ بۆنەیەی دیکە نەهاتبانە کایەوە، جەنابی شاربەدەر کراو وەک زۆر کەسی دیکە لە غوربەت سەری دەنایەوە وخۆی و ٧٥ملیۆن و زۆر ملیۆن کەسی دیکەشی تووشی ئەم ماندووبوونە نەدەکرد.
دیسان هەر لەم ڕۆژەدا ئەوێ ساڵێیەکی دیکە، پێش ئەوەی جەنابیان لە شاربەدەری بگەڕێتەوە و خەڵک بە گۆشت و ئیسقان هەست بە حیجاب و قەمچی و گوریسی گرێدراوی هەڵواسراو بکەن، کۆمەڵێک خوێندکار لەبەر زانستگای تاران کەوتنە بەر

دەستڕێژی هێزە ئەمنیەکانی کفنزدی پێشوو و چەندین کەسیان کوژران. هەتا ئێرە ئەمڕۆژە لە رۆژانی دیکە ماندووتر دیارە. دوای ئەوەی جەنابیان لە شاربەدەری گەڕایەوە و بە تەواوی جێگاکەی گەرم دانەهاتبوو، ناوێکی تازەی بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا دۆزیەوە و ناوی نا هێلانەی سیخوڕیی ئەمریکا و هەر لەو رۆژەدا دیسان کۆمەڵێک خوێندکار هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەکە و دەستیان بەسەر داگرت و ئەم ١٣ یان ئەوەندەی دیکە ماندوو کرد.

ئێستا ئەم سێزدەی ئابانە، وەک باڵندەی راوکراوی دەستی منداڵانی لێ هاتوە هەرکەسەو لاباڵ و قاچێک یان کلکی گرتوە و بۆ لای خۆی رادەکێشت. یەک دەڵێ رۆژی گەڕانەوەی کابرایە، یەکیدیکە دەڵێ رۆژی خوێندکارە و ئەوانی هەرە دیکەش دەڵێن رۆژی داگیرکردنی سیخۆڕخانەی ئەمریکایە.

بەڵام لەم ناوەدا ئەوانەی زیاتر فەرامۆش کراون قوتابی و خوێندکارەکانن کە وردە وردە پشکیان لەم رۆژە کەم دەکرێتەوە. هەر بۆ کەم کردنەوەی باری قورس و مەترسیداری قوتابییان و خوێندکاران هێندێ بەرنامە پێویستە. جیاکردنەوەی دووڕەگەزی نێر و مێ لە زانکۆکان زۆر زۆر پێویستە، دەبێ بکرێت و خەریکە دەکرێت. ئەوانە لەبەر سرت و قورت و حەز حەزۆکە رەنگە ناوی ١٢ ئیمامەکەیان بۆ لەبەر نەکرێت و ئەو خوێندکارانەی سەربزێون، دەبێ لە بانی خەوگەی زانکۆکانەوە فڕێ درێنە خوارەوە و لە کەهریزەکی باشووری تاران بە زەبری قەمچی و شتیتر تەمبێ بکرێن.

ئەو قوتابیانەی ئەمرۆ گوێ رایەڵن و رەنگە سبەی لە پەیڕەوانی هین هەڵبگەڕێنەوە، دەبێ بە ناوی رێبوارانی نوور رەوانەی شوێنی بەرەکانی شەڕی ئەوێ ساڵێ بکرێن و کردەوەی رەزمەندەگان ببینن. جا ئەگەر لەوێ شانس و بەخت یارمەتی پەیڕەوانی هینی نەدا، ئەوە مین و ئەڵغامیان پێدا تەقیەوە و جارێکی دیکە هەر لەوێ رەزمەندەگان دەبینەوە. ئەگەر ئەوەش سەری نەگرت، دەکرێ لە رێگا پاسەکەیان وەرگەڕێت و دوای گیان بەخت کردن، بکرێنە دەستەچیلەی داگیرساندنی بەزمێکی دیکە بۆ رەزمەندەکان و دووشیزەکان.

ئەگەر ئەم ١٣ی ئابانەی خۆمان ئەوەندە ماندوو نەبێت، سەرەڕای کۆکردنەوەی ئەم هەموو بۆنەیە لە خۆیدا سەبری هەبێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا وەک ٢١ی ئازەر و ٦ی بەهەمەنەکی جاران بۆ هەتا هەتا شیرن خەو دەبیاتەوە و بۆ ئەوەی سەرما نەیبات، لە جیاتی لێفە چەند لاپەڕەیەکی کتێبی مێژوو بەسەرخۆیدا هەڵدەکێشێت. ئەگەر هەڵەم نەکردبێت، چاوەڕوانی ئەم رۆژەم.

لە ژمارە ٥٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## بەراوردی دوو دونیای مەجازیی خۆش

جاری جاران کە باسیان لە دنیای مەجازی دەکرد، سۆفیەکی ریش پانمان دەهاتەوە یاد کە سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ کردووەتەوە و کۆڵێک مووی ماش و برینجییان وەک کلووی بەفر کەوتوونەتە باوەشی و چاوەکانی لەسەریەک داناون و لە ناخی خۆیدا بە ناو ئارەزووەکانی دا پیاسە دەکات.
مامە سۆفی، سواری شاپەڕی باڵی خەیاڵی دەبوو. لە خزمەت پیرو مورشیدیدا بە حەوت تەبەقەی ئاسماندا تێدەپەڕی. میوانی خوانی نیعمەتی هەراوی دڵخوازی خۆی دەبوو. لە رووباری شیر و هەنگویندا ئەنگوستی تەڕ دەکرد و بەدڵی خۆی لێی دەچێشت. لە خزمەت پەریانی رووت و قوتی دنیای خۆیدا خۆشترین چێژی وەردەگرت. دوای ئەوەی بەسەر پەریی نازداری لەباری رووتی بەهەشتیاندا دەکەوت، دەهاتەوە یادی نەکا لەوێش روانین لەو بەژن وباڵایە، ببێتە هۆی وروژاندنی مەلائیکەی سەر شانی چەپی و دەفتەری ئاکارە دزیوەکانی رەشتر بکاتەوە، لە قووڵایی دڵەوە دەینرکاند و بە دەربڕینی لەناکاوی وشەی «یاحەق»، خۆی و دەوروبەری بەشێوەیەک رادەپەڕاند کە چەند «سالیک» و تەرکە »دونیا»ی ناچار دەکرد جارێکی دیکە دەستنوێژی پاکی بشۆنەوە.

لە دونیای مەجازیی مامە سۆفی دا، وشە بەم شێوەی ئێستای کاریگەری مەیدانی دنیای مەجازی نەبوو. مامە سۆفی، پێش دەربڕین وشەکانی لە دەروونی خۆیدا دەخواردەوە و تەنیا بۆ چێژ و تێگەیشتنی خۆی دەیورووژاندن. پێویست نەبوو رێکیان بخات و بیانخاتە بەندی رستە و دوای چەندجار پێداچوونەوە بەگژ ئەم و ئەویاندا بکات.

دونیای مەجازیی جاران، زیاتر دەرفەتی دەدایە پیاوانی خاوەن ریشی لەتەمەنەوەچوو. ژنان و لاوان بە هۆی نەبوونی ریشەوە ئەو پێناسەیان بەدەستەوە نەبوو دەرگای دنیای مەجازییان لێبکرێتەوە.

دوای ئەوەی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی مرۆڤی ئەم سەردەمە جێگەی بە دونیا مەجازییەکەی مامە سۆفی لێژ کرد و بە هۆی کامپیوتێر و مامپیۆتێر و ئینیترنێت و مینترنێتەوە، دنیایەکی مەجازیی دیکە هاتە ئاراوە، دەرگای ئەم دنیایە بەسەر منداڵ وپاڵ و ژن و هەرزەکارانیشدا کرایەوە.

ئەم دونیا مەجازییە، هێندێکجار لە هینەکەی مامەسۆفی تێیدەپەڕێنێت و دەگاتە ئاڵوگۆڕکردنی پیت و وشە و رستە. لێرە

دا زمانەکە لە زمانی سەردەمی دنیای مەجازیی مامەسۆفی جیا دەبێتەوە. ئەگەر وەک مامەسۆفیی جاران رژد و پێداگربین و زۆر بچینە بەرەوە، کارەکە لە پیت و وشە و رستە تێدەپەڕێت و دەگاتە بەشێک لە جیهانی ماس میدیا. لەم جیهانەدا دەکرێ فریشتەکان بە نێر و مێوە لەوپەڕی دڵخوازیاندا چاویان بە نووری روخساری یەکتری رۆشن بێتەوە و بگەنە خاڵی زۆر هەستیار و وەک مامەسۆفی بە دەربڕینی نرکەی »یاحەق«یان، دەستنوێژی خۆیان وکۆمەڵێکی زیاتر تووشی نوێکردنەوە بکەن.

لەم دونیا مەجازییەدا بۆئەوەی بەرەو حەوت تەبەقەی ئاسمان بفڕین، بەدەوری یەکەم تەبەقەدا دەسوڕێینەوە. لە کاتێکدا لە لێرەوە پەنجە لە کیبۆرد دەدەین، بەرلەوەی رستەکە تەواو کەین، ئامێرەکەی بەردەستی کەسی بەرانبەرمان لەوسەری دونیا بەزمانی عیرفانیی ئەم سەردەمە خاوەنەکەی ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێ خۆت بگرە خەریکە رستەیەکی دیکەت پێدا دەدات.

دنیای مەجازیی ئەم سەردەمە تەنیا بۆ پیاوە خاوەن ریشەکان بەرتەسک نەبۆتەوە. لەم دونیایەدا دز و جەردە و رێگر و ساختەچیش وەک مشکی پشیلە نەدیتوو تەراتێن دەکەن. رۆژ نییە پارەی بانکەکان نەبەن و زانیاریی بەدرۆ بڵاو نەکەنەوە و پیاوەکانیان خۆیان نەکەن بە ژن و ژنەکانیش خۆیان نەکەن بەکوڕ. لێردا فڕین بەرەو فریشتەکان مەترسیدارە. جاری وایە فریشتەیەکی جوانی رەزاسووکی قسە خۆش کە رووبەندی لادەدات، بە پیاوێکی سمێڵ بابڕی قامک ئەستووری نێوچاوان گرژ دەردەچێت و دەردەکەوێت پیاوێکی پێست ئەستووری بۆن دووکەڵاوی و سەرکەچەڵی بەساڵاچووی خوێنتاڵیش، باڵا بەرزێکی شۆخ وشەنگی جوانچاکی بەلەنجە و لاری تازە لاوە.

**قسەی خۆمان بێت، بە هەروو بارەکەیدا دونیای مەجازی زۆر خۆشە.**

لە ژمارە ٥٩٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## لە دونیای مەجازییدا تەنیا پشت بە هاهاهاهایەک ببەستە

دنیای مەجازیی ئەم سەردەمە لەگەڵ دنیای مەجازیی جاران جیاوازییەکی زۆری هەیە. جاران تەنیا سۆفی و دەروێش و عارف و لەخواترس دەیانتوانی بە فڕاندنی خەیاڵیان  و ڕۆچوون بەناو دونیای فانتازیا دا خۆشترین ساتەکانیان بخوڵقێنن. بەڵام دونیای مەجازیی ئەم سەردەمە شتێکی دیکەیە. لەم دنیایەدا ئەوە تەنیا خۆت نی باڵی خەیاڵ لەخۆت دەنێی و بەناو لاپەڕەکانی وێبدا لە شەقەقەی شاباڵان دەدەی.

لەم دنیایەدا کە سەرهەڵگرتن و ڕێگەبڕین بە ناو گنج و تۆێژاڵە سەیر و سەمەرەکانیدا، هۆشت لێدەستێنت، ئەوە بەشدارانی فێڵبازی دونیای راستەقینەن کە لەسەر ئەم جیهانە بەسەر نوشستی و ناکامیدا کەوتوون، لەوێ لێت قوت دەبنەوە، بەربینگت پێ دەگرن و بەردی سارد و گەرم دەخەنە سەر ڕێگەتەوە.

لەم دونیایەدا جاری وایە  پرسیاری زۆر سەیرو سەمەرەت لێدەکەن کە بە بیستنیان سەربەقوڕ و مل بەهەش و باوک مردووش لە بەرپێکەنین تووشی ژانە سک دەبێت. دوو لەڕووی ئێوە، لەشەرمان ئەمجوورە پرسیارانە هەر لە دڵی خۆمدا دێنم و دەبەم، بەڵام زۆر شت لەم دونیا مەجازیەدا زۆرزۆر خۆشە. بۆ وێنە سیاسەت. سیاسەت لە دونیای مەجازیدا شتێکی جیاوازە.

 تۆ، لەگەڵ تۆمە کە  ئێستا  ئەم بابەتە لە سەرلاپەڕەی کاغەز یان لە سەر دیسکتاپی کامپیۆتێرەکەت دەخوێنیەوە. هەر ئێستا دەتوانی ئەم بابەتەی بەردەستت بەلاوە بنێی و خۆت بە شەپۆلی دنیای مەجازیی ناو وێب بسپێری. دوای خوێندنەوەی چەند ستاتوس و کامێنت و تێبنی و چەند کورتە وتارێک و دیتنی سێچوار گرتەی ڤیدیۆیی و شووتی وەبن هەنگڵ نانی ئەم و ئەو، هێندەی بڵێی یەک و دوو، بە قەنەکێشێک بۆ خۆت دەبی بە رووناکبیر.

جاری لە سەرەتاوە دەتوانی بە ناوی خۆت نەڕۆیە ناو ئەم جیهانەوە. ناوێکی خوازراو بۆخۆت هەڵبژێرە. چ زۆرە ناو. لە ناوی بەرد و دار و چیا و ناوە ئەفسانەییەکانەوە بگرە تا دەگاتە ناوی گەورەپیاوان و بیرمەندان.

هەر لە خۆڕا ناوی خۆت بنێ نیچە، ڕۆلان بارت، هیتلێر، ماندێلا، چووزانم بە کەیفی خۆت بکە. بۆ ئەوەی هەستی کەسانی لای خۆمان ببزوێنی، ناوی وەک شاخەوان و بیرمەند و شۆڕشگێڕ و شتی وا باشترە، بەڵام ناوێکی ژنانە پێشکەوتنەکەت

چەند ئەوەندە خێرا دەکات. بە ناوێکی خانمانە بچیە ناو ئەم دونیا مەجازییە، لێت تێک دەچێت بوویە بە رووناکبیر یان شاجوانی یەکەمی جیهانی. ئەگەر بایی توورێکی ڤانگی ناوپووک لە دونیا تێنەگەی پیاوانی لای خۆمان دەتکەن بە چالاکی ریزی پێشەوەی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و لەبەر وەڵامدانەوەی پەیام و یادداشتە تایبەتیەکان و ئەو هەموو رێزەی لێت دەگیرێت، ناچاری بەدزیەوە خۆت بەناو دونیای مەجازیدا بکەی. بۆ ئەوەی رووناکبیران و زانایانی مافخواز و یەکسانیخوازی جیهانی سیاسەت و رۆشنبیری و سەقافەت، شان وەبەر ئەرکی خۆیان بدەن و وەک رووناکبیر و زانا و چالاک بە دونیات بناسێنن، لە بەشی چەت کردن و پەیوەندیی دووبەدوو دا، لە دوای هەر یەکدوو رستەوە هاهاهاهایەکیان بۆ بنووسە. خاترجەم بەم ئەم هاهاهاهاهایە دەرئەنجامی باشی لێدەکەویتەوە و دەبێتە تێشووی دوارۆژ و وەک چرالەنتەریی ناو تاریکستان رێگەی روناکبیر بوونت بۆ دەکاتەوە. ئەم هاهاهایە، کاتێک لە بەشی چەت و پەیوەندیی دووبەدوو تێدەپەڕێت و بکەوێتە ناو بەشی کامنێتەکانەوە، بە جوملە واتە بەکۆ سەرنجی گشتی بۆ لای تۆ رادەکێشێت.

دوای رەچاو کردنی ئەم رێنماییە کورتە، بە مەرجێک بتوانی وێنەیەکی جوانی کچێکی سەر بەنەتەوەیەکی دوورەدەست کۆپی بکەی و بیکەی بە وێنەی پرۆفایلت، رەوتی بە رووناکبیر بوونت زۆر خیراتر دەبێت.

دوای ئەزموونێکی کەم لەم دونیا مەجازییەدا دەتوانی هەم وەک شاجوان و هەم وەک رووناکبیر بۆ هەر بابەت و وێنەیەکت سەدان لایک و کامنێت کۆ بکەیەوە. بەڵام ئاگادار بە، نەکەی بە ناوی راستەقینەی خۆت بابەتی رێک و پێک و بەڵگەدار بخەیە بەرچاوی بەشدارانی هەراوی ماوس بەدەستی وێبکەم نەکراوەی ئەم جیهانە پێشکەوتوو و پۆست مۆدێڕنەوە!

لە ژمارە ٥٩٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی دێسەمبەری ٢٠١٢

## ڕووناکبیری لە دونیای مەجازیدا

ئەم دونیا مەجازییە ئەوەندە خۆشە پیاو ناتوانێت وازی لێبێنێت. بۆ ئەوەی لێرەشدا نەکەومە بەر پەستە و تەپ و توانجی ئەو ژن و کچانەی بە سێحری فۆتۆشاپ، پشتی کارگەکانی بەرهەم هێنانی سووراو و سپیاو و ریمێل و کرێم و خەتی لێو و ژێلەی پرچیان شکاندووە، بە رستەی یەکەممدا دەچمەوە و دەڵێم «مرۆڤ ناتوانێت وازی لێبێنێت.»

با ئەوەش لە ناوخۆمان دەرنەچێت، ئەم دۆستە بەڕێزانەی یەکەم جار لە دونیای مەجازی لەگەڵیاندا ئاشنا دەبم، کاتێک لە دونیای هوشیاریدا بەرەوڕوویان دەبمەوە، هێندێکیان خۆم ئاسایی ئەوەندە ناشرین و دزێون، دەبێ بۆ ماوەیەک پێڵووی چاوت لێک بنێی و لە بیرگەی درێژخایەنی مێشکتدا بە دوای وێنە مەجازیەکەیاندا بگەڕێی. ئەگەر بۆت کرا پێوەندییەک لە نێوان هەردووکیاندا دروست بکەی، ئەمجارەیان ناچاری بەزۆر بەخۆت بسەلمێنی ئەم مرۆڤە خوێن تاڵ و ڕەزاگرانەی بەردەمت هەر ئەو خوێنشرینە ڕەزا سووکە قسە خۆشەیە کە لەمەوبەر لە دونیای مەجازیدا دەتناسی و بە قسەخۆشەکانی لە خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری دەکردی و نەیدەهێشت سەیری هەواڵەکانی تەلەفزیۆن بکەی و دەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی بۆنی چێشتی سووتاویش لە ماڵەکەتدا.

دونیای مەجازی وات لێدەکات، بێ ئەوەی ئەزموونی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزریت هەبێت، لەپڕێک ببی بە ڕووناکبیر. دەک ماڵی ئەو کەسە ئاوەدان بێت یەکەم جار ڕێگەی بۆ پەرەسەندنی ئەم دونیا مەجازییە خۆش کرد.

هیچ پێویست ناکات شەو و شەونخوونی بکێشی و شان وەبەر خوێندنەوەی کتێبی سەدان لاپەڕەیی بدەی، یان ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەماڵەوە لەسەریەک دابنێی و پاشەکەوتیان بکەی. پێویست نییە لە ژووری وانەی کۆلێژ و مۆلێژان دابنیشی یان لەم جیهانە سێهەمەی لای خۆماندا شەو و نیوەشەوان بەدوای چالاکیی سیاسیدا لە پاڵ حیزب و میزباندا خەریکی کاری سیاسەت بی و لەترسی سەرکۆنەکردن و هەڵپەساردن و شتی واش وەک مێوژۆکە بلەرزی. هەر هێندی بڵێی یەک و دوو، سێ چوار ستاتووس و پێنج شەش کامێنتان بخوێنەوە و سەیری دووسێ گرتەی ڤیدیۆیی بکە، بە چاو نوقاندنێک دەبی بە ڕووناکبیر. هەر ئەوەندەیە دوو سێ کەسی کەم ئەزموون پێتەوە شاگەشکە بن و چوارپێنج خوێندەوار و ڕووناکبیریش کاتی پشوودانیان، بۆ ئەوەی هەوێنی پێکەنینیان دەست کەوتبێ، یەک دوو شووتی لە خۆت گەورەترت بخەنە ژێر باڵ.

کاتێک ئەم قۆناخەی بە ڕووناکبیر بوونت تێپەڕاند، کەس ناتوانێت دەستت وەبەر بێنێت. ئەوە تۆ وئەوەش دونیای هەراو و

پان و بەرینی ئینترنێت. هەر لە تویتێر و فەیسبووک و دەرفەتەکانی ناو یاهوو و گووگل و ماڵپەڕ و وێبلاگەوە بگرە تا دەگاتە مەسەنجێر و سکایپ و سەدان دۆدی و بۆدی دیکە، هەموویان لەبەر دەستی تۆدان. هەوسار لەسەر ئەسپی سەرکێشی هەمووشت زانی رووناکبیرانەت داماڵە و بەرهەڵڵای کە با بەکەیفی خۆی جووتە بوەشێنێت و بەسەر تەیمان و پەرژینانـدا قەڵەمبازان باوێت. کەس ناتوانێ دەستت وەبەر بێنێت و بەکەیفی خۆت دەنووسی. نە سەرووتری ناو حیزب سزات دەدات، نەمامۆستا شوڵت لێ رادەوەشێنت، نە دایک و باوکت حەددیان هەیە بڵێن رۆڵە وامەکە، نە سەرنووسەری گۆڤار و رۆژنامە بە بابەتەکەتدا دەچنەوە.

ئەگەر کەسیش لای لێ نەکردییەوە، هەر خۆت کرتە لەسەر بابەتەکان بکە. دەتوانی ئەوەندەی وزەت لەبەردایە بە ناوی جیاوازەوە کامێنت و بۆچوون لەسەر بابەتەکانی خۆت بنووسی. هەر پێویست ناکات خەڵک لات لێبکاتەوە، دەتوانی خۆت بە چەند ناوی جیاوازەوە دیالۆگ و گفتوگۆ لە ناوبەینی خۆت و خۆتەکانی دیکەدا ساز بکەی. خۆت دەیگری و دەیبڕی و هەر خۆشت دەتوانی بە وردە درومان لێکی بدەی و یان شەش تەقەڵی بکەی. ئەگەر حەزت لە ئاشتی بوو، خۆت و خۆتەکانی دیکە، دیالۆگێکی بنیاتنەرانە و ئاشتی خوازانە دروست دەکەن و ئەگەر حەزیشت لەشەڕە، هیچ پێویست ناکات دوژمنی و نەیاری سەر جادە و شەقام و ناو کۆڵانەکانت هەبێت. هەر لەوێ خۆت و خۆتەکانی دیکە بەگژ یەکتری دابکە و کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاواز بخولقێنە. ئەگەر حەزت لە دەم شڕی و شەڕە جوێنە، لەم بوارەشدا دەستت بۆ هەموو تازەگەری و نوێبوونەوەیەک ئاوەڵایە. بێ هیچ کێشەیەک دەتوانی رەگەزیشت بگۆڕی خۆتی خانم و خاتوون

بەرێزەوە کۆمێنت و بۆچوون لەسەر هەمان خۆتی پیاوی ژێکەڵە و خاوەن پرستیژ بنووسی. هەر لەوێ دەتوانی کێشەی نێوان پیاوانی پیاوسالار و ژنانی فیمینیستیش چارەسەربکەی و کۆتایی بەم جیاوازییە قووڵ و مێژووییەش بهێنی و ئەم سەرکەوتنەش بۆخۆت تۆمار بکەی.

لە ژمارە ٥٩٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٢

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

---

# زمانی فرەڕێنووس

دنیای مەجازی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک تویتەر، فەیسبووک، یوتیووب و یاهوو و گووگل و شتی لەم بابەتە پێک دێت، هەموو لایەکمانی تووشی کێشە کردوە. ئەوکاتەی لە پشت ئەم سندووقە سێحراویەی بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، بزەیەکت دێتێ و بە زەردەخەندەوە خەریکی پیت لێدانی، ئەو کەسانەی لێت نزیکن، لێت دردۆنگ دەبن و بۆیان گرینگە بزانن ئەم زەردەخەندەیە کاردانەوەی کامە هێنی ناو ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەیە. ئەوە تەنیا هاوسەرەکەتە چ ژن بێت و چ پیاو، دەماری دڵپیسیی دەبزوێت و پڕ بەدڵ قینی لەم دنیا مەجازییە دەبێتەوە.

ئەم دیاردەیە ئەو هاوسەرانە ناگرێتەوە کە لە ترسی پاشەڕۆژی تفت و تاڵ، وشەی تێپەڕینی ناو تۆڕەکانیان بە یەکتری داوە و دواتریش ناچاربوونە بە ناوی خوازراو لاپەڕەی دیکە هەر لەم تۆڕانەدا بۆ خۆیان بکەنەوە. ڕەنگە بەشێکی زۆر لە بەکاربەرانی بەڕێزی ئەم سندووقە سێحراویە، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت، بەجۆرێک ئەم کێشەیان چارەسەر یان پووشبەسەر کردبێت. منیش وەک ئێوەی بەڕێز، ئەم کارەم کردوە و نازانم لە سەتا چەند تێیدا سەرکەوتووم. کێشەی منی نەخوێندەوارشتێکی دیکەیە کە چەندی دەکەم بۆم چارەسەر نابێت.

لە ناو ژوورە گشتیەکان و ماڵاندا، ناکرێ لە ناو ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بەدەنگ لەگەڵ دۆستانمان بدوێین. ئەم کارە پێویستیی بە ژوورێکی چۆڵ هەیە و ئەگەر شووشەی دەرگا و پەنجەرکانی دووتوێی و دەنگگێڕەوەش بن، ئەوە هەر قیمەتی تەواونابێت.

کاتێک لەم ژوورە گشتیانەدا لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە پەیوەندی بە دۆستانەوە دەگری، ناچاری بە نووسین لە گەڵیاندابی.

یەکێک لەو تۆڕانەی کە ئێستە بووەتە مەیدانی تەراتێنی هەموو لایەک، فەیسبووکە. لەم فەیسبووکەی خۆماندا کە لە

---

مامۆستای زانکۆ و فەیلەسووف و رۆژنامەنووس و بازاڕیەوە تا دەگاتە حەمەلاقرتێ و خوشکە بەیبوونی سەری کۆڵانی خۆمان، بە پەنجە رەنگینەکانیان خەریکن پیت و وشە و رستە و کۆمێنتی کورت و درێژی تێدا بەرەڵڵا دەکەن.

رێنووسی زمانی کوردی کە بە هەموویەوە ماوەی نزیکەی سەد ساڵێکە بە رەوتێکی پێگەشتندا تێدەپەڕێت، لە سەر گۆڤار و رۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکاندا کەوتووەتە بەر ڕاوی سێ کۆسان و هەر کەسە و بە شێوازێک پێی دەنووسێت. لە نووسینی هێندێکاندا پاشگر بە وشەی پێش خۆیەوە دەنووسێت و لای هێندێک کەسی دیکە ئەم پاشگرە ماڵوێرانە بێ کەس و کارە، بە تەنیا لە بۆشاییەکی دوور لە وشەکانی ئەملا و ئەولای لەخۆیدا سێ‌پێی و سوێچکەیی و شێخانی هەڵدەپەڕێت. تاڕادەیەک هەموو خوێنەرانی بەرێز و بێ‌ڕێز خوویان بەم جیاوازییە فرت و فراوانەی کوردی‌نووسینەوە گرتوە، بەڵام کاتێک پەنچەی دۆشاومژە بە کیبۆردی کامپیۆتێرەکاندا دەدەن، پێ دەنێنە قۆناغێکی دیکە.

دونیای مەجازیی ئەگەر بۆ کوردهیچی تێدا نەبێت، توانیویەتی زمانێکی فرە رێنووسترمان بۆ بەرهەم بنێنێت. جیا لەوەی ئێمەی کورد خاوەنی دوو رێنووسی تەواو جیاوازی لاتینی و شێوازە عەرەبیەکەین، لە دونیای مەجازیدا ئەم دوو رێنووسە بەسەر چەندین وەردە رێنووسی دیکەدا دابەش دەبن.

لە ناو تۆڕی ئینترنێتدا، بۆ کوردی نووسین پێویست بەوە ناکات ئەم دوورێنووسە لەبەرچاو بگری و کێشەی پێکەوە لکاندن و جیاکردنەوەی پێشگر و باشگرەکان و کورتی و درێژیی مەودای نێوان وشەکان رەچاو بکەی. بۆ وێنە دەتوانی کۆمێنتێکی کوردی بە ئەلف و بێی ئازەری بنووسی، دەتوانی هەر ئەم کۆمێنە بە بە پیتی ئەڵمانی یان سویدی یان رووسی دابنێی.

کوردەکان بە هۆی ئەم دابەشبوونەی کوردستان، زۆربەیان زمانێکی جیا لە کوردی لە زمانەکەی خۆمان باشتر دەزانن. ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی لەم تۆڕەدا کۆمێنت و نووسینەکان تێکەڵاوێک بن لە کوردی‌نووسینێک بە رێنووسی فارسی، عەرەبی، تورکی و ئینگلیزی.

نووسەران و رووناکبیرانی کورد سەرکەوتووانە ئەم کارەیان کردوە و توانیویانە دابەشبوونی کوردستان بە ئەمانەتەوە بۆ ناو زمان و رێنووسەکەشمان بگوزانەوە. من لەکاتێکدا ئەوەیان وەک پێشکەوتن و گەشەکردن دەزانم، بەڵام بەداخەوە خۆم تێیدا ماومەتەوە و هەست بە نەخوێندەوارییەکی قورس دەکەم. ئەوەندە نەخوێندەوارم تەنیا دوو رێنووسە سەرەکیەکەی خۆمانم بۆ دەخوێندرێتەوە.

لە کاتێکدا لە دوو ڕێنووسە سەرەکییە کوردییەکە ناتوانم بە هیچ ڕێنووسێکی دیکە بنووسم، پێموایە ئەم دوو ڕێنووسە زۆر چەختی و بەرچاو نەترسیشن. پێموانییە کەسانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە توانیبێتیان وەک خەڵکی لای خۆمان کەلک لەم دووڕێنووسە وەبگرن و زمانی خۆیانی پێ بنووسن.

منیش ئێرەیی بەم کەڵە خوێندەوارانەی خۆمان دەبەم کە ئەوا بە سووک و هاسانی بۆ زمانی کوردی کەلک لە هەموو ڕێنووسێک وەردەگرن و کەسانی وەک من نەخوێندەوار ناچارن لەجیاتی تێگەیشتن لەم فرە ڕێنووسییە، ئەنگوستی سەرسوڕمان بخەنە سەرلێویان و بە دیتنی زۆربەی کۆمێنت و تێبنییەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کوڵەوار و نەخوێندەوار و دەستەوستان دەست بەخۆیاندا شۆڕ بکەنەوە.

**چیم پێنەماوە جگە لەوەی بەم زمانە فرە ڕێنووسەم بنازم.**

**لە ژمارە ٥٩٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.**

**٦ی جانێوێری ٢٠١٣**

## «کوردستان» لە قۆناخی گواستنەوەیەکی هەستیار دا

لە بەرەبەری دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی کوردستاندا، دەکرێ لە زۆر بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ئەتنیک و شێوازەکانی رۆژنامەگەرییەوە، چاو بە تەمەنی دەیان ساڵەی ئەم رۆژنامەیەدا بخشێنینەوە و پسپۆڕانی بواری مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی پێیدا بچنەوە و ئەزموونەکانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بکەنە تێشووی رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران و بزاڤە سیاسییەکان.

وێرای ئەوەی دەکرێت خەباتی دەیان ساڵەی کوردستان و دانە دانەی ژمارەکانی، وەک بەڵگەنامەی قۆناخەکانی خەباتی رزگاریخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان سەیریان بکرێت، ئەم رۆژنامەیە وەک پێشاندەری رەوتی پەرەوردە و گەشەکردنی رێنووسی کوردی و گۆڕانکاری و خۆ بەرهەم هێنانەوەی زمانیش جێگەی سەرنج و هەڵوێستەیە.

پێداچوونەوە بە لایەنە جیاوازەکانی کوردستان لە وتارێک و تەنانەت کتێبێکیشدا بە زەحمەت دەگونجێت. لەم سووکە ئاوڕەدا ئاماژە یەکی کورت بە گرنگیی زمان و ئەرکی کوردستان دەکەم و پەنجە دەنێمە سەر پێداوستیی درێژە پێدان و بەردەوامیی لەم هەلومەرجەی ئێستادا. لێرەدا تەنیا لە گۆشە نیگای روانین بۆ بەشی زمان، چاوێک بە کوردستاندا دەخشێنم و باس لە گرنگیی پێداویستیی گواستنەوەی بۆ جیهانی ئینترنێت دەکەم.

تا ئەم دواییانە کە چەند ناوەندێکی ئەکادیمیی پەروەردەی رۆژنامەنووسان و هەروەها دەیان رۆژنامە و گۆڤار لە بەشێکی بچووکی کوردستاندا چالاک بوون، رۆژنامەی کوردستان لە کاتی لەدایک بوونیەوە، بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم سەرچاوەی پەروەردەی رۆژنامەنووسان و پەرۆشانی زمانی کوردی بووە. بەرلەوەی جیهانی مەجازیی ئینترنێت دەرگای بەڕەو کوردستان بکاتەوە، لە هەموو هەلومەرجێکدا سەرچاوەیەکی گرنگی خوێنەرانی و پەرۆشانی زمانی کوردی بووە. لەو کاتە کەمخایەنەدا، کوردستان بە ئازادی و لەنێو کۆمەڵانی هۆگریدا دەردەچوو، بەهۆی نەبوونی دەرفەتی مادیی هەراو و ئامێری چاپ و بڵاو کردنەوە، بە تێرایی خواستی هۆگرانی بڵاو نەدەکرایەوە و لەو کاتانەشدا کە وەک رۆژنامەی شاخ سەیری دەکرا و خوێنەرانی رەوانەی بەندیخانەکانی رژێمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دەکران، هەر بە زحمەت دەستەملانی خوێنەرانی تامەزرۆ دەبوو.

دونیای مەجازیی ئینترنێت لە کاتێکدا پەیوەندیی دوولایەنەی خوێنەران و کوردستانی ئاسانتر کردوە و بەشێک لە نووسەرانی «کوردستان» دەتوانن لە شوێنە دوورەدەستەکانەوە ڕۆژنامەکە دەوڵەمەندتر بکەن و ڕۆژنامەکەش بە ئاسانی لە فایلی پی.دی.ئێفدا دەگاتە دەستی خوێنەران، لەم کاتەدا زیاتر هەست بە پێوستیی بوونی کوردستان دەکرێت.

سەرەڕای ئەم خێروبێرەی ئینترنێت بەم جۆرە بە کوردستانی گەیاندوە، لەلایەکی دیکەوە زیانباریشی کردوە. ئینترنێت نووسەران و خوێنەرانی بەناو تۆڕە بەرین و هەراوەکەیدا بە چەشنێک بڵاو کردووەتەوە کە لە لایەک بەرخوێندنەوەی ئەم هەموو بابەتە زۆرانەی ناو ئەم جیهانە مەجازییە ناکەون و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی زۆریی جێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی نووسەران، زۆرجار نووسەرانی نزیک لە ڕۆژنامەکەش، یان بابەتەکانیان لە ماڵپەر و وێبلاگ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو دەکەنەوە و یان بەرلە بڵاوکردنەوەیان لە «کوردستان»دا، لەو شوێنانەدا چاومان پێیان دەکەوێت.

دیارە چەنگ قوچاندن و بەرەنگار بوونەوەی ئەم جیهانە مەجازییە نە کارێکی باشە و نە لەدەست کەسیش دێت. ئەوەی لێرەدا پێویستە، ئەوەیە لە کاتێکدا هەست بە پێداویستیی مانەوەی کوردستان دەکرێت، دەبێت خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانە گەورەیەدا ڕێک بخات و بۆ بەردەام بوونی ڕێگە و شێوازی نوێ تاقی بکاتەوە.

جیهانی ئێنترنێت، گەرچی لە هەموو بوارێکەوە سوودی زۆری لێکەوتووەتەوە، لە بواری ڕۆژنامەگەریشەوە وێڕای سوودەکانی زیانیشی بەم بوارە گەیاندوە. بەتایبەت زمانی کوردی کە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە و دام و دەزگایەکی چاودێری خاوەن دەستەڵاتی لە پشت نییە، ئینترنێت بەهۆی ئازادیی رەهای بەکاربەرانی بووەتە مەیدانی تەراتێنی زانا و نەزان و ئەگەر قەڵەمی تاکە تاکەی نووسەرە باشەکان نەناسین، سەردەرکردن لەم جیهانە پڕ باش و خراپە، گێژمان دەکات و ئێمەش دەبینە شەریکی سەقەت کردن و خەساندنی یەکجارەکیی زمانەکەمان کە پێناسەی هەرە گرنگیی نەتەوەیە.

ڕۆژنامەی «کوردستان» لەماوەی ئەم دەیان ساڵەی ڕابردوودا، سەلماندوویەتی پێشڕەوی فێرکردن و گۆڕان لەزمانی کوردیدا بووە، بەڵام ئەم دواییانە، ئەویش لەژێر کاریگەریی ئێنترنێتدا ڕەسەنایەتیی زمانەکەی هەندێکجار تووشی کێشە بووەتەوە. زمانی کوردی بە دارشتنەکەیەوە کە لە کۆنەوە کۆمەڵانی هەراوی داهێنەرانی زمانەکە بنیاتیان ناوە و بە پێی پێداویستیی کەلتووری کوردی، گۆڕانیان تێدا کردوە، ئێستا بە هۆی وەرگێرانی سەقەت لە لایەن بەشێکی زۆر کوردیەنەزانانەوە خەریکە تووشی شێوان دەبێت و لە خوێندنەوەی زۆر بابەتدا هەست دەکەی زمانەکەت پاشکۆی سەقەت و لەباربراوی زمانێکی دیکەیە. جاروبار ئەم دیاردە مەترسیدارە بە هێندێک لە بابەتەکانی کوردستانیشەوە دەبینین کە لەم نووسینە و لەم بۆنەیەدا دەرفەتی زەق کردنەوە و دەستنیشانکردنیان نییە.

بۆ بازدان و پەڕینەوە بە سەر ئەم تەنگژەیەدا، پێویستە جارێکی دیکە «کوردستان» خۆی پەیت بکاتەوە و وێرانی مانەوە و بەردەوامبوونی لە سەر کاغەز، دەبێ لە دنیای مەجازیشدا وەک جاران سینگ بداتە بەرەوە. پێویستە تەنیا لە نوسخەی «پی. دی. ئێف»دا بڵاو نەکرێتەوە، بەڵکوو ماڵپەڕێکی تایبەتیی بۆ تەرخان بکرێت و دیزانێرە دەست ڕەنگینەکان بە داڕشتنی بیچمێکی شیاو، ماڵپەڕەکەی بڕازێننەوە. وێرای هەردوو جۆرەکەی سەر کاغەز و پی.دی، ئێف، بابەتەکانی بە فۆرمەتی وۆرد بڵاو بکرێنەوە و ئەودەم دەکرێت بە سکان کردنی ژمارەکانی بەرلە سەردەمی ئینتەرنێتش، ماڵپەڕەکە دەوڵەمەند تر بکرێت. نووسەرانی کوردیزان لایان لێبکرێتەوە و ئەوەی کە «کوردستان» ئۆرگان و مینبەری دەربڕینی سیاسەتەکانی حیزبیشە، کار نەکاتە سەر لایەنی زمان و پاراستنی ڕەسەنایەتیی زمانەکە. دیارە پاراستنی ڕەسەنایەتی بەو مانایە نییە کە زمان لە جێگەی خۆیدا چەق ببەستێت، گەشە نەکات و لەگەڵ ویستی سەردەمدا خۆی بەرهەم نەهێنێتەوە، بەڵکوو پێویستە لە نێو کەلتوور و پێکهاتەی تایبەتیی زمانی کوردیدا دەرفەتەکانی خۆبەرهەم هێنانەوە و گەشە کردن بدۆزرێنەوە و کاریان بۆ بکرێت. دیارە «کوردستان» ئەوەندەی لەدەستی هاتوە و دەرفەتی بووە ئەم کارەی کردوە. ئەگەر سەیرێکی وشە و رێنووسی ژمارەکانی سەرەتای دەرچوونی «کوردستان» بکەین و لە گەڵ ئەوانەی ئێستادا هەڵیان سەنگێنین، نووسەران و دەستوپێوەندەکانی «کوردستان» ژمارە بە ژمارە و ساڵ بەساڵ بە وشیارییەوە ئەم گۆڕان و پێشکەوتنەیان سەپاندوە. بە تایبەت جێگەی پەنجەی راهێنەرانی ئەم ئەکادیمیە بچووکە لە سەر بەشێک لەو رۆژنامە گۆڤارانەی هەرێمی ئازاد کراوی کوردستانیشدا بە چەشنێک دەبینم کە ئەو کەسانەی قەڵەمیان لە بابەتەکانی رۆژنامەی «کوردستان» دا لێداوە یان بە چەشنێک پەیوەندیان بە کوردستانەو بووە، لەم ناوەندانەشدا بۆنی «کوردستان»یان پێوە ماوە.

**لە کۆتایی دا هیوادارم ماڵە دوولەتەکەی «کوردستان»یش یەک بگرێتەوە و لە کاتی دیاریکراودا «کوردستان» لەیەک ژمارە و لە یەک ماڵپەر و لە یەک پی.دی. ئێفدا دەربچێت.**

**لە ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە.**

**١٨ی جانێوێری ٢٠١٣**



سەرچاوە Serchawe

## هەڵەی بڵاوکردنەوەی گۆرانیی مەترسیدار

ئەرێ هیچ دەزانن کۆمەڵێک مرۆڤ لەم ناوچەیەدا بەهەڵە لەدایک بوون؟ جار هەیە هەڵەچاندن لە مێژووی زۆر کۆنەوە دەست پێدەکات و ئیتر بەمن بە تۆ و بە ئەوان و ئەوانی دیکەش چارەسەر ناکرێت. ئەوەتا لێرە لەبن هەنگڵی خۆماندا مێژوو هەڵەیەکی گەورەی کردووە و چەندی دەکەین بۆمان راست نابێتەوە. بەپێی هەڵەیەکی مێژوونووسان، لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرە کۆمەڵێک مرۆڤ لە خەڵکی ناوچەکە دابڕان و کاوە ناوێکیان بۆ خۆیان دروست کرد کە دەڵێن بە گڕ چڕکردنەوە و بەناوەند کردنی دەستەڵاتدا چووەتەوە. ئەم کاوەیە کە دەڵێن زۆربەی کاتەکانی ژیانی خەریکی ئاسن کوتانەوە بووە، بەوەش نەوەستاوە و بێ ئەوەی رێکخراوەکانی ژینگەپارێز ئاگەدار بکاتەوە، دەستی کردوە بە مارکوشتن. ئەمەیان بابەتێکی جیاوازە و نابێ لەسەردەمی شارستانیەت و دیموکراسی و پاراستنی مافی هەموو لایەکدا، لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ژیانی کاوەدا تێکەڵی بکەین. دیارە دواتر دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ دروست دەکەین و بەرەبەرە لە رۆژنامەکانماندا لایەنی دژایەتیکردنی لەگەڵ ژینگەی پاکدا بۆ «ئۆممەتی هەمیشە دەر سەحنە» شیدەکەینەوە.

بەم سەحنەیەی سەرەوە «سەحنە»ی کرماشانم بیر کەوتەوە. وەرە تۆ سەیری پارێزگا جوانەکەی کرماشان بکە و بزانە خۆمان لەم پارێزگا جوانەدا چەند هەڵەمان کردوە؟ چەندی گڵ و خۆڵ و بەرد و بلۆک و چیمەنتۆ و شتیدیکە لەسەر گۆڕکەیەتی، ئەوەندە یادی شاهەنشای ئاریامێهری خۆمان بەخێر و گۆڕەکەی پڕبێ لە نووری نەتەوەپەرستیی و هەستی یەکپارچەیی خاکی ئێرانی دێرین. خۆ ئەویش هەڵەی زۆر بوو. راستە بە هۆی کەسایەتیە کۆمەڵایەتییەکەیەوە نەیدەتوانی بۆ هیچ بابەتێک «حوکمی جیهاد» دەربکات، بەڵام خۆ دەیتوانی کەمێک لە هەڵەکانی کەم بکاتەوە. هەر لەو کرماشانەی خۆمان کە سەحنەش یەکێک لە شارەکانیەتی، شاهەنشا هەڵەیەکی ئەوەندە گەورەی فەرمووە کە بە ئێمەش راست نابێتەوە. ئاخر بڵێ جەنابی ئاریامێهر، کرماشان و ئێزگەی رادیۆی کوردی کوجا مەرحەبا؟ بۆ رادیۆ کوردیت لە پارێزگای کرماشان دادەنا؟ هەر ئەم رادیۆ کوردییە، یەکێک لە هەڵە هەرەگەورەکان بوو. ئێمە بەهەڵە ئەوکات پێمان وابوو دەکرێ لە رادیۆکەوە لە جیاتی سیاسەت و میاسەت، کەمێک بابەتی کەلتووریی وەک گۆرانی و شێعر و داب و نەریت بڵاو بکەینەوە و چاویان بنووسێنین و لە ناو کۆمەڵگەی جیهانیشدا سینگمان رەپێش بخەین و بڵێین ئازادیمان بە هەموو لایەک داوە.

هەر ئەم رادیۆ کرماشانە کارەکەی خرا کرد و هەڵەیەکی چاند کە ئێستاش ئێمە هەر دەیبڕینەوە و لق و پۆپی هەڵدەپەرتێوین و ئەویش لقی زیاتر دەردەکات و ئەنجامی هەڵەکە هەڵەی زیاتری لێدەکەوێتەوە. ئەم کلتوورەی لە رادیۆ

کرماشانی جاران بڵاو دەکرایەوە، زۆر شتی هەڵەی تێدابوو. بەبڕوای بەندە، ئەگەر رادیۆکەش داندرابوو، نەدەبوایە ئیزنی بڵاو کردنەوەی گۆرانیی پێ بدرێت. ئێمە لەم سەردەمەدا بە بیانووی موبتەزەل بوون و حەرام بوونی گۆرانی تا بتوانین دژایەتیی دەکەین. بەڵام ئەو گۆرانیانەی لە رادیۆ کرماشانی ئەوکات بڵاو کرانەوە، بوونە هۆی چاندن و بڵاو بوونەوەی ئەم هەموو هەڵەیە. هەر لە ئێوە دەپرسم، کام کەسی ژێر ئیزن دەدات، گۆرانیبیژە گرۆێکە هەتا هێزی دەبەردایە لە دەنگی کوردی کرماشانەوە بڵێت:» کرماشان جێگەی ئەژدادم، جێگەی شیرین، جێی فەرهادم»؟ دیارە دەکرا پاساوێک بۆ ئەمەیان بهێنینەوە و بڵێین باشە ئەژدادی هەمووماں یەکە و بەرداران و خاهەرانی کرماشانیش بەشێک لە ئێمەن و زمانەکەیان لەهجەیەکی زمانی خۆمانە، بەڵام پاساوتان بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم گۆرانیە مەترسیدارە چییە کە دەڵێت:

«خۆم کرماشانیم فارسی نیەزانم - وەزوان کوردی دەردت وەگیانم». ئەم گۆرانیە هەڵە و مەترسیدارە، وەک تێغێکی ژاراوی برینێکی قووڵی خستەوە کە پێویستە ڕێگەچارەیەکی بەپەلە و ئۆرژانسیی بۆ بدۆزرێتەوە.

پێشنیاری هەڵەچێنانە ئەوەیە؛ بە پەلە بەر بە بڵاوکردنەوەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی پارێزگای کرمانشان و پارێزگاکەی تەنیشتی بگیرێت و ئیزن نەدرێت گۆرانی و مۆرانی و شتی وا لە هیچ قاوەخانە و چاخانە و ناو تاکسی و پاسی هەڵگری وەرزشوانان و قوتابیانی راهیانی نووریشدا بڵاو بکرێنەوە.

بە خۆشیەوە، لەم دواییانەدا ئێدارەی پەروەردەی پارێزگای کرماشان لە بەخشنامەیەکی بە خشەخشدا بە ناوەندەکانی خوێندنی راگەیاندوە ماموستایان و قوتابیان بۆیان نییە لە پۆلەکانی خوێندندا کار بە زمانی کوردی بکەن. دیارە دوای رەچاوکردنی ئەم ڕێنمایەی ئێدارەی گشتیی پەروەردەی پارێزگای کرماشان، هەمووڵایەک بە خەڵکی پاوە وکامیاران و جوانرۆشەوە فێری زمانی شەککەری فارسی دەبنەوە و شوێنەواری گۆرانیی « خۆم کرماشانیم فارسی نیەزانم - وەزوان کوردی دەردت وەگیانم» نامێنێتەوە و لە کۆتاییدا لەوپەڕەی ئاسودەییدا دەتوانین سەربەندی گۆرانیە مەترسیدارەکە بێ زیادوکەم بەم جۆرە بڵێیینەوە:

«گوڵ وەنەوشەی باخانمی/ شەوچرای دیوەخانمی»

لە ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا (ژمارەی تایبەت) بڵاو بۆتەوە.

١٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## ئەوکاتەی سنوور خۆی دەبەزێنێت

سنوور شتێکی سەیرە و هەزار جۆری هەیە. سنووری سروشتی، سنووری سیاسی، سنووری دەستکرد، سنووری کۆمەڵایەتی، سنووری ئەخلاقی، سنووری ئابووری و تا دەگاتە پلکە سنووری چوار کۆڵان ئەولاتری ماڵمان، هەموویان سنوورن. جگە لەمانەش سنوور دەور و کاریگەری لە زۆر شتی دیکەدایە. هەر ئەم سنوورەی خۆمان کە لەم هەموو بوارەدا چالاکە، جاری وایە دەکەوێتە پێش پاشگرێک و لەم کاتانەشدا مانای جیاواز و جاری واشە مانای زۆر سەیر و سەمەرەی لێدەکەوێتەوە.

دەکرێ پاشگری «وان» بخەینە دوای «سنوور»ەوە و بیکەین بە «سنووروان». ئەو کاتە سنوور بە هێزی پشتوانیی و»ان»ەوە ئاگای لە سنوور دەبێت و دەیپارێزێت. کێشەی گەورە لێرەوە دەست پێدەکات. لێرەدا زۆرجار لێمان تێکەکەڵ دەبێت و نازانین سنوورروانەکەی ئێمە کامە لەم سنوورانە دەپارێزێت؛ سنووری سروشتی، سنووری سیاسی، سنووری کۆمەڵایەتی، سنووری ئەخلاقی، سنووری ئابووری یان سنووری دەستکرد؟

وشەی سنوور بە پشگری «بڕ»وە دەبێتە «سنووربڕ» و هەموو جۆرە سنوورێک دەبڕێت و وەک تیخی خەنجەری جەوهەردار ڕەنگە بەگژ جەستەی بێتاوانی پلکەسنووریش دابێت و قەڵت و بڕی بکات.

هەر ئەم سنوورە بە پاشگری «بەزێن»ـەوە، لێمان دەبێت بە سنووربەزێن و کاتێک دەبێتە ئاوەڵناوی ئینترنێت، خەو و خۆراکمان لێ حەرام دەکات. هێدێک کەس لە خۆشیان خەویان لێناکەویت و لاباجە و کەلێن وقوژبنەکانی ئەم ئینترنێتەی بەردەستمان دەکەنە ژوانگە و حەشارگەی دڵداری. هێندێکی دیکە بۆدڕ و نشێو و حەشارگە لە ئینترنێتی سنووربەزیندا دروست دەکەن. ئینترنێتی سنووربەزێن بەمەشەوە ناوەستێت و وەرزەکانیش دەگۆڕێت؛ یان مەودای وەرزێک ئەوەندە لەبەریەک دەکێشتەوە، سێ وەرزەکەی دیکەی ساڵێ بکەونە پەراوێزەوە. ئەوە زیاتر لە ساڵێکە باس لە بەهاری عەرەبی دەکات و دوای گۆڕانی هەر چوار وەرزی بەهار و هاوین و پاییز و زستان و سووڕانەوەی دووبارەیان، هەروا بەردەوامە و هێندێک پسپۆڕ و زانا دەڵێن تازە ئەوە لەنیوەی یەکەمی خاکەلێوەی ئەم بەهارە داین.

بەڵام ئەو کاتە وشەی سنوور لمبۆزی بە دوای وشەی «دار»ەوە دەنێت، چەمکی ئابووری زەق دەبێتەوە و یەکسەر دەچینە سەر ئەو کۆمپانیا ئابووریغە سنووردارانەی هیچ چەشنە سنوورێک ناناسن، لە ئەمریکای لاتین هەڵدەقنن و لە کانادا

دایدەچڕیننەوە. لە کۆریا و مالیزی و هۆنگکۆنگ و چین هەڵیدەدەن و لە ناوڕاستی بازاڕی ناسرخوسرەوی تاران و شیخەڵڵای هەولێر دەیقۆزنەوە و لە قەیسەریەکانی تەورێز و ئەستەمبوڵ ڕێکی دەگوشن. ئەوکاتە ژن و پیاو و گەورە و بچووک سەریان لێدەشێوێت و سنووردار و سنووربەزێنیان لێ تێکدەچێت.

ئەم وشەی سنوورە کە ئەم هەموو خزمەتە بە زمانی ڕەسەن و پاراو و پەتی و بێ وێنەی کوردی دەکات، لەلایەن کۆمەڵێک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانەوە بانگ دەکرێت تا لە زۆر بەستێنی دیکەدا چالاک بێت. ڕاستە وشەی دیکەمان زۆرە، بەڵام خۆ ئەم سنوورەمان لەو گۆڕە بە لاش و عەلاش نەدۆزیوەتەوە، بۆیە لە نێوان سنوورەکانی «وانێ» و «تێن» و «قوتابی» و خوێندکار» و «ژن» و «ئافرەت» دا، ئەرکی زیاتریشی پێ دەسپێرین.

دوای ڕاپەڕاندنی ئەم هەموو ئەرکانە، هەربنیا دیتت سنوور هەموو مانا جیاوازەکانی فیزیا و ماتماتیک و وەرزش و ئەدەب و هونەری هەڵلوشی و بەتاقی تەنیا جێگەی فرمان و بکەر و بەرکار و زێدەواژ و فرمانی تێپەڕ و تێنەپەڕیشی گرتەوە. ئەوکات زمانی کوردی لە زمانی سپرانتۆش ئاسانتر دەبێت. هەموو نەتەوەکانی جیهان بە هەموو زمانە جیاوازەکانەوە، ڕوودەکەنە زمانی شیرینی کوردی و بە بەم وشە چوارپێنج پیتییەوە هەموو کارەکانی خۆیان ڕادەپەڕین. ئەوکات پێویست ناکات ئەلف و بێ لەبەر بکەی و ئەم هەموو ماڵپەرو کتێب و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە بخەیەکار. بە زمانی شیرینی کوردی تەنیا بنووسە یان بڵێ «سنوور»، هەموو مانا و مەفهوومەکان دەگەیەنێت.

بە خۆشیەوە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی چازان ولێزان خەریکن ئەم پرۆژەیە دەکەنە کردەوە و بۆ ئەوەی لەمە زیاتر سنوور ببەزێنن، وردە وردە لە جیاتی شاری سلێمانی دەنووسن سنووری سلێمانی. لەجیاتی ناوچەی پشدەر دەڵێن سنووری پشدەر و لەجیاتی دەوروبەری هەولێریش هەر دەڵێن سنووری هەولێر.

**لە کۆتایی دا سنووری سنووربەزێن وەک منداڵی ناوبێشکە خۆی دەبەزێنێت و ئەگەر دایکیشی دایکێکی زانا و تێگەیشتووبێت، بەرلەوەی خاوێنی کاتەوە، چەمۆڵەیەکی لێ دەنێت و هەتا سەر سنووری ڕاستەقینە ڕاوی دەنێت.**

لە ژمارە ٦٠١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٥ی فێبریوێری ٢٠١٣

## دەردی Replace All لە گیانی منی خەڵکی موکرواتای

دوعایەک دەکەم پێم خۆشە هەموو گوێگر و بیسەر و بینەر و بەردەنگێک بڵێت ئـاااااامین. نانا؛ جارێ کەس نەڵێ ئامین، نەک خۆشم لە ئاخریدا پەژیوان ببمەوە. بەتەما بووم بڵێم ئەم کامپیوتێر و ماپیوتێر و تایپ و مایپ و وۆرد و مۆرد و فۆتۆشاپ و مۆتۆشاپە بەزیاد نەبێت و خەریک بووم بڵێم خوایە کامپیوتێرمان لەکۆڵ کەیتەوە و داواش لە ئێوە بکەم، بڵێن ئامین. بەڵام لەبەر ئەوە لە دوعاکەم پەشیمان بوومەوە، خۆ ئەگەر ئەم کامپیوتێرە نەبێت، نووسراوەکانی منیش وەک هی سەید بەهای عەریزەنووسیان بەسەر دێت.

«سەیدبەها، لە پیرانشار عەریزە و عەرزوحاڵی بۆ دادگا دەنووسی. هەرکەسێک عەریزە و سکاڵای نووسراوی دەستی سەید بەهای بردبایە لای سەرۆکی دادگا، سەرۆک دادگا پێی دەگوت تۆ خوا بڕۆ لە خوارەوە سەید بەهاش لەگەڵ خۆتدا بێنە با بۆمی بخوێنێتەوە، وردەوردە وای لێهات، سەید بەها لەگەڵ هەموو عەریزە و شکایەتێکی دەستخەتی خۆیدا لە سەرۆکی دادگا وەژوور دەکەوت و دەستی بە خوێندنەوەی دەکرد».

هەر بۆیە منیش لە دووعاکەم پەژیوان بوومەوە و پێم باش نییە کەس بەرهەمی ئەم دەست و قەڵەمەم ببینێت و وێنەی ڕۆیشتنی مێروولەی تەڕی بەسەر کاغەزدا بێتەوە یاد. دیسانیش هەر خەتای ئەم کامپیوتێرەی بەردەستم بوو، لە بابەتەکە لامدا.

ئەوەی لەسەر دڵم بووەتە داخ و بەجەرگمەوە ماوە، «دەردی ڕێپلێس‌ئۆڵ Replace All»ە کە واتا و مانای «هەمووی بگۆڕە» دەگەیەنێت. چیرۆکەکە لەم چەند وشە و ڕێکەوەند و فرێزەی بەردەمتانەوە، واتا: «ڕەشکەڵەی سەواتای»، «ئاغاواتای»، «گەڕەکی ئەرمەنواتای»، «سەرلەبەواتای»، «براواتای دەستەی نووسەران»، «هاوڕێی گواتای بە گواتای» و» گواتای لە مەترسی دایە».

ئێستا ئێوە ئەگەر کڵاوتان هەیە، کڵاوی خۆتان بکەن بە قازی و بزانن ئەم وشانە پێشترێ چۆن بوونە و بۆچی بەم مەرەدە چوونە؟ ئەگەر کڵاویشتان نییە، خۆتان تووشی سەرئێشە مەکەن و هەر لێیان مەپرسنەوە. ڕۆژێ هەزاران لاپەڕە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبان بە ژێر « ئەوێ هەرامە چاپێدا» تێدەپەڕن و کەس نازانێ چیان نووسیوە. ئێمەش با ئەوەندە ئەم دونیا

دونیا بێوەفایە بە تەنگەوتێلە هەڵنەگرین و لە سەر دڵی خۆمانی نەکەینە حەسرەت. بشیکەینە غەم، ئەگەر کڵاومان نەبێت، چی بکەین بە قازی؟

ئەوەی راستی بێت، من بەیارمەتیی برادەرێکی بەڕێز کە ئەویش وەک من سەری لە گێچەڵی پیت و وشە و رستە و شتی لەم بابەتە دەخورێت، کۆدی ئەم وشە و رێکەوەندانەمان دۆزییەوە.

**ئێستا یەک بەیەک کۆدی هەموویان دەکەمەوە:**

١- رەشکەڵەی سەواتای، هەمان «رەشکەڵەی سەیانی»یە.
٢- ئاغاواتای، هەمان «ئاغایانی»یە.
٣- کاتژمێر چواری بەواتای بوو، یانی: «کاتژمێر چواری بەیانی» بوو.
٤- سەرلەبەواتای، واتا: «سەرلەبەیانی».
٥- براواتای دەستەی نووسەران، یانی: «برایانی دەستەی نووسەران».
٦- هاوڕێی گواتای بە گواتای، واتا: «هاوڕێی گیانی بە گیانی».
٧- ئێستا گواتایان لە مەترسی دایە، یانی: «ئێستا گیانیان لە مەترسی دایە».

ئەم پیلانەی کە ئەم وشانەی بەم مەرەدە بردووە، تەنیا لەژێر سەری کامپۆتێردا نییە، بەڵکوو دوو وشەی «یانی» و «واتا» تاوانبارانی سەرەکین. ئەم هەڵەچاندنەم لە کتێبێکەوە وەرگرتووە و وەک نموونە وەرمگرتوون. دیارە لەم کتێبەدا کوردی گەڕێکی بە بابەتی کوردی گەڕەکێکی دیکەدا چووەتەوە و لە کۆنەوەش دیارە ئەگەر دووکورد بەزۆر لە ناو رکەیەک بکەی پێک نایەن و هەردووکیان من من و ئەز ئەزیانە. کێشەی هەڵەبوونی ئەم وشانەی سەرەوە ئەوەیە کوردێکی لای موکریان لە نووسینەکانیدا لە جیاتی بەمانای، کەڵکی لە وشەی «یانی» وەرگرتووە و چەند کورێکی دیکەی لای خواروو و ئەملاو ئەولای دیکە، دوای پێداچوونەوە بە نووسراوەکەی کابرای موکریانیدا، وشەی «واتا»یان کە هی گەڕەکێکی دیکەیە، لە جیات «یانی»یە موکریانیەکە داناوە. کاتێک گۆڕینی هەموو «یانی»ەکانی ناو نووسراوەکەیان بۆ «واتا» بە پیتلێدەرێکی وەک من شارەزا ئەسپاردووە، ئەویش زۆر خۆی ماندوو نەکردووە و یارمەتیی لە رێپلێس ئۆڵەکەی ناو بەرنامەی وۆرد وەرگرتووە و «رێپلێس ئۆڵیش» وەک پیاوی سەردەمی پیاوسالاری حوکمی خۆی خستووەتە گەڕ و هەرچی «یانی»ی پێشگر و ناوگر و پاشگری وشەکانە، کردوویەتی بە «واتای».

لە کۆتایی دا ئەلفاتیحە بۆ نووسراوەکانی کابرای موکرواتای. سندوقی سەری پێداچوونەوە بێت و ئەوەندی خۆڵی کراوەتە بان ئەوەندەش تەمەنی هەڵەچێنی درێژ بێت.

لە ژمارە ٦٠٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## بەزمانی شیرینی کوردی، پارسی را فاس بداریم

هەر شاعیری نوێخواز و نووێنووس و نوێسەرا بە تەنیا بۆی نییە نۆرمی زمان تێک بشکێنێت، وشەکان لەباڵ یەکتردا هەڵبشێلێت و بیانکاتەوە هەویر و بیانخاتە ناو رۆنی هەڵقرچاوی هەستی شاعیریەتی. ئێمەش کە نەشاعیرین و نە ماعیر، تەنیا پەخشان نووسێکی کرچ و کاڵی کەم خوێندەوارین و دوو لەڕووی ئێوە، پەرژینێکی بەگوڵ بێت، خۆمان بە خاوەنی زۆر شت دەزانیین، مافی خۆمانە خەریکی زمان بین.

لەم دواییانەدا ئاشکرا بووە نالی و سالم و وەفایی و پیرەمێرد و بێکەس و گۆران و سەجادی و هێمن و هەژار و خانی و فەقێ تەیران و مەولەوی و نازانم کێی دیکەش کاریکی باشیان نەکردوە و بەربەی ئێمەیان نەپێواوە. هەڵەی گەورەی ئەم تۆمەتبارانەی سەرەوە ئەوەیە لەماوەی چەند ساڵی ژیانیاندا خەریکی هەڵەچێنی بوونە و لە جیاتی شەعەر گوتوویانە شێعر. ئێستا بە خۆشیەوە ئەم هەڵە زەق و بەرچاوەی ناوبراوان لەلایەن شاعیرانی شەعەری سەردەمەوە راست کراوەتەوە و هەرکەس بە شەعر بڵێت شێعر، هەتا چەرمی زگمان دەکەوێتەژان، پێی پێدەکەنین. ئەویش پێکەنینێکی وا کە هەموو خەڵکی دەوروبەرمان بزانن ئێمە چەندە زاناین و پیرو پێشینانمان بە ناشوکرێ نەبێت، چەندە نەخوێندەوار بوونە.

جگە لەوەی لە دونیای شاعیریدا نۆرمی زمان تێک دەشکێت، شەعری شاعیرانی کچمان کاتێک بە وێنەکانیانەوە لە لاپەڕەی فەیسبووکپاڵەوانەوە بەڕووماندا دەگرژێنەوە، باوەش باوەش لایکیان بەسەردا دەبارێت و بارستایی چەند ئەوەندەی دێرە شەعرە تەڕ و پاراوەکان کامێنت و ژێرنووس و بۆچوون و مۆچوونیان بۆ دەنووسرێت. لە خوا بەزیاد بێت، سەرەڕای ئەمەش پیاوانی دوڕناس، دوڕ و لەعلی وشە لە ناو هەنبانەی کۆنی وشەی کوردییەوە دەدۆزنەوە و سەرو گوێی ئەوی هەرە ناسکیان تێک دەشکێنن و وشەی تازەی لاوپەسندیان لێ دروست دەکەن و شەعرو وێنە جوانەکانی شاعیرەی پێ زێڕەوشان دەکەن.

بە خۆشیەوە، ئێمە لە سایەی ئەم هەموو چازان و لێزان و زمانزان و مامۆستا و شاعیرو پەخشان نووس و وەرگێرە لێهاتووانەوە، لەزمانی خۆماندا تەواومان کردووە و خەریکین زمانی گەلانی دەوروبەرمان وەخۆ دەخەینەوە و خزمەتیان دەکەین.

بە تایبەت لەم دواییانەدا هەوڵ دەدەین زمانەکانی دەوروبەرمان کە سەدان ساڵە لە خزمەتیان داین، بیانگەشێنینەوە و

ڕێگەیان بۆ بکەیەنەوە و ڕایانبکێشینە نێو زمانی خۆمان و ئەوەندەی دیکەش زمانەکەی خۆمانی پێ دەوڵەمەند بکەن.

دوای ئەوەی هەندێک وشەی وەک (ئێوەش لەبرام فەرز ترن - دوو لەڕووی ئێوە) «هەستان بە دانشتن» و «کێشەی هونەری»مان لە زمانی شیرینی عەرەبییەوە وەرگرت و بە زۆری لەنێو زمانی کوردیمان نا، لەمەو دوا هەندێک لە کوردیزانان و چالاکانی زمان خەریکن بە وەرگێڕانی شیرین و پاراو لە دەقی فارسییەوە دەقی کوردی ئەوەندەی دیکەش دەوڵەمەند دەکەن.

ئەوەی لە خوارەوە دەبینین، چەند ڕستەیەکە کاری وەرگێڕێکی دەستڕەنگینی لای خۆمانە و دەڵێ: «مەشەدی عەولا و براکەی لاقیان داگرت کە لە چوون بۆ تەوریز پەشیمانمان بکەنەوە».

منی هەڵەچێن وای تێگەیشتم، ئەوکات ئێمە ویستوومانە بەسواری ماشین بۆ تەوریز بچین، بەڵام نازانم چۆن مەشەدی عەولا و براکەی، بە جووتە خۆیان گەیاندوەتە تۆرمز(ستاپ)ی ماشێنەکە و لاقیان داگرتوە و هەوڵی پەشێمان کردنەوەی ئێمەیان داوە.

**لە درێژەی ئەم وەرگێڕانەدا، وەرگێڕی بەڕێز فەرموویەتی: «ماشێنێکی مشکی ڕەنگ لە ورمێڕا دەهات».**

لە زمانی کوردیدا «مشک» و «مشکی» دوو وشەی جیاوازن و دوو مانای جیاوازیان هەیە. ئەگەر مەبەستی وەرگێر یان دەقە سەرەکیەکە مشک بوو‌بێت، دیارە ماشێنەکە زۆر بچووک بووە و وەک مشک چووە، ڕەنگە کلکێکی باریک و درێژیشی هەبوو‌بێت. ئەگەر مەبەستی وەرگێرە کوردەکە مشکی بێت، دیارە ڕەنگی ماشێنەکە وەک مشکی و خۆڵەمێشی دوای ئاگر، خۆڵەمێشی بووە. بەڵام ئەگەر مەبەستی نووسەرە فارسەکە ڕەنگی ڕەش بوو‌بێت، بۆخۆی گوت و با وای نەنووسیبا.

**لەنێو ئەم وەرگێڕانە یەک سەد و دە لاپەڕەیەیدا، تەنیا باسی ڕستەیەکی دیکە دەکەم کە دەفەرموێت: «بە قسەکانمی گوێچکە هەڵدەخست».**

قسەی خۆمان بێت، ئەگەر پێم نەڵێن لە دین وەرگەڕاوە و بە مورتەدم دانەنێن، زمانم لاڵ بێ، سەدجار زمانم لاڵ بێ، من دەڵێم و ئێوە نەتانبیستوە، جێی لێ نەبێت، تەشبیهات نەبێت، ئەم ڕستەیەی کۆتایی لە یاسای وڵاتانی وەک وڵاتی خۆمان تێکەڵ و پێکەڵترە و بە سەدان عەلـلامە و قازی و موفەسیر و نازانم چی و چی لێک نادرێتەوە و منی هەڵەچێنیش بەدەستیەوە سەرگەردان و کۆڵەوار و دەستەوئەژنۆم.

لە ژمارە ٦٠٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی مارچی ٢٠١٣

## مریشک یەکێک لە تاوانبارانی نەورۆزە

دنیایەکی سەیرو سەمەریە. لەوەتی مێژووی نووسراو لەیادیەتی خەریکی دووبارەو چەند بارە کردنەوەی هەڵەین. سەیرەکە لەوەدایە چاومان نووقاندووەو هەروا خەریکین هەڵەکان نویٚ دەکەینەوە. یەکێک لەم هەلانە بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆزە.

هەر لە خوتو خۆڕایی لەوگۆڕە خەریکین نەورۆز دەکەین جێژن و ئەم هەموو هەڵلاو بگرەی بۆ درووست دەکەین. ئاخر جێژن لەم دنیا پانو بەرینە قات بووە، ئێوە ئەوا وەک قیلی کەوای سپی بە نەورۆزەوە نووساونو ئەم رۆژە دەکەن بە جێژن؟

هەتا هەنووکا و مەنووکاو جێژنی ترێو شەرابو شتی وا هەبن، کوا نەورۆرز جێژنە؟ ئەگەر کەمێک بیر بکەنەوە، دەزانن نەورۆز بۆ جێژن نابێت. ئەگەر لە بەرەبەری نەورۆزدا بەفری سەران توابایەوەو بەرەو رووبارو دەریا جۆگەلەی بەستبایە، ئەگەر گیاوگۆڵ ژیابایەوەو دار چرۆی دەرکردبا، ئەگەر وەرزێک بە ناوی بەهار هەبووایە، ئەوە منیش بۆتانم لە ملی خۆم دەدا کە نەورۆز جێژنەو دەبیٚ خەڵک بۆ سەیرانو هەڵپەڕکیٚو شادی بچنە دەروەو بیکەنە هەڵلاو هەنگامە.

هەموو ئەو ئاژاوەگێرو گێرەشێوێنانەی باسی نەرۆز دەکەن، دەستیان داوەتە یەکو بەرانبەر بەم بۆچوونە بەڵگەنەویستە دەوەستنەوە کە دەڵیٚ نەورۆز جێژن نییە. هێندێک حەیوانو باڵندە لە بەرەبەری نەورۆز لە تاوانی گەورەی بە جێژنکردنی نەورۆزدا بەشداری دەکەن کە جێگەی هەڵوێستەن. یەکێک لەم ئاژەلانەی لە بەرەبەری نەورۆزدا دەیداتە ئەوپەڕی بیٚئەدەبیو دنیا تیٚدەگەیەنێت کە خەریکە زستان تەواو دەبێت و ئەوەی بە هەڵەچوان پێی دەڵێن نەورۆز نزیک دەبێتەوە، پشیلەیە. پشیلەی بیٚ ئەدەبو رووهەڵمالاو لە مانگی رەشەمەدا بەو پەڕی بیٚئەدەبی، دەست بە میاوە میاو دەکاتو هەموو خەڵک تیٚدەگەیەنێت کە وەختی جووت بوونیەتی. هەر لەو مانگەدایە، پشیلە بە بێچووەکانی دووگیان دەبێتو ساڵێک دواتر چەند ئەوەندی دیکە پشیلە بۆ میاوە میاو لە دایک دەبنەوە.

هەرچەند ئەم ئاکارەی پشیلە بیٚئەدەبانەیەو لادانە لە نەریتی ئاژەڵو مرۆڤ و وەک خوێندەواری ئەم سەردەمە دەڵێن لادان لە نۆڕمی باوە، لەو پەزی زۆر زەرەری نییەو کارێکە تەنیا لە ناو کۆمەڵگای پشیلاندا روودەدات. بەڵام مریشکی فێڵەزان لەمەوە تێیپڕاندووەو بە زبری هێلکە خۆی لە کاروباری نەورۆزیان هەڵدەقوتێنێت. ئاخر بڵیٚ مریشکی گێلو خۆ بەزلزان بۆچی هێلکە دەکەیو وەک پشیلەو رێوەیو ئاژەڵەکانی دیکە بۆ خۆت نازێیو راستەوخۆ جووجەڵەت نابێت؟

بەم هێلکە خڕەتەوە دەتهەوێ پێمان بڵێی دنیا بەم شێوەیە خڕە؟ دەتهەوێ بڵێی لە زستاندا زەوی وەک رووبەری هێلکەکەم سپی‌پۆشە؟ دەتهەوی بڵێی دیوی ناوەوەی زەوەی وەک هێلکەکەم سپێنەو زەردێنەی تێدایە؟ دەتهەوێ بڵێی زەردێنەی هێلکەکەم وەک ئاگرو گەرمای ناو زەویەو ئەگەر درز بکاتە دەروە، گڕکانو هەردهەژیان دروست دەبێت؟

ترحێو، ئەمە هەمووی فێڵە لە ئێمەی دژە نەورۆزی دەکەی‌و منداڵان هاندەدەی لە سەرە بەهار و نەورۆزەکەی‌دا هێلکەی تۆ سوور بکەن‌و بڵێن نانا، مام مامر، بەهاران زەوی رەنگی دەگۆڕێت و بە گوڵاڵە سوور هەڵدەگەڕێت. ئەم خەڵکە بەمەشەوە ناوەستن‌و دەست دەکەن بە هێلکەشکێنە. هێلکەشکێنەش شتێکی بێزەوەر نەرێتێکی خراپە. ئەو کاتەی لە هێلکە شکێنەدا بۆ ئەوەی هێلکەی رەق هێلکە نەرمترەکە بشکێنێت، هێندێک زاراوەی دوو لە ئەدەب دەکەونە سەرزاران. بۆوێنە کاتێک یەکێک دەیهەوێ بە سەری هێلکەی خۆی لە بنی هێلکەی بەرانبەرەکەی بدات دەڵێت بێنە باسەرەی قوڵەت بشکێنم، یان کاتێک لەم گەمەیەدا یەکێک دەزانێت هێلکەی بەرانبەری زۆر رەقترە داوا دەکات کەمێک بەرانبەرەکەی بۆی کل بات، واتە دەیهەوێ راستەوخۆ لە سەری هێلکەی بەرانبەر نەداتو کەمێک بەرەو تەنیشتی بپێکێت. لەم گەمە نەورۆزییەدا بە سەرە تیژەکەی هێکە دەڵێن سەرە، بە ئەوسەری خڕتر واتا بنەکەی دەڵێن قوڵە و بە دەوراندەوری ناوقەدەکەیش دەڵێن جەم. بەخۆشییەوە ئەو هێلکانەی بەشداری گەمەی هێلکەشکێنە دەبن، سەرە و قوڵە و جەمیان تێک دەشکێت و بەکەڵکی جووچکە لێکەوتنەوەیان نامێنت و کەمووکەیەک لەدایکبوونی مریشک کۆنترۆڵ دەکرێت. جاری وا هەڵدەکەوێت مریشک لەو پەڕی بێ‌ئەدەبی‌دا بەشداری گەمەی نەورۆزی دەکات. لەم کاتەدا چەند گەنج و لاوی کەم ئەزموونی نەورۆزپەرست هەر کەسەو هێلکەیەک لە تەنێشت یەکتر دادەنێن و داوا لەمریشکێک دەکەن یان مریشکێک هان دەدەن، بەدەنووک لەناو هێلکەکاندا یەکیان دەستنیشان بکات. لەم کایە حەرامەدا خاوەنی هێلکە دەستنیشانکراوەکە یان باشتربڵێین دەنووکنیشانکراوەکە بردوویەتەوە. ئەم گەمەیە کە ناوی بەرمریشکێنە، لەناو هەموو کایەکاندا ئەوپەڕی بێ‌ئەدەبیی مریشک دەگەیەنێت و لێرەدا دەردەکەوێت مریشک زۆر بە ڕووهەڵماڵاوی دەست لە ژیانی مرۆڤ وەردەدات و لە دوای مرۆڤ لە بەجێژن کردنی نەورۆزدا تاوانباری یەکەمە.

لە ژمارە ٦٠٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٠ی مارچی ٢٠١٣



سەرچاوە Serchawe

## تێکسڕماندنەوەی زمانی کوردی

دوای زیاتر لە یەک ساڵ چەنەبازیو کیبۆردلێدان لە خزمەت خوێنەرانی گۆشەی هەڵەچێنیدا، بە خۆشی‌یەوە لە سەرەتای ئەم مانگەی زاییندا بە دەرئەنجامێکی باش گەیشتم. لە ڕووداوێکی کوتوپڕو لەناکاودا زمانی ڕەسەنی کوردی لە پەرشوبڵاویو چەند ڕێنووسی ڕزگار بوو. ئیدی لەمەودوا حیزبو ڕێکخراوو پارچەکانی کوردستانی گەورەش وشەکان دابەش ناکەنو لەداخی یەکتر وشەی ناڕەسەنو بێمانا داناتاشن. بە پێی بڵاوکراوەیەکی هاوبەشی هەموو پارچەکانی کوردستانو تەواوی حیزبە دۆستو نەیارەکان بە سیکۆلارو میکۆلارو عەلمانیو مەلمانیو ئایینیو ماییتییەوە، بەم ئاکامە گەیشتن کە لەمەو دوا ژن یەکەو تا ئەم کەونە خڕو سەیرو سەمەرەیە هەیەو بوونەوەری لەسەر دژی، نابێ بە دوو و ئافرەتیش دەخرێتە نێو زبڵدانی مێژوو.

لە بڕگەیەکی ئەم بڵاوکراوەیەدا گوتراوە، منداڵان بە کوڕو کچەوە هەر پێیان نایە قوتابخانە، دەبن بە قوتابیو پاش تەواوکردنی قوتابخانەش هەر ناڵچەی یەکێک لە پێڵاوەکانیان نایە حەوشی ژوورەکانی سەر بە خوێندنی باڵا، دەبن بە خوێندکار.

لەو ڕێکەوتە بەملاوە، هەر کەسێک لە جیاتی فرمانی «هەیە» بنووسێ «بوونی هەیە»، بۆ ماوەی چەندین ساڵو یەک ڕۆژ زیندانی دەکرێ. ئەوکات هەم ئەوانەی بەندکراونو هەم ئەوانەی لە دەرەوەی بەندیخانەن لەژێر ئاسمانی بەهەورو بێهەوردا دەژین، تێدەگەن بوون هەمان هەبوونەو هەبوونیش هەمان بوونە.

هەرکەسێک لەجیاتی «بەردەوامە» بنووسێ «بەردەوامیی هەیە» حەوت ڕۆژو شەوان لە ژوورێکدا بە دیار کتێبەکانی مەسعوود محەممەدەوە هەڵیدەواسن، ئاوی ساردی پێدا دەکەنو بە شووڵی تەڕ دارکاریی دەکەن هەتا بەتەواوی دێتەوە سەرخۆو ئەم کارە بەردەوام دەبێ.

هەرکەسێک لە جیاتی «جێبەجێ کردن» و «ئەنجامدان»، کەڵک لە وشەی «هەڵسان» واتە هەڵستان وەربگرێ، هەتا هەموو لەشی وەک فۆتەی شینی لێدێو بیلامانێ هەموو ئەندامی لەشی هەڵدەستێ، دارکاریی دەکەن. پاشان دەیخەنە ژوورێکی تاکە کەسیو هەتا نەورۆزی داهاتوو رایدەگرن. لە نەورۆزی ساڵی داهاتوودا لەم کوردستانەی خۆمان دەیخەنە نێو هۆڵی کۆنسێرتی گۆرانی‌بێژە فارسەکانو دوای ئەوەی لەنێو بۆنی ئارەقو ئارەقەی بەشداربووواندا کوردی‌یەکی ڕەوانو پەتی



سەرچاوە
Serchawe

بە فۆنەتیکی تەواوەوە لە گۆرانیبێژە فارسەکان فێر بوو، دەتوانێ بە سینگو ئانیشکو پەنجەو ئەژنۆو هەموو گیانی دڕ بە بەشداربووان بداو بە ئازادی بە ماڵو خێزانی خۆی شاد بێتەوە.

تێبینی - ئەوانەی لە زمان گۆرانیبێژە فارسەکانەوە فێری ڕەوانبێژیی کوردی دەبن، وەک یارمەتییەک بۆیان هەیە لەجیاتی ئەوەی هۆڵی کۆنسێرتەکە جێبهێڵن، لە هۆڵەکەدا بەکەیفی خۆیان کەڵک لە کەرستەکانی سینگو ئانێشکو پەنجەو ئەژنۆو هەموو لەشیان وەربگرنو تادڵیان دەخوازێ، بەنێو بەشداربوواندا بسووڕێنەوەو لەسایەی کوردیزانینەکەیانەوە کەس پێی ناڵێ بەرو پشتی چاوتان برژانگە.
لەمەودوا ئەو کەسەی مانای «سنوور» نەزانێو لە جیات وشەکانی «ناوچە» و «دەروبەر» و «گەڕەک»و «شار»، تەنیا وشەی سنوور بنووسێ، سنوورداشی شوێنی بێسنووری دەکەنو لە سەر سنووری نێوان ژیانو مردن رایدەگرنو وانەی لێکجیاکردنەوەی دۆو دۆشاوی فێر دەکەن.

لەمڕۆ بەولاوە هەر کەسێک بە وشەی «تەکنیک» بڵێ هونەر، بە قەمچیی وەک خەرەزەن پشتی ورد ورد دەنجنو هونەرمەندانە لەشی بە هێڵی سووری خوێنتیزاو دەڕازێننەوە. سوودی ئەم کارەش ئەوەیە بەرکاری ئەم کردەوەیە فێری هەموو تەکنیکی نوێی نووسین دەبێو لە زمانزانیدا دەبێتە مامۆستا.
بە پێی ئەو ڕاگەیەندراوەی ئاماژەمان بۆکرد، لەمەودوا کەس ڕێگەی شاری میانەی ناکەوێتە بەرو هەموو بەرپرسانو هونەرمەندانو خاوەن سەرمایەو نووسەرانو کەڵەپیاوانو شۆڕەژنانی شێعرو گۆرانیو خۆڕازاندنەوەش هەر لەو شوێنەی لێی وەستاون یان لێی دانیشتوون، فەرمایشەکانیان بەگوێی بەردەنگانیاندا دەدەنو ئیدی پێویست ناکا بۆ لێدوانێکی بچووک بڕۆنە میانە.
لێژنە هاوبەشەکەی چاودێریی جێبەجێکردنی ئەم ڕاگەیەندراوە، بەم دەرەنجامە گەیشتوە کە پێویست ناکا ئاخێوەران ڕێگەی میانە بگرنەبەرو ناچار نابن جیا لەو شارە کوردییانەی دەکەونە سەر ڕێگەی ئێرەو میانە ، بە میاندواوو مەڵکەندیو بناوو مەراغەو هەشتەرۆدا تێپەڕنو تەنیا بۆ لێدوانێکی بەبن تۆنێلەکانی هێروەتری شاری میانەشدا تێپەڕن.

ئەوەی راستی بێ، ئەم بەیاننامە مێژووییە بۆ تێکسرماندنەوەی زمانی کوردی زۆر بەسوودە، بەڵام خۆزگە لەسەرەتای مانگی ئاوریلدا دەرنەچووبا.

لە ژمارە ٦٠٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

## پسپۆڕی زانستی مرۆڤخواردن!

خەڵکی ئەم دەوروزەمانە، زۆر حەزیان لە زانستە. زۆر کەسی وا هەن زانیاریەکی گشتی وەدەست دێنن‌و لە هەر زانستەی وەک کورد دەڵێ، «بەشی خۆیان فێردەبن». ئەمن لەگەڵ ئەم بەشەی خۆم‌و هی هەموو لایەکدا کێشەم هەیە. ئەتۆ بڵێی مێشکی مرۆڤیش وەک زگ‌و گیرفان‌و شتی لەم بابەتە بێ کە بتوانین بەشی خۆمانی تێبکەین؟

ئەگەر پێم‌بڵێن، بەشی خۆت لە پارەو زێڕو شتی لەم جۆرە لە گیرفانت بکە، هەوڵ دەدەم جلی وا بکەمە بەر، گیرفانی گەورەی هەبێ‌و بەشی خۆمی زیاتر تێ‌پەستێوم.

ئەگەر پێم‌بڵێن بەشی خۆت بخۆ، لێ‌دەگەڕێم هەتا برسی برسی دەبم‌و ئەوجار لەسەر خوانی پڕلە چێشت‌و خواردەمەنی دادەمەزرێم‌و هەتا ڕێنگەی زگم دێ، تێی‌داخنم.

ئەرێ پرسیار عەیب نیە، چەدەبوو جاری وا ئێمەش وەک هێندێک ئاژەڵی دیکە خاوەنی چەند گەدە باین‌و توانیبامان دواتر لە ڕێگەی کاوێژکردنەوە لە کاتێکی گونجاودا جارێکی دیکە خواردەمەنی‌یەکان بهاڕینەوە؟ ئەگەر وابوایە، دەمان‌توانی لە کاتی دابڕینی بەشی خۆمان لە سەر خوانی خواردەمەنی‌دا، بە پەلە خواردەمەنی‌یەکە بە زەبری ددانی سروشتی یان دەستکرد قەڵتوبڕ بکەین‌و گەدەی کاتیی پێ‌بئاخنین‌و پاشان بە کاوەخۆ وردی کەین. خۆ بەشە پارەو زێڕو جەواهێراتیش وایە، دەکرێ بێ‌ئەژماردن ڕەپیچەکی نێو گیرفانی بدەین‌و پاشان بە کاوەخۆ بێ‌ژمێرین. بەڵام بۆ کاوێژکردنەوەی بەشە زانستی خۆمان چی بکەین باشە؟

نازانم لەگەڵ بەشە زانستی خۆم چ بکەم؟ هەرچەند دەزانم زانست‌و شتی لەم بابەتەیە کە دەکرێتە نێو مێشکەوەو لەوێ‌دا هەڵدەگیرێ، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێ نازانم ئەم مێشکە لیچق‌و بچووکە چەندە دەباو ئەوەندەی دەتوانم تێی‌بکەم، هەمووی وەک بەشی خۆم دەمێنێتەوە؟
بەم باسی خواردنە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی یەکێک لە کەناڵەکانی لای خۆمانم بیرکەوتەوە. سەیرم کرد مامۆستایەکی پسپۆڕ لە تەلەفزیۆنەکەدا قسەی دەکرد. ئەمن لەخوێندنەوە کەمێک کولم‌و بەم کۆلکە خوێندەواری‌یەمەوە، بە ژێرنووسی تەلەفەزیۆنەکان ڕاناگەم. ئەگەر خۆمی بۆ ڕێکنەگوشم، پێش ئەوەی بیان‌خوێنمەوە لە سەر شاشەکە نامێنن. بۆیە ئەوکاتەی

ژێرنووسێکیان لە ژێر زگی کابرای پسپۆڕ دانا، بە پەلە دەستم بە خوێندنەوەی کرد. نازانم چۆن بوو ئەم ژێرنووسە چەند چرکەیەک زیاترلەوێ مایەوە. دەرفەتم قۆستەوەو چەند جار خوێندمەوە. نووسرابوو: «د.....، پسپۆڕی زانستی خواردنی مرۆڤ». سەرم لەوە سوڕما. ئەمن کە هەمیشە دەڵێم هەرعەقڵە لەخەسارێکو لە هەر خەرمانە گوڵێک، چۆنە ئاگاداری زانستی مرۆڤخواردن نیم؟ تەلەفزیۆنەکە، چەند جارێک ڕستەکەی دانایەوەو هەمووجارێک دووسێ کەڕەت دەمخوێندەوە. چاوەکانم هەڵدەگلۆفینو کەناڵەکەم دەگۆڕیو دەمهێنایەوە.

نا، هەر بەڕاست ئەم کابرایە پسپۆڕی زانستی مرۆڤخواردنە! وەک نووسەری ڕۆمانو چیرۆکو دەرهێنەری فیلمی سینەماییو شتی وا، دەیان فلاشبەکم بەنێو مێشکم دا لێداو ئەوەی بیستبوومو دیتبوومو خوێندبوومەوە، لەنێو ئەم مێشکە لیچقەی خۆمدا وەردم دانەوەو سەنگو سوژنم کردن، هەر تووشی زانستی مرۆڤخواردن نەهاتم.
ئاخری گەیشتمە ئەم ئەنجامە کە تەلەفۆنێک بۆ کەناڵەکە بکەمو داوایان لێبکەم ژمارە تەلەفۆنی ئەم پسپۆڕەم بدەنێ، بەڵکوو بتوانم باوەشێکیش لەم زانستە هەڵگرم. وەک زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیانی بەڕێزم لە هەربوارێکدا ببم بە شارەزاو سبەودووبەکی ئەگەر خوا کردی هەڵسووڕێنەرانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، ڕۆژنامەیەک، ڕادیۆیەک یان گۆڤارێک ویستیان میواندرایم لێبکەن، دەرفەتی ئەوەیان هەبێ لە سەر شاشە یان لە ژێر وێنەکەمدا بنووسن «شارەزا لە هەرچییەک پێمان خۆش بێ».

لە کۆتاییدا ترسم ڕێنیشت، نەکا ئەمن پەیوەندی بەم شارەزایەی زانستی مرۆڤخواردنە بکەمو ئەویش بەوپەڕی شارەزایییەوە پلانی خواردنم دارێژێ. بۆ ئەوەی زیاتر لە خۆم ترسو دڵەڕاوکێی بەخواردنچۆن دوور بکەومەوە، لەم بیرانە ڕاچووم  کە رەنگە ئەم زانستە بۆ چاوەدێریکردنی دۆخی زیادبوونی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە باش بێ کە پێیان خۆش نیە دانیشتووانیان زیاد بکەن. خۆ دەشکرێ لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانداو لە پرۆسەی ئێعدامکردنی چالاکانی سیاسیو نەیارانی دەستەڵاتە دیکتاتۆرەکانیشدا کەڵک لە زانستی خواردنی مرۆڤ وەربگیرێ.

دەڵێن لەم جیهانەدا هیچ شتێک بە دڵی مرۆڤ نابێ، بەڵام ئەگەر ڕاستیتان دەوێ، پێم‌خۆش بوو ژێرنووسی  تەلەفزیۆنەکە ئاوا بوایە: «پسپۆڕی زانستی خۆراکی مرۆڤ». جا ئەوکات دەگەڕامەوە سەر بابەتی خواردنەکەو دەمزانی سەبارەت بە تەندروستیو لەشساغیی خۆم پرسیاری چۆنی لێبکەم.

لە ژمارە ٦٠٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢١ی ئەپریلی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## «جەنبەهای خەتەرناکو ناڕەحەتکونەندە»

ئەی نووسەری کتێبو گۆڤارو رۆژنامەو ئامادەکارو پێشکێشکارو دەرهێنەرو بێژەرو پێژەرو دابێژەری تەلەڤزیۆنو مەلەڤزیۆنو رادیۆو مادیۆ! ئەوانەی نیشتمانی ئاوەدانتان جێهێشتوە، یان لەنێوخۆی وڵاتەوە لە رێگەی ئیمەیلومیمەیلو جێگامەیلو مێگامەیلو فەیسبووکو مەیسبوکەوە، نازانم بەتەمان چی بەسەر زمانی کوردی بهێنن، ئاگادار بنەوە.

ئاگادار بنەوە، لەمێژساڵە لە لای خۆمان تەلەڤزیۆنێک دەرەکەوتوە، شیلگیرانە خزمەت دەکا. رەنگە بڵێن خزمەت بە چی یان بەکێ دەکا؟ پێم خۆشە وەڵامی ئەم پرسیارە بکەم بە مەتەڵێکو لێتانی دابێنم. ئەگەر هەڵتان دا یان وەک خەڵکی ئەم سەردەمە ئێژن ئەگەر وەڵامتان دایەوە، ئەوە بەیانیەکی سەحەری لەگەڵ بانگدانی یەکەم کەڵەبابی ئەوسەر یان ئەمسەری ئاوایی، بەمەرجێک ئەمشەو رێوی نەیگەیشبیتێو تەمەنی درێژی بۆ حازرییان واتە بۆ هەموو کوردانی جیهان بەجێ نەهێشتبێ، خەڵاتتان دەکەم. بۆیە بە کوردانی هەموو دنیا دەڵێم حازری، چونکە ئەمنیش وەک ئەو تەلەڤزیۆنەی دەمەوێ باسی بکەم، لە هەموو دنیا حازرمو جگە لە دانیشتووانی نێو چوارچێوەی نەخشەی پشیلەکە، هەمووکەس دەمبینێ.

دانیشتووانی خراپکاری نێوچوارچێوەی پشیلەکەش بەدزیەوە ئەو ئامێرەیان داناوە کە لە دەرەوەی نیشتمانی پشیلە هەڵتووتەکاوەکە بە ئازادی لەسەربانی ماڵانی دادەنێن. هاونیشتمانانی خۆمان ئەم ئامێرە لە پەسیوێک دادەنێنو هەرچی تەلەڤزیۆنی جیهانە وەریدەگرن. جاری وایە لە ناکاو لە کاتی گۆڕینی کەناڵەکاندا بەسەر ئەم هینەی لای خۆشماندا دەکەونو ماوەیەک سەیری دەکەن. مەتەڵەکە ئەمەیە، ئەگەر سەرنجێک بدەنە ئەم کوردیە جوانو پاراوەی لە زمان تەلەڤزیۆنەکەوە دەیگێڕمەوەو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە ئەنگوستی سەر کۆنترۆلی تەلەڤزیۆنەکەتان ئەم کاناڵەی لای خۆمانی ئەنگاوتبێ، ئەوە بێئەوەی زۆر خۆتان ماندوو کەن دەیناسنەوە.

تەلەڤزیۆنەکە بەرنامەو پرۆگرامی هەمەچەشنی هەیە. ئەوەندە سکی بە کوردانی پەرتەوازەی دەرەوەی نەخشە شێوەپشیلەکە دەسووتێ، بە هەموو جۆرێک هەوڵدەدا لە رێگەی هەڵەیان لاداتو بیانهێنێتەوە سەر سیڕاتی موستەقیم. ئەم سیڕاتی موستەقیمە لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵو زنجیرە فیلمو بانگکردنی سیاسەتوانانو شارەزایانی بواری تەندروستیو مەندروستیەوە پێشانی بینەران دەدرێ.

هەواڵەکان بەگشتی لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی پشیلەی هەڵتووتەکاوداو. سەرەڕای ئەوەی هەوڵ دەدرێ پشیلەکە لەلای کلکو بەرزگو مازەی پشتو سەروگوێلاکەوە ئازاری پێنەگا، هەوڵی ئەم تەلەفزیۆنە زیاتر لە دەوری پاراستنی دەمولووتو بەرچەنەو لای سینگو هەردوو پێشووی پیشلەکەمان چڕ بووەتەوە.

زنجیرە فیلمو هەوڵی سیاسەتوانانی میوانی بەرنامەکانو شارزایانی تەندروستیو کۆمەڵایەتییش زیاتر ئەوەیە دانیشتوانی ئەوبەر لووتو لای هەردوو پێشووی پشیلەکە ئاشنای دابونەریتی ئەودەسەڵاتە بەرێزە بکەن کە لەوپەڕی شارزاییدا سواری پێشلەکە بووەو بۆئەوەی خوای نەخواستە تووشی نەهامەتی نەبێ، لە ژێر چۆکی خۆیان ناوە.

ئەم تەلەڤزیۆنەی ئێمە، هەوڵ دەدا شێلگیرانە لەسەر دژایەتیکردنی نووسەری کتێبو گۆڤارو رۆژنامەو ئامادەکارو پێشکێشکارو دەرهێنەرو پێژەرو دابێژەری تەلەڤزیۆنو مەلەڤزیۆنو رادیۆو مادیۆکانو هەموو ئەوانەی نیشتمانی ئاوەدانیان جێ هێشتوە، بەردەوام بێ.

تەلەفزیۆنەکەمان، دوای لێکۆڵینەوەو هەوڵێکی زۆری پسپۆڕانی زمان خەریکی داهێنانی زمانێکە کە زیاتر دانیشتووانی لای سنگو پێشووی پشیلەو بەردەم پشیلەکە، لە ناوەندی پشیلە نزیک کاتەوەو بەم کارەی هەوڵ دەدا نەهێڵێ پشیلەکەمان بتۆپێ.

تەلەفزیۆنەکەمان، بۆ ئەم مەبەستە لە بەرنامەیەکیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەکەوێتە قسە.» بینەندەگانی موحتەڕەم دەبێ باش بزانن کەسانی کێ شامێکی زۆر سەرف دەکەن، لە وەختی خەوتندا خەونی نارەحەتکونەندە دەبینو ئەم خەونانە باعس دەبن بینەندەی خەونەکە لە خەو هەستێ. بێداریی نیسفی شەبیش دەبیتە باعیسی حەرەکەتهایی ناخود ئاگاو ئەگەر ئەم شتە بەتەوری موداوم تیکرار بێتەوە، دەبێتە باعیسی ئیسترێسهای مومتەد. دەر نەتیجە کەمخابی، پەریشانحاڵی، دەغدەغەهای رووحیو عەواریزی جانبیی دیگەر ئەنجامی زیادەڕەوی لە مەسرەفی غەزادایە. من وەک کارشوناسی یەکێک لە بەرنامەکانی ئەم تەلەڤزیۆنە بە بینەندەگانی موحتەڕەم تەوسیە دەکەم زیاد ئەز حەد لە بەرانبەر تەلەڤزیۆن دانەنیشن. لەم بورهەیەدا کە ئەنواعی تەلەویزیۆنهای خارجی بەرنامەی بەزاهیر شیرین پەخش دەکەن، تەماشا کردنی ئەم تەلویزیۆنانە، جەنبەهایی نارەحەتکونەندە و خەتەرناکی هەیە.

لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی مای ٢٠١٣

## مۆژدە مۆژدە، سەربڕینخانەی مرۆڤیش کرایەوە

هەر دیاردەیەکی نوێ لای ئێمە دەردەکەوێ، هەموو لایەک لێی لە هەڵلا دەدەنو دەڵێن ئەی هاوار دەورو زەمانە گۆڕاوەو دنیا لە گرێژەنە چووەو دنیا خەرابوونو ئاخر زەمانە.

وەک ئێستا لەبیرمە، کاتێک کوڕە لاوەکان پێچو کڵاوو جامانەیان لەسەر کردەوەو مووی سەریان درێژ کردو پاکوخاوێن دایانهێنا، هەموو خەڵک دەیانگوت کاتی دنیا خرابوونو ئاخر زمانە. خوا غەزەبمان لێدەگرێو ئاسمانو زەوی وێک دەکەونەوە.

سەردەمێکیش کیژۆڵە تازەپێگەیشتووەکان لە نێو کەلتووری خۆماندا لەچکەیان لەسەر کردەوەو قژی جوانیان بەلادا کرد، دیسان بوو بە هاتوهاوار کە هەر ژنێک لەبەر چاوی نامەحرەم قژی بەدەرەوە بێ، لە دنیای دیکە بەقژیەوە هەڵیدەواسنو زەحمەتیشە ببێ بە یەکێک لەو حەفتاو نازانم چەند حۆرییەی بە قسمەت پیاوی سۆفیو لەخواترسو ئیماندار دەبن.

دیارە ئەم بەزمەی ژنان شتی دیکەشی لێکەوتەوە. بۆ وێنە کارو کاسپی پڕداهاتی جوانکاریی ژنان دوابەدوای ئەم قژڕووتکردنە داکەوتو ئێستا هەزاران ژنو تەنانەت پیاوی پسپۆڕی جوانکاریی ژنان، نان لە جوانترکردنی ئەو نۆبووکو گەورەکچو سەرەژنانە دەخۆن کە پێیان خۆشە لەوەی هەن جوانتر دیار بن.

دوای ئەوە سمێڵتاشینی پیاوان بە شتێکی دزێو زانراو دەیانگوت ئەو پیاوانەی سمێڵیان دەتاشن، لە ژنانیش کەمترن. دیارە ئەوکاتی لای خۆمان ئەو جووڵانەوەی فیمینیزمو میمینیزمە لە گۆڕێدا نەبوو. پیاو دەیتوانی بە کەیفی خۆی چۆنی پێی خۆش بێ باسی ژن بکا.

ئەودەم بێئەملاوئەولا لەخۆمان ڕادەدی بە پیاوی ناسکو دەنگ نەرمو لەسەرخۆ بڵێین، پیاوی ژنانیلە. بەڵام ئێستا سەریشمان ببڕن بە ئاشکرا ناوێرین. لەماڵی خۆمانیش شەوانە هەتا ئاخر مێینەی ماڵمان خەوی لێنەکەوێ، ناوێرین شتی وا بڵێین.

جاری جاران هەتا باو باوی پیاوان بوو، دەمانتوانی بە پیاوانی ترسنۆکو نەوێر بڵێین دەڵێی ژنە. ئێستاش لە ترسی ئەم کەمپەین مەمپەینەو زیاتریش بۆ ئەوەی خۆمان بە لایەنگری لە مافی ژنان فش بکەینەوە باسی شتی وا هەر ناکەین.

ئەمانە هەموو بە جێگەی خۆی، لەم دەورو زەمانەدا شێوازی خواردنو خۆراکیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە. جاران بە شلکێنە، ماشێنە، سەنگەسیر، بەربەسێڵو مزراویلکە ڕازی بووین. کاتێک ئەم چێشتانەمان دەهاتە پێش، شوکرانەی نیعمەتی خوامان دەکرد. دواتری پەتاتەو تەماتەی هاتەسەر. خواردنی سەیرو سەمەرە هاتنە نێو ژیانمان کە سەرەتا سەرمان لێ سوڕما. ماکارۆنی، سپاگێتی، قورمەسەوزی، فسەنجان، کەبابی بەختیاری، ششلیک، شێخ مەحشی، پیتزا، فینگێرو دەیان خۆراکی دیکە هاتنە سەر خوانی پڕ لە نێعمەتی ئێمەش. ئێستا دەزانم بۆچی نەدەبوایە بەو ماڵە دراوسێیەمان پێبکەنین کە دیزەی گڵیان پڕ لە میوەی کێوی کردبوو و تا بەیان لە تەندووری گەرمیان خستبوو. دراوسێکەمان سیپەیەک کێوییان بە دیاری بۆ هاتبوو. کێوییەکان باش نەگەیشتبوون. وایانزانیبوو کێوییش لە بنەماڵەی بەرێزی پەتاتەیەو کەمێک خوێو ڕۆنیان تێکردبوو و خستبوویانە نێو دیزەی گڵەوە. چاوەڕوان ببوون بەیانی بە سەر چێشتێکی بە تاموخوێدا بکەون.

هەر لە درێژەی ئەم پێشکەوتنانەدا بە چاوی خۆمان دەبینین ئەوە چەند ساڵێکە کۆمەڵێک پەیدا بوونە دوای ئەوەی مرۆڤ دەستبەسەر دەکەن، بە لەشی خاوێنەوە بەرەو قیبلەیان دەکەنو بە چەقۆی تیژ یان بەشمشێر سەریان لە لەشیان جیا دەکەنەوە. ئێمەی ناتێگەیشتووش کە هەست بە پێشکەوتنەکانی سەردەم ناکەین، هێچمان پێنەماوەو بەم سەربڕانە دەڵێین تیرۆریست.

ئەمن لەم دواییانەدا کەمێک بەرچاوم روون بووەتەوەو چەند بستو قولانجێک وەپێش مرۆڤی سەردەمی خۆم کەوتووم. ڕۆژێک لە تەلەفزیۆن بەرنامەیەکم دی کە بەڕاستی گۆڕیمی. میوانێک لە بەرنامەکەدا قسەی دەکرد کە وێدەچوو پیاوێکی پسپۆڕو تێگەیشتوو بێ. چاوەڕوان بووم تا ناوەکەی لە ژێر شاشەکەوە بنووسرێ. کاتێک سەیری ژێرنووسەکەم کرد، نووسرابوو «پسپۆڕی زانستی خواردنی مرۆڤ». ئیدی بە تەواوی بەم ئاکامە گەیشتم ئەو کەسانەی چاویان دەبەسترێو بە چەقۆی تیژ سەریان لە لەشیان جیا دەکرێتەوە، بۆ خواردن دەبن. پسپۆڕی زانستی خواردنی مرۆڤ ڕەنگە فێرمان بکا بە شێوەیەکی زانستی مرۆڤ بخۆین.

شوکر بۆ خواو بۆ پێشکەوتنی ئەم دەورو زەمانە، دیارە ڕۆژ بەڕۆژ پتر بە دەستکەوتەکانی شارستانییەتی ئەم دەورو سەردەمە شاد دەبین. هەر دوێنێ یەکێک لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە مانشێتی هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە کە « ڕێژیمەکەی ئەسەد سەربڕینخانەیەکی نوێی ئەنجامدا و ١٠٨ کەس کوژران.»

بە دیتنی ئەم هەواڵە بە تەواوی دڵم خۆش بوو. هەستم کرد لەم بوارەشدا پاکوخاوێنی بواری تەندروستی ڕەچاو دەکرێ. لەمەودوا چی‌دیکە مرۆڤ لەملاوئەولا دوور لە ڕەچاوکردنی ڕێنمایی‌یەکانی تەندروستی بە شمشیری ژەنگاویو پیس سەری نابڕێو ئەوانیش وەک مریشکو قەلو گاوگۆلو مەڕو بزن لە سەربڕینخانە بە کۆمەڵ سەریان دەبڕێو لەژێر چاوەدێریی پزیشکی شارەزاو پسپۆڕی خواردنی مرۆڤدا گۆشتەکەیان بۆ خواردنی مرۆڤانی دیکە ئامادە دەکرێ.

لێرەدا پێویستە سوپاسی میدیای کوردی بکەین کە بەم زمانە جوانو پاراوە لە پێشکەوتنە خێراکان ئاگادارمان دەکاتەوە. هیوای تەمەنی درێژیش بۆ تاقانە پسپۆری شارەزای خواردنی مرۆڤ دەخوازین.

لە ژمارە ٦٠٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٢ی مای ٢٠١٣

---

## چەند کاتژمێر لە کاژێرێکدا

خەڵکی ئەم دەورۆزەمانە هەر دەڵێی لەگەڵ چەندین ساڵ لەمەوبەر هیچ فەرقیان نەکردوە. هەرکەسەو ئەسپی خۆی لینگ دەدا. کەس لا لە کەس ناکاتەوە. هەرکەسە بە ڕەی خۆی دەپێوێ‌و بیر لەوە ناکەنەوە ئەگەر بە ڕەی خۆشیان بپێون، ئەوەندەی تێدا بهێڵنەوە خەڵکی دیکەش بتوانن لەم هەموو داهاتو سەروەتو سامانە کەمێک بکەنە ڕەی خۆیانەوە.

ئەمن کۆلێکی ئەوتۆم بە کردن داوە، دەکرێ گەورەو بچووکی بکەمەوەو لە هەرشوێنێک زانیم خەڵکی دیکەش ڕەیان پێیە، وای ڕێکدەخەم هەموومان بتوانین ڕەی خۆمان پڕ بکەین‌و کەسیش دڵی لەوانی دیکە نەهێشێ. لەم دەورۆزەمانەدا دەکرێ ڕەی ئەوەندە گەورە دروست بکەی بەشی کەسانی دیکەش بۆخۆت بەری، بەڵام بە هۆی لەڤاودانی تەلەفزیۆن‌و ئینتەرنێتەوە، ئەویش ناکرێ‌و لە هەمووڵایەکەوە لێت لەهەڵڵا دەدەن‌و ئەوکات پڕ بە ڕەی خۆمان حەیامان دەچێ.

ئەوەی لە هەموو شتێک هەراوترو زۆرترە، بەستێنی زمانی بێخاوەنی کوردیە. لە پێوان‌و بەشبەشێن لەم بەستێنەدا بە کەیفی خۆت دەتوانی ڕەی لێ پڕبکەی‌و کەسیش خۆی لێ ناکا بەخاوەن. ئەو کاتەی زمان تەنیا بە گێڕانەوەی بن کورسی‌و بەر ئاگردان‌و لە مەجلیسی دیوەخان‌و لە حوجرەی فەقێیان کەرەستەی جوانی پەیوەندیی نێوان خەڵک بوو، خەڵک ئاوا مرخیان لە دزین بەشبەشکردنی خۆش نەدەکرد.

لەم دواییانەدا بە هۆی ئینترنێتو رادیۆو تەلەڤزیۆن‌و ڕۆژنامەی هەراوو زۆرو زەوەندەوە، زمان کەوتە بەردەستی کەسانێک کە هەر یەکەیان ڕەی خۆی پێیە. زۆربەی ئەوانەی تێکەڵی کاروباری زمانن، ڕەکانیان کۆن‌و خوارو خێچو تێکشکاون‌و ئەوەندەی بۆ خۆیانی پڕ دەدەن، کاتێک ڕۆی دەکەنەوە بەشێکی زۆری لە کەلێن‌و کولێنی ڕەکانیاندا بێسەروشوێن دەبێ.

ساڵانی پێشوو جاری وا هەبوو، گەلی گوێگرو گوێدێران چەند سەعاتان لە دیوەخان‌و مزگەوتو حوجران یان لەبن کورسی‌و گوێ ئاگردانی شەوانە، گوێیان لە حەڤایەتو بەیتو باوو حەیران‌و بەسەرهاتان دەگرت. هەمووکەسیش لە خۆیڕا نەدەدیت سینگی بداتە بەرو لاسای بەیتبێژوحەڤایەتخوان‌و دەنگخۆشەکان بکاتەوە. هەرکەسەو کاری خۆی دەناسی. کۆمەڵێکی لێزان‌و لە کڵ دەرهاتوو درێژەیان بە کارەکەیان دەداو کەسانێکیش کە بەڕاستی لە خۆیان ڕادەدی ڕچەی ئەوانیان دەگرتە بەر. فێر دەبوون‌و دەبوون بە وەستاو لێزان‌و لێهاتوو. بەڵام بەشی هەراوی خەڵک وەک گوێگر دەمانەوەو ئەوانەی خۆشیان بۆ فێربوون



سەرچاوە Serchawe

تاقی دەکردەوە، هەر زوو دەیانزانی فێر دەبن یان نا. ئەگەر وزەی فێربوونیان نەبووایە خێرا دەکشانەوەو قنگیان لەسەر بەڕەی خۆیان دادەنایەوەو چێژیان لە کاری ماموستاکان وەردەگرت.

لەم دەوروزەمانەی ئێمەدا لە سایەی خێرو بێری ئەم دیموکراسیە بێلغاوەی لە دنیای ڕاگەیاندندا هەیە، هەرکەسە دەستی داوەتە ڕبەیەکو لەم بەستێنی زمانەدا خەریکە بەشێک دادەبڕێ. دوای ئەوەی خرای دەکاو تێکی دەدا، بە پەلە وەک زڕوزیوان دەیهاوێتەوە نێو خەرمانی زمانو خەرمانەکەی پێ پیسو نەتەچاو دەکا.

ئەم زمانزانە هەراوانەی نێو پانتایی راگەیاندن، هەر جارەی دە وشەیەکی کوردی دەوەژێنن و بەشێوەیەک لێی ڕەبادەدەن. وشە لێقەوماوەکەش بەناچاری لە دەستیان دەردەپەڕێو ئەوەندە خۆ هەڵداوێ هەتا هەموو سەروگوێلاکی تێکدەشکێ. جا ئەوکاتە بەتەواوی سەقەت دەبێو کەس نایناسێتەوە.

وشەی "کاژێر" یەکێکە لەو وشانەی بەدەستی ڕاگەیەندکاری کوردەوە ئەو پەندەی بەسەر هاتوە. ئێستا ئەم وشە ماڵوێرانە بۆخۆشی تێیدا ماوەتەوە. نازانێ لە " کاژێر" و "کاژێر" کامانەیە.

لە زمانی کوردیدا " کاژێڕ" کە پیتی ئاخری بە گڕی بێژ دەکرێ، بەمانای کەلێنو قوژبنو پەناو پەسیو کەڵکی لێوەردەگیرێ.

"ئەو خانوەی بە کونو کاژێڕ بیشێلە، دڵۆپان دەکا".

بەڵام "کاژێر"ەکەی ڕاگەیاندنی کوردی ئەم سەردەمی دیموکراسیو کەسلەکەسیە، بە مانای سەعاتە. هەرئەو سەعاتەی سالانی پێشوو پیرە پیاوان بە زنجیر لە گیرفانی کەواو سەڵتەیان قایم دەکردو زۆر جاریش بە هۆی نەبوونی ئەم ڕاگەیاندنەی ئێستا، لە گەڵ سەعاتی مەلای ئاوەدانی یان دەمراستێک میقاتیان دەکرد. دواتری هێندێک دەم لەپێشی بواری زمان، ئەو سەعاتەیان کرد بە کاتژمێر، کە بەڕاستی پڕ بە پێستی بوو، چونکە کاتی دەژمارد. دوایی بەوەش نەوەستانو مەودای نێوان دوو خاڵی سەر کاتژمێریانیشیان ناو نا کاتژمێر. لەم دواییانەدا ئەوانەی بەپەلە بە ڕبە شڕو شەقەکەی خۆیان دەپێون، لە سەرو گوێلاکی کاتژمێریان داو کردیان بە "کاژێر".

وەک ئێستام لەبیرە، ئەمن ماوەی چەند ساڵ لەمەوبەر چونکە کوردیم دەخوێندەوە، لەترسی هێرشی داگیرکەران بۆماوەی چەند کاژێر خۆم لە کاژێڕاندا شاردەوە. خۆشحاڵم لەدەست ئەوان نەجاتیم بوو، بەڵام ئێستا نازانم لەدەست کاژێرو هەمووشتێک ئامێزو هەڵسانو پۆزشی هاوڵاتیان لە چ کاژێڕێکدا خۆم حەشار بدەم.

لە ژمارە ٦٠٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٨ی جوونی ٢٠١٣

## عەمەلیاتی جوانکاریی لووت

داوای لێبووردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم کە ئەمجارە ناپەڕژێمە سەر هەڵەچاندن لە زمانی کوردیدا. بە هۆی زەرورەتو ئورژانسیبوونی عەمەلیاتی گشتیی جوانکاریی لووت، زیاتر لەسەر ئەم بابەتە هەڵوێستە دەکەم.

عەمەلیاتی جوانکاریو ڕێکوپێک کردنی لووت، لە ڕۆژهەلاتی ناوینو بە تایبەت لە ئێرانە خۆشەکەی خۆمان کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە. کاک کەیوانی کۆنەبرادەرم، لەم دوایانەدا بەپەلە خەریکی نوێ بوونەوە و پۆستمۆدێرنبوونە. کەیوان، پێشتر ناوی بایز بوو. ئەم ناوەی دوای کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی عەمەلیاتی جوانکاریی لووتی بۆخۆی هەڵبژارد.

کاک بایز، ببوورن کاک کەیوان، دوای عەمەلیاتکردنی لووتی، تەنیا ناوی خۆی نەگۆڕیوە، زۆر گۆڕانی دیکەشی بەسەردا هاتووە. جلە کوردییەکانی بە کەواو پانتۆڵی مرادخانیو ڕانکوچۆغەو هەموو شتێکەوە بۆ خاڵۆزاو پلکەزاکانی ناردوونە گوند. هەموو پشتێندەکانیشی ڕەپێچەک داون لە گەڵ جلەکان ئاخنیونیە نێو کیسە نایلۆنێکی ڕەشو ناردوونی. ئێستا بەردەوام تیشێرت دەکاتە بەر. ئەگەر لە کۆڵانەکەشیان کەس دیار نەبێ، جاروبار بە پانتۆڵی سێچارەگەوە سەرێک بە کۆڵاندا دەگرێ. ئەم پانتۆڵە سێچارەگەی دەڵێی شەڵواری جینە، لەپشت ئەژنۆیانڕا بڕیویەتەوە. باکەیوان دەڵێ هەست دەکەم دوای عەمەلیاتکردنی لووتم شۆڕشێکی قووڵ لەمندا ڕووی داوە. باکەیوان دەگێڕێتەوە کاتێک بۆ عەمەلیاتکردنی لووتی چووەتە لای دکتۆری پسپۆڕی قیتوکورت کردنی لووتی زلو نووکدرێژو خواروخێچ، لە ژووری چاوەڕوانیی نۆرینگەی پزیشکەکە چاوی بە کۆمەڵێکی زۆر ژن کەوتوە. ژنەکان لە نۆرەی جوانکردنی خۆیاندا بوون. باکەیوان دەڵێ ئەو قەیرەکچانەی لە ژووری چاوەڕوانیی دکتۆری پسپۆڕ دانیشتبوون، ئەوەندی بە لووتی قەپۆزبەرانیو دەنووکدرێژەوە تووڕەبوون، چەند ئەوەندە بیریان لە گۆڕینی ناویان دەکردەوە. بەڵام کچە کەمتەمەنەکان ئەوەیان پێوە دیار نەبوو. قەیرەکچەکان زۆر لە ناوەکانی مێرێو ئەسمەرو خەجێو ڕابی بێزار بوون. هێندێکیان کەیفیان بە ناوەکانی وەک گوڵاڵەو بێریڤانو سترانو نەرمینو شتی واش نەدەهات. ئەوەندەی خولیای عەمەلیاتکردنی لووت بیستبووی، حەزیان لە ناوەکانی وەک دلاراو کەتیو شتی وا بووە.

ئەمن زۆر خۆشحاڵم کە لووتی کاکە باکەیوان زۆر کورت کراوەتەوەو ئیدی لەمەودوا کاتێک پەرداخی ئاو بەرز دەکاتەوەو

لووتی بۆ هەڵدێنێ، ئەم لووتە جوانو تیفتیفەدراوە لە گەڵ لێوی پەرداخەکە کێشەی بۆ دروست نابێو تلپاتی تەڕیش لەبنی پەرداخەکەدا ناهێڵێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، کەیوان راستە نەک باکەیوان، بەڵام ئەمن کە دەمهەوێ ناوی بێنم، هەر ناوە کۆنەکەی واتە بایز دێتەسەر زمانم. دوای ئەوەی نیوەی وشەی بایزم لەدەم دەردەپەڕێ، کەیوانم وەبیر دێتەوە. جا هەر لەبەر ئەمەیە تا دەمهەوێ بڵێم کەیوان، بایز تا نیوەی دێتە سەر زمانم.

باکەیوان دەڵێ نەک هەر لە ژووری نۆڕینگەی پزیشکەکانی تایبەت بە کورتکردنەوەو قیت کردنەوەی لووت، بەڵکوو ماوەیەک لەمەوبەر لەنێو بازاڕو لە فرۆشگاکانو لە چێشتخانەو نێو پاسەکانیشدا دەمدی خەڵک هەموویان لووتیان هەڵبەستوە. بەوەڕا دیار بوو کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵک لووتیان عەمەلیات کردوە. جا ئەگەر خەڵک ئاوا بە کۆمەڵ لووتیان عەمەلیات کردبێ، دیارە گۆڕانکارییەکانی دوای عەمەلیاتی جوانکاریی لووتیش بە کۆمەڵ ڕوو دەدەن.

باکەیوان بەوەوە نەوەستاوەو خووی داوەتە هێندێک کار کە تا ئێستا خۆی لێنەدابوون. لە ڕاپرسییەکدا کە لە نێو دەیان کەسی لووتهەڵبەستراودا ئەنجامی داوە، بەم ئاکامە گەیشتوە کە ئەوانەی لووتیان کورت کردووەتەوە، باشتر پێش خۆیان دەبینن. دەڵێ زۆربەی لووتهەڵبەستراوەکان باسی ئیسلاحات و چاکسازییان کردوە. ئەوی راستی بێ، باکەیوان نەیگوت چاکسازی، گوتی ئیسلاحات، ئەم وشەیەی دیکە خۆم زیادم کرد. ئەو گوتی لووتهەڵبەستراوەکان گوتوویانە، تەنیا ئەوانەی لووتمان هەڵبەستوە، عەمەلیاتی جوانکاریی لووتمان بۆ نەکراوە، بەڵکوو لە سەتا نەوەتونۆو کەمێک زیاتریش ئەو کەسانەی لووتیان قیتو بچووکە، ئەم عەمەلیاتەیان بۆ ئەنجام دراوە. بە قسەی باکەیوان، پاساوی لووتهەڵبەستراوەکان ئەوە بووە ئەوانەی لووتیان عەمەلیات کراوە، هەموویان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئێراندا بەشدار بوون.

ئۆباڵی ڕاستیو ناڕاستیی ئەم قسانەی باکەیوان بە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەوەی من ئازار دەدا ئەو فشارەیە کە بایزی دوێنێو کەیوانی ئەمڕۆ بۆ منیان هێناوە. ئەم کاک کەیوانە کە بەردەوام لێم دەبێتەوە بە بایز، وازم لێناهێنێو داوام لێدەکا ئەمنیش ئەم لووتە جوانەم بدەمە بەر چەقۆی دکتۆری جوانکاریو کەمێکی دیکەی قیت بکەمەوە. ئەمنیش نە لە عەمەلیاتەکە دەترسمو نە پێشمخۆشە دڵی باکەیوان بشکێنم، بەڵام دەترسم لووتم لەوە قیتتر بێتەوەو هەرشتێک بەردەستی خەڵک بگرێ، خێرا لە جیاتی سینگوولکەی نێوقەدی دیوار، بەلووتی منیەوە هەڵواسن.

لە ژمارە ٦١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٠ی جوونی ٢٠١٣



سەرچاوە Serchawe

## هەڵسان بە ژیان کردن لە کاتی بوونی کێشەی هونەرییشدا، کاژێربە کاژێر بەردەوامی هەیە

ئەم ڕستەیەی سەرەوە لە پاک کردن و گەرمکردن و کوڵاندن و ئامادەکردنی خۆمە. پێویستە بە ناوی خۆم تۆمار بکرێ و مافی لەبەرگرتنەوە و کەڵک لێوەرگرتنی تایبەت بەخۆمە. ئەوە ڕاستە ڕۆژانە لە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت کتێبەکانیشدا دەیان ڕستەی لەم شێوەیە دەبینین یان لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانەوە دەیانبیسین. ئەمن وەک داهێنانێکی نوێ لە زانستی زمانەوانیی ئەم سەردەمەدا توانیومە بە تێکەڵ کردنی چەند وشە و زاراوەیەک کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە وەرمگرتوون، ئەم ڕستە جوانە دابهێنم.

دوای دەیان ساڵ کە سێبەری دەسەڵاتی بێگانەکان نەیهێشت زمانی کوردی گەشە بکات، لە سایەی بڵاوکراوەی زۆر و زەوەند و کار و ماندووبوونی هەزاران شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، زمانەکەمان بەم پێشکەوتنە گەیشتوە کە ئێستا دەیبینین.

ئەو کاتەی دەستەڵاتی تورک زمانی کوردیی وەک تورکیی کێویلکە دەناساند و دەسەڵاتی فارس ئیزنی خوێندن و نووسین بەزمانی کوردیی نەدەدا و دەسەڵاتی عەرەب لە سنوورێکی بەرتەسکدا مەیدانی دابوو بە نووسەرانی کورد، خەباتکارانیش لە چیاکان و لە وڵاتانی دوورەدەست لە تاراوگەدا توانای ئەوەیان نەبوو بەم چەشنە خزمەت بە زمانی کوردی بکەن. ئەوکات ئەوانەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان و لە وڵاتانی دوورەدەست کاری کوردینووسینیان دەکرد، وەک خەڵکی گوند و دەشتەکیەکان بەدەوری دەنگ و پیت و وشە و ڕستەی کوردیدا دەهاتن و دەچوون. ئێستا لەسایەی دەستئاوەڵایی و ئازادیدا ڕووناکبیرانی زمانزان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی تێگەیشتوو ئیدی پشتیان لە زمانی کۆن و سواو و ناسەردەمیانە کردوە. قۆڵیان لێهەڵماڵیوە و خەریکی شێلان و لێکدانی هەویرێکن کە ڕەنگە هەر دوای سێچوار ڕۆژی دیکە زمانەکەمان وا لێبکا شان لەشانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بدا و زمانەکانی فەڕانسەیی و یۆنانی و ئیسپانیایی بکاتە خەون و کەس ڕوویان تێنەکا. کاری ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسە بەڕێزانە، تەنیا کێشەیەکی بچووکی لێکەوتووەتەوە کە چارەسەرکردنی پێویستیی بە هیممەتی زیاتر و تەرخانکردنی بوودجەیەکی بەرچاو هەیە. هەر ئەو ڕستەیەی کراوەتە سەردێڕی ئەم بابەتە، بۆ شیکردنەوە پێویستیی بە ماموستای لێهاتوو هەیە.

دیارە هەوڵدان بۆ فێربوونی زمانی تازە، لە دەست کۆنەپارێزەکانی وەک مەسعوود محەممەد، حەمەی مەلاکەریم، هێمن موکریانی، عەزیز گەردی، عەبدوڵڵای حەسەنزادە، مەلاکەریمی مودەڕیس، هەژاری موکریانی، کەریم حیسامی، عەلائەدین

سەجادی و دەیان کەسی دیکە لە ڕێڕەوانی ئەوان ڕزگارمان دەکا.

لەبەرئەوەی تا ئێستا کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە «بەم کارە هەڵسێت، خۆم پێی هەڵدەستم». بەڵام بەداخەوە چونکە خەڵکی ئەم سەردەمە کەمتر لەم زمانە پێشکەوتووە تێدەگەن،

**ناچارم لێرەدا ئەم ڕستەیە هەر بە شێوە زمانی ئەم کۆنەپارێزانەی لەسەرەوە ناوم بردن، شی بکەمەوە:**

**هەڵسان بە ژیان کردن لە کاتی بوونی کێشەی هونەرییشدا، کاژێربە کاژێر بەردەوامیی هەیە.**

١- **هەڵسان:** بە مانای ئەنجام دانی کارێکە. ئەم فرمانە لە زمانە کۆن و سواوەکەدا بە مانای هەستانەوە کەڵکی لێوەردەگیرا و هێندێک جاریش هەڵسانی هینەکەی نێرینەیان بەم وشەیە دەستنیشان دەکرد. بەڵام لە زمانە نوێیەکەماندا بە مانای ئەنجامدانە. هەڵسام بە نانخواردن واتە نانم خوارد و هەڵسام بە هەڵسانیش، هەر واتە هەستام.

٢- **ژیانکردن:** لێرەدا کردنیش بە مانای ئەنجامدانە. ژیانکردن یانی ژیان. لە زمانە کۆنەکەدا کردن هەر بەمانای ئەنجام دان بوو، بەڵام لەگەڵ وشەی ژیاندا نەدەهات. لە جیاتی ژیان دەکەم دەیانگوت دەژیم. لێتان تێک نەچێ، ژیانکردن لەگەڵ هێلکەکردن جیاوازە. مریشک هێلکە دەکا و مرۆڤیش ژیان دەکا.

٣- **هونەر:** کۆنەپارێزەکان بە کاری جیاواز و دەگمەنی وەک شێوەکاری، گۆرانیگوتن، پەیکەرسازی، مۆسیقا و شێعر و شتی لەم شێوەیەیان دەگوت هونەر. ئێستا ئێمەی پێشکەوتوو مانای ئەم وشەیەمان فراوانتر کردوە و بە کارکردنی مەکینە و ئامێرەکانی دەستکردی مرۆڤیش دەڵێین هونەر. بۆ وێنە ئەگەر ماشێنەکەمان لەکار بکەوێ یان کامپیوتێرەکەمان کار نەکا، دەبێ بڵێین کێشەی هونەرییان هەیە. پێتان سەیر نەبێ کارگەی قیر و پلاسکۆ و ئاوەتەماتەش زۆرجار تووشی کێشەی هونەری دێن.

٤- **کاژێر:** کۆنەپارێزەکان بە کون و کەلێن و قوژبنیان دەگوت کاژێر. دوای ئەوەی سەعات هاتە ناو ژیانی خەڵک و شەو و ڕۆژ بە سەر ٢٤ سەعاتدا دابەش کرا، زۆری پێچوو کە هێندێک لە نووسەران گوتیان لە کاتێدا سەعات کات دەژمێرێت بۆ پێی نەڵێین کاتژمێر. بۆ مەودای سەعاتێکیش کە لە ٦٠ دەقیقە پێک دێ، هەر وشەی کاتژمێریان دانا. دوای ئەم پرۆسەیە، زمانزانانی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە کورتیان کردەوە و کردیان بە کاژێر. لێتان تێک نەچێت کاژێر بە کاژێر بە مانای کەلێن بە کەلێن و قوژبن بە قوژبن نیە. بە مانای سەعات بە سەعاتە.

٥- **بەردەوامیی هەیە:** یانی بەردەوامە. دوای ئەوەی زانیمان ئەوەش وشەیەکی سەردەمی گوند و زمانی خەڵکی دەشتەکییە، کردمان بە بەردەوامیی هەیە.

**ئەگەر مەیدان بدەینەوە بە زمانزانان و زمانەوانانی کۆنەپارێز، ئەم ڕستەیەی ئێمە بەمجۆرە دادەڕێژنەوە:**

**لە کاتی بوونی کێشەی تەکنیکییشدا، کاتژمیر بە کاتژمێر ژیان بەردەوامە.**

لە ژمارە ٦١١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی جوولای ٢٠١٣

---

## دەستگیرکردنی گۆشتی هیندی و جەنگی جیهانی

زۆرجار بیر لە دەستگیرکردن دەکەمەوە. ئاخۆ ئەوانەی دەستگیر دەکرێن، چیان بەسەر دێ؟ تا ئێستا چەند جار بیرتان لەدەستگیرکراوان کردووەتەوە؟ ئاخۆ ئەوانەی دەستگیر دەکرێن، دەبرێنە کام زیندان و کام بێڕەحم ئەشکەنجەیان دەکا؟ بڵێی نان و ئاوی پێویستیان بدەنێ؟ بە حەق دەستگیر دەکرێن یان بە ناحەق؟ ئەگەر دادگا و لێپرسینەوەیەک لە ئارادا بێ، بڵێی دەستگیرکراوەکە مافی بوونی پارێزەر و بەرگریکردن لە خۆی پێ بدرێ؟

وڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە زۆری پێدەوێ. شوێنی زیندان، کاربەدەستانی لێپرسین ولێدانو کوتان، تێرکردنی زگ و شکاندنی تینووایەتی، ئیزنی هەبوونی پارێزەر و مافی دەستگیرکراو، هەموویان جێگەی تێڕامان و بیرلێکردنەوەن. بەڵام خودی دەستگیرکراویش هێندێک دەسەڵاتی هەیە.
بۆ وێنە دەستگیرکراو دەتوانێ پێ بچەقێنێ و بە زەبری قەمچیی ئەشکەنجەش یەک هەنگاو نەنێ. دەتوانێ دەمی داخا و تۆزقاڵێک زانیاریی نەدا. لە ژێر تەوژمێکی زۆریشدا لای کاربەدەستان و دەستەڵاتداران ناوی برادەرەکانی نەهێنێ. دەتوانێ بە ئاکاری باشی خوی، فشە بەو کەسانە بکا کە دەستگیریان کردوە.  هەروەها دەتوانێ مان لە خواردن بگرێ. ئەوانە هەموویان بۆ دەستگیرکراو دەسەڵاتن. هەرچەند ئەم دەسەڵاتە زۆر کەمیشە، بەڵام دەستگیرکراو دەتوانێ کەڵکیان لێوەربگرێ. هێندێک جاریش دەسەڵاتەکە فیچۆکەیەک دیموکراتە و لێی قبووڵ دەکا. واش هەڵدەکەوێ ئەم ئاکارانەی دەستگیرکەر دزە بکەنە دەرەوە و کۆمیسیۆن و مۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و شتی وا لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکە پێی بزانن و لە رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕی  ئینترنێتدا بڵاوی کەنەوە و فشار بکەوێتە سەر دەستگیرکەران و ناچاریان بکا لەگەڵ دەستگیرکراوەکەدا باش بن و رێز لە مافەکانی بگرن.

ئەم پێشەکی و شێر و رێویهێنانەوەیە هەمووی بۆ ئەوە بوو بزانین ئاخۆ دەکرێ جگە لە مرۆڤ شتی دیکەش دەستگیر بکرێ؟ هەموومان بیستوومانە کاتێک جگە لە مرۆڤ شتێکی دیکە دەگیرێ، دەڵێن گیراوە یان دەستی بەسەردا گیراوە. وشەی گیران کاتێک کەڵکی لێوەردەگیرێ کە شتی بێگیان یان گیانداری نامرۆڤ کە مرۆڤ خاوەنیەتی، دەستی بەسەردا دەگیرێ. بۆ وێنە کاتێک چەک و تەقەمەنیی لە دەستی کەسێکدا دەگیرێ، پێشگری «لێ»ی پێوە دەلکێنن و دەڵێن فلانە کەس چەک و تەقەمەنیی لێگیراوە. یان کاتێک کەسێک مادەی بێهۆشکەری پێیە و دەستی بەسەردا دەگرن دیسانیش هەر دەڵێن فلانە کەس مادەی بێهۆشکەری لێ گیراوە.

کاتێکیش بمانەوێ باس لە گیرانی شتێک بکەین و راستەوخۆ نەیخەینەوە سەر خاوەنەکەی، دەڵێین دەستی بەسەردا گیراوە. ئەمڕۆ لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنێکی کوردی نووسرابوو گۆشتی هیندی دەستگیر کرا.

زۆر بیرم لێکردەوە بۆچی گوشتی هیندی کە شتێکی بێگیانە، دەستی بەسەردا نەگیراوە و دەستگیر کراوە.

**دوای بیرلێکردنەوەیەکی بەپەلە هەستام بەم ئاکامە کە بۆچی دەستگیرکراوە و دەستی بەسەردا نەگیراوە:**

١- گۆشتەکە هیندیە و هی وڵاتانی دیکە نیە.

٢- گۆشتەکە رەنگە گۆشتی گا بێ.

٣- گۆشتی گای هیندوستان لە گەڵ گۆشتی گای هەموو وڵاتێکی دیکە جیاوازە.

٤- لە هیندستان نەبێت لە هیچ وڵاتێک گا ناپەرستن.

٥- هیندی‌یەکان گوایە (ئەستەغفیروڵڵا) گا بە خوا دەناسن.

٦- خوا نەمرە.

٧- بەم پاساوە، تەلەفزیۆنە کوردی‌یەکەش هاوبیری هیندی‌یەکانە.

٨- بە بڕوای تەلەفزیۆنە کوردی‌یەکەش «گا»ی هیندی ئاژەڵ نیە و نەمریشە و گۆشتەکەشی هەر پیرۆزە.

٩- خوای هیندی‌یەکان دەستگیر کراوە.

١٠- ئەوانەی گۆشتە هیندی‌یەکەیان دەستگیر کردوە، ئاژاوەگێڕ و دژی بەرژەوەندیی نیشتمانی و عورفە دیپلۆماسی‌یەکانن.

١١- هەواڵی تەلەفزیۆنەکە باس لە پیلانێکی مەترسیدار دەکا.

ئەگەر کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ بووایە و دەزگای راگەیاندنی بە هەموو زمانەکانی دیکە هەبووایە و ئەم هەواڵە لە بەشی هیندیی تەلەفزیۆنی کوردستاندا بڵاو کرابایەوە، نێوانگرژی دەکەوتە نێوان کوردستان و هیندستان. لەم کاتەدا گاپەرستانی هیندی هێرشیان دەکردە سەر کوردستان. چونکە هیندستان چەکی ناوکیی هەیە و ئەگەر کوردستانیش دەوڵەتی سەربەخۆی هەبوایە، دیارە ئەویش چەکی ناوکیی دەبوو.لەئاکامدا دەستگیرکردنی گۆشتی هیندی، شەڕی سێهەمی جهیانی لێدەکەوتەوە

لە ژمارە ٦١٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٤ی جوولای ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## کەوتە ژێر سایەی زمانی پاراو

کاتێک بەنێو هەڵەچاندن و چەوتیی زماندا دەگەڕێم و دەمەوێ شتێک بەم بیانوویە بنووسم، سووژەی زۆر ڕووم تێدەکەن. ئەم هەموو هەڵەیە بەدوای یەکدا ڕیز دەبن بۆ ئەوەی بە تانەوتەشەرەوە لەسەریان بنووسم. بۆ ئەم کارەم کامپیوتێرەکەم دادەگیرسێنم و وێڕای ئەوەی بەنێو هەواڵو نووسراوەی کوردیی نێو ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دا دەگەڕێم، هەڵە هەراوەکان سەرنجم ڕادەکێشن.

بۆ نووسینی ئەمجارەم هێڵی ئینتەرنێتەکەم داخستوە. چاوم بەرایی نادا ماڵپەڕەکان بکەمەوە و بەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بسووڕێمەوە. چەند ڕۆژە هەواڵی کۆچی دوایی ڕووناکبیری بوێر و هێدی و لەسەرخۆ، فەلەکەددین کاکەیی تاساندوومی. خەریک بوو گلی مەیلبڕو بواری ئالۆزی ڕۆژئاوای وڵاتە پارچەکراوەکەم و کوشتاری بە کۆمەڵی کوردان، مەودای دەخستە نێوان من و فەلەکەددینەوە، لەناکاو هەواڵی کۆچی دوایی شاعیر و ڕووناکبیرێکی بوێر و زمانپاراو و هەستناسک، ئاگرێکی دیکەی دە پووشووی هەستم بەردا.

هەواڵی مەرگی شێرکۆ بێکەس ناچاری کردم هێڵی ئینترنێتەکەم دابخەم. هۆگرانی وشەی کوردی و شێعری بێکەس دەمخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە. ناتوانم سەیری ئەم هەموو هاودەردی و هاوسۆزییەی هاونیشتمانان بکەم. لێیان دوور دەکەومەوە، بەڵام شێرکۆ بەسەر سەرمەوەیە. سەری پەنجەی بە لێو تەڕ دەکا و لاپەڕەی بەردەمی هەڵدەداتەوە. لافاوی وشە لەدەمیەوە هەڵدەستێ و لە تاکەتاکەی بینەران و بیسەران دەنیشێ و دەنێشێتەوە و هەستێکی فێنکیان پێ دەبەخشێ. قەترە قەترەی لافاوەکە لە ئازای لەشیان دەمرێ. شێرکۆ دیسان ئەنگوستی تەڕ دەکاتەوەو لاپەڕەیەکی دیکە هەڵدەداتەوە. نا ئەوە لافاو نیە. ئاوێکی ڕوون و ڕەوان و سازگارە، لە کانیاو و بەفراوەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. لەژێر ئەو بەردانە دەردەقوڵێ، پەسیوی ژوانگەی کچ و کوڕە جوانەکانن. بەو ڕەوەزانەدا دێتەخوار کە سێبەریان لەسەر جەندەکی ماندووی پێشمەرگە و تەرمی خوێناویی شەهید کردوە. بەو سەوزاییانەدا دادەگەڕێتەخوار کە سوێسنەو هەڵاڵە و نێرگز ڕەگیان تێدا ئاژۆتوە. سەرئەنجام دەبێتە هەڵم و دەبێتە با. کەژاوەیەک رادەژێنێ، زمانی پاراوی کوردیی هەڵگرتوە و بەرەو ئامانجی دەبا.

لەنێو کڵپەی گڕی هەستی کچانو کوڕان و ژنان و پیاوانی هۆگری ئەدەبیات و هەستی کوردانەدا دڵم خێراتر لێدەدا،

ئەنگوستەکانم لەسەر کیبۆرد خۆناگرن و ناتوانن پیتەکان بخەنە پاڵ یەکتر و وشەی دڵخوازم بۆ ڕێکناخرێن.

نزیکەی نیوسەدە لەمەوبەر شێرکۆ پێی نایە مەیدانی ئەدەبی کوردیو لە کۆتاییەکانی تەمەنی کورت و پڕپیتیدا گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەرە ئەدەبییەکان بەشانازییان دەزانی لاپەڕەکانیان بە شیعری شێرکۆ برازێننەوە. شێرکۆ بێکەس لەوەشی تێپەڕاند و دەنگی وشەی کوردیی گەیاندە ئەودیو سنووری زمانی کوردی. لە کاتی مەرگی جەستەیی شێرکۆدا، ئەو وەک شاعیرێکی ناسراوی نەتەوەکەمان پەلی هاویشتبووە نێو ئەدەبیاتی گەلانی دیکەش.

بێکەس ئەو کەسەیە کە جگە لە هەستی ناسک و زمانی پاراو و داهێنانی شێوازێکی نوێی تایبەت بەخۆی لە پانتایی شێعری کوردیدا، زمانی ڕەسەنیشی قەڵغانێکی پتەوە لە بەرانبەر هەڵەچێنانی زمانی کوردیدا.

سێبەری فێنک و شنەی سازگاری وشەو ڕستە و دارشتنی شێرکۆ بێکەس، فێنکایی بەسەرمەوەیە. لەنێو ئەم هەموو هەڵە و شێواندنەی زمانی کوردی بەدەست ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی راگەیاندنی ئەم سەردەمە بە نانووسەرانی قەبەکراودا، ئەم سێبەرە فێنک و سازگارە، پێمان دەڵێ، شێرکۆکان کەشێکیان بۆ گەشەی زمانەکەمان خوڵقاندوە، زمان وەک دارێکی پاراوی پڕ لە لق و پۆپ و گەڵای سەوزی گەشاوە، سێبەر لە زەوی دەکا و هەڵە و شێواندنەکان لەژێریدا گەشە ناکەن و دوای تەمەنێکی کورت زەرد هەڵدەگەڕێن و وشک دەبن.

کێڵگەی پاراوی زمان، لەژێر سایەی تۆوی رەسەن و دابێژراودا پڕپیت و بەرەکەتتر دەبێ. تۆوە رەسەنەکان لە ناخی ئەم کێڵگەیەدا چەکەرە دەکەن، سەردەردێنن و گوڵ و گەڵایان بۆنی لە هەرێمی زمانی کوردی دەگەڕێ.

شێرکۆکان دێن و کاتی رۆیشتنیان، ئەمانەتی زمان بۆ چەندین شێرکۆی دیکە جێ دەهێڵن.

**لەم ژمارەیەی «هەڵەچێنی»دا، لەژێر کاریگەریی لەدەستدانی ماموستای هەست و کێش و سەروا و مۆسیقای وشە و نرکەی پیتەکاندا لەڕووم نایە باسێک لەکاری هەڵەچێنان بکەم.**

لە ژمارە ٦١٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## جیاکردنەوەی ناوی کۆن و نوێ بۆ ژنان

لە گەڵ تۆمە خانمی بەڕێز! لێم بوویەتە مۆتەکە، ناوێرم سەیری ئینترنێت بکەم، بڕوانمە تەلەفزیۆن یان لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەڵدەمەوە، لێم قوت دەبیەوە. سینگت ڕەپێش دەخەی‌و هەژدەرهەژدەر دەست پێدەکەی: «توندوتیژی دژ بەژنان، مافی یەکسانی ژن‌و پیاو، ژنانی فیمینیستو فلان ڕێکخراوو فیسارە کەمپەین‌و نازانم چی و چی.» تۆ خوا پێت عەیب نییە؟ شەرم ناکەی؟ ئەوە بۆ حەیا بوو بە تنۆکە ئاوێکو بەم خۆڵە وشکەدا ڕۆچووو هەر هەڵمیشی نەما؟ هەر تیتۆڵێک لە پیاوان دابدڕن.

خۆ سەردەمی ژن بەژنەو گەورە بەبچووکو بەرخوێن دان نەماوە. ئەوەتا قامک دەچاوم ڕۆبکە، بزانە کەس هەیە ژن بەژن بکات؟ پیاوێک دەبینی بە منداڵی لە سەر پشتی بێشکە کچەکەی لەسەردەستی مەلای ئاوەدانی لە کوڕپەڵە خۆشەویستەکەی برازای خۆی مارە بکات؟ کەسێک دەبینی لە ڕووداوی هاتووچۆی ماشێندا یان فیشەکی لەدەست دەربچێتو کەسێک بکوژێتو کچەکەی یان خوشکی بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە ببەخشێتە لایەنی بەرانبەری؟ خۆشت دەزانی ئەم دابونەریتە باشانە هیچکامیان نەماون، بۆیە وا لێمان دەرهەڵبوویە.

ئەگەر ئەم دابونەریتانە مابان، سوودێکی باشت بە کۆمەڵگا دەگەیاند. بە ژن بەژن‌و مارەبڕین لەکاتی منداڵی‌داو بەرخوێن دان، دەبوویە هۆی پتەوکردنی خزمایەتی‌و کوژاندنەوەی کێشەی نێوان عەشیرەتەکان‌و ئارام ڕاگرتنی بارودۆخەکە. بەڵام بەم هەڵلاو هەنگامەیەی ئێستا بەرپات کردووە، لەم هەموو شتە باشانە بێبەریت کردووین. خۆ سەردەمی جاری جارانیش نەماوە بە نسحەتو ئامۆژگاری کردن بگۆڕێی. دەستت بە قەڵەم ڕادەگاتو ئەو قامکە باریکۆکانەت بە کیبوردی کامپیۆتێر فێربوونە. هەر چاکە ڕێگامان پێدەدەی بیینەوە ماڵو بە بێدەنگی هەتا ڕۆژی دواتر لە قوژبنێک بخزێین‌و خۆمان لە باو باران‌و گەرماو سەرما بپارێزین!

جاری جاران بە جوانی خۆت لە ناو چارشێو وەردەپێچاو لە چاوی نامەحرەم دوور دەکەوتیەوە. ئێستا بە چارشێو فرێدانەکەش نەوەستاوی. سەرت بۆ رووت کردووم و لاشانیشت تا نێوەڕاستی سینگت داماڵیوەتەخوار. هێندێک جار کوتە پەڕۆکێکی ئەوەندە کورت دە قاچەکانت وەردێنی، وا دەزانم وەک جاری جاران بەتەمای بچی خوری‌و مافور و شتی وا بشۆی یان قوڕی تەندوور دروست کردن هەڵدەشێلی.

سەرەڕای هەموو ئەوانە پوڵو پارەشت لە بەرک و گیرفانانڵدا نەهێشتووە، هێندەی بە سووراو و سپیاو و ریمێڵو فۆڕمژەو سایەو سەدان شتی خۆ رازاندنەوەی بدەی!

پیاوانیش لەترسی زمانت ئاکاریان گۆڕاوەو لەترسان متەقیان لێوە نایەت. هێندێک لە پیاوانیش هەر لەخۆیانەوە لەوپەڕی چاکیو دڵاوایی‌دا بە خێرا خۆیان مەیدانیان داوە بە ژنان. بۆ ئەم کارە کە منو ئەوانی دیکە بەدڵمان نییە، پیاوانی رووناکبیر لە پێشەوەن. ئەو رووناکبیرانەی بە شەو و بەڕۆژ لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا هەوڵ دەدەن باسی مافی ژن بکەن و وەک زەعیفەو بێ دەرەتان یارمەتییان دەدەن. کەم نین ئەو پیاوە رووناکبیرانەی بەردەوام خەریکی نووسینو لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکان بەم بابەتانە پڕدەکەنەوە کە باس لەمافو دەستکەوتەکانی ژنان دەکەن. بەڵام ژنان زۆر بێ‌ئەمەگنو کاتێک مێردە رووناکبیرەکانیان دەگەڕێنەوە ماڵ، سنگیان رەپێش دەخەنو بەرووهەڵماڵاوی دێنە ناو مەجلیسی پیاوان. لە جیاتی قاپو کەوچک شوشتنو خاوێن کردنەوەی ماڵو ئامادەکردنی کەوچکە شیوێک بۆ مێردەکانیان، وەک ئەوان مەجیلسی بۆ دەگرن.

باسی رێکخراوو حیزبە سیاسییەکان هەر ناکرێت کە چەندە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی رۆڵی ژنان دان. هەموو حیزبو رێکخراوەکان بە عەلمانیو کۆمۆنیستو ئاینییەوە، لە هەوڵی ئەوەدان خزمەتی زیاتر بە ژنان بکەنو لە خەباتی ژیانی رۆژانەدا بەشداریان بکەن. تەنانەت ئەو گروپانەی بە توندڕەویشیان دەناسن، ژنان بەشداری جیهادی خۆش دەکەنو ئیزنیان دەدەن لە بەرەکانی شەڕدا بەنۆبە برۆنە باوەشیان.

لە کاتێکدا هەموو حیزبو رێکخراوێک رێکخستنی تایبەت بە ژنانی هەیە، دیسانیش ژنان دەم دێننە بەرەوەو باس لە رێکخراوی مەدەنی سەربەخۆو شتی وا دەکەن. تۆ سەیری هەر نەتەوەیەکی دەوروبەرو دوورەدەستی خۆمان بکەی، تەنیا ناوێک یان دووناویان بۆ ژن داناوە. ئەمە لەکاتێکدایە خۆمان ئەوەندەمان ناوی خۆش بۆ ژن داناوە، هەر مەپرسە. ئەگەر بە ناوە کۆنەکەیانەوە سەیری بکەین خۆ لە چەندین ناو دەداتو لەبەرانبەردا پیاوی ماف خوراوو بێبەش لە ناوێک زیاتری نیە.

لە رابردوودا بەپێی تەمەن، تەنیا ناوەکانی، ژنێ، کچێ، پیرێژن، ئافرەتو زەعیفە بۆ ژن کەڵکی لێوەردەگیرا بەڵام ئێستا لە سایەی عەولەمەو تەکنۆلۆژیاو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەوە چەندین ناوی وەک ژن، ئافرەت، مێینە ، خوشکانو خانمان هاتووەتە سەر ناوە کۆنەکانو هەر لایەنەو بە بۆچوونی خۆی ناوێکی تازە بۆ ژن دەدۆزێتەوە. ئەگەر ئەم بایە بەردەوام لەم کونەوە بێت، تا سێ چوار ساڵی دیکە دەبێ قامووسێکی تایبەت بە ناوی ژنان بنووسرێو دانەدانەی ئەم

ناوانەی تێدا شیبکرێتەوە.

لەم سەردەمەدا کە ژن خۆی لە کاری پیاوان هەڵقورتاندووە، کۆڕو کۆبوونەوە نابینی وەک هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک چەند ژنێکی تێدا نەبێ. سەرەڕای ئەمەش، ژنان توڕەنو لە جیاتی چاکەی پیاوان بدەنەوە، مۆڕەیان لێدەکەن.

**بۆ ئەوەی موسەقەف بوونو ڕووناکبیر بوونی خۆم بسەلمێنم، واز لە ناوە کۆنەکان دێنم و تەنیا بە ناوەکانی ژنانو خانمان و ئافرەتانو مێینەکانو خوشکان ناوتان دێنم. هەر خۆشم دەزانم کامەیان پڕ بەدڵی خۆم دەڵێمەوە.**

لە ژمارە ٦١٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## کتێب خوێندنەوە باش نیە

ئەریّ هەرگیز بیرتان لە باشو خراپ کردوەتەوە؟ هەرکەسە لە خۆوە لەبارەی باشو خراپەوە رای خۆی دەردەبڕیّ. ئەگەر لە من بپرسن، پڕ بەدڵ دەڵێم باش باشەو خراپیش خراپە. بەڵام بەداخەوە زۆر کەس وەک من تیّناگەنو نازانن باشەو خراپیش خراپە. ئەوانەی پێیان دەڵێم باش باشەو خراپ خراپە، زۆرجار بزەیان دێتیّو سەرم لیّبادەدەن. جا ئەمن ئەو کەسانم پیّ خراپە. ئاخر پێم بڵیّ بۆ پیّدەکەنی؟ بەچی پیّدەکەنی؟ بۆچی بە بزە پیّدەکەنی؟ دەزانم بزەت دێتیّ. ئەوە زەردەخەنە نیە. زەردەخەنە باشە. لەگەڵ زەردەخەنە لێو وەک خونچە دەپشکویّ، بەڵام کاتیّ بزەت دێتیّ، هەردوو لالیچت بەملاو بەولادا هەڵدەقرچێنو جۆرێک بەکەمزانینو بە بچووکچاولیّکردنیان پێوە دیارە. لەگەڵ تۆمە! لێوم لیّهەڵمەقرچێنە. ئەوە نیە پێم گوتوویە باش باشە، خراپیش خراپە؟ زۆر عەیبە بۆ تۆ لێو لە من هەڵدەقرچێنی. خۆت لەمن باشتر دەزانی دەتوانم سەرکەوتووانە باشو خراپ لێک جیا بکەمەوە. هیچ پێویستم بە بزەی تۆ نیە داغ بخەیە سەر دڵمو ئەم هەستەم تیّدا بورووژێنی، وەبزانم بە کەمم دەزانی. هیچ کەمیش نیمو زۆر زۆریشم. ئەگەر کەم بوایەم نەمدەزانی باشو خراپ لێک جیا بکەمەوە. ئەمن ئەوەندە لایەنگری باشم کەمتر ناوی خراپم بەدەمدا دیّ. هەمیشە لە جیاتی ئەوەی بڵێم فلان شت خراپە، دەڵێم فلان شت باش نیە یان نەباشە. دیارە بەم شەرحدانە شەفافە لێم تیّناگەی چۆن باشو خراپ لێکدەکەمەوە. باشە دەی، ناچارم هێندێک نموونەت بۆ بێنمەوە کە چی باشەو چی باش نیە.

بۆ وێنە باسی کتێبخوێندنەوەت بۆ دەکەم. کتێبخوێندنەوە کارێکی باش نیە، بەڵام بەداخەوە سەرەڕای ئەم باشنەبوونەشی ئێستاش لای خۆمان هێندێک کەس هەن وازی لیّناهێننو کاتی خۆیانی پیّ خەسار دەکەن. دیارە هەموو شتێک لایەنی باشو نەباشی هەیە. کتێب خوێندنەوەش سەرەڕای ئەوەی باش نیە، هێندێک لایەنی باشیشی هەیە. خواش هەڵناگرێت ئەتۆ باسی لایەنی باشی شتەکان نەکەی. هەر لەبەر ئەمە وێڕای باسکردنی لایەنە نەباشەکانی کتێبخوێندنەوە، باسی لایەنە باشەکانیش دەکەم. بۆ ئەوەی نەڵێن کابرا لە خۆڕا قینی لە کتێبخوێندنەوە دەبێتەوە، دەپێشدا باسی لایەنە باشەکانی دەکەم.

کتێبخوێندنەوە بۆیە باشە، ئەتۆ ئەگەر یەک دوو کتێب بخوێنیەوە، ناچاری کتێبی زیاتر بکڕی. دیارە ئەوکات کتێبخانەیەکی قەبەو جوانیش لەماڵەکەت دادەنێی. هەمووشمان باش دەزانین کتێبخانەی جوان بەتایبەت ئەگەر کتێبی ئەستوورو بەرگڕەقی تێدا بیّ، دیوەخانو ژووری میوانان وەک بووکی یەکشەوە دەڕازێنێتەوە. هێندێک کەس نازانن بە

جوانی کەڵک لە کتێب وەربگرن. یان دەیخەنە نێو کارتۆنو دەیشارنەوەو یان لە ژووری تایبەتی خۆیان کتێبخانەی بۆ دروست دەکەن. ئەوە کارێکی باش نیە. کتێب لە جێگەی وا کێشەت بۆ دروست دەکا. ناچار دەبی لە خەڵوەتدا بیخوێنیەوەو یەکەم زیانی کتێبخوێندنەوەش ئەوەیە بەرلە هەموو شتێک لەگەڵ هاوسەرەکەت دەتکا بە دوژمن. ئەگەر پیاوی، ئەوە ژنەکەت وا دەزانێ هەوێت بەسەر هێناوەو حەقیشیەتی. کتێبخوێندنەوە وات لێدەکا کەمتر کات بۆ خێزانەکەت تەرخان بکەیو زۆر لەگەڵ ژنەکەت تێکەڵ نەبی. ئەگەر ژنیشی ئەوە خراتر، لەجیاتی ئەوەی تۆزی سەرشانی مێردەکەت بتەکێنیو جلەکانی بۆ ئوتوو بکەیو شۆرباوێکی خەستو خۆڵی بۆ لێبنێیو خزمەتی بکەی، ئەوە سەربەسەر کتێبدا دەگریو لەجیاتی مێردەکەت دەیکەی بە هاوسەری خۆت. ئەشهەدوو بە ملی منو هەموو پیاوێکی دنیادیتە، هەر خوێندنەوەی کتێبی چێشتلێنان لە ژنان جوانە. بەڵام ئەگەر کتێبخانە لە ژووری میوانان بێ، بەمەرجێک میوانەکانت زۆر پرسیارت لێنەکەن کامیانت خوێندوەتەوە، شتێکی باشە. دیکۆڕی ماڵێش زۆر جوان دەکا.

ئەوانەی خوا تووشی رێی هەڵەی کردوونو کتێب دەخوێننەوە، ژیانیان هەمیشە پڕ لەکێشەیە. وێڕای ئەم لایەنە خراپانەی لەسەرەوە عەرزم کردی، زۆر خراپەی دیکەشی هەیە. چاوت کەم بینا دەکا. مێشکت ئەوەندە سەرقاڵ دەکا، ناچاری وەک شێتان هەمیشە ورێنە بکەی. ئەوەی دەیخوێنیەوە لە کاتەکانی دیکەشدا وازت لێناهێنێ. بابەتی نێو کتێبەکان وەک قیلی کەوای سپی بە مێشکتەوە دەنووسێنو لە هەموو شوێنێک مێشکت ختوکە دەدەن. وات لێدەکەن کەمتر بیر لە خۆشیی ئەم دنیایە بکەیەوەو پارەو خۆشگوزەرانیت لەبیر دەبەنەوە. هەمیشە لەگەڵ مێشکی خۆتدا دەرگیری. ئەم کتێبە پیسە وەک تریاکو هێرۆئینە، هەر دەخوێنیەوەو ئیشتیای خوێندنەوە زیاتر دەبێ. ئاخری وات لێدێ لە کۆمەڵ دادەبڕێیو لە دنیای نێو کتێباندا دەژی.

کتێبخوێندنەوە وات لێدەکا ڕۆژنامەش بخوێنیەوە، ئەگەر کتێبخوێن بی، لە ڕۆژنامەشدا کەیفت بە بابەتو نووسراوەی دوورو درێژ دێ. بابەتی دوورو درێژی ڕۆژنامەش پێچەوانە تووشی کتێب خوێندنەوەت دەکا. ئەگەر بمەوێ باس لە زیانەکانی کتێبخوێندنەوە بکەم، بە ڕەشکردنەوەی چەند سەت لاپەڕەش تەواو نابێ، تەنیا داوا دەکەم کەس کتێب نەخوێنێتەوەو ئەوەندەی لە دەستیشتان دێت خۆ لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە مەدەن. زۆر شتی خۆشتر هەن دەتوانی کاتی خۆتیان پێ پڕ بکەیەوە.

نانا نەکەی، کتێب نەخوێنیەوە!

لە ژمارە ٦١٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

## دکتۆر کۆپی ڕێگە لە دڵداری ناگرێت

نازانم ئەم هەموو خەمە لەکوێ بارکەم؟ خەمم ئەوەندە زۆرە نازانم روو دە کوێ بکەم. بوومەتە مامەخەمە، هەرچی خەمی دنیایە لە خۆمی بار دەکەم. لەم چەند رۆژەی رابردوودا کاتێک بەرنامەی دکتۆر کۆپی لە یەکێک لە کەناڵە فارسییەکاندا نەما، خەمێکی قورستر هاتەسەر کۆی خەمانم. منیش وەک هەموو ئەو خانمو ئاغایانەی کتێبو متێبو رۆژنامەو مۆژنامە ناخوێننەوەو مێشکی خۆیانی پێ خرا ناکەن، نەک هەر بابەتو نووسراوەی کەس ناخوێنمەوە، تەنانەت لا لەئەم چەند دێڕەی خۆشم ناکەمەوە.

من نووسەرمو نووسەری ئەم دەورو زەمانەش بەڕاستی دەبێ نووسەر بێت. نووسەری راستیش ئەو کەسەیە، خوا پێداو بێتو هەر لە خۆڕا نووسەر بێت. نووسەرێک بەردەوام خەریکی کتێبو متێبو رۆژنامەو مۆژنامەو شتی وابێت، کەنگێ کاتی بیرکردنەوەی دەبێت؟ نووسەرێک خۆی بە خوێندنەوەی کتێبی نووسەرانی دیکەو بابەتی رۆژنامەکانەوە خەریک بکات، کوا لەژێر کاریگەریی ئەوان رزگار دەبێو بیروبۆچوونو لێکدانەوەو مێکدانەوەی ئەوان لە نووسراوەی خۆیدا کاوێژ ناکاتەوە؟ هەر بۆیە من لەمێژە بەڵێنیم داوە هیچ نەخوێنمەوە. بەتایبەت ئەم زمانی کوردییە، هەر بۆ خوێندنەوە نابێ. تەماشای کە ئەو هەموو سەرەو واو و حەوتو مەوتەی تێیدایە؟ دەڵێی مێرووی چەور بەسەر کاغەزدا رۆیشتووەو چەورایی قاچەکانی بە ئێرەوە نووساوە!

جا منی نووسەری عاقڵی زۆرزانیش وەک زۆربەی خەڵکی دیکە، بە ئەدیبو سیاسەتمەدارو گۆرانیبێژو پیاوی شاروبازاڕو کابانی ماڵو کچو کوڕانی ئەم سەردەمەی پێشکەوتنەوە هەرگیز ئامادەنیم خۆم بە شتی دواکەوتووانەو دوور لە شارستانیەتی ئەمڕۆ خەریک بکەم. هەر لە کتێبو گۆڤارو رۆژنامەکانەوە بگرە تا دەگاتە بەرنامەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان، هەموویان کاتی مرۆڤ بە فیڕۆ دەدەن. ئینترنێتەکە باشترەو لە ناو ئینترنێتیشدا فەیسبووکو سکایپی لێدەرکەی هیچی دیکەی بەکەڵک نایەت. سەردەمی ئەوە نەماوە لە ناو ماڵپەڕەکاندا بسوورێیەوەو وتاری دوورو درێژ بخوێنیەوەو مێشکی خۆتی پێوە خرا بکەی. ئەمڕۆ لە ئینترنێتدا رۆژی چەت کردنو گەمەی ئەمدیو ئەودیوی سکایپە. چۆن دەبێ دەستت وەبەر چەنەت بدەیو بەرانبەری تەلەفزیۆن لووت داژەنیو گوێ بۆ هەواڵو بەرنامەی مێزگرد رابگریو کەللەی خۆت بە سیاسەتو ئەدەبیاتو فۆلکلۆرو ئەمجۆرە شتانەوە خرابکەی؟ ئەشهەدوبیللا هەڵپەڕین لە تەلەفزیۆنی کوردی جوانە. ئەویش بەبۆنەی جێژنوسەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانو شتی وانەبێ، پێشانی نادەن. دەزانی تەلەفزیۆنی کوردی چەندەی لێجوانە ئەگەر کچێکی باڵابەرزی سنگ پانی نێوقەد باریکی برۆ تاتووی چاوڕەشکراو جلێکی تەنک یان مینیژۆپێکی کورت دەکاتە بەرو

ئالآیەکی هین بەدەستەوە دەگرێتو سەرچۆپی دەکێشێ؟ ئەگەر تەلەفزیۆنەکە یەکدووجار سەرچۆپیکێش زووم بکا، باسێکی گەرم لە ناو بینەراندا دادەمەزرێنێ. خانمانی بینەر دەتوانن چەند سەعات لەسەر دەموچاوی سەرچۆپیکێش قسە بکەنو لێکدانەوەی جیاوازیان هەبێ. دەتوانن بە وردی باسی شێوازی تاتووکردنی برۆ و نەشتەرگەریی لووتو دەستکاریکردنی کوڵمەو دانانی مژۆڵی دەستکردو خاوکردنەوەی قژو ئەستوور کردنی لێوی سەرچۆپیکێش بکەن.
خەمی نەبوونی بەرنامەی باش لە تەلەفزیۆنی کوردی کوشتوومی. ئاخر هەر نەبێ تیتۆڵێک لەم تەلەفزیۆنە فارسییانە دابدڕن. ئەوان ئەم هەموو فیلمە خۆشانە دووبلاژ دەکەنەوە. فیلمی وایە بۆ ئەوە دەبێ دەجار چاوی لێبکەیەوە. تەلەفزیۆنی وایان هەیە، فیلم لەسەر فیلم پیشان دەدا.

ئەگەر ئەم فیلمە خۆشانە نەبان، هەر برشمان هەڵدەهێنا. ئێستا لەسایەی ئەم فیلمانە هەموو کەس بووژاوەتەوە. لە ژنو لە پیاو هەرکەس دەیانبینێ، دەگەشێتەوە. جاوەرە سەیری ئەم فیلمانە بکە فێری دڵداری مەبە! وات لێدەکەن بە پیریی سەرت، دڵت تەڕ بێتەوەو بەدوای دۆستو قلو کەپڵو خۆشەویستو دڵداری تازەدا بگەڕێی. ئەوەیە فەرهەنگو دابونەریت! بەخۆشییەوە لەسایەی ئەم فیلمانە منداڵی سەر پشتی بێشکەش فێری دڵداری دەبێ. هێمنو گۆرانو هەژارو شێرکۆو وەفاییو نالیو بێخودو کوردیو خانی و هەزارانی دیکە هەوڵیاندا لەڕێگەی شێعری دڵدارانەوە فێری دڵداریمان بکەن، پێیان نەکرا. ئەم کوڕو کچە شاعیرە لاوانە ڕۆژانە خەریکن بە پەلە نۆڕمی باوی زمان تێکدەشکێنن، وشەی لێکو لووسو چەور و بەتام دادەتاشن دەیکەنە شەعر و بە دیواری فەیسبووکەوە هەڵیاندەواسن، ئەوانیش بخەیە سەر کاری شاعیرانی کلاسیک، بە هەموویانەوە بە ئەنگوستە تووتەکەی تەلەفزیۆنێکی فارسیان لەدەست نایەت. بەڕاستی ئەم تەلەفزیۆنانە دڵداریان بە شێوازی مۆدێرن زیندوو کردەوە.

لەم نێوەدا ماوەیەک بوو بەرنامەی تەنزی دکتۆر کۆپی کە لە یەکێک لە تەلەفزیۆنە فارسییە پڕ لایەنگرەکانی خۆماندا بڵاو دەکرایەوە، وەستابوو. ئێستا لە سەر ماڵپەڕی تەلەفزیۆنەکە ڕاگەیەندراوە دکتۆر کۆپی بە شێوازی نوێ دەگەڕێتەوە. من لێرەدا بەڵێنی بە لایەنگرانی دڵداری دەدەم، بەرنامەکەی دکتۆر کۆپی کورتەو کاتێکی کەم دەگرێو دوای ئەو دەتوانن سەیری فیلمی دڵدارانە بکەن. هاتنەوەی دکتۆر کۆپی دڵخۆشییەکیشە بۆ ئەو سیاسەتمەدارو ژنو پیاوە ماقووڵانەی دەیانهەوێ بە بیانووی بەرنامەی تەنزی دکتۆر کۆپی بەسیلەی چاو سەیری فیلمە دوورودرێژەکان بکەنو فووت وفەننی تازەی دڵدارانە فێربنو منیش بەشێک لە خەمەکانم کەم دەبێتەوە.

لە ژمارە ٦١٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

۲۲ی سێپتەمبەری ۲۰۱۳



سەرچاوە
Serchawe

## شامگا و گونجیشک نەوەی ئێستا و داهاتوو بە لێدان نادەن

باش و خراپ دوو وشەی زۆر سەیر و سەمەرەن. رەنگە ئەو خوێنەرە بەڕێزە خوێندەوارانەی بەقەرایی تووکی سەری پیاوێکی سەر رووتاوە کتێبیان خوێندووەتەوە و خولەکانی خوێندنیان تێپەڕاندووە و کۆمەڵێک بەڵگەنامەیان لە سەریەک کەڵەکە کردووە، بەم رستەیە پێبکەنن و بڵێن جا باش و خراپ بە کوێدا سەیر و سەمەرەن.

منی قەڵەم بێبڕشتی کۆڵەواری زەینکوێر، هەر ئەوەندە دەزانمو زەین و فکرو هۆشم لەوە زیاتر بڕ ناکات. دەزانم هەم وشەی «باش» سەیرە و هەم وشەی «خراپ» زۆر سەیرە. دیارە کەس مافی ئەوەی نییە بیروباوەڕ و بۆچوونی خۆی بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێت. هەر بەم هۆیەشە داوا ناکەم ئێوە بەم دوو وشەیە پێبکەنن. ئەم دوو وشەیە لەوپەڕی سەیر و سەمەرەییدا زۆریش هەژارن. نەک ئەوەی لەبواری مانابییەوە هەژار بن، بەڵکوو هەژارییەکەیان لەوەدایە، دەکرێ هەر کەس بەمەیلی خۆی سواری ملیان بێت. ئەم دوو وشە سەیر و سەمەرانە لە زمانی کوردیدا وەک ئاوەڵناو کەڵکیان لێوەردەگیرێتو هەمیشە بەدوای ناوێک دادێن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە دەکرێ لە دوای یەک ناودا جێگۆڕکێ بە هەردووکیان بکەی و بەمەش کەس ئەنگوستی سوڕمان نانێتە دەمیەوە. هەموو خوێنەرانیش لە نەخوێندەوارێکی ئەڵف و بێتکە نەدیتووەوە تا دەگاتە مامۆستایەکی خاوەنی بەڵگەنامەی بەرز بەرز بەرزی خوێندەواری پێیان سروشتییە و پێی پێناکەنن. هەر لەناو خۆماندا کە زیندەوەرێکین دوای چەندین ملیۆن ساڵ توانیومانە لە سەر دووپێ راوەستینو لە کاتی بێکاریدا دوو دەستیشمان بە ئەم لاو ئەولای خۆماندا شۆڕ بکەینەوە، باش و خراپمان تێدایە. دەکرێ هەموو ئەو رستانەی ئاوەڵناوی «باش»یان تێدایە، جێگەی ئاوەڵناوەکەیان بە ئاوەڵناوی بەرانبەر واتە «خراپ» بگۆڕین. بۆ وێنە دەتوانین بڵێین پیاوی باش یان پیاوی خراپ و ژنی باش یان ژنی خراپ.

دوای ئەوەی هەم ژن و هەم پیاوی ئەم سەردەمەمان پیاوخراپ کرد، دەکرێ ئەم ئاوەڵناوە بۆ شتی بێگیانیش بگوازینەوە. بۆ وێنە لە رستەیەکدا کە وشەی تەلەفزیۆنی وەک ناو تێدایە، بڵێین تەلەفزیۆن باشە، یان تەلەفزیۆن خراپە. من سەبارەت بە تەلەفزیۆن تێدا ماومەتەوە و نازانم بڵێم باشە یان خراپە. بەڵام لەو کاتەدا پێکەنینم زیاتر دێت. چونکە ئەم تەلەفزیۆنە جارهەیە باشە و جار هەیە خراپە. لێرەدا ناچارین بەدوای وشەیەکی دیکەدا بگەڕێین کە ئەویش وشەی «رێژە»یە. ئەم رێژەیەش کە زیاد و کەمیی هەیە و لە بەرزی و نزمی دایە، ئەوەندەی دیکە کارەکەمان لێ چەتوون دەکات. ببوورن ئەم وشەی «چەتوون»ەشم لە «چەتین»ی تورکانەوە دزیوە، یانی من نەمدزیوە، نازانم چەند ساڵ بەر لەمن

دزیویانە. با بگەڕێینەوە سەر ئەم تەلەفزیۆنە کە بە «ڕێژە»یەکی بەرچاو ژیانی پێ تاڵ کردووین. شەڕە حیزبمان پێشان دەدات. ژنان فێری مۆدەی جۆراوجۆری جلو بەرگ دەکات. بە پێشاندانی فیلمی دڵداری، هاوسەرە ئاشق و مەعشووقەکانمان لێ دەکاتە دوژمنی قەستە سەری یەکتری. زمانمان دەشێوێنێت و زمانی نەتەوەکانی دیکەمان بەسەردا زاڵ دەکات.

بەڵام لە نیشتمانی ژێردەستەی ئێمەدا ئەم تەلەفزیۆنە خێرێکی زۆری بۆ منداڵان هەیە. ئەویش نازانم «باش»ـە یان «خراپ»ـە. هەر ئەوەندە دەزانم منداڵانی لە کۆڵ کوتان و لێدانی ماموستای قوتابخانە کردووەتەوە.

ئێستا کە چەند ڕۆژێکە وەرزی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردووە، ئەم تەلەفزیۆنە کاری منداڵانی زۆر هاسان کردووە. هەرچەندە «خوێندن بە زمانی خۆمان سووچ و تاوانە بۆمان» و خوێندن بە زمانی فارسییە، بەڵام بە هۆی تەلەفزیۆنەوە منداڵانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەر لەوەی بچنە بەر خوێندنی مەدرەسە، باش لەم تەلەفزیۆنە فێری فارسی دەبن. دیارە لە ئاکام دا ئەوانیش وەک دایک و باوکیان کوردییەکەیان وەک تورک دەڵێ قاڕشمیش دەبێت و بە سەرەد و بیژینگ و هێلەگیش کوردی و فارسیەکەیانت بۆ لێک ناکرێتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجی منە ئەوەیە ئیدی ئەوان وەک گەورەکان نین کە لە بێ کارەبایی و بێ تەلەفزیۆنیدا دەستیان بە خوێندن دەکرد و وەک ئەوان بێ پێشەکی بەسەر زمانی فارسیدا ناکەون. بەر لە چوونە مەکتەب دەیان سروودیان بە مەبەستی پتەوکردنی زمانی شیرینی فارسی فێر دەکرێتو کەمتر ڕوو دەکەنە ئەم زمانە مێوخۆشەی خۆمان. لە ناکاو و بێ پێشەکی بەسەر وشەی «شامگا»دا ناکەون و وەک ئێمەی فارسی نەزان وانازانن کارێکی لەمجۆرەیان لەگەڵ شاهەنشا کردووە و ناکەونە بەر شووڵی تەڕی ماموستا. یان لەکاتی دابەش کردنی بڕگەکانی وشەی گونجیشکدا، بە دەربڕینی بڕگەی یەکەم لەفڕقەی پێکەنین نادەنو قینو غەزەبی مامۆستا ناوروژێنن. لێرەدایە دەڵێم تەلەفزیۆن بە «ڕێژە»یەکی بەرچاو» باش»ـە. ئەوکاتەی ئێمە دەستمان بە خوێندنی زمانی فارسی کرد ئەم تەلەفزیۆنو ڤیدیۆ و کامپیوتێرو شتانە نەبوون. بۆیە هەتا مەشکەی زگمان ئێشا بە وشەی شامگا و دابەشکردنی دوو بڕگەکەی گونجێشک پێکەنین و دوو لەڕووی ئێوە، پەرژینێکی بەگوڵ بێت، لەڕوومان هەڵنەدەهات پاژی یەکەمی بە تەنیا بڵێینەوە. منداڵانی ئەمڕۆش بە پێچەوانە وردە وردە وایان لێدێت بە زمانی خۆمان پێبکەنن، بۆیە دەڵێم باش و خراپ زۆر سەیر و سەمەرەن.

لە ژمارە ٦١٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

## کورد دەتوانێ ئۆتۆمبێلیش بکاتە فڕۆکە

کورد وەک نەتەوەیەکی دابەشکراو لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا، دوای چەرمەسەری و بگرە و بەردەیەکی زۆر، بەشێکی بچووکی توانی بگاتە نیمچە سەربەخۆییەکی سەیر و سەمەرە. ئەم بەشەی کوردستان وەک پارچە لاستیکێک وابوو کە وڵاتانی زلهێزی جیهان سووچێکیان گرت و لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەرانی کوردستان کێشایانە دەرەوە. خۆتان باش دەزانن کاتێک بە تەوژمێکی زۆرەوە پارچە لاستیکێک لە ژێر شتێکی قورسەوە رابکێشرێ، سەرەتا لەبەرێک دەکشێتەوە و ئەگەر لەژێر قورساییەکە دەرچوو، وێکدێتەوە و دەچێتەوە سەرخۆی. جا ئەم بەشەی کوردستانی ئێمە بەهۆی ئەم راپسان و داپسانەی کایەکەرانی مەیدانی پچڕپچڕکردن و راکێشانەکە، ماوەیەکی زۆر تاسا و دوای چەند ساڵێک وەخۆ هاتەوە و وەک وڵاتانی دەوروبەر و دوورونزیک دەستی خۆی بەرەو پێشکەوتن تەیار کرد.

شوکر بۆ خوا و مێشکی داهێنەرانەی پسپۆڕان و چازانان و لێهاتووانی کورد، ئەم پێشکەوتنە هەموو ئاقار و بوارێکی ژیانی گرتەوە. بەشەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوور و زمان و هونەر و هەموو بوارەکان تەکانیان دایە خۆ و بە قەڵەمباز هاویشتن خەریکین پێش هەموو کەس دەکەوین.

لەبواری زماندا پسپۆڕانمان شانیان وەبەر داوە و بە تەشوێ و مشاری قەدیم و ئەڕڕە موویی و دەزگای خەڕات و مکارە و کارتێخ و دەیان ئامێری دیکە خەریکن زمانی پاراوی کوردی ئەوەندەی دیکە تیفتیفە دەدەن و جوانی دەکەن. بەم کەرەستە تازە و پێشکەوتووانە وشەی وا دادەتاشن لە هیچ قامووس و فەرهەنگێکی کۆن و نوێدا دەست ناکەوێت. رستەی وا دادەڕێژن بە بەن و گوریس و میتر و ربەی هیچ تیۆرییەکی زمانەوانیی کوردی و سەرفو نەحوی عەرەبی و گرامێری ئینگلیزی ناپێورێت. بۆ دۆزینەوەی زانستێک کە بتوانێ ئەم پێشکەوتنەی زمانەکەمان بە شێوەیەکی زانستی رێکبخات و بۆ هۆگرانی زمان بیناسێنێتەوە، دیسان پێویستمان بە کۆڕێکی گەورە و شارەزایانی ئەم بوارە هەیە کە ئەویش دەبێ هەر لەزانا و پسپۆڕ و پیتۆڵی خۆمان پێک بێت.

دیارە دوای ئەوەی کانیاوەکانی کوردستان وشک بوون، ئەو دەستانەی بەشێک لە کوردستانیان وەک لاستیک لەژێر پۆستاڵی داگیرکەران دەرهێنا، ئێستا خەریکی بیر لێدانن. سەرەتا هێندێک کەس وایان دەزانی ئەم بیرانە بۆ ئەوە لێدەدرێن ئاوەکەیان جێگەی ئاوی کانیاوە وشکبووەکان بگرێتەوە، بەڵام ئەوان بیرەکانیان قووڵ کرد و قووڵ کرد و قووڵ کرد تا

لەناکاو بەسەر خەزێنەی زێڕی ڕەشدا کەوتن. ئێستا خەریکن هەر بیر لێدەدەن و زێڕی ڕەشی لێدەردەکێشن. ئەوانەی بە هۆی بێکاریی بەردەوام لەجیاتی دامە و سێڕسکێن، خشتەی یەکتربڕ واتە جەدوەلی کەلەماتی موتەقاتیعیان پڕ کردووەتەوە، جوان دەزانن بە نەوتی خاو دەڵێن زێڕی ڕەش.

کاتێک پسپۆڕانی بواری زمان هەستیان کرد، خەڵکانی دیکە نەوتەکە دەبەن و لە وڵاتانی خۆیان شتی دیکەی پێ دروست دەکەن کەوتنە خەیاڵەوە و ویستیان چارەسەرێک بدۆزنەوە. دیارە لە جیاتی ئەم نەوتە بەلێشاو پەنیر و ماست و ماسیی و مریشک و قرژاڵ و هەشتپێی ناو کۆنسێرڤ رووی کردە بازاڕ و مۆڵ و پاساژ و دووکانەکانی کوردستان. لەوەش گرینگتر چەندین جۆری ئۆتۆمبێل لە ژاپۆن و کۆریا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا و ئەمریکاوە کەوتنە سەر پشتی کەشتییە زلەکان و لە لێوی دەریاوە کاروان ڕوویان کردە کوردستان.

ئەوەی ئەم وڵاتانە لە کوردستانیان وەچاوە و پێیان خۆش نییە پێمان بفرۆشن، فرۆکەیە. بە خۆشیەوە رۆژنامەنووسان بیریان لەوە کردەوە و هەوڵیاندا ئەم کێشەیە لە ڕێگەی زمانەوە چارەسەر بکەن. رۆژنامەنووسان لەم هەوڵدانەیاندا بە ئەنجامێکی باش گەیشتوون و لە پرۆژەیەکدا کە لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا لەسەری بەردەوامن، خەریکن زۆر بە ئاسانی ئەم ئۆتۆمبێلە هاوردەکراوانە دەکەن بە فرۆکە. رۆژنامەوانان و پەیامنێران و بێژەرانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و تەنانەت ئەوانی لە پشت کامپیوتێرەکانیان دوور لەچاوی ئێمە بە نووسراوەکاندا دەچنەوە، هەر هەموویان ڕێگەیەکی زۆر باشیان بۆ کردنی ئۆتۆمبێل بە فرۆکە دۆزیوەتەوە. ئەم بەڕێزانە بۆ دروستکردنی فرۆکە ئۆتۆمبێلەکانی بەردەستی هاووڵاتیان دەستکاری ناکەن، بەڵکوو زیاتر ئەو ئۆتۆمبێلانە دەکەن بە فرۆکە کە لەدەست خاوەنەکانیان دانین.

ئێمە لە کاتێکدا نەماندیوە ئۆتۆمبێل لە سەر جادە، لە ناو شەقام و لە حەوشەیماڵەکانەوە باڵ دەربکات و هەڵبفڕێت، ڕەنگە سەرمان لەوە سوڕبمێنێت کە لە هەواڵەکاندا دەبیسین، لە فلان شوێن ئۆتۆمبێلێک فڕێنرا. رۆژنامەنووسانی بەڕێز و ماندوویی‌نەناس تەنیا بە جێگۆڕکێ پێکردنی چەند پیتێک ئەم تەکنۆلۆژیا گەورەیان بۆ کورد بەدیاری هێناوە. لەم داهێنانەدا وشەی» رفاندن» دەکرێت بە «فڕاندن» و ئیدی هەرچی بێباڵیشە دەتوانێ بفڕێت.

**داهێنان بەردەوامە.**

**لە ژمارە ٦١٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣**

# هەڵسەنگاندنی دوو وشەی چەند بڕگەیی

لەم ماوەیەدا کە خەریکی هەڵەچێنیم، تا ئێستا توانیومە هەڵەی زۆر لە ناو زمانی کوردیدا بچێنم. هیوادارم هەموو ئەو هەڵانەی دەیانچێنم، بێ ئەوەی دانەیەکیان کوێرە بکات، هەموویان شین ببنەوە و لەم پەنایەدا هەموو هەڵەخوازان و ئەو کەسانەی تامەزرۆی بەروبوومی هەڵەن، بە ئاواتە لەمێژینەکانیان بگەن.

مەبەست لە چاندنی هەڵە ئەوە نیە، خەڵک گوێ بۆ «ڕێنوێنی»یەکانم رابگرن و وەک دانیشتووانی رەسەنی شاری هەولێر دەڵێن، بە گێم بکەن. ببوورن گوتم ڕێنوێنی. من خۆم لە ئاستێکدا نابینم کەس ڕێنوێنی بکەم، بۆیە داواتان لێدەکەم ئەوەندە زەحمەت بدەن بە خۆتان و یەکەم وشەی «ڕێنوێنی» لە چەند دێڕی سەرەوەدا بگۆڕنو بیکەن بە «تێبینی». هەروەک دەزانن من کارم هەڵەچێنیە، بۆیە لە خۆم ڕانەدیت ئەم هەڵەیەی سەرەوە راست بکەمەوە. من تەنیا کارم چاندنەو ئێوە خۆتان چۆن دروێنەو شەنو کەوی دەکەن، بە خۆتانی دەسپێرم.

جاری وایە لەبەر خۆمەوە، بەخۆم دەنازم و وادەزانم هەر من هەڵەچێنم و لەم بەستێنەدا واتە لە بەستێنی هەڵەچێنیدا کەس دەسکانم لەدوا ناکاتو تاکە سواری ئەم بەستێنەم. جاری واشە لە پەرێزی هەڵەچێنانی دیکەدا نسکۆیان دەدەم و بە زەحمەت خۆم بۆ دەگیرێتەوەو دێمەوە سەرخۆ. نسکۆ لەسەر نسکۆ و بیلامانێ سەرسم لەسەر سەرسم.
رۆژێک لە بەیانیەوە تا ئێوارێ لە پشت پۆلی خوێندنی قوتابخانەیەک خۆم مات کردو گوێم لە کۆمەڵێک ماموستا گرت، ئاخۆ چۆن وانە دەڵێنەوەو مێشکی قوتابییان چۆن بە زانستی فێربوونو پێشکەوتنخوازی زاخاو دەدەن.

بەداخەوە ئەوەی من باش تێینەگەمو سەرەدەری لێدەرنەکەم، وانەی زمانو رێزمانە. لە بەختی بەدی من وانەی ئەمڕۆژەی هەموو پۆلەکانیش دەرسی رێزمان بوو.

ماموستای یەکەم لە یەکێک لە پۆلەکاندا باسی زمانی کردو گوتی هەرچی هەمانە، سەرچاوەکەی زمانەو ئەگەر زمان باش نەزانین، لە پانتایی زانست و تێگەیشتندا دۆ و دۆشاومان لێ تێکەڵ دەبێت. لەبەرخۆمەوە گوتم جا وەرە سەیری بکە ئەگەر دۆ و دۆشاو تێکەڵ بوونو لێکدران بڵێی ئەم رەنگە سپیو قاوەییە سووتاوە چی بەسەربێت؟ ئەوکات دەبێ دەستەودامێنی شارەزایانی رەنگناسی بینو ئەوانیش بە بۆچوونی خۆیان ناوێکی نوێ بۆ رەنگە تازەکە دابتاشن.

ماموستای دووهەم وێڕای پێداگری لە سەر زمانو رێزمان، گوتی: لەدرێژەی وانەی ماموستاکەی پێشتردا وشەی «یەکگرتن»تان بۆ شی دەکەمەوە. ئەم ماموستایەیان دوای ئەوەی کەمێک بای لەملاو ئەولای گوپی کرد، بۆئەوەی هەست رابگرێت قوتابییەکان چەندە لە وانەکە دەگەن، گوتی وشەی « یەکگرتن» لە سێ برگە پێک هاتووە. هەموو قوتابییەکان دەمیان بەش کردەوەو دەتگوت بە فەرمایشتی ماموستا باوێشکیان دێتێ.

دوای ئەم زرەباوێشکە، هێندێک لە قوتابییەکان لەبنەوە رانی یەکتریان هەڵدەقورینجیو گۆشتی بنهەنگڵی یەکتریان دەگرت. ئەوان ئەوا لە مانای یەکگرتن تێگەیشتبوونو ماموستاش تەنیا بە دووبارەکردنەوەی برگەکانی یەکگرتن خۆی دەخافڵاندو بە درێژی باسی چاکەکانی یەکگرتنی دەکرد. ماموستا دەیگوت یەکگرتن بەو پیتە دەنگدارانەیەوە زۆر جوانە. ئەگەر ئەم پیتە دەنگدارانەی نەبوایە، پیتە بێدەنگەکان هەر لەخۆوە حەیاتیان لێدەبڕاو یەک بە مەیدانێ رادەکشان. ماموستا ئەوەندە گێژ بوو نەیدەزانی پیتی بێدەنگ بە تەنیا ناتوانێ تۆزقاڵێکیش خۆی لەبەر یەک بکێشێتەوە. قوتابییەکان هێندێک بیریان لێ کردەوەو هەر یەکەو ئەوی تەنیشت خۆی دەگرتو بە بۆچوونی خۆیان ئەوا لە یەکگرتن تێگەیشتبوون. ماموستا دیتی غەڵبەغەڵبو دەنگەدەنگ ژووری پۆلەکەی داگرتووە، ناچار بانگی ئەو ماموستایەی کرد کە سەردەمێک لەمەوبەر، بێ پرسی یەکتری دەستیان دە ئاوی ساردوگەرم نەدەدنا. ماموستاکان دوو سێجار چاوی مانادارییان لەیەکتر نووقاندو لە یەکتری نزیک بوونەوە. هەردووکیان خەریک بوون لەخۆیان دەفشیو بە فیز و ئیفادەوە «لێک نێزیکبوونەوە»کەیان بە قوتابیان نیشان دەدا. ماموستای دووهەم کە هەر بزەی سمێڵی دەهاتو خۆی لە سەر ئەوی دیکە بادەدا و وای دەگەیاند ئەو باشتر دەتوانێت قوتابییەکان بخافڵێنێت. هەر بەم گوڕوتینەوە کە لە هاوکاری پێشووی نزیک دەبۆوە، دەستی بە لێکدانەوەی پاژەکانی «یەکگرتنەوە» کرد. ئەویش دەیگوت وشەی یەکگرتنەوە لە وشەی یەکگرتن دوورو درێژترە، لە پێنج برگە پێکهاتووە و دیارە وشەی پێنج برگەییش لە وشەی سێ برگەیی گەورەترە. ئەگەر گەورەتر بێت، دیارە باشتریشە. دەمەو ئێوارە، ماموستاکان بەردەوام هەر یەکەو بەجیا باسی دوو وشەی «یەکگرتن»و «یەکگرتنەوە»یان دەکرد و قوتابییەکانیش لاملی خۆیان دەخوراندو خەریک بوون کتێبودەفتەرەکانیان کۆدەکردەوە. لەم ناوەدا قوتابییەکی زیرەک، بۆ ئەوەی کۆتایی بە وانەی ئەمڕۆ بێنێتو خۆیو هاوپۆلەکانی لەدەست ئەم دووماموستایە رزگار بکات، گوتی: وشە تازەکانی ناو وانەی ئەمڕۆمان بریتی بوون لە: یەکگرتن، یەکگرتنەوە، لێکنزیک بوونەوەو هاوڕێی پێشوو. ماموستاکانیش گوتیان بۆ سبەودوو یان بۆ چەند رۆژێک دواتر کە خۆمان لەسەری ساغ بووینەوە، دەبێ هەمووتان وەک بولبولی خۆشخوان ئەم چەند وشەیە بە ماناکانیانەوە لەبەر بڵێنەوە.

لە ژمارە ٦١٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئامریکا هاتە ناو کێشەی هەشت چالاکە گیراوەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە زیندانی مەحەتەی هەولێرەوە ئەم نووسراوە تەنزەی ناردۆتە دەروە و لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو بۆتەوە. بە هۆی ئەوەی ستوونی هەڵەچێنی ستوونێکی تەنزی مستەفا شێخەیە، «کوردستان» پێی باش بوو ئەم نووسراوە لێرەدا بڵاو بکاتەوە کەباس لە روشی خۆی و ٦ هاوڕێکەی لە زیندان دەکا کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە زیاتر لە یەک مانگە بە هەڵە بە تاوانی بەردبارانی کونسوولگەری ئێران کە هەولێر، دەسبەسەرن.

**ئەمەش دەقی بابەتەکەی مستەفا شێخەیە کە لە ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز وەرگیراوە:**

ماوەی سیوچوار ڕۆژە لەگەڵ حەوت هاوڕێی دیکەم کە هەموومان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین، بە تۆمەتی بەردبارانکردنی کۆنسولخانەی یەکێک لە وڵاتان لە هەولێر لە زیندان داین. لە زینداندا وێڕای ئەم تەلەفزیۆنەی لە ناوقەدی دیواری بەندی زیندانەوە بە ریشمانەوە پێدەکەنێت، ڕۆژانە دوو ڕۆژنامەش سەر بە ژوورەکەدا دەکەن. تەلەفزیۆنەکە خێراخێرا ئەم کاناڵو ئەو کاناڵ دەکات. هێندێکجار لە کاناڵێکدا بەسەر هەواڵێکدا دەکوێت کە باس لە کێشەی ئێمە دەکات. خێرا هەوڵەکە لەگەڵ دەنگی خۆشی گۆرانیبێژێکی عەرەب، فارس یان تورکدا جێگۆڕکێ دەکات. ئێمەش لە حەسرەتی نەبیستنی هەواڵە نیوەچڵەکە چەقەنە لێدەدەین. ئای کە چەقەنەلێدان چەندە لە سیاسەتو کوردایەتی خۆشترە!

ڕۆژنامەکانیش لەم ماوەیەدا جارو بار باسمان دەکەنو مانشێتەکان لێمان مۆڕ دەبنەوە. هەریەک دوو ڕۆژ دوای گیرانمان ئوستازێک کە خۆی بە نسحەتکاری گەلی کورد دەزانێت، لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا وەک خوێڕی هیچوپووچی ناساندینو داوای لە یاسای سەروەر کرد بە توندی سزامان بدات. ئەمڕۆش ڕۆژنامەی خەبات لە هەواڵێکدا لە لاپەڕە چواری ژمارە ٤٤٥٩ یدا، لە دوا ستوونی هەواڵی لای خوارەوەیدا ئاوڕێکی بەخێری وێداینەوە. بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکە «ئەو هەشت گیراوەی لە مانگی رابردوودا لە هەولێر بە تۆمەتی هێرشکردنە سەر کۆنسولخانەی ئەمریکا گیراون، ئەوان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەوە گیراون.» ئەوە دەقی رستەکانی ڕۆژنامەکە بوو.

ئەگەر بەمزووانە ناوی کۆنسولخانەکە گۆڕانی بەسەردا نەیەت، کێشەی ئێمە چارەسەر دەبێتو ڕەنگە لە لایەن ئێرانەوە

پاداشمان بدرێتەوە. ئەگەر وابێت، پاش هێرشی چەند مانگ دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران کە تێیدا هەموو دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە تاران لە باڵوێزخانەی ئێران بۆ چەند مانگ دەستبەسەر کران، ئەمەی ئێمە دەبێتە دووهەم هێرشی ئێرانییەکان بۆسەر نوێنەرایەتیی سیاسی ئەمریکا لە تارانو پاشان لە هەولێر.

بەڵام ئەگەر رۆژنامەکە پەشیمان بێتەوە ئەوە هیچو ئەگەر بەپێی نووسینی ئەم دوو رۆژنامەیە بڕوانینە پەروەندەکەمانو واز لە چەقەنەلێدان بۆ گۆرانیە عەرەبیو تورکیو فارسیەکان بێنین،

**دەکرێ ئەم ئەگەرانەی خوارەوەمان لەبەرچاو بێت:**

١- دەکرێ دوو کەس لە دەستگیرکراوان سەرەتا دوای بەردبارانکردنی یەکێک لە کۆنسولخانەکان بە تەلەفۆن بانگ نەکرابنە بەر کۆنسولخانەو دەستگیر نەکرابن.

٢- دەکرێ پێنج کەس لە دەستگیرکراوان خۆیان دووجار نەچووبنە سەرۆکایەتیی پۆلیسی هەولێرو وەک شایەتی بێتاوانبوونی دوو دەستگیرکراوی یەکەم خۆیان نەناساندبێو جاری دووهەم بۆ ماوەی سەعاتێک چاوەڕوانی بەڕێوەبەری پۆلیس نەبووبنو ئەوانیش لەوێ دەستگیر نەکرابن.

٣- دەکرێ ئەم پێنج کەسە بە چەکو دەراغو رەخت و فیشەکدانو رۆمانەی ئێراقیو نارنجۆکی ئێرانییەوە خۆیان بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس داکردبێو لەوێ دەستگیر کرابن.

٤- دەکرێ کەسی هەشتەم لە نووسینگەی یەکێک لە حیزبو میزبە رۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ هێندێک کەلوپەلی دیکە نەهێنرابێتە پۆلیسو دەستگیریش نەکرابێت.

٥- بەڵام ناکرێ ئێمە کۆتاییمان بە خۆپێشاندانێکی ئارامی بەمۆڵەت هێنابێت، زبڵو خۆڵی شوێنی خۆپێشاندانمان کۆکردبێتەوەو وەک دەستخۆشی پێگوتن تۆقەمان لەگەڵ هەموو پۆلیسەکانی پارێزەری خۆپێشاندانەکە کردبێ.

٦- هەتا ئەو کاتەی دەسەلمێندرێت ئێمە تاوانبارین، مادەی ١٠ی یاسای خۆپێشاندانەکانی هەرێم کە ئەوپەڕی سزاکەی یەک مانگ زیندانە لە سەروەری دەکەوێت، دەبێ چاوەڕوان بین پەرلەمانی تازەی هەرێم پێکبێتو لەسەر مادەیەکی وا رێکبکەوێت کە شیاوی ئەوە بێت وەک مادەیەکی یاسای سەروەر سەیری بکرێت. لە چاوەڕوانیی ئەم شیمانانەی سەرەوەو



سەرچاوە Serchawe

چەند شیمانەیەکی چاوەڕواننەکراو و تەنانەت بڤەشدا هەروا چاوەڕوانی رۆژنامەی دیکەین‌و بە دیار گۆرانیی عەرەبی‌و تورکی‌و فارسی تەلەفزیۆنی ناوقەدی دیواری بەندی زیندانەوە چەقەنە بۆخۆمان لێدەدەین.

لە ژمارە ٦٢٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---

## بابەتی ساڵی............ ٢٠١٤

## خەونی سەربەخۆیی

من بەشێکی زۆر لە کارەکانی خۆمم سەربەخۆ دەکرد. هەموو بەیانیان سەربەخۆ دەمو لووتم دەشوشتو نانم دەخواردو جلکەکانم لەبەر دەکرد. لە ژیانی تاکە کەسیدا ئەمەیان ئەوپەڕی سەربەخۆییە. ئەگەر واش نەبێت، خۆ بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بێ ئەملاو ئەولا بەرایی و سەرەتایەکی باشە. من خۆم لەگەڵ ئەم ئەملاوئەولایەش کێشەم هەیە. بە واتایەکیدیکە ئەملا یانی ئەمدیوە و ئەولاش یانی ئەودیو. دەی ئەگەر وا بێت، دوولایەکەی دیکە یانی دوو تەنیشتەکە چی لێبکەین؟

کەوابێت لە جیاتی بێئەملاوئەولا واباشە بێژین بێهەرچوارلا. بەم حاڵ و حەساوە دەڵێم سەربەخۆیی بێ چوارلا کاتو سات و هەوڵ و مەوڵی زۆری گەرەکە. جارێ هەر ئەوەندە زۆرە دوای ئەوەی بەیانیان بەزۆرو یان بە هۆی زەنگی کاتژمێر لەخەو هەڵدەستیو ئەمجارەیان تا دوای خواردنی بەرچاییو نانی بەیانی تەواو سەربەخۆیو پاشان هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی زیاتر بەردەوام دەبن.

دەترسم خوێنەری بەڕێز وا تێبگات باس لە شتی سەیرو سەمەرەی وەک سیاسەت دەکەم. لێتان تێکنەچێت من تەنیا دەستەڵاتی ئەوەم هەیە باس لە سەربەخۆیی خۆم لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەمدا بکەم. ئەگەر بتوانم سەبەخۆ بخەوم، لە ناو پێخەفەکەدا سەربەخۆ ئەمدیو ئەودیو بکەم، سەربەخۆ لەخەو هەستم و تا ئێوارە سەربەخۆ کارەکانم ئەنجام بدەم، ئەوە دیارە بە ئامانج و ئاواتی لەمێژینەم گەیشتووم.

سەربەخۆیی بۆ کەسانێکی وەک ئێمە زۆر گرنگەو زۆریش خۆشە. ئاخر لەوە خۆشتر هەیە لەماڵەوە بەدڵی خۆت بۆ خوانی نیوەڕۆ لە جیاتی دۆڵمە کاسەیەکی لیپاولیپ ماستاوی پڕ لە قەزوان بخۆی؟ یان لە جیاتی کاتژمێر دوازدەی نیوەشەو، سەعات حەوتی ئێوارە بچیەناو پێخەفو بە کەیفی خۆت رابکشێیو پڕ بەدڵ ئەمدیو ئەودیوی بۆ بکەی؟

لە کاتێکدا بەم رادەیە لە سەربەخۆیی خۆم دوورم، ئەمشەو یانی هەر ئەو شەوەی رابرد، مەبەستم ئەمشەو نا شەوێ دیَنییە. خەونێکی خۆشم دیت. بەیانی لەخەو هەستام ئەم گۆرانیەم بیر کەوتەوە کە دەڵێ:

**ئەمشەو نەبوو شەوێ دینێ – بە خەیاڵ چوومە مەدینێ؟ خزمەت پەریزادەی چینێ.**

خۆزگە لەم خەونەدا ئێوەش بۆ چەند چرکەیەک لەگەڵمدا بوایەن. خەونێکی سیاسی. خەونی سیاسی لە هەموو خەونێک خۆشترە. ئەگەر ئەمجارە بتوانم سەبەرخۆ قسە بکەم، دەڵێم سیاسەت هەر بە خەون خۆشە.

لەم خەونە خۆشەی شەوێ دینێمدا هەموو شتێک بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆیشت. چەمو رووبارەکان سەربەخۆ روویان دەکردە دەریاکانو گوێیان بە سەدو بەربەندەکان نەدەدا. کەسەکان بە تەنیشت یەکتردا تێدەپەڕینو کەس حەقی بەسەر کەسەوە نەبوو. خەڵک لە دەوری رێکخراوی گەورەو بچووک کۆبببوونەوە. هیچکام لەو رێکخراو مێکخراوانەش لە ئەملاوئەولاو دوو تەنیشتەکەوە فشاریان بۆ نەدەهات. لەخەو هەستام شەلاڵی ئارەقە بووم. رۆژ درەنگ بوو سەربەخۆیی تاکەکەسیشم لەدەست دا. رۆژ ئەوەندە درەنگ نەمتوانی دەمو لووتم بشۆم و نانی بەیانیەکەم بخۆم. ناچار بووم بە پەلە راکەم و ئەوەندە سەربەخۆیەی بەیانیانیشم لەدەست بدەم. لە دوای ئەم خەونە خۆشە خۆم سەر بە کاری رۆژانەمو کاری رۆژانەم سەر بە حیزب و رێکخراو و حکوومەتە و رێکخراوەکەشم سەربە ئەملاو ئەولاو ئەم تەنیشتو ئەو تەنیشتەو ئەملا و ئەولاو ئەو تەنیشت ئەم تەنیشتیشم سەربە ئەملاوئەولا و ئەوتەنیشتو ئەم تەنیشتی خۆیانو ئەوانیش نازانم سەربەکوێن.

**دوای ئەم خەونە، سەربەخۆیی دەم و لووت شوشتن و نانخواردنی بەیانیانم لێ ون بوو لەناو ئەم هەموو سەربەسەرەیەدا ون بوومە نازانم سەربەکوێم.**

**لە ژمارە ٦٢٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**٥ی جانێوێری ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

## چاوی سەرم بێ دەستەڵاتی چوارەم!

ئەوانەی سەریان لە سیاسەت و شتی وا دەخورێت، چ ئەوانەی تازە پێدەگەن و لە پشتەسەروە هەتا پشتی برۆیان بە موو داپۆشراوە و چ ئەوانەی کۆنەسیاسەتمەدارن و سەریان وەک دیوی هەتاوەنەدیتووی شووتی بەر گەرمای چلەی هاوین لەدوورەوە سپی دەچێت. چ ئەو خانمانەی لاپەڕەی رۆژنامەکان بە مەدح و پێداهەڵگوتنی پیاوان پڕدەکەنەوە و چ ئەو پیرەژن و کیژۆڵە پۆست مۆدێرنە فیمینیستانەی بەتەمان هاوسەرەکانیان بدرێنە بەر گوێزانی نەشتەرگەری و سنگیان پڕبێت لە ژەک و شیر و هاوشانی ئەوان شیر بدەن بە منداڵە هاوبەشەکانیان. ئەوانە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەستەڵاتی وڵاتان سێ دەستەڵاتن. دەستەڵاتی یاسا دانان دەستەڵاتی یەکەمە ولە مەجلیس و پەرلەمان و دەزگا چاودێرییەکانی دیکەی وەک هی لای خۆمان پێکهاتووە. دەستەڵاتی دووهەم هەمان حکوومەت، دەوڵەت، کابینە یان ئەنجومەنی وەزیرانە و ئەویش کاری ئەوەیە یاساکان بە هەوای لووتی جێبەجێ بکات. دەستەڵاتی سێهەمیش دەستەڵاتی دادوەری و دادگاکانە. ئەویش چاودێریی جێبەجێ کردنی یاسا دەکات و بە هەموو شێوەیەک بیلامانێ خەریک دەبێت بە قەڵشت و کەلێنی دانەدانەی بەند و مادە و تێبینییەکانی یاسادا بسووڕێتەوە و بە بەژنی یاران و نەیاراندا بەرزی نزمیی پێ بکات.

ئەم سێ دەستەڵاتە جوان و خنجیلانە و بەڕێزە لە هێندێک وڵاتاندا بە شێوازی دیموکراتی دەنگی خەڵکیان لەپشتە. دەنگ کۆکردنەوەش چیرۆک و بەسەرهاتی دوور و درێژی خۆی هەیە و سیاستەمەداران بە کەون و نوێ و سەرقژن و سەر رووتاوە فیمینست و میمینیستەوە هەریەکەو بە لێکدانەوەی خۆیان بۆی دەچن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمە، دەستەڵاتی چوارەمە. دەستەڵاتی چوارەمیش تەنیا وێردی سەرزاری دیموکراسیخوازانە. دیموکراسیخوازیش چەند جۆری جیاوازی هەیە. دیموکراسیخوازی لیبراڵ، دیموکراسیخوازی نەتەوەخواز، دیموکراسیخوازی ئایینی، دیموکراسیخوازی هاوڕەگەز خواز نازانم نە هاوڕەگەزباز، دیموکراسیخوازی مەیلەو دیکتاتۆڕ، دیموکراسیخوازی ژنانیلە واتە فیمینست و چەندین دیموکراسیخوازی دیکەش.

ئەوەی جێگای سرنج و وردبینییە، هەموو ئەم دیموکراسیخوازانە بە خاسە و زڕ و باش و خراپیانەوە وێرای جیاوازیی لێکدانەوەیان لە سەر چەمکی سەرلێشێواوی دیموکراسی، لەسەر ئەوە کۆکن کە راگەیاندن لەوڵاتاندا دەستەڵاتی چوارەمە. دەستەڵاتی چوارەم، سەرەڕای سێ دەستەڵاتەکەی دیکە مەیداانداری دەستەڵات و کەڵی بەگوونی مەیدانی شەڕەکەڵی سیاسەتە و بە ڕیەی کەسیش ناپێوێت.

ڕۆژنامە کە یەکێک لە ئامێرە هەرە کۆنەکانی ڕاگەیاندنە، لە کوردستانی خۆمان دەستی دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنی لەپشتەوەڕا بەستووە و بە کەیفی خۆی حوکمداریی مەملەکەتی کوردان دەکات. چەند نموونەیەکی کەم لەم مەیداندارییە تێماندەگەیەنێت ڕۆژنامە وەک جڵەوکێشی دەسەڵاتی چوارەم لەم کوردستانە چۆن دەسەڵاتی ڕەها و بێ ئەملاو ئەولای خۆی دەسەپێنێت و بە ڕیشی سێ دەسەڵاتەکەی دیکە پێدەکەنێت. ماوەیەک لەمەوبەر ڕۆژنامەیەک بە ڕیشی دەسەڵاتی دادوەری پێکەنیبوو و باسی کۆمەڵێک بەندکراوی کردبوو کە لەمەودای چەند کیلۆمیترییەوە خۆیان لە یەکێک لە کۆنسوڵخانەکانی یەکێک لە وڵاتان مۆرکردبۆوە. ڕۆژنامەکە بەرلەوەی دەسەڵاتی دادوەری بەند و مادەیەکی یاسایی پڕ بەژنی بەندکراوەکان بدۆزرێتەوە، نووسیبووی ئەوانەی خۆیان لە باڵوێزخانەکە مۆر کردۆتەوە، هیچ و پووچن و دەبێ بەتوندی سزا بدرێن. ڕۆژنامەیەکی دیکە، دەسەڵاتی زیاتری دابوو بەخۆی و کۆنسوڵخانەکەی گۆڕیبوو و کردبووی بە کۆنسوڵخانەی ئەمریکای خاوەن دیموکراسی و دەسەڵاتی تایبەت. دیسان یەکێک لە ڕۆژنامەکان ئەمجارە خۆی لە دەسەڵاتی دووهەم واتە دەسەڵاتی جێبەجێکار مۆرکردەوە و بێڕیزی بە سەرچڵی ئەم دەسەڵاتە کرد و لە جیاتی وشەی بەڕێز لە پێش ناوەکەی وشەی بێڕیزی دانا و کەسیش نەیوێرا پێی بڵێت لەپشتی چاوانت برۆیە.

ڕۆژنامەکان لە گۆڕینی ئەکتەرەکانیشدا دەسەڵاتی باڵادەستی خۆیان پێشاندا. هەر ئەمڕۆژانە یەکێک لە ڕۆژنامەکان لە ڕاپۆرتێکدا نووسیبویەتی «لیۆناردۆ داڤینچی لە کێبڕکێی گۆڵدن گلۆبدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری کۆمێدیی بردەوە». ئەم ڕۆژنامەیە دەسەڵاتەکەی لە سنوورەکانی کوردستان تێپەڕاندووە و حوکماتی حەوت پاشایان بەسەر مێژووشدا دەکات. بەم ڕستەیە وەک ئاوخواردنەوە هەردوو گوێچکەی «لیۆناردۆ داڤیچی»ی زانای بلیمەت و شێوەکار و بیرکاریزان و موسیقازانی گرتووە و تابلۆ بەنرخە مێژوویەکەی «مۆنالیزا»ی لێ ئەستاندۆتەوە لەگۆڕ دەریکێشاوەتەوە. لە ساڵی ١٤٥٢ی زایینەوە ڕایکشاوەتە ئەم ساڵەی ٢٠١٤ی حازری و لەگەڵ «لیۆناردۆ دیکاپریۆ»ی ئەکتەری کۆمێدی جێگای پێ گۆڕیوەتەوە. بۆ ئەوەی داڤێنچی وەجواب نەیەت و نەیکاتە هەڵا و هەنگەمە، خەڵاتی باشترین ئەکتەری کۆمێدی پێبەخشیوە. لەو کوردستانەی خۆمان کە نوێگەرایی تێیدا بەردەوامە، دەسەڵاتی چوارم ڕۆژانە دەسەڵاتەکانی دیکە دەداتە بەر پاڵە پەستۆ و ڕەنگە ڕۆژێک دابێت هەر هەموویان پەرش و بڵاو بکات.

**بەوە دەڵێن دەسەڵات! ئەوە دەسەلاتی سەرووی هەموو دەسەڵاتانە و ڕاگەیاندن لەم نیشتمانەی خۆماندا بە هەموو لایەکی سەلماندووە لە خۆی زیاترکەس مافی نییە بڵێ دەسەڵاتم، هەی چاوی سەرم بی دەسەڵاتی چوارم!**

لە ژمارە ٦٢٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢١ی جانێوێری ٢٠١٤

## زمانی کاک ناسیاسەتی لای خۆمان

سیاسەت چەندی بۆ تێکەی دەیخوات. لە وڵاتانی دووردوور، مەبەستم لە دوور دوور، زۆر دوورە. یانی بە مەودایەکی ئەوەندە دوور کە مانا و مەفهوومەکان لێرەوە بۆ ئەوێ گۆڕانیان بەسەر دادێت. هەر گۆڕان نا، جاری وایە پێچەوانەی یەکتر دەبن و بە ڕیشی یەکتریش پێدەکەنن.

باسی سیاسەتم کرد. لەوێ، واتە لە وڵاتانی زۆر دوور، سیاسەت بۆی نییە بە قەرایی زارجووە بنێشتێک لە بەشی خۆی زیاتر بخوات. ئەوە لای خۆمانە سیاسەت چەندی بۆی تێبکەی دەیخوات. دەڵێن لەو شوێنە دوور دوورانە، سیاسەت ئەوەندە دەملەپێش نیە و خۆی بە هەموو ماڵێک داناکات و لە هەموو شوێنێک سینگی ڕەپێش ناخات و بە ریشی هەموو کەس پێناکەنێت. دەلێن لەوێ سیاسەت تەنیا بۆی هەیە ئاموشۆی چەند کەسێک بکات و کەینە و بەینەی لەگەڵ چەند کەسێکی دەستنیشان کراوە.

بەڵام لای خۆمان ئەم سیاسەتە ئەوەندە خۆی بێتام کردووە، لەسەرمان بووە بە کەڵکەگا و یەخەی هەموو کەس دەگرێت. لە سەر فەرمانی تاکسی دادنیشێت و ڕوو بە دانیشتووانی نێو تاکسیەکە هەردوو لینگی بە ناو لینگی شۆفیردا شۆڕ دەکاتەوە. هێندێک جار پێش چاویشی دەگرێت و تووشی ڕووداوی ناخۆشی دەکات.

کاک نا سیاسەت، لە کۆڵ منداڵە گەداکانی سەر چوارڕێیانەکانیش نابێتەوە و وەک شۆڤار و دووزمان بەگژ یەکتریان دادەکات. سەریان لێ دەشێوێنێت. زۆر جار چرا سووری بەردەمیان سەوز دەبێت و ئەم منداڵە سواڵکەرانە هەروا شەڕیانە و فریا ناکەون بەڕیزی ماشێنە مۆدێل بەرزەکاندا دەستیان پان بکەنەوە. لێرەدایە ڕەنگە ئەم سیاسەتە چاو برسیەی لای خۆمان لەگەڵ شۆفیری ماشێنە مۆدێل بەرزەکانیشدا کەینە و بەینەی هەبێت و منداڵە سواڵکەرەکان بەگژ یەکتردا بکات و نەهێڵێت لەبەردەمیان دەست پان بکەنەوە و بە جلە شڕەکانیانەوە منداڵە کۆک و پۆشتەکانیان لەناو قایشی دڵنیایی ناو ماشێنە مودێل بەرزەکاندا بترسێنن.

دیسان بۆ ئەوەی بە زمانەوە پێوە نەبم، دەبێ داوای لێبوردن لە ئەو ژنە بەڕێزانە بکەم کە سیاسەت خەریکیانە. دەبێ بمبوورن گوتم کاک سیاست و نەمگوت سیاسەت خانم یان سیاسەت خان. دیارە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە هێشتا لە نێوان خانمی ڕۆژهەڵاتی و خانی باشووری کوردستاندا ساغ نەبوومەتەوە کامەیان هەڵبژێرم. بەین و بەینەڵڵا خۆم هەردووویانم

بەدڵە، بەڵام لە زمانەوانان دەترسم. هۆکاری سەرەکی ناوهێنانی سیاسەت بە کاک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لای خۆمان سیاسەت وێڕای تەیاربوون بە زانین و فرت و فێڵ و شتی دیکە، پێویستە شان و باهۆی بەهێزیشی هەبێت و دیارە پیاوانیش لە ژنان بە شان و باهۆترن و تاقەتیان زیاترە.

سیاسەت لەسەر چوار رێیانەکانی پایتەختی هەرێمی کوردستان، مندالە سواڵکەرە کەرکووکی و عەفرینی و رۆژهەڵاتییەکان بە گژ یەک دادەکات و ناهێڵێ دەست لەبەر ماشێنە مۆدێل بەرزەکان پان بکەنەوە. بەوەشەوە ناوەستێت لەو لاوە باس و چەلەحانێی جەماعەتی ناو ماشینە درع و دژە گولـلەکانیش گەرمتر دەکات. سیاست شۆفیری بەرپرسەکان لە هەموو کەس زیاتر بێزار دەکات. ئەم شۆفیرانە دەترسن بە هۆی ئەو فشارەی سیاسەت بۆ بەرپرسە سیاسییەکانی دێنێت، ناچار بن لە کاتی سووربوونی چرای سەر چوار رێیانەکاندا خۆیان نەوەستن و خوای نەخواستە تووشی رووداوی هاتووچۆی سیاسی ببن. ئەگەر لە رۆداوێکی لەمجۆرەدا کەسێکی بەرپرسی سیاسی گیان لە دەست بدات، ئەوە ناچار کەسانی سیاسی بە بەرپرس و شۆفیر تاکسیەکانیشەوە لە مزگەوت کۆ دەبنەوە و خەریکی درێژتر کردنی لینگی کەسە بەرپرسە مردووەکە دەبن. مندالە سواڵکەرەکانیش ئەگەر سیاسەت لێیانگەڕێ و شوێنی پرسە پێبزانن لەبەر دەرگای ژووری پرسەکەدا، بە گەرم کردنی باس و چەلەحانێی سیاسییەوە خەریکی سواڵکردنی خۆیان دەبن.

لەم سەروبەندەدا ئەوانەی پێویستە لە هەموو کەس زیاتر وشیار بن و ئاگاداری خۆیان بن، شۆفیری بەرپرسە باڵا حیزبیەکانن. ئەم شۆفیرانە پێویستە لە هەڵبژاردنی گۆرانی بۆ ناو ئۆتومبێلەکانیان زۆر وشیار بن. هێندێک گۆرانی لە هەلومەرجی جیاوازدا دەبێ هوشیارانە بڵاو بکرێنەوە. دیارە گوێ دان بە دەنگی گۆرانیبێژانیش دەستی کاک ناسیاسەتی تێدایە. بۆ وێنە لەم سەروبەندەدا ئەم گۆرانیە بە تایبەت لە ناو ئۆتۆمبێلدا زۆر بەدڵی بەرپرسانی تێکۆشەری حیزبەکانی هیچکام لە پارچەکانی کوردستانی خۆمان نییە کە دەڵێ:

بەینۆ بەینۆ بەینۆ
هاوین کەپرێ دەکەینۆ
زستان تێکی دەدینۆ.

لە ژمارە ٦٢٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی فێبریوێری ٢٠١٤

## هەڵەی مریشکی ئێمە و بەزمی قەلی هەندەران

ئەم خەڵکە هەمیشە خەریکی هەڵە چاندنە. نەک بڵێی هەر لەم کوردستانەی خۆمان، خەڵکی هەموو دنیا وان. کەسان یان تاقم و گروپو ڕێکخراو و حیزبو میزب و دەوڵەت و مەوڵەتی وا هەن کە هەمیشە خەریکی هەڵە چاندنن. جاری واشە هەڵەکان لە دەست پیاوی گەورەوە دەقەومێن.

ڕەنگە بێژن پیاوی گەورە چۆنە و تۆ بڵێی چەند کیلۆ لە پیاوی ئاسایی قورستر بێت. ئەگەر بمەوێ هەڵە نەچێنم و ڕاستی بڵێم، پیاوی وایە قورساییەکەی تەنیا ٤٥ کیلۆ دەبێت، بەڵام گەورەیە. دەڵێن پیاوێک کاتی مردنی کێشی تەرمەکەی ٤٥ کیلۆ بوو، بەڵام قورسایی ئەو کتێبانەی نووسیبوونی، لە ٤٧ کیلۆ تێدەپەڕی. پیاوی گەورەی واش هەیە، کێشی خۆی لە سەت کیلۆ تێدەپەڕێتو هەر خۆی گەورەیەو هیچی دیکە.

ئەوە دەمویست باسی ئەم ئۆبامایەی خۆمان بکەم، بۆیە کەوتمە بیری پیاوی گەورە. ئۆباما بۆیە گەورەیە، چونکە خەڵکێکی تێکەڵو پێکەڵو سەیرو سەمەرەی وەک خەڵکی ئەمریکا دەنگی پێداوەو کردوویانەتە سەرۆک کۆمار. بۆیە دەڵێم ئۆبامای خۆمان، چونکە لەلایەک حوسێنزادەیە و ڕەچەڵەکەی حوسێنیش دەگەڕێتەوە ئەم دەشتی کەربەلایەی لای خۆمان و لەلایکی دیکەشەوە ڕەشەو بۆنی خۆشە. ئەم کابرا بۆنخۆشە وەک کەڵی مەیدانی شەڕەکەڵی سەردەمی ساڵانی پێشووی ناوچەی چۆمی مەجیدخان و شامات و شارویران چۆکی لەبەرانبەر مەجلیسو ریش چەرمگەکانی دەستەڵاتی وڵاتەکەی داداوە و خەریکە رجووع دەبێتەوە لای هینەکەی خۆمانو هەرچی تەحریم و مەحریم و سزا و مزای بۆ لای هینەکەی ئێمەی دادەنێن، بەرەنگاری دەبێتەوە.

لە دەرفەتێکی کورتدا لەناو ئەم بابەتە کورتەدا جارێکی دیکە داوای لێبوردن لە ژنان دەکەم کە ناچار بووم بە هەڵە وشەی تێکەڵاوی «گەورەپیاو» بێنمە سەر پەنجەکانم. بۆیە دەڵێم پەنجەکانم، چونکە پەنجە و کیبۆردی ئێستا لە دەست و قەڵەم لەپێشترە.

زۆر بیرم کردەوە وشەی گەورە ژنم نەبیستبوو. پێم خۆش نەبوو باسی سەرەژنیش بکەم. دیارە ناوهێنان لە سەرەژن ڕەنگ بوو بەرەو ئەڵمانیای سەرەژنی ناودار «ئانگێلا مێرکێل»م ببات و لە بابەتە سەرەکیەکە دوورم کاتەوە کە بەتەمام باسی

قەلی ئەمریکا و مریشکی خۆمان بکەم. دیارە لەناو مرۆڤەکاندا وشەی گەورە کچیش وەک گەورە پیاو گەورەیە. ئەگەر ناوی گەورەکچیشم هێنابایە رەنگبوو لە بابەتەکە لابدەم و بڵێم: ئۆخەی گەورە کچ کوڵوانە لە کوڵ/ ئاسکە باریکەی شاخ و هەرد و دۆڵ.

هەر لەم بگرە و بەردەیەیەی ناو مێشکمدا بەسەر پرسیارێکی سەیر داکەوتم. تۆبڵێی ئەم هەموو میللەتانەی لە سەرانسەری ئەم گۆخرەی زەویەوە لە ئەمریکا کۆبوونەتەوە بۆچی دەتوانن بە هەموویانەوە لەسەر هەڵبژاردنی گەورە پیاوێک بۆ خۆیان رێکبکەون و ئێمەش وەک میللەتێک کە سەدان و هەزاران ساڵە لێرووکانە دەژین، نەمانتوانیوە گەورە پیاوێک بۆ خۆمان هەڵبژێرین؟
رەنگە هەر خەتای ئەوە بێت، ئەوان قەلیان هەیە و ئێمەش خاوەنی شەشدانگی قاچ و قول و باڵ و تەتک و سینگ و مل و سیکەتۆرەی مریشکین. لەم سەرو بەندانەدا بوو قەلێکی ئەوان و مریشکێکی ئێمە هەر یەکەیان بە جیا راپرسییەکیان ئەنجام دا.

ئەنجامی راپرسییەکەی ئەوان ئەوە بوو کە چارەگێکی دانیشتووانی ئەمریکا نازانن گۆی زەوی بەدوری خۆردا دەسووڕێتەوە. ئەم راپرسیە لەناو قوتابیانی ئەمریکادا ئەنجام دراوە. لەمەیانەوە دەردەکەوێت بەشێکی بەرچاو لە قوتابیانی ئەمریکا کە نەوەی دوارۆژ و هیوای داهاتووی خۆیانن، کەیفیان بە سیاسەت و شتی وا نایەت.
ئەوەی لای خۆمانیش راپرسیەکی لەبارەی رێژەی لایەنگرانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەنجام داوە کە هیچ دەرەتانێکی بۆمان نەهێشتۆتەوە و دەبێ هەموو لایەک بە گەدا و شا و هەژار و دەوڵەمەندەوە هەر لە شۆفێر تاکسیەوە بیگرە هەتا دەگاتە گەورەکچ و پیرەژنان هەموو لایەک دەبێ سیاسی بن و لەم راپرسییەدا بەشدار بن.
وەک کوردە عەرەبینووسەکان دەفەرموون، ئەوانە زۆر «بەسیتە»، بەڵام کێشەی سەرەکیی مێشکی من ئەمەیە کە بۆچی ئەم مریشکە بێبەختانەی ئێمە بەپەلە لاسایی قەلی هەندەران دەکەنەوە و هەرچی قەلی هەندەران کردی ئەوانیش وک تووتی دەیلێنەوە.

**ئاخر مریشکی ماڵوێران، بۆچی ئەوا بە پەلە لاسایی خەڵک دەکەیەوە؟ هەر نەبێت تۆزێک رەحم و بەزەییت بە مریشک بوونی خۆت دابێت.**

لە ژمارە ٦٢٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

١٩ی فێبریویری ٢٠١٤

## هەشتی مارس بەتەنیا لە ئافرەتان پیرۆز بێت

لە زمانی ئێمەدا ژن وشەیەکە زۆر زۆر زیاتر لە وشەی ئافرەت لەسەر زارو زمانانە. دیارە هەزار جار ماشەڵڵا زمانەکەشمان زۆر لەمێژە لە رووباری بە خوڕی بەستاندارد بوون پەڕیوەتەوە و خەریکە لەوبەر رووبارەکە خۆی رادەوەشێنیت و بە تەمایە جلەکانی ژێرەوەی بکاتەوە بەر. زمانی پێشکەوتووو گەشەکردوو، ئەو زمانەیە لەخەم ڕستووە و لە هەمووشێک لە خۆ بۆتەوە. زمانێک کە لێی خاترجەمین ناکەوێتە بەردەستی لەفەفرۆش و ساندویچ فرۆشەکانی سەر شەقامەکانی سەهۆڵەکەو شێخەڵلا و ئیقباڵو مەلاجامی، ئیدی بۆ ئەوە نابێ خەمی بۆ هەڵبگرین. ئەم زمانە پوختو پاراوەمان دوور لە هەر چەشنە برژاندنو دەمارگرژییەک خەریکە زۆر بە خێرایی قۆناخەکانی پێشکەوتن دەبڕێت. لە سەروبەندی ساڵرۆژی هەشتی مارسدا وەک هەموو بۆنەو رێکەوتێکی دیکە، بابەتی تایبەت بەم رۆژە زیاتر دەکەوێتە سەر زارو زمانان. هەر بەم هۆیەشە لەم چەند رۆژەدا، ژنو ئافرەت بە هەوای سویچکەیی و سێپییی و شێخانیو داغەییو رۆینە لە سەر زمانی هەموو کەس هەڵدەپەڕن. ئەم هەڵپەڕکێیە جیاوازی بە زمانی نێرو مێ ناکاتو هەرکەسێک لەم دوو رەگەزە ئازیز و مێهرەبانە دەمی بکاتەوەو گۆشەیەکی زمانی دەرکەوێت، ئەوە هەڵپەڕکێیە دەست پێدەکات.

ئەم زمانە چەورو لووسو نەبرژاوە کە بەردەوام خەریکی هەڵپەڕاندنی ژنو ئافرەتە بۆ هەر کامیان سنووری بەرچاویشی دیاری کردووە. وێڕای ئەوەی ئەو مرۆڤانەی لە لایەن زمانەوە ئەم ناوانەیان بۆ لەبەرچاوگیراوە قەلافەتی وەک یەکە، بەڵام جیاوزیی بەرچاویشیان هەیە.

**لێرەدا ئامادەم بە نوێنەرایەتیی زمانی پاراو و پێشکەوتوو ئاماژە بە هێندێک لە جیاوازییەکانی ژنو ئافرەت بکەم.**

١- ژن لە دووپیتی «ژ» و «ن» پێکهاتووە و ئافرەتیش لە کۆمەڵە پیتی «ئـ»، «ا»، «ف»، «ر»، «ە» و «ت» پێکهاتووە. هەر بۆیەشە زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتان جلەکانیان شۆڕ و درێژە و جوان دایاندەپۆشێ و وەک ژنان قاچ و قول رووت و سینگ دەرپەڕیو نین.

٢- لە کوردستانی گەرمێن کە جاران تەنیا ناوی گەرمێن بوو و ئێستا چەندین ناوی سەیرو سەمەرەی دیکەی وەک باشوورو هەرێم و شتی وای هەیە، هەر ژنێک لە ناوچەی سەوزەوە بچێتە ناوچەی زەرد، هەر لەخۆڕا دەبێت بە ئافرەتو هەر ئافرەتێکیش لە ناوچەی زەردەوە بچێتە ناوچەی سەوز، ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتماتیک واتە هەر لە خۆڕا، دەبێت بە ژن. ئەم

خاڵی دووەمە تەنیا ئەو ژنو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆران لە کاروباری سیاسیدا دەمڕاستن یان خۆیان بە کاری دەملەپێشی هەڵدەستن. لێرەدا چونکە باسی هەڵپەڕینمان کرد، وشەی «هەڵدەستن» بە داتاشراو نازانرێتو تەواو لەجێگەی خۆی دایە. لە هەڵپەڕیندا کەسانی لای گاوانیو گۆرانیبێژی ناوەندی هەڵپەرکێکە بۆیان هەیە پڕ بەدەمیان هاوار بکەن و بڵێن هەستە دەی هەستە سەرچۆپی.

٣- لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ژن بۆ حاڵی خۆی لە ئافرەت وریاترە و ژن بێ ئەوەی پەرەمێزی لە دەستدا هەڵبچێتو ئاگر بگرێت، دەتوانێت رۆژانەو تەنانەت شەوانەش بە کەیفی خۆی بچێتە حەمامو بێ ئەوەی بسوتێتو بمرێت، درێژە بە ژیانی بدات. هەروەها لە خۆی رادەبینێت دەیان سەرەپەتو گوریسو داوی ئەستوورو باریک بدۆزێتەوەو خۆی بە هیچکامیانەوە نەخنکێنێت. بەڵام ئەم کارە زۆر بە زەحمەت لە دەست ئافرەت دێت. ئافرەت پێچەوانەی ژن زیاتر نەوت و کارەبا و دەواو دەرمانو تەنانەت بە دەنکە شقارتەیەکیش دەمرێت.

٤- لە بەرانبەر ئافرەتدا ژن بوونەوەرێکی دەستو پێ سپیلکەیەو زۆر کاری پێ ناکرێن. بۆ وێنە ژن بە زەحمەت دەتوانێ خۆی بەگژ هەوێیەکو دووهەوێو تەنانەت سێ هەوێشدا بکاتو لەگەڵیان لە ژوورێکدا چەنگە پرچەو شەڕەشەق بکات. هەر لەم بێ دەستەڵاتییەوە بە تەنیا لەگەڵ مێردەکەی دەژێتو توانای هەوێساریی نیە.

٥- ژنان رۆژی هەشتی مارس دەکەن بە جێژنو خۆشی و ئافرەتان پێیان فشەیە.

ئەم جیاوازیانەو چەندین جیاوازیی دیکەش لە ناو ژنانو ئافرەتاندا بەرچاون. وێڕای ئەمەش هاوسەرانی ژنانو ئافرەتانیش جیاوازیی بەرچاویان هەیە.

ئەو پیاوەی هاوسەری ژنە ترسنۆکەو ناوێرێ ژنەکەی تووشی هەوێساری بکات، بەڵام ئەوەی هاوسەری ئافرەتە وا نییەو لە خۆی رادەبینێت رادەی ئافرەتەکانی هاوسەری بگەیەنێتە چوار کەس کە بە خۆیەوە باری ئۆتۆمبێلێکی قەمەرەی پێنج کەسی دەبن کە دوانیان لەپێشەوە و سێ لەدواوە سواری بیلامانێ قەمەرەکە دەبن. (بەم تێبینیەوە تەنیا ئافرەتێک دەتوانێ لەگەڵ شۆفێرەکە لە پێشەوە دابنیشێت، سێ کەسەکەی دواوە واباشترە هەتا نۆبەی لە پێشەوە دانیشتنیان دێت، پێکەوە بسازێن).

ئەوپیاوەی مێردی ئافرەتە، هەروەها لەخۆی رادەبینێت لەم چوار ئافرەتەش هەرکامیانی بەدڵی نەبوو، تەڵاقی بدات و خێرا ئافرەتێکی دیکە لەخۆی مارە بکات. لێرەدا دەبێ پیاوانی بەرێز ئەمەیان لەبەرچاو بێت کە پێویستە هەموو هاوسەرە

هەوێکان ئافرەت بزو ئەگەر تەنیا یەک ژن بکەوێتە ناویانەوە ریسەکەی لێ دەبێتەوە بە خوری.

**بەم هۆکارانەی سەرەوە و زۆر هۆکاری دیکەش کە یان بۆ باس کردن نابن یان بۆ ئەوە نابن لێرەدا بیانخەینە بەرباس، هەشتی مارس هەر لە ئافرەتان پیرۆز بێت.**

لە ژمارە ٦٢٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

**٦ی مارچی ٢٠١٤**

---

## یادی زگچوونی تیپی زەیتوون دەکرێتەوە

پێش ئەوەی مەکتەبخانە بگاتە گوندو شارۆچەکەو شارەکانی ئێمە، دەوڵەمەندو زەنگینو پارەدارو ئاغاوەتی دەست رۆیشتوو، کەسێکی خوێنـدەواریان دەدۆزیەوەو لای خۆیـان رایانـدەگرت. بە تەغـارو پـووتو بـارو کەویـژو عەربە، گەنمیـان دەدایەو منداڵەکانیان دەنایە بەردەستیانو ئەوانیش فێری خوێندنو خوێندنەوەیان دەکردن. هێنـدێک کەسیش منداڵە نازدارەکانیـان دەنـایە بەردەسـتی مامۆسـتای ئـاوایی. مامۆسـتاش ئەو منـداڵانەی بە نیـوەمەلای لەخـۆی کەم خوێنـدەوارتر دەئەسـپاردو نیوەمەلاکە موستەعیدیان پێدەگوتو فێروخوازەکانیش بە سوختە نێودێر دەکران.

سوختە دەکەوتە بەردەستی موستەعیدو موستەعید لەبەردەست مامۆستا دابوو. ئەگەر مەلا لەماڵەوە لەگەڵ مەلاژنەدا نێوانی خـۆش بـوایە، ئەوە بە قـازانجی موسـتەعید بـوو. بەڵام موستەعیدەکان بە پرۆسـەی پـڕ لەهەورازو نشـێوی هاوسـەرگیریدا تێنەپەڕیبوون. لە ئەنجامدا سوختە ناچار بوو بەشێک لە قورسایی بێ مەلاژنیی موستەعیدیش بخـاتە سەرشـان. فێرخـوازانی بەردەسـتی مەلا لە ژوورێـکی نزیـک مزگەوتـی ئـاوایی بەنـاوی حـوجرە دەرسـیان دەخوێنـدو منـداڵانی بەردەسـتی میـرزای بەکرێگیراوی ئاغاواتو دەوڵەمەندەکانیش لە سووچێکی دیوەخان لەبەردەم کـابرای خۆێنـدەوار لە سـەر ئەژنۆیـان دادەنیشتنو دەرسیان دەخوێنـد. فێرخـوازانی هەردوو بـوارەکە لە خوێنـدنی دوو کتێبـی گوڵسـتانو بوسـتانی سـەعدیی شیرازیدا هـاوبەش بوون. ئەوکاتو دوای دامەزرانی مەکتەبخانەی مۆدێرنو سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرنیش، بەشـی هەرە زۆری بـاوکـان بەو تەمـایە کوڕەکانیـان دەنـایە بەرخوێنـدن کە کاتێـک دەچـنە شـارانو بە وڵاتـاندا دەگەڕێـن، وەک کـوێران نەبـن. بـاوکـان پاسـاویان ئەوەبـوو، دەیـانگوت: تـا ئێسـتا خۆمـان نەخوێنـدەوارینو وەک کـوێرین. واباشـە منـداڵەکانمان لانیکەم فێـری خوێندنەوە بنو ئەگەر چونە شاران بتوانن تـابلۆی شەقامو سەر نۆڕینگەی پزیشکانو ئیدارە حکوومیەکـان بخـوێننەو ناچـار نەبن پرسیاری هەموو شوێنێک لەخەڵکی شارەکە بکەن.

دوای ئەوە قوتـابخـانەی مـۆدێرن لە شـارو گونـدان دروسـت کـرانو کچـانو کـوڕان بە لێشـاو چـوونە بەرخوێنـدنو خوێنـدن، پەروەردەی نوێ پسپۆڕو ماموستای بـوارە جیاوازەکـانی بەرهەم هێنـا. خەڵـک پـۆل پـۆلو دەستە دەستە وەک مێگەلە مەڕی نێـریکێش کـراو سـەریان بە ژووری پـۆلی زانکۆکـاندا کـردو خوێنـدەواری پـلە بەرزی قەپـۆز بەرانیـی لـووت بڵنـد لەم خوێندنگایەنەوە گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا.

زمانیش وەک سەرکیترین کەرەستەی پەیوەندی گرتنی مرۆڤەکانو کانگای بیرو ئەندیشەو فەرهەنگو تێگەیشتن کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو گەلێک مرۆڤی شارەزا لەبارەی زماندا بەڵگەنامەی بەرزیان لە زانکۆکان وەرگرت.

**لەم چەند رۆژەی رابردوودا لە خزمەت کۆمەڵێک لە ماموستاو نووسەراندا بووم. لەو شوێنەی لێی بووین، لەناکاو لەسەر دەرگای ژوورێکدا چاوم بەم رستەیە کەوت:**

**«هۆڵی یادەوەری رەوانکردنی تیپی زەیتوون».**

چەندی لەخۆم نووسامو فشارم بۆ ئەم چەندگرامە شلەپەتەی ناو کاژەلاکم هێنا، ئەویش هیچی بەدەستەوە نەدا، هەر دەیگوت تێی ناگەم. هەر لەو شوێنە کۆڕێکی گەورەی ئەدەبی بۆ نووسەرانی پایەبەرزی کورد گیرابوو. نووسەرو شاعیرو رەخنەگری یەکەیەکە و بەناوبانگ و ناوبەدەرەوەی لێبوون. هەر بە رێکەوت چەند دانەیەکم هەڵبژاردو بەرەو ئەم دەراگایە رۆیشتمو گوتم ببوورن ماموستایان، چەندی دەکەم لەم رستەیە ناگەم! هیچکامیان وەلامێکی وەک ئەوەی دیکەی پێ نەبوو. ئەو ماموستایانەی دەمبردنە بەر ئەو دەرگایەی ئەم رستەیەی لەسەر نووسرابوو، پێکەنینێکی تاڵیان دەهاتێ. بەرەو رستەکە گڕ دەبوونەوەو پشتیان تێدەکردو دەرۆیشتن. لەدوورەوەش ئاوڕێکیان وێدەداو بە بزەیەکی تاڵترەوە رێگەیان دەگرتەوەبەر. بە موبایلەکەم وێنەیەکی رستەکەم گرتو بردم پێشانی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆ بەرزەکانی کوردستانمداو ئەویش گوتی تێی ناگەم.

بە ناچاری هەر خۆم بیرم لێکردەوە. لە دەروونی خۆمدا گوتم هۆڵ یانی»هاڵ، ژوورێکی گەورە، قاعە، حەوشەی ماڵ»، یادەورەیش یانی «بیر هێناوەو بیر کەوتنەوە و وەبیر هێناوە». راونکردنیش وشەیەکە زۆر هەڵدەگرێت: «ناردن بەرێکردن، تووشی زگچوون کردن، لەبەر کردنو شتی دیکەش». تیپی زەیتوونێش بەو بەشە لە سوپای کۆریای باشوور دەگوترێت کە شان بەشانی سوپای ئەمریکا لە عێراق دژی سەدام و کەسوکار و حیزبەکەی جەنگان.

**دوای لێکدانەوەیەکی زۆر بەم ئاکامە گەیشتم ئەمە مانای ئەم رستەیە بێت:**
**«هۆڵی وەبیرهێنانەوەی تووشی زگچوون کردنی تیپی زەیتوون»**

**ئەگەر واش بێت، دیارە هۆڵە خاوێن کرابۆوە، چونکە لەوێ کەس هەستی بە بۆنی ناخۆش نەکرد.**

**لە ژمارە ٦٢٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**٢٠ی مارچی ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe

## چنینەوەی هەڵەی خۆم

ئەمەی خوارەوە بابەتێکە لە گۆشەی «هەڵەچینی»ی ژمارەی رابردووی ئەم رۆژنامەیەیەی بەردەستتاندا بڵاوم کردۆتەوە. چاوی جاسووسێم کوێر بێتو قامکی پەلاپیتکێم شکێت، خۆ منیش وەک خەڵکی دیکە نەمئەنگاوتووە. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە، هاوڕێیەکی زۆر زۆر زۆر نزیکم، هەڵەکانی چنی، لەناو کەوانەدا راستەکانی نووسی و پێی دامەوە. منیش بە هەموو لایەکی دەسەلمێنم خۆم بەڕاستی هەڵەچێنم.

### بابەتە «هەڵەئامێز»ەکە: (ببوورن، هەڵەئامێزیش هەر هەڵە چاندنە)

### یادی زگچوونی تیپی زەیتوون دەکرێتەوە

پێش ئەوەی مەکتەبخانە بگاتە گوندو شارۆچەکە (شارۆچکە)و شارەکانی ئێمە، دەوڵەمەندو زەنگینو پارەدارو ئاغاوەتی دەست رۆیشتوو، کەسێکی خوێندەواریان دەدۆزیەوە (دەدۆزییەوە) و لای خۆیان رایاندەگرت. بە تەغارو پووتو بارو کەویژو عەربە، گەنمیان دەدایەو منداڵەکانیان دەنایە بەردەستیانو ئەوانیش فێری خوێندنو خوێندنەوەیان دەکردن. هێندێک کەسیش منداڵە نازدارەکانیان دەنایە بەردەستی مامۆستای ئاوایی. مامۆستاش ئەو منداڵانەی بە نیوەمەلای لەخۆی کەم خوێندەوارتر دەئەسپاردو نیوەمەلاکە موستەعیدیان پێدەگوتو فێروخوازەکانیش (فێرخوازەکانیش) بە سوختە نێودێر دەکران.

سوختە دەکەوتە بەردەستی موستەعیدو موستەعید لەبەردەست مامۆستا دابوو. ئەگەر مەلا لەماڵەوە لەگەڵ مەلاژندا نێوانی خۆش بوایە، ئەوە بە قازانجی موستەعید بوو. بەڵام موستەعیدەکان بە پڕۆسەی پڕ لەهەورازو نشێوی هاوسەرگیریدا تێنەپەڕیبوون. لە ئەنجامدا سوختە ناچار بوو بەشێک لە قورسایی بێ مەلاژنیی موستەعیدیش بخاتە سەرشان. فێرخوازانی بەردەستی مەلا لە ژوورێکی نزیک مزگەوتی ئاوایی بەناوی حوجرە دەرسیان دەخوێندو منداڵانی بەردەستی میرزای بەکرێگیراوی ئاغاواتو دەوڵەمەندەکانیش لە سووچێکی دیوەخان لەبەردەم کابرای خۆێندەوار (خوێندەوار) لە سەر ئەژنۆیان دادەنیشتنو دەرسیان دەخوێند. فێرخوازانی هەردوو بوارەکە لە خوێندنی دوو کتێبی گوڵستانو بوستانی سەعدیی شیرازیدا هاوبەش بوون. ئەوکاتو دوای دامەزارانی (دامەزرانی) مەکتەبخانەی مۆدێرنو سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرنیش، بەشی هەرە زۆری باوکان بەو تەمایە کوڕەکانیان دەنایە بەرخوێندن کە کاتێک دەچنە شارانو بە وڵاتاندا دەگەڕێن، وەک کوێران نەبن. باوکان پاساویان ئەوەبوو، دەیانگوت: تا ئێستا خۆمان نەخوێندەوارینو وەک کوێرین. واباشە منداڵەکانمان

لانیکەم فێری خوێندنەوە بن و ئەگەر چونە (چوونە) شاران بتوانن تابلۆی شەقام و سەر نۆرینگەی پزیشکان و ئیدارە حکوومیەکان بخوێننەو (بخوێننەوە و) ناچار نەبن پرسیاری هەموو شوێنێک لەخەڵکی شارەکە بکەن.

دوای ئەوە قوتابخانەی مۆدێرن لە شار و گوندان دروست کران و کچان و کوڕان بە لێشاو چوونە بەرخوێندن (خوێندن)و خوێندن، پەروەردەی نوێ پسپۆڕو ماموستای بوارە جیاوازەکانی بەرهەم هێنا. خەڵک پۆل پۆل و دەستە دەستە وەک مێگەلە مەڕی نێریکێش کراو سەریان بە ژووری پۆلی زانکۆکاندا کردو خوێندەواری پلە بەرزی قەپۆز بەرانیی لووت بڵند لەم خوێندنگایەنەوە گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا.

زمانیش وەک سەرکی‌ترین (سەرەکی‌ترین) کەرەستەی پەیوەندی گرتنی مرۆڤەکان و کانگای بیر و ئەندیشەو فەرهەنگ و تێگەیشتن کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو گەلێک مرۆڤی شارەزا لەبارەی زماندا بەڵگەنامەی بەرزیان لە زانکۆکان وەرگرت. لەم چەند رۆژەی رابردوودا لە خزمەت کۆمەڵێک لە ماموستاو نووسەراندا بووم. لەو شوێنەی لێی بووین، لەناکاو لەسەر دەرگای ژوورێکدا چاوم بەم رستەیە کەوت:

«هۆڵی یادەوەری رەوانکردنی تیپی زەیتوون».

چەندی لەخۆم نووسام و فشارم بۆ ئەم چەندگرامە شلەپەتەی ناو کاژەڵاکم هێنا، ئەویش هیچی بەدەستەوە نەدا، هەر دەیگوت تێی ناگەم. هەر لەو شوێنە کۆڕێکی گەورەی ئەدەبی بۆ نووسەرانی پایەبەرزی کورد گیرابوو. نووسەرو شاعیرو رەخنەگری یەکەیەکەو بەناوبانگو ناوبەدەروەی (ناوبەدەرەوەی) لێبوون. هەر بە رێکەوت چەند دانەیەکم هەڵبژاردو بەرەو ئەم دەراگایە (دەرگایە) رۆیشتم و گوتم ببوورن ماموستایان، چەندی دەکەم لەم رستەیە ناگەم! هیچکامیان وڵامێکی وەک ئەوەی دیکەی پێ نەبوو. ئەو ماموستایانەی دەمبردنە بەر ئەو دەرگایەی ئەم رستەیەی لەسەر نووسرابوو، پێکەنینێکی تاڵیان دەهاتێ. بەرەو رستەکە گڕ دەبوونەوەو پشتیان تێدەکردو دەڕۆیشتن. لەدوورەوەش ئاوڕێکیان وێدەداو بە بزەیەکی تاڵترەوە رێگەیان دەگرتەوەبەر. بە موبایلەکەم وێنەیەکی رستەکەم گرتو بردم پێشانی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆ بەرزەکانی کوردستانم‌داو ئەویش گوتی تێی ناگەم.

بە ناچاری هەر خۆم بیرم لێکردەوە. لە دەروونی خۆمدا گوتم هۆڵ یانی»هاڵ، ژوورێکی گەورە، قاعە، حەوشەی ماڵ»، یادەورەیش (یادەوەریش) یانی «بیرهێناوە (بیرهێنانەوە) و بیر کەوتنەوە و وەبیر هێناوە (وەبیرهێنانەوە)». راونکردنیش (رەوانکردنیش) وشەیەکە زۆر هەڵدەگرێت: «ناردن، بەرێکردن، تووشی زگچوون کردن، لەبەر کردن و شتی دیکەش». تیپی

زەیتوونێش (زەیتوونیش) بەو بەشە لە سوپای کۆریای باشوور دەگوترێت کە شان بەشانی سوپای ئەمریکا لە عێراق دژی سەدام و کەسوکار و حیزبەکەی جەنگان.

دوای لێکدانەوەیەکی زۆر بەم ئاکامە گەیشتم ئەمە مانای ئەم رستەیە بێت:

«هۆڵی وەبیرهێنانەوەی تووشی زگچوون کردنی تیپی زەیتوون»

ئەگەر واش بێت، دیارە هۆڵە خاوێن کرابۆوە، چونکە لەوێ کەس هەستی بە بۆنی ناخۆش نەکرد.

لە ژمارە ٦٢٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٥ی ئەپریلی ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## مارکیزیش نەیتوانی لێمان تێکبدات

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی دەخوێنینەوە، وەک ئەم دواییانە چێژی خۆشمان لە ڕاگەیاندنی کوردی وەرنەگرتووە. ئەم ڕاگەیاندنە، بە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنو گۆڤارو رادیۆیەوە، وەک لای خۆمان ئێژن هەر زینەتە بیخوێنیەوەو چاوی لێبکەیو گوێتی پێبسپێری. بە تایبەت لە بەشەکانی جۆراوجۆری ئەدەبیو هونەرو مونەرو شتی وادا بەڕاستی خەریکی بەرەو پێشبردنی هونەرە و خەریکە کولتوور بە چەشنێک دەخەملێنێت، پێی شاگەشکە دەبی و چاوەڕوانی لە داهاتوودا بمانگەیەنێتە فەرهەنگێکی جوانو لەبەر دڵان. ئەگەر خێرا چاوێک بە سەردێڕو وەک ئەم دواییانە باوە، مانشێتی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بگێڕی، هەر بە یەکجاری خەنی دەبی.

دوای ئەوەی ئینترنێت بوو بە سەرچاوەی زانیارییەکانو وەک تۆڕێکی پێوەندیگرتن ئێمەی بە جیهانەوە گرێدا، هەر مەپرسە ڕۆژنامەنووسانو پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن چۆن دەرگای جیهانی نوێیان بە ڕوومانددا کردەوە. ئێستا لەم سەردەمەدا کێ هەیە لە پانتایی ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی کوردی بڕوانێتو سات بە ساتو چرکە بە چرکە ئاگاداری ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنە خێراکان نەبێت؟ کامە پارچەو قوماش دەبێتە مۆدی ڕۆژ، دەیخەنە بەرچاوت. کێهە ماتیک و سووراو و سپیاو لە گۆشەیەکی دووری ئەم دنیا بچووکەدا مۆدە، پێشانت دەدەن. ڕاگەیاندنی خۆمان کە بە قووڵی هەستی بە سەریەتیی ئەم بەشەی ڕاگەیاندن کردووە، زۆر جوان دەیقۆزێتەوە و بە زمانێکی جوانو پاراو و گەنجانە دەیکاتەوە کوردیو لەگەڵ وێنەی جوانی ئەکتەرو گۆرانیبێژ و دەورگێڕی فیلمە سینەماییە خۆشەکاندا بۆمان بڵاو دەکاتەوە. بەیانیان کاتێک بە چاوی خەواڵوو و دەمی بە باوێشکەوە بە بەردەم ڕۆژنامەفرۆشەکاندا ڕادەبری، پێت نییە بێ ئەوەی سەیری بڵاوکراوەکان بکەی بەسەریاندا تێبپەڕی. ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لاپەڕە ڕەنگاوڕەنگەکانیان بەم بابەتانە دەڕازێننەوە.

ساڵی ساڵان بە دەگمەن لەسەر قەپێلکی کاغەزی سابوونە بۆنخۆشەکاندا وێنەی جوانی کچانی لێکو لەبارت دەدیت. ئێستا حەوجێ بەوە ناکات دووکان بە دووکان بەدوای سابوونی لۆکسدا بگەڕێی. ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە بۆسەدان ئاخۆ ئەکتەرو گۆرانیبێژە کوڕو کچەکان لەم سەرو ئەوسەری جیهان دوێنێ ئێوارێ چ جلێکیان کردۆتە بەرو بە چ مۆدێلێک خۆیان جوان کردووە، لەدوا ساتەکانی بەر لە چاپی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەپەلە دەیانقۆزنەوەو لە لاپەڕە رەنگاوڕەنگەکانیاندا چاپیان دەکەن. هەر لەگەڵ ئەم وێنە جوانانەدا ئەوەشت پێدەڵێن کە فیسار گۆرانیبێژی لوبنانیو ئامریکاییو ئوروپایی حەزیان لە چ خواردنێکەو پێیان خۆشە لەگەڵ کام کوڕ یان کچ یان وەرزشکاردا ڕابوێرن.

جا بەمن چی، پیرە پیاوو پیرەژنەکانی خۆمان لەم زمانە کوردییە تێناگەن کە ئەم هەواڵو بابەتانەی پێ دەنووسرێت. خۆ هیچی بۆ ئەوان نییە، ئەمە هەمووی بۆ گەنجانو لاوانی خاوەنی بیرو ڕوانینی جوان بڵاو دەکرێتەوە. ئەگەر لە ڕاستی دەپرسی هەر پێویست ناکات ئەم لاپەڕانەی ڕاگەیاندنو شاشەی تەلەفزیۆن بە قسەو باسو نووسراوە پڕ بکرێنەوە. هەر وێنە جوانەکان پیشان بدرێن، بەسە. ئەمڕۆ زمان، زمانی وێنەو جووڵەیە. کێ سرنج دەداتە ئەوەی ئاخۆ فرمان لە ناوەند یان کۆتایی ڕستەیە یان وشەکان چی دەڵێن؟

هەر ئەوەی ناخۆشە، جاری وایە هێندێک هەواڵو مەواڵی سەیرو سەمەرە بڵاو دەکەنەوە «جەو»مان لێ تێکدەدەن. بەخۆت نییە لە داخان دەرهەڵدەبیو وەک شێتانت لێدێت. ئەوەتا لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا کابرایەکی تەمەن ٨٧ساڵان لە وڵاتی مەکسیک کۆچی دوایی کردووەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێمەش بەتەما بوون باسی بکەن. ئەمە کوا «ئیشە» ئەم لاپەڕە جوانانە بە هەواڵی مردنی کابرایەکی ئەوسەری دنیا خەسار بکەیو ئەم هەواڵە خۆشانەی دیکە بڵاو نەکەیەوە؟

چەند ڕۆژێک بەسەر مردنی ئەم کابرایەدا تێپەڕی، بەڵام بەخۆشییەوە خەریکە ترسەکە دەڕەوێتو زۆر کەم باسی کرا. چاک نەبوو ڕاگەیاندنی ئێمەش وەک هی عەرەبو فارسو تورکو نەتەوەکانی دیکە زۆر باسیان نەکرد و لە مەترسییەکی گەورە ڕزگاریمان هات! ئەگەر بهاتباو زیاتر باسی کرابا، وێدەچوو خەڵکیش بەلاڕێدا بچووبانو کەسانی زۆر روویان کردبایە خوێندنەوەی کتێبەکانی. ئەگەر خەڵک کتێب بخوێننەوە، ناچارن بیر بکەنەوە و ڕەنگە دواتر شتیش بنووسن.

قسەی خۆمان بێت و لەنێو خۆمان دەرنەچێت، ئەم کابرایەی کە باسی دەکەین هەر ئەم گابریل گارسیا مارکیزە کە پێم خۆش نییە ناویشی لە زمان منەوە بڵاو بێتەوە و مەترسی لەسەر ئەم سەقافەتو پێشکەوتنەمان دروست بکات، دەڵێن کاتێک لە ساڵی ١٩٦٥دا بیرۆکەی نووسینی کتێبی «سەت ساڵ تەنیایی» بە بیری داهات، لە سەفەربوو. ئۆتۆمبێلەکەی بەرەو ماڵ وەرسووڕاندەوە، لە ژوورێکدا خۆی بەند کردو هەموو ڕۆژێک ٦ پاکەت جگەرەی بەبا دەکردو ساڵ و نیوێک دواتر خێزانەکەی خۆی ١٢ هەزار دۆلار قەرزدارکرد.

هێندێک کەسی لە ڕێگا دەرچووش دەڵێن بە ئەم کتێبە خەڵاتی جیهانیی نۆبێلی وەرگرتووە. ڕەحمەت لە دایک و باوکی نووسەرانی لای خۆمان کە ئەوەندە بەوردی نووسراوەکانی ئەم کابرایەیان نەخوێندۆتەوەو ناتوانن بۆ داڕشتنی خەبەری مردنیشی بابەتی درێژی لەسەر بنووسن. ئەگەر ئەوا نەبوایە، بۆماوەی چەندین ڕۆژ لاپەڕە جوانەکانی ڕاگەیاندنمان دەفەوتاو دەبوو بۆ دیتنی وێنەی جوانی کچ و کوڕە مۆدێلەکان دەستەوئەژنۆ دانیشین.



سەرچاوە
Serchawe

بە خۆشییەوە ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی ئێمە وەک ئەوانی دیکەی نەکرد و ئەم مارکیزەش نەیتوانی لێمان تێکبدات. وێدەچێت سەدانی وەک ئەم کابرایە نەتوانن بەرەوڕووی خۆڕاگریی ڕاگەیاندنی ئێمە لەبەرانبەر پێشهاتە مەترسیدارەکاندا ببنەوە. ئەمجارە لەم مەترسییە ڕزگاریمان هات و ژیانی ئارام و بێ کێشە و قڕەمان لێ نەشێوا.

لە ژمارە ٦٣٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## هۆلۆکاست کاری کوردی ئاڵمانیولنەسلە

لە سەردەمی ئێستادا دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێشڕەوی ڕەوشەنگەری و تێگەیاندنی خەڵکن. لە نێو ڕاگەیاندنیشدا هەزارو چەندسەد ماشەڵڵا ڕاگەیاندنی خۆمان بە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و لێهاتوویەوە نزیکەی ٢٠٠ ساڵە چالاکە. دیارە نابێ ڕۆژنامە خۆمانتان لەگەڵ ئەم ڕۆژنامە کوردییە لێتێک بچێت کە ١١٧ ساڵ لەمەوبەر بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە. من کاتێک دەڵێم خۆمان مەبەستم خۆمانەو هیچی دیکە. هەر ئەم خۆمانەی لەسەر نەخشەیەکی وەک پشیلەیەو لە ڕۆژئاوای ئەفغانستانو پاکستانەوە تا ڕۆژهەلاتی تورکیاو عێراقی بە بەرینایی نێوان دوو دەریای خەلیجی نازانم چیو بەحرە کۆنەکەی قەزوینی لە خۆ گرتووە. بۆیە دەڵێم خەلیجی نازانم چی، ئێستاش شەڕی مەجووسیەکانی باکووری خەلیجو تازییەکانی باکووری ئەم کەنداوە بەردەوامە. یەک دەڵێ خەلیج بە شێوەیەک عەرەبی دەزانێت، قەبیلەی قورەیشی پێش ئیسلامیش عەرەبیی وا نازانن و جەماعەتەکەی لای باکووری کەنداوەکەش دەڵێن «خەلیجێ همیشە فارس» پێش ساسانییەکان تەنانەت بەر لە ئاوەدانبوونەوەی ئەم ناوچەیە لەلایەن مرۆڤەوە فارسییەکی وەک چاوی کەڵەبابی زانیوە.

ئەوەی سەرەوە تەنیا بۆ ناساندنی جوگرافیای خۆمان بوو. ئەم جوگرافیایەی خۆمان ماوەی نزیکەی ٢٠٠ ساڵە ڕۆژنامەگەریی تێدا بەردەوامەو ئەوەندەی ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و لێهاتوو و ڕاستگۆ تێدا پەروەردە بووە کە ئەم جەماعەتی ڕۆیتەرز و مۆیتەرزو ئاسۆشیتێدپرێس و شتە هەر تۆزیشمان ناشکێنن.
لە نێو ئەم ڕۆژنامەنووسە لێهاتووانەی خۆماندا ماڵپەڕێکی «وەزین» بە زمانی شیرینی فارسی کە هەموو دانیشتووانی سەر جوگرافیای شێوە پشیلەکە دەبێ تێی بگەن، بابەتێکی جوانی بڵاو کردۆتەوە، بەڕاستی جێگەی سەرنجە.

ماڵپەڕەکە کە بە زمانی دیسان شیرینی فارسی لە تەنیشت لۆگۆکەی نووسراوە «خۆر هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژهەلاتەوە دەردەکەوێت»، لە بابەتێکی تازەدا باس لە ڕەگەزی کوردان دەکات.

ماڵپەڕی ناوبراو لە بابەتێکدا وەڵامی ڕێکخراوێکی ژنانی سەر بە یەکێک لە حیزبە زیددی ئینقلابەکان دەداتەوە.

گوایە ڕێکخراوەکەی ژنانی سەر بە زیددی ئینقلاب بە زمانی سووتاوییەوە باسی پێشێلکردنی مافی ژنانی لەسەر پێستی پشیلەکە کردووە.

ماڵپەڕە پرۆفیشناڵەکەی خۆمان کە بەتەمایە هەموو ڕۆژێ بەیانیان لە جیاتی خۆر دەرکەوێت، لە وەڵامی ئەم بابەتەدا باسی مەترسییەکی زۆر گەورەی هێناوەتە زمان. نووسەری بابەتەکە بە مەبەستی تێگەیاندنی خوازیارانی زانیاری پەردەی لەسەر ڕازێکی گەورە هەڵداوەتەوە کە دۆزینەوەی ئەم ڕازە بۆ یەکانگیریی جوگرافیاکە زۆر بەسوودە. ئەوە یەکەم جارە ئەم ماڵپەڕە ئاماژە بە مێژوویەکی شاراوە بکات. بەپێی ئەم زانیارییە نوێیە بەرادەرانی مەرزنشینی غەیوری غەربی کشوەری پەهناوەری خۆمان لەگەڵ هیتلێری ئەڵمانیدا خزمایەتیی نزیکیان هەیە. ماڵپەرەکە بۆ ئاشکرا کردنی زیاتری ئەم نهێنیو ڕازە پەردە لە سەر زەماوەندو خزمایەتییەک هەڵدەداتەوە کە تا ئێستا کەس هەستی پێنەکردووە. لە وتاری ئەو ماڵپەڕەدا لە تۆڵەی فەرمایشی ڕێکخراوەکەی ژنان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی ژن لە ئێرانی پەهناوەردا دەڵێت سەرۆکی پەکەکە کە ماوەی ١٦ ساڵە لە زیندانی ئیمراڵی دایە خودا دەزانێ چەند ساڵ بەر لە دەستبەسەرکرانی زەماوەندی لەگەڵ کچێکی ٦ ساڵانی کوردی ڕۆژهەڵاتی بە ئەسڵ ئاڵمانی کردووە. بەحیسابی نووسەرەکە کە دەبێ کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هەمان غەربی کشوەری خۆمانە زیدی ئینقلاب ئەم نێوە ناشیرنەی بۆ داناوە، بەشێکە لە ئاڵمانیا یان ڕەنگە ئاڵمانیا بەشێک لە غەربی کشوەر بێت. ماڵپەڕەکە وێنەی هاوسەرە کوردە ئەڵمانیولئەسلەکەی بەڕێز ئۆجالانیشی داناوەو بەم کارەی دوژمنێکی گەورەی بۆ ئەم وڵاتەمان دروست کردووە. ئەوەمان لەبیر نەچێت کچە شەش ساڵانەکە کە دوای گیرانی بەڕێز ئۆجالان گەورە بووە، خۆی لە سوێندانێدا نوقم دەکاتو دەڵێت من ئەندامی حیزبێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.

**بە پێی زانیارییەکانی ئەم ماڵپەرە، لێکدانەوەی هەڵەچێن بە کورتی بەم شێوەیە دەبێت:**

١- غەربی کشور بەشێکە لە ئاڵمانیا یان ئاڵمانیا بەشێکە لە غەربی کشوەر.

٢- سەرۆکی حزبێکی کوردستانی تورکیا کە زیدی ئینقلاب پێی دەڵێت باکوور، زاوای حیزبێکی مونحەلـلەی غەربی کشوەرە.

٣- کچی زیدی ئینقلاب لە تەمەنی ٥ تا ٦ ساڵیدا دەگاتە «حەددی بلووغ».

٤- کوردی باکوور لە ڕێگەی کوردی غەربی کشوەری خۆمانەوە بە خزمایەتی دەگەنەوە وڵاتی هیتلێرو سەرئەنجام ڕووداوی هۆلۆکاست بە دەستی بنەماڵەی کچە کوردە ئاڵمانیۆلئەسلەکە لە مەودای نێوان پیرناسرو ڕەندۆڵە ڕوویداوە کە دەکاتە زێدی بنەماڵەی هاوسەرە ئاڵمانیولئەسلەکەی سەرۆکی حیزبەکەی باکووری کوردستان. ٥- پێچەوانەی بۆچوونی سەرۆککۆماری پێشووی خۆمان، هۆلۆکاست ئەنجام دراوەو هەر لەبنەڕەتەوە کاری کوردی زیدی ئینقلابە.

لە ژمارە ٦٣١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی مای ٢٠١٤

## ئەی وەرن با بەزمانی جەستە قسە بکەین!

سوپاسو حەمدو سەنا بۆ پەروەردگاری ئافرێنەری هەموو کائیناتو هەسارەکان و هەڵسوورێنەری هەموو بوونەوەرەکان بە گیاندارو بێگیانو ئینس و مرۆڤەوە. سوپاس بۆ ئەو خوایەی ئەم هەموو زمانو زاراوە جۆراو جۆرەی ڕۆناوە. خۆ هیچ ڕێی تێناچێت بەندەیەکی بێدەستەڵاتی وەک منی نووسەری ئەم هەڵێتو پەڵێتە بێ ئەمری خوای گەورە بکاتو بڵێت خوایە گیان بۆ بەم بەشی خوڵقاندنی زمانەداناچییەوە و بەناو زمانی کوردی لە ڕیزی زمانەکان لانادەی؟
دیارە خوای گەورەش هەموو دەروویەکمان لێناگرێتو دەرگایەک دادەخاتو سەتی دیکەمان بۆ دەکاتەوە. سەبارەت بەم کێشەی زمانەش وەک دەڵێن لەخوا بەزیاد بێت لەم دواییانەدا دەرگایەکمان بۆ کرایەوەو ئەم شتەی کە چل پەنجا ملیۆن کەس لەسەرئەم گۆ خڕە خۆڵاوییەدا قسەی پێدەکەنو ئەم بڕە خەڵکە کەمە پێی دەڵێن زمان، کەوتە ژێر پرسیارەوە. هەرئەم پرسیارە کە کاکی کاکان، کاکە گەورەی خۆمان، فارسی خاوەن زوبانی شەککەرین سەبارەت بە قسەکردن بە کوردی نوێی کردەوە، بوو بە هۆی ئەوە منیش لەکاری دژ بە ئاسایشی نەتەوەییو بەرژەوەندیی گشتی بکشێمەوە و تەنانەت بێمە سەر ئەم ڕایە واز لە نووسینی ئەم گۆشەیە بۆ ڕۆژنامەی کوردستانیش بێنم.

دوای ئەوەی نوێنەرایەتیی ڕەسمیی ماڵی کاکمان لە شاری سلێمانی، لە نووسراوەیەکی چڕوپڕی پڕ لە بەڵگەو مەڵگەو سەرچاوە و مەرچاوەدا فەرمووی: «کورد زمانو مێژووی نییە» و ئەم چل پەنجا ملیۆن کەسەی لەم ناوچەیەدا بەو ناوەوە دەژین، وەک هۆلۆکاستەکەی جوولەکان درۆ و دەلەسەی مێژوونووسانی درۆزنو شتی وایە، من زیاتر بەخۆم داهاتمەوە.
ئەگەر زمانی فارسی واتە زمانی کاکی کاکان لە ناوچەکەدا وەک شەلی دەست بەعەسا بە یارمەتیی وشە و ڕستەو ڕێکەوەندی کوردی و عەرەبییەوە بەڕێگەدا دەڕوات، بەڵام هەر زمانی یەکەمە. فارسی دەتوانێت سێحری وا بکات سەری هەموو زانایان بتەزێنێت. ئەوەتا کام زمان هەیە بتوانێت بە تاقە یەک وشە سواری ڕستەیەکی دووردرێژ بێت و بە دوای خۆیدا هەوساری بکات؟ ئێوە هیچ هەستتان بە وشەی «است»ی فارسی کردووە؟ بۆ ئاگاداریی خوێنەری بەڕێز تەنیا بە ڕستەیەک گەورەییو توانای لە ڕادەبەدەری ئەم «است»ـەتان بۆ دەستنیشان دەکەم. ئەوە فشە نییە، ئەستە ئەست! سەیری ئەم ڕستەیە بکەن: « مصرف دخانیات اکیدا ممنوع است.» هەی چاوی سەرم بی «است»! نەتاندیوە ئاڵای شیرورۆژ نیشانی ژیار و شارستانیەتی لە سەر شان داناوە و لە دووندی ڕستەکەدا دەیشەکێنێتەوە؟ دیتووتانە چۆن وشەکانی «مصرف» و «دخانیات» و «اکیدا» و «ممنوع» بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت؟

دوای خوێندنەوەی ئەم رستەیە، جارێکی دیکە دەستی نووسەری بابەتەکەی نوێنەرایەتیی کاکی کاکان لە شاری سلێمانی دەگوشم کە دەیسەلمێنیت ئەوەی کورد پێی دەڵێت زمان، هەر تۆزی زمانی خۆشبەز و خۆشڕەوی فارسی ناشکێنێت و رەنگە شوێنیشی نەدۆزێتەوە. قسەی خۆمان بێت، ئێمەش کە بە خۆمان دەڵێین کورد، بەتەواوی لە هەڵە داین‌و ئەم وشەو رستانەی قسەی پێدەکەین زمان نییە. هەر با پرسیارێک لە خۆمان بکەین، ئەم هەزاران وشەیەی ماوەی چەند سەد ساڵە لە ناو کێوەکانی زاگرۆس مۆزۆپۆتامیاو شتیوادا ماوەتەوە و دەر و دراوسێکانیش چەندی دەیکەن و دەکرێنن، بۆیان ناچێتەوە سەریەکو وەک زمانەکانی دیکە ناچێت، کوا ئەمە زمانە؟

هەر ئەم رۆژنامەیەی بەردەستتان ئەوە نزیکەی ٧٠ ساڵێک دەبیت بە ئەم پیت و وشە و زاراوانە دەنووسرێتو ماڵی کاکمان دەبێ بۆ تێگەشتنی بابەتەکانی وەرگێری زمانی بۆ بەکرێ بگرن. رۆژنامە هیچ لەم دواییانەدا بە ملیۆنان لاپەرە پڕکراون لەم وشە و رستانەو بەملاوئەولادا بڵاو دەبنەوە. ئەم رادیۆو تەلەفزیۆن و شتە هەر بەیەکجاری کارەکەیان تێکداوە.

بە بڕوای من کێشەکە لە زمانەکەوە نییە. من کارم بەوەیان نەداوە ئاخۆ ئەم نیشانەو پیتو دەنگ و واج و وشە و رێکەوەند و رستەو شتانەی ئەم چەند دێڕەی سەرووم لێدروست کردوون، زمانە یان زمان نییە. باشترین پێشنیاریشم بۆ چارەسەری کێشەکە ئەوەیە ئەم چەند کەسەی لەم ناوچەیەدا بەمجۆرە قسە دەکەن‌و دەنووسن و دەخوێننەوە، وەک ساڵی ساڵان هەر لەشوێنی خۆیاندا زیندانی بکرێن و هەوڵ بدرێت لە نێو ئەم بەندیخانە گەورەیەشدا بە زەبری زمانە شەکەرەکەی ماڵی کاکمان ببن بە خاوەن زمان.

لە کاتێکدا دوای ٧٠ساڵ تەمەنی ئەم رۆژنامەیەو نووسینی ٥٠ گۆشە لەم لاپەڕەیەدا سوپاسی ماڵی کاکمان دەکەم کە وشیاریان کردمەوە نەک هەر منی نەخوێندەوار، بەڵکوو نالی‌و هێمن و بێکەسەکان و پەشێو و خانی و هەموو ئەو نووسەرە کەون و نوێیانەی بە شێوەی چل پەنجا ملیۆن کەسی گۆرین دەنووسن، لاڵە پەتەین‌و باشتر بوو بە زمانی جەستە و ئاماژە قسەمان کردبایە.


لە ژمارە ٦٣٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی مای ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

# ڕێبەری گەل



دەستەواژەی "ڕێبەری گەل"م لە نووسینێکی دوکتور قاسملوو خواستووەتەوە. یەکەم جار دیوانی شێعریی "تاریکوڕوون"ی مامۆستا هێمن پەنجا ساڵ لەمەوبەر بڵاو دەبێتەوە و دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە نووسینی پێشەکییەکی ١٥ لاپەڕەیی لەژێر سەردێڕی "شاعیری گەل" مانای قووڵ و مرۆڤدۆستانەی ئەم دیوانە شێعرییەی تێر و تەسەلتر کردووە.

وەک مامۆستا هێمن لە کۆتایی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی لەژێر ناوی "لە کوێوە بۆ کوێ"دا دەڵێت: ئەم دیوانە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی واتە ٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئامادە کراوە و دوور نییە پێشەکییەکەی دوکتور قاسملووش هەر لەو سەروبەندەدا نووسرابێت.

لە کاتێکدا خوێنەری بەڕێز چاوی بەم دێڕانە دەکەوێت، ٥٠ ساڵ بەسەر نووسینی پێشەکیی دوکتور قاسملوو بۆ دیوانی مامۆستا هێمندا تێپەڕیوە. ١٦ ساڵ دواتر وتووێژێکی کورت و بەپێزی دوکتور قاسملوو لەگەڵ بەشی فارسیی تەلەفزیۆنیی "بی.بی.سی" تۆمار کراوە و ئەم وتووێژەش ٢٥ سال دوای تۆمارکردنی بڵاو کراوەتەوە.

دیارە دوکتور قاسملوو پێشەکییەکەی دیوانی هێمنی دوای چاپ و بڵاوکردنەوە دیتووە، بەڵام وتووێژەکەی بی.بی.سی، ٢٥



سەرچاوە Serchawe

ساڵ دوای تیرۆرکرانی بڵاو بووەتەوە. کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندینش بە جۆرێکە هەموو وتووێژێکی لەمجۆرە دوای دەستکاریکردنی کەم یان زۆر و ڕێکخستنەوەی دووبارە، لە ئامێرەکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرێتەوە. هەر چۆنێک بێت، ئێستا ئەم دوو دەقەمان لەبەر دەستن و دەکرێت وەک بەڵگە پشتیان پێ ببەسترێت.

دوکتور قاسملوو لە پێشەکییەکەی بۆ "تاریکوڕوون"دا باس لە زۆر تایبەتمەندیی هێمن دەکات و بۆ سەلماندنی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی، دەقی جوان لە چەندین شێعری ئەم دیوانە دەخوازێتەوە و هەروەها لە وتووێژ دەگەڵ دەنگی فارسیی "بی.بی.سی"شدا زۆر بەجوانی باسی دۆخی سیاسیی ئەوکات و هەڵسوکەوتی خەباتگێڕانی کورد و دەستەڵاتدارانی تاران دەکات. بۆیە دەکرێت هەم پێشەکییەکەی "تاریک و ڕوون" و هەم وتووێژەکەی ١٦ ساڵ دواتری دوکتور قاسملوو لە ڕوانگە و گۆشە نیگای جوداوە بکرێنە سەرچاوەی ڕوون و بەرچاوی بابەت و لێکدانەوەی زۆر. بەڵام ئەوەی لێرەدا ئامانجی ئەم نووسراوەیە، سەلماندنی گەلیبوونی ئەم دوو ڕێبەرە مەزنەیە. بۆیە بە هەردوویان دەڵێم ڕێبەری مەزن، چوونکە هێمنی شاعیر بەم هەموو دەقە ئەدەبییەی خوڵقاندوونی سەدان و هەزاران کچ و کوڕی بەرەو خەبات لە گۆڕەپانی زمان و ئەدەب و خۆشەویستی و یەکسانیدا هان داوە و لە ڕاستیدا ڕێبەرایەتییانی کردووە. ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملووش لە ئاستی سیاسیدا بۆ هەموو لایەک حاشاهەڵنەگرە.

## هێمن شاعیری گەلە

بەرلەوەی بچینە سەر گەلیبوونی مامۆستا هێمن، دەگەڕێینەوە سەر ڕا و بۆچوونی دوو فەرهەنگنووسی ناوداری کورد. "شێخمحەمەدی خاڵ" لە فەرهەنگی خاڵدا بۆ شیکردنەوەی وشەی "گەل" دەڵێت: "گەل، کۆمەڵێکی گەورەیە لە ئادەمی کە پێکهاتبێ لە چەند تیرە و عێل و هۆز و خێڵێک و هەموو بە یەک زبان قسە بکەن." عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، ناسراو بە "هەژار موکریانی"ش لە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا دەڵێت: "وشەی گەل بریتییە لە "کۆمەڵە بنیادەمی هاونەژاد و خاوەنی زمان و خدە و خووی تایبەت بە خۆیان".

بۆ بیرهێنانەوەی زیاتری گەلیبوونی مامۆستا هێمن پشت بە بەشێک لەو پێشەکییە دەبەستم کە دوکتور قاسملوو بۆ دیوانی "تاریکوڕوون" نووسیویەتی:

"هەرکەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ، ناوی هێمنی بیستووە. شێعرەکانی خوێندووەتەوە و بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە. بەڵام شێعری هێمن هەر لە سەرتاوە لە چوارچێوەی ئەدیب و نووسەران دەرچووە، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز

کاریگەر بووە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی ڕزگاری هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر بە شاعیری گەلیش ماوەتەوە." (پێشەکیی دیوانی تاریکوڕوونی مامۆستا هێمن)

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی لە فەرهەنگی خاڵ و هەنبانەبۆرینەدا هاتووە، ئەو گەلەی هێمن شاعیریەتی، گەلی کوردە. هێمن شاعیری هەموو ئەو هۆز و تیرە و خاوەن زاراوە جۆرانەیە گەلی کوردیان پێکهێناوە. ئەم گەلە سەرەڕای هەبوونی پێناسەی گەلبوونی، لەگەڵ گەلانی دیکە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. ئەم جیاوازییەش لە چاوی دوکتور قاسملوو ون نەبووە و لە بەشێکی دیکەی پێشەکی بۆ دیوانی هێمن بەم جۆرە ئاماژەی پێ دەکات:

"هێمن نەتەوەکەی خۆش دەوێ، لەوەش زیاتر نەتەوەکەی خۆی دەپەرەستێ. بەڵام ڕقیشی لە هیچ نەتەویەکی‌تر نییە. لە هەموو دیوانی هێمن‌دا شێعرێک کە بە خراپە باسی نەتەوەیەکی‌تر بکا، یا کورد لە نەتەوەیەکی‌تر بە بەرزتر دابنێ، بەدی ناکرێ، دیاردەیەک کە بەداخەوە لە دیوانی زۆر شاعیری کورددا بەرچاو دەکەوێ. نەک ئەوە بەڵکوو بەشەردۆستی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری هێمنە".)سەرچاوەی پێشوو)

د. قاسملوو بۆ ئەوەی پیشان بدات هێمن شاعیری گەلێکی جیاوازە، ڕوانگەی ئەم شاعیرە هەڵکەوتەیە بۆ "پێشەوا قازی محەممەد" سەرۆککۆماری کوردستانمان بیر دەخاتەوە:

"هێمن زۆر جار باسی پێشەوا قازی دەکا، لە شێعرەکانی‌ڕا دیارە چەندە ئەو ڕۆڵە بەنرخ و هەڵکەوتووەی گەلی کوردی خۆش ویستووە. پێشەوای خۆش دەوێ چونکە:

زانا بوو، کوردپەروەر بوو
پێشەوا بوو، ڕابەر بوو
بەڵام بۆیە پێشەوا بە مەزن دەزانێ چونکە:
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو

خەمی خەڵکی لەبەر بوو" (پێشەکیی دوکتور قاسملوو بۆ تاریکوڕوون)

بەشەر واتە مرۆڤ و خەمخواردن بە خەڵکی دیکە و هەموو مرۆڤان تایبەتمەندیی هاوبەشی پێشەوا قازی، مامۆستا هێمن و د. قاسملووە.

## جەوهەری گەلیبوون لە سیاسەتدا ڕەنگ دەداتەوە

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، پێشەکیی قاسملوو بۆ "تاریکوڕوون"ی هێمن باس لە زۆر تایبەتمەندیی هێمن و شێعرەکانی لە بواری نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە دەکات. بەڵام هەموو ئەم باسانە دەرفەتی زۆر و ڕەشکردنی لاپەڕەی فرەیان پێویستە. بۆیە بەکورتی دەچینە سەر ئەو وتووێژەی ڕێبەری کوردان، ١٦ ساڵ دوای نووسینی پێشەکیی تاریک و ڕوون و بە مەودایەکی کورتی بەر لە تیرۆرکرانی لەگەڵ بەشی فارسیی تەلەفزیۆنی "بی.بی.سی"دا کردوویەتی.
دوکتور قاسملوو لەم وتووێژەدا بەڕوونی باس لە بارودۆخی سیاسیی کوردان و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا دەکات. بەڵام جەوهەری بەشی بەرچاوی لێدوانی لە بەرانبەر پرسیارەکانی پێشکەشکاردا هەمان جەوهەری نێوەڕۆکی ئەو پێشەکییە بۆ تاریکوڕوونی نووسیوە:

"ئەو پێناسەی ئێمە بۆ دێموکراسی هەمانە، زۆر بێخەوشە. دێموکراسی یانی ئازادیی بیروبۆچوون، ئازادیی ڕادەبڕین، ئازادیی زمانی نەتەوان، ئازادیی فەرهەنگ و هەروەها ئازادیی حیزبان. دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بدرێتە دەست خەڵک، دەستەڵاتدارییەتیی خەڵک لەدەست خەڵکدا بێت. ئێمە پێمانوایە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە داهاتووی ئێراندا ناتوانێت ئامانجی خەڵکی ئێران دابین بکات. جا چ ئەم دیکتاتۆرییە شاهەنشاهی بێت، چ دیکتاتۆرییەکی ئیسلامی بێت، چ دیکتاتۆریی پرۆلتاریا بێت." (بەشێک لە لێدوانی دوکتور قاسملوو لە وتوویژ دەگەڵ تەلەفزیۆنی بی.بی.سی)

**قاسملوو لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دەچێتەوە سەر ئەو دێڕە شێعرەی، کە هێمن بۆ پێشەوا نوسیویەتی و بە سەرۆک‌کۆماری کوردان دەڵێت: "هەر کورد نەبوو، بەشەر بوو/ خەمی خەڵکی لەبەر بوو. ..."**

"ئێمە پێمانوایە ئێرانی ئێمە پێویستیی بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئێمە، مێژووی ئێمە، بەڵام بە پاراستنی بنەماکانی دێموکراسی، بە پاراستنی ئەو خاڵانەی لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون و لە بەیاننامەی مافی مرۆڤدا هاتوون دەتوانێت وڵاتی ئێمە بە ڕاستی بەرەو پێش ببات. بەمجۆرە ئێمە تەنانەت لە کوردستان کە بە بەرپرسیارییەتیەوە دەتوانم بە ئێوە بڵێم زۆرینەی نزیک لە هەموو خەڵکی کوردستان لایەنگری حیزبی ئێمەن، ئێمە خۆمان بەتەنیا خاوەنی کوردستان نازانین و ئەوە خەڵکی کوردستانە تەما دەگرێت ئاخو حیزبی دێموکرات دەبێت خودموختاری بەڕێوە ببات یان ڕێکخراوێکی دیکە." (هەمان سەرچاوەی سەروو)

ڕێبەری گەلی کورد لە درێژەی ئەم وتووێژەدا باس لە دێموکراسیی قووڵ دەکات و باشترە قووڵایەتیی دێموکراسییەکە لە

زمان خۆیەوە ببیسین:

"ئێمە پێمانوایە ئەگەر هەلومەرجی شەڕ لەنێو بچێت، هەموو ڕێکخراو و هەموو گرووپەکان دەبێت بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵکی ئێران ڕوون بکەنەوە و خەڵکی ئێران بە ئازادییەوە لەنێو ئەم ڕێکخراو و گرووپانە هەڵبژێرن. ئەگەر وابێت، بەمجۆرە ئێمە لە ئێران بڕوامان بە دێموکراسییەکی قووڵ هەیە، ئەو دێوکراسییەی ڕێز لە مافی هەمووان بگرێت، ڕێز لە مافی دژبەرانیش بگرێت، چونکە بە بڕوای ئێمە هیچ دێموکراسییەک بەبێ ڕێزگرتن لە مافی دژبەران ناتوانێت هەبوونی خۆی بسەلمێنێت". (درێژەی وتووێژی دوکتور قاسملوو لەگەڵ بی.بی.سی)

دوای بڵاوبوونەوەی تاریکوڕوون و هەتا دوایین وتووێژی دوکتور قاسملوو زۆر جیاوازی و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەش لە نێوان دوکتور قاسملوو و مامۆستا هێمندا ڕوویان داوە، بەڵام هەردووکیان لەسەر ئارەزوو و ئاواتێکی هابەش پێداگرییان کردووە. قاسملوو دەڵێت:

"ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەمەیە زۆربەی نزیک لە هەمووی خەڵکی ئێران چیان دەوێت؟ زۆربەی خەڵکی ئێران ئاشتییان دەوێت، ئازادی و دێموکراسییان دەوێت و ئەمنییەت و ئاسایشیان دەوێت و کەسانێک بتوانن بەرنامەیەکی لەمجۆرە پێشانی خەڵک بدەن و وابکەن خەڵکی ئێران بە ڕاستبوونیان بڕوا بهێنن دەتوانن بەرنامەیەکی ئەوا جێبەجێ بکەن، من پێموایە ئەم توێژە لە داهاتووی ئێران براوە دەبێت." (هەمان سەرچاوە)

هێمنیش دوای بڵاوبوونەوەی دیوانی تاریکوڕوون شێعری "فرمێسکی ڕوونوو" لە کتێبی بارگەی یاراندا بڵاو دەکاتەوە و دەڵێت:

"نایەڵن ئاسوودە دانیشم لە داوێنی چیام
قاسپەی کەو بێتە گوێم، کوا گرمەیی مینم دەوێ؟
بۆ دەبێ بمدەنە بەر گوللە یا ڕاوم بنێن
گەر گوتم کوردم لە کوردستانی خۆم ژینم دەوێ"!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ١ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوین و خاڵی وەرچەرخان لە خەباتی دوو نەتەوەدا



### پێشەکی:

خەباتی ڕزگاریخوازانەی دوو نەتەوەی کورد لە کوردستان و گەلی عەرەبی فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەرکامیان خاوەنی مێژوویەکن و گومانی تێدا نیە هەردووکیان لە خەباتی ڕەوای بەرەو دابینکردنی مافی داگیرکراوی نەتەوەیی بەردەوامن. بەڵام خەباتی ئەم دوو نەتەوەیە، پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک کەسان نەک بە بەردەوامی هاوتەریب نەبووە، بەڵکوو زۆرجار خەباتی فەلەستینیان زیانی بە خەباتی کوردان گەیاندوە و هەندێک جار دژیشیان بووە. بەڵام کورد نەک هەر دژایەتیی فەلەستینی نەکردوە، تەنانەت خەباتی ئەوانی وەک هی خۆی بە ڕەوا زانیوە.

دوو نەتەوەی عەرەبی فەلەستین و کوردی کوردستان بە هۆی ئاڵۆزی و تێکچنراویی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست -ئەو شوێنە جوگرافیاییەی ئەم دوو نەتەوەیە لێی دەژین- وێڕای ئەوەی خەباتی هەر دوو لا خەباتێکی ڕەوایە، هەندێک جار بە شێوەیەکی زۆر سنووردار پێوەندیی دۆستانەشیان بە یەکەوە هەبووە؛ بەڵام بە گشتی پێشکەوتنی خەباتی یەکێکیان لەگەڵ لاوازبوونی دۆخی گەشەسەندنی خەباتی لایەنەکەی دیکە هاوکات بووە. هۆی ئەم ناهاوتەریبەی خەباتی ئەم دووە زیاتر بۆ جیاوازیی پێوەندیی نێوان کوردی کوردستان و عەرەبی فەلەستین لەگەڵ دراوسێیان و هەڵسوکەوتی نێونەتەوەیی و

نێودەوڵەتی لە بەرانبەر ئەم دوو خەباتە دەگەڕێتەوە. لێرەدا دوو دەستەواژەی "نێودەوڵەتی" و "نێونەتەوەیی" لە یەکتر جیا کراونەتەوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەشێکی زۆری نەتەوان دەوڵەتیان نیە و بەشێکیشیان بە دەوڵەتن. کوردان لە نێو نەتەواندا لایەنگریان زۆرترە و دەوڵەتانیش بەهۆی بەرژەوەندیی خۆیانەوە زۆرجار لە بەرانبەر خەباتی گەلی کورددا چاویان نووقاندوە.

## مێژووی خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستین

ئەگەر بە کورتی مێژووی ئەم دوو خەباتە لەبەر یەکتر ڕابگرین، مەودای دووری خەباتی گەلی کورد بە هەر چوار پارچەیەوە، زۆر لە خەباتی فەلەستینیان کۆنترە. هۆیەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا کورد و عەرەب دوو گەلی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوینن و هەردووکیان لە ڕابردوودا ژێردەستەی ئیمپراتۆری و دەسەڵاتدارانی گەورەتر بوونە، بەڵام گەلی کورد لە چەند سەدەی ڕابردوودا، بەسەر دوو دەسەڵاتی سەفەوی و عوسمانی و دواتر بەسەر چوار وڵاتی دەستکردی وەک تورکیە، سووریە، عێراق و ئێراندا دابەش کراوە.

لە لایەکی دیکەوە نەتەوەی عەرەبی فەلەستین تەنیا لەگەڵ وڵاتێکی تازە دامەزراو بە تەمەنی کەمتر لە سەدەیەک بە ناوی "ئیسرائیل" لەبەر یەکن و پێچەوانەی گەلی کورد، وڵاتانی سووریە، ئوردون و میسر لە دراوسێیەتیاندا هاونەتەوەیانن و وڵاتانی عەرەبی دیکەی باکووری ئەفریقا و باشووری کەنداوی فارسیش هەموویان عەرەب و هاونەتەوەی ئەوانن.

دیارە ئەگەرچی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٤ی مانگی مای ١٩٤٨دا دامەزراوە، بەڵام دەستپێکردنی خەباتی فەلەستینیان بە پێی ئەو مێژووەی خۆیان باسی دەکەن، بۆ بەر لەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە و دەڵێن، ئەم خەباتە لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە بەرگری و بەرخۆدانی فەلەستینیان دژ بە دروستکردنی ئەو شارۆچکە جوولەکەنشینانەی بەر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و سەردەمی دەسەڵاتداریتیی بەریتانیا لەم شوێنە دەستی پێکردوە.

دوای دامەزراندن و سەقامگیربوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، هەتا ئەوکاتەی "ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین" لە ساڵی ١٩٦٤ وەک نوێنەری ڕەسمیی فەلەستینیان دامەزرا، خەباتی ئەم گەلە بە شێوازی سیاسی، دیپلۆماسی و خەباتی چەکداریی نارێکتر دەستی پێکردبوو. بەمجۆرە خەباتی فەلەستینیان لە چاو خەباتی کوردان زۆر کەمتەمەنترە و لە چواریەکی یەکەمی سەدەی ٢٠ی زایینییەوە دەستی پێکردوە.

## مێژووی خەباتی کوردان

خەباتی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە ژێردەستی، وەک کتێبی مێژوویی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی شایەتی بۆ دەدات، لە سەدەی شازدەهەمی زایینەوە دەستی پێکردوە و میرنشینانی کورد بە شێوازی ئەوکات حوکمیان بەسەر خۆیاندا کردوە و هەوڵیشیان داوە دەسەڵاتیان پەرە پێبدەن.

"ئەحمەدی خانی"ش بە نووسینی دیوانی "مەم و زین" لە سەدەی حەڤدەهەمدا هەوڵی دا شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کوردان سەقامگیرتر بکات. پاش ئەوانە، ئەم خەباتە لە سەردەمی مۆدێرندا بە سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (لە ساڵی ١٨٨٠، واتە لە چواریەکی سێهەمی سەدەی ١٨ی زایینی) لە ناوچەی شەمزینان دەست پێدەکات و بنەماڵەی بەدرخان لە ساڵی ١٨٩٨ هەر لە کۆتایی سەدەی ١٨دا بە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان لە شاری قاهیرە پشکۆی ئەم خەباتە، سیاسیانەتر و مۆدێرنتر لە پێشوو دەگەشێننەوە.

دیارە دوای ئەمە مێژووی هەرکام لە سەرهەڵدان و شۆڕشەکانی کورد لە چەندین هەزار لاپەڕەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕاندا باسی کراوە. بەلام کۆمەڵە و سەرهەڵدانەکانی وەک "جەمعییەت تەعالی و تەرەقی کوردستان"، "کاژیک"، "ڕاپەڕینی سمکۆ"، "دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان"، "دامەزران و هەرەس پێهێنانی کۆماری کوردستان"، "دەستکەوتی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار و شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان"، "خەباتی چەکدارانەی ساڵانی چل لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەوامیی خەباتی کوردان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا هەتا ئێستا"، "سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان"، "ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان"، "سەرهەڵدانی کوردانی ڕۆژئاوا و دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لەم پارچەیە"، بەشێکن لەو ڕووداوە گرنگە سیاسییانەی لە چەند سەدە لەمەوبەرەوە بە تایبەت لەم دواییانەدا "زۆر خێراتر" بەردەوامن.

## فەلەستین و کوردستان لە ئاستی ناوچە و نێودەوڵەتیدا

ئاستی پشتگیریکردن یان ناوهێنانی خەباتی خەڵکی فەلەستین وەک خەباتێکی ڕەوا و پشتگرتنی لە ناوچە و جیهاندا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ چۆنیەتیی پشتگیریکردن لە خەباتی کوردان بۆ ئەوە نابێت بخرێنە دوو تای تەرازوویەکەوە. بۆ زیاتر پێشاندانی ئەم دۆخە، تەنیا ئاماژەکردن بەو چالاکییانەی ڕێکخراوە جیهانییەکان بۆ لایەنگری لەگەڵی فەلەستین کردوویانە و هەروەها پشتگیریکردنی وڵاتانی ناوچە، ئەم ڕاستیەی سەرەوە بە ڕوونی پێشان دەدات.



سەرچاوە
Serchawe

**چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی لە نێو فەلەستینیاندا هەتا ئێستا بەمجۆرە بووە:**

- ئۆنڕوا: (UNRWA) ساڵی ١٩٤٩ بۆ یارمەتیدانی ئاوارەی فەلەستینی دامەزرا و لە بواری پەروەردەییەوە خزمەتی زیاتر لە نیو ملیۆن خوێندکاری کردوە، و ناوەندەکانی تەندروستیی ئۆردووگاکانی لە کەرتی خۆرئاوا و غەززە و ئوردون، لوبنان و سووریە بەڕێوە بردوە.

- نووسینگەی هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی: (OCHA) ئەم ڕێکخراوەیە بە بەردەوامی لە ناوچە فەلەستینیەکان چاودێریی دۆخی مرۆیی کردوە و کاروباری یارمەتییە مرۆییەکانی لەم ناوچانە ڕێکخستوە، بەردەوام ڕاپۆرتی لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ ئامادە کردوە و پلانی بۆ وەڵامدانەوەی ڕووداوە لەناکاوەکان داناوە.

- بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان: (UNDP) پرۆژەکانی گەشەپێدان لە ناوچە فەلەستینییەکان جێبەجێ کردوە، پشتگیری دامەزراوە حکومەتییەکان و یارمەتیی بنیاتنانی ژێرخان و بەرنامەکانی بەهێزکردنی ئابووریی جێبەجێ کردوە.

- یونیسێف:(UNICEF) پشتگیریی منداڵان و هەرزەکارانی فەلەستینی کردوە و لە بواری پەروەردەیی و تەندروستی و خزمەتکردن یارمەتیی دەروونی-کۆمەڵایەتیی ماڵانی زیانلێکەوتووی داوە و خۆیشی بەشێک لەم بەرنامانەی جێبەجێ کردووە.

- ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی:(WHO) ئەمەشیان یارمەتیی بەهێزکردن و چارەسەرکردنی کێشەی دۆخی تەندروستیی داوە، بە واکسینکردن یان کوتان بەرەنگاریی نەخۆشییە گوازراوەکانی کردووە و پزیشکانیشی ڕاهێناوە.

ئەمەی سەرەوە جگە لە یارمەتیی وڵاتانی ئیسلامیی وەک "ئێران، تورکیە، قەتەر، مالیزی، پاکستان، ئەندۆنیزی و عەرەبستانی سعوودیە"ن. جگە لەمانە، ئەمریکا، یەکیەتیی ئەورووپا، چین و ژاپۆنیش هەرکام بە جیا و لە دەرەوەی بەرنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیی دەسەڵاتی فەلەستینیان داوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی ناوچە وەک ماڵی سەرکردەکانی بزاڤی حەقخوازانەی خەڵکی فەلەستین بوون. هەروەها فەلەستین لە ساڵی ٢٠١٢ بەملاوە، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئێستا وەک "دەوڵەتی چاودێر" هەژمار دەکرێت و مافی بەشداریکردن لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دانوستانە نێودەوڵەتییەکان و چوون بۆ نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، هەرچەند مێژووی خەباتی کوردان چەند ئەوەندەی مێژووی فەلەستینیانە، بەڵام بە هۆی دۆخی ژێئۆپۆلەتیکیی شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان و دابەشکرانیان وەک ژێردەستەی وڵاتانی ناوچە، بەشێکی زۆر کەم و ئەویش لە سەردەمی جیادا لە لایەن وڵاتانی ناوچە و جیهانەوە یارمەتی دراون و ئەم یارمەتییانەش بەشێکیان ئێستا تەنیا بە بەشی نیوەڕزگاربووی باشووری کوردستان دەگرێتەوە.

**دەکرێت یارمەتیی بەرژەوەندیخوازانە یان دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچە لە کوردستان بەم جۆرە باس بکرێت:**

١- **تورکیە:** تورکیە بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ دۆخێکی زەمەنیدا یارمەتیی کوردانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و پارچەکانی دیکەی نەداوە.

٢- **عێراق:** دەسەڵاتدارانی عێراق لە کاتێکدا زۆرجار لەژێر گوشاری خەباتی کوردان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کوردانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ئەرێنی بووە و تەنانەت ملیان بۆ ئۆتۆنۆمیی بەشێک لەم پارچەیەی کوردستان ڕاکێشاوە، بەڵام دواتر بە ئەنفالکردن و کیمیابارانکردن چەندین ئەوەندە زیانیان پێیان گەیاندوە. بۆ کوردانی پارچەکانی دیکەش تەنیا لە کاتی جەنگی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق بە شێوەیەکی سنووردار پشتی خەباتی کوردانی ڕۆژهەڵاتیان گرتوە.

٣- **سووریە:** دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەش لە کاتێکدا بە توندی کوردانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان سەرکوت کردوە و تەنانەت مافی هاووڵاتیبوونیشیان لە بەشێکیان ئەستاندوە، تەنیا بەهۆی دژایەتیکردنی بەعسییەکانی سووریە دژ بە بەعسییە عێراقییەکان هەندێک جار ئیزنیان بە بەشێک لە کوردانی عێراق داوە لەم وڵاتە بژین و سنووردارانە پشتگیریان کردوون.

٤- **ئێران:** حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی بەردەوام کوردانی ئەم پارچەیەی کوردستانی سەرکوت کردوە، لە سەردەمی نێوانناخۆشی لەگەڵ دەسەڵاتی عێراق لەسەر شەتولعەرەب، بە شێوەی سنووردار یارمەتیی شۆڕشی کوردانی عێراقی ئەوکاتی داوە و لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییشدا ئەم ڕێژیمە جیا لە سەرکوتی سیستماتیکی کوردەکانی ئەم وڵاتە، بەڵام بە ئامانجی ڕووخاندنی حکومەتی عێراق و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و بە ئومێدی تێپەڕین بەرەو ئیسرائیل لە ڕێگەی کەربەلاوە! سنووردار یارمەتیی حیزبەکانی باشووری کوردستانی داوە.

**پشتگیریی جیهانی لە خەباتی کوردان:**

بۆ یارمەتییە نێودەوڵەتییەکانیش ئەوەی بەرچاو بێت، بۆ کوردی ئێران یان ڕۆژهەڵات، تەنیا یارمەتیی ڕێکخراوی



سەرچاوە
Serchawe

پزیشکانی بێسنوور، ئەویش بە دەستپێشخەری دکتۆر قاسملوو وەک مامۆستای زانکۆ لە پاریس و دۆستایەتیی ئەو لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوەکە کراوە و هەروەها دادگای میکۆنۆسی ئەڵمانیش لە دۆسیەی تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندیدا دژ بە دەسەڵاتی ئێران پشتی کوردانی ستەملێکراوی گرتوە.

ئەوەی گرنگە لەم ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بە دیاریکردنی هێڵی دژەفڕین بۆ کوردانی باشوور و پشتگیریکردنی بەردەوام لە مانەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە و بۆ ڕۆژئاواش پشتگیریی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ هێزەکانی سووریەی دێموکرات ئێستاش بەردەوامن. هەتا ئێرە ئەوەی ڕوون و خۆیایە، ئەو پشتگیرییە ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسییەی لە فەلەستینیان کراوە، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم پشتگیرییە کەمەی لە کوردان کراوە بەراورد ناکرێت.

کوردان لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی ئیسلامییەوە، نەک وەک فەلەستینیان پشتگیری نەکراون و یارمەتی نەدراون، بەڵکوو لەم ساڵانەی دواییدا لە کاتی کوشتاری بەکۆمەڵی کوردانی ڕۆژهەڵات وەک ئێعدامی بێتاوانان لە فڕۆکەخانەی سنە و کۆمەڵکوژیی ٥٩ لاوی مەهابادی و کوشتاری خەڵکی بێتاوانی قارنێ و قەڵاتان و سۆفیان و کانیمامسەیدە و... هەروەها لە بەرانبەر ئەنفال و کیمیابارانی باشووری کوردستان و سەرکوتی ناوازەی کوردانی باکوور و ڕۆژئاواش گوێی خۆیان ئاخنیوە.

## کاریگەریی گەندەڵی و زاڵبوونی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لەسەر خەباتی فەلەستین

هاوکاتی سەرکەوتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و لە سەرەتای پەلهاویشتنی ئەم دەسەڵاتە بۆ نێو گەلانی موسوڵمانی ناوچە، بە تایبەت پاشەکشەی گرووپە سیاسییە چەپ و نەتەوەخوازەکان لە فەلەستین و زاڵبوونی ئیسلامی سیاسی بەسەریاندا بە تایبەت دوای هاتنی یاسر عەرەفات بۆ تاران و دیداری لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی و دروستکردنی حیزبوڵڵای لوبنان، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا پشتی هەستی نەتەوەخوازانەی فەلەستینیان بشکێنێت و لە ٧ی ئۆکتۆبردا کردی بە زەبرێکی گورچووبڕ.

وەک ئێدوارد سەعید ڕووناکبیری فەلەستینی-ئەمریکاییش دەڵێت، گەندەڵی لە نێو دەسەڵاتی فەلەستیندا بەربەستی گەورەی پێشکەوتنی ئەم گەلەیە. ئێدوارد سەعید دەڵێت وەرگرتنی یارمەتیی دارایی دەرەکی بەبێ چاودێریی پێویست، زەمینەیان بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی خۆش کردوە و پێی وایە گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی بووەتە هۆی لاوازکردنی خەباتی گەلی فەلەستین و کەمکردنەوەی بایەخی سیاسیی سەرکردەکانیان. ئەو دەڵێت، شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دامەزراوە فەلەستینییەکان بەهێز نەکراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە و هەروەها ئەم گەندەڵییەی بۆ بەردەوامیی

پشتبەستنی فەلەستین بە یارمەتییە دەرەکییەکان بە هۆکارێک دەزانێ و پێی وابوو ئەمە سەربەخۆیی بڕیاردانی لێ سنووردار کردوون.

## ئەنجامی وەرچەرخانی ئەم دۆخە

دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و وەڵامی توند و درێژخایەنی ئیسرائیل و دەرچوونی بەرەی تێکهەڵچوونەکان لە ناوچەی بەرتەسکی غەززەوە بۆ لوبنان و هەموو بەشی موسوڵماننشینی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سووریە، وەرچەرخانێکی گەورە لە ناوچەکەدا ڕوویداوە. بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بڵاو دەبنەوە، ئێستا تای تەرازووی بەرچاوبوونی خەباتی کوردان و پشتگرتنی ئەم خەباتە لە نێوان کورد و فەلەستینیاندا، لەم ناوچەیەدا قورسایی بە لای کورداندایە.

لە کاتێکدا دۆخی ناوچە بە ئاراستەیەکی ئەوتۆدا دەڕوات، هەرچەندە دۆخی دابەشبوونی کوردان و فرەحیزبی و فرەلایەنی لە نێو تێکڕای کوردستان و هەموو پارچەکانیدا لێوردبوونەوەی زۆر زیاتری دەوێت، بەڵام ئەزموونی ناسەرکەوتووی ڕابردووی خەباتی فەلەستین دەکرێت بەشێک لە تێشووی سەرکەوتنی خەباتی کوردان لە داهاتوودا بێت.

***

**تیبینی:**

**ئەم وتارە کۆکراوەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی چەندین سەرچاوەی مێژوویی، سیاسی و ڕۆژنامەوانییە، لەوانە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، نووسینەکانی ئیدوارد سەعید و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## ١٣ی خەزەڵوەر: سەرەتایەک بۆ قەیران و سەرکوت




ئەمڕۆ ١٥ی خەزەڵوەرە و تەنیا چەند ڕۆژێک بەسەر ساڵیادی ڕووداوێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت. لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران لە قۆناغێکی هەستیاردا بوو و چاوەڕوان دەکرا درێژەی ئەم شۆڕشە بەرەو ئاقاری پەرەسەندنی دیموکراسی و فراوانکردنی ئازادیی هاووڵاتیان هەنگاو بنێت. لەم ڕۆژەدا ڕووداوێک قەوما نەک تەنیا ڕێڕەوی مێژووی هاوچەرخی ئێرانی بەتەواوی گۆڕی، بەڵکوو برینێکی قووڵ و سارێژنەبووی لەسەر جەستەی کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەتی نەتەوە بندەستەکان و لە سەروویانەوە گەلی کورد، بەجێ هێشت.

١٣ی خەزەڵوەر، ئەو ڕۆژەی کۆمەڵێک خولیای لێدوانەکانی خومەینی لەژێر ناوی "پەیڕەوانی هێڵی ئیمام" بە دروشمی دژەئیمپریالیستییەوە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان لە تاران داگیر کرد. لێرەدا پێویستە ئەمەمان لە بەرچاو بێت، باڵیۆزخانەی هەر وڵاتێک لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، بە خاک و سەروەریی نیشتمانیی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت. ئەم کارە دزێوەی "پەیڕەوانی هێڵی ئیمام" بە خێرایی کرا بە سیمبولی "شۆڕشی دووەم" و سەرکەوتن بەسەر "شەیتانی گەورە"دا. بەڵام لە پشت ئەم وێنە ئایدیۆلۆژیکەوە، دەرەنجامەگەلێکی کارەساتبار خۆیان حەشار دابوو کە ئێرانی بەرەو گۆشەگیرییەکی نێودەوڵەتیی درێژخایەن، ئیفلیجیی ئابووری و سەرکوتێکی سیستماتیکی نێوخۆیی پاڵ پێوە نا. لێکەوتە ستراتیژییەکانی ئەم ڕووداوە بۆ سەرانسەری ئێران و بەتایبەتی بۆ سەر تێکۆشانی مێژوویی گەلی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیانێکی زۆری لێ کەوتەوە و لە جیات ئەوەی کۆرپەی شۆڕشی گەلان لە نەخۆشی و ئازار بپارێزرێت و بەرەوە دیموکراسی و ئازادی هەنگاو بنێت، ئەم داگیرکردنی باڵیۆزخانەیە شورشی تووشی نەخۆشییەک کرد و دەستەڵاتێکی وای لێ کەوتەوە، وەک خۆرە و مشەخۆر نەک هەر گەلانی نێو جۆگرافیای ئێران بەڵکوو وەک خۆرە زیانی بە هەموو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەیاند.

## لێکەوتە نێودەوڵەتییەکان

داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، کە بووە هۆی بارمتەگرتنی ٥٢ دیپلۆماتکاری ئەم وڵاتە بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ، لە کەشوهەوایەکی سیاسیی پڕ لە گرژی و بێمتمانەییدا سەری هەڵدا. پشتیوانیی مێژوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی، لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢(١٩٥٣) دژی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور محەممەد موسەدیقەوە بگرە هەتا پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای لە سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی شا، زەمینەیەکی بەهێزی بۆ هەستی دژەئەمریکایی لە ئێراندا دروست کردبوو. لە کوردستان، بێدەنگیی زلهێزەکان، لەوانەش ئەمریکا، لە بەرانبەر هێرشی حکوومەتی ناوەندی بۆ سەر کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ و دواتر لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، وەک نموونەیەکی دیکەی دەستتێوەردان یان بێباکیی دەرەکی لە ماف و ویستی گەلان سەیر دەکرا. لەم چوارچێوەیەدا، گرووپێک بە ناوی "خوێندکارانی پەیڕەوی هێڵی ئیمام"، بە ئیلهاموەرگرتن لە گوتارەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی، باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە تاران، کە بە "لانەی سیخوڕی" ناویان دەبرد، داگیر کرد.

بەڵام ئەم ڕووداوە، زۆر خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، لە کردەیەکی سیمبولیکەوە بوو بە قەیرانێکی دیپلۆماتیکی هەمەلایەنە و پەیوەندییەکانی ئێرانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بۆ دەیان ساڵ ئاڵۆز کرد. یەکەمین لێکەوتەی ڕاستەوخۆ، پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماتیکییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی بەرفراوان بوو، ئێران لە دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆژیا، سەرمایە و بازاڕە جیهانییەکان بێبەش کرا، ئابووریی وڵات کە پێشتر لەسەر ڕێگەی گەشەسەندندا بوو، لەژێر باری هەڵاوسانی بێوێنە، کەمیی کاڵا و کۆچی بە لێشاوی شارەزایان و خوێندەواران بۆ دەرەوەی وڵات پشتی چەماوە. ئەم گۆشەگیرییە، زەمینەی بۆ دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق (١٩٨٠ - ١٩٨٨) خۆش کرد. سەددام حوسێن بە چراسەوزی ناڕاستەوخۆی ڕۆژئاواوە، سوودی لە قەیرانی بارمتەکان و دابڕانی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەرگرت و هێرشی کردە سەر ئێران. ئەم شەڕە، سەرەڕای زیانە مرۆیی و ئابوورییە قورسەکانی، لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە دەرفەتێکی ناوازەی بە ڕێژیمی تازەپێگەیشتوو بەخشی تا کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشۆک و سادەی فریوخواردووی ئاخوندان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لەژێر سایەی "بەرگریی نیشتمانی"دا، هەر دەنگێکی نەیار و بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە سەرکوت بکات. شەڕەکە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی میلیۆنان مرۆڤ و ژێرخانی ئابووریی

ئێرانی بەتەواوی وێران کرد، بەڵام لە ئاکامدا بووە هۆی پتەوکردنی پێگەی ڕێژێمی داسەپاوی ئاخوندان. ئەمەش وایکردی خومەینی بەم شەڕە شاگەشکە بێت و لە قووڵایی دڵییەوە بڵێت: "شەڕ بۆ ئێمە نیعمەتی ئیلاهی بوو".

## قووڵبوونەوەی دیکتاتۆرییەت لە نێوخۆدا

لێکەوتە نێوخۆییەکانی ئەم ڕووداوە تەنانەت لە دەرەنجامە نێودەوڵەتییەکانیشی تاڵتر بوون. داگیرکردنی باڵیۆزخانە، بە دروستکردنی شەپۆلێکی دژەئەمریکایی، دەرفەتێکی زێڕینی بە ڕژێمی تازەپێگەیشتووی ئیسلامی بەخشی تا ناکۆکییە نێوخۆییەکان بە شێوەیەکی کاتی بشارێتەوە و دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات. بەڵام ئەم یەکێتییە، یەکێتییەکی ئایدیۆلۆژیک و ناسک بوو و زۆر زوو کرا بە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی دەستەڵاتی تازە پێگەیشتووی ئەوکات لە نێوخۆ. هەموو ئەو هێز و لایەنانەی لە مانگەکانی سەرەتای شۆڕشدا داوای مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان دەکرد، لەوانە لیبراڵەکان، هێزە چەپەکان، ناسیۆنالیستەکان و نەتەوە بندەستەکان، بە "دەستوپێوەندیی ئیمپریالیزم" و "ستوونی پێنجەم" تۆمەتبار کران.

قەیرانی بارمتەکان، بە ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆ سەر "هەڕەشەی دەرەکی"، ڕێژێمی لە فشاری نێوخۆیی ڕزگار کرد و شەرعییەتێکی ساختەی پێ بەخشی تا ئامێری سەرکوتی خۆی دژی هەر دەنگێکی جیاواز بخاتە گەڕ. لۆژیکی ڕژێم سادە بوو: یان لەگەڵ ئێمەدایت دژی "شەیتانی گەورە" یان خۆت بەشێک لە پیلانەکانی ئەوانی. ئەم لۆژیکە پاساوی بۆ زیندانیکردنی هەزاران چالاکی سیاسی، ئیعدامە بەکۆمەڵەکان و دەرکردنی یاسای زەبروزەنگ هێنایەوە. دەرەنجامەکەی، کۆچی زۆرەملێی نەوە لە دوای نەوەی ئەو ئێرانییانە بوو خەونی ئازادی، دیموکراسی و دادپەروەرییان لە گەروودا خنکێندرا. ئەم ڕووداوە نەک تەنیا دیموکراسیی لە گەرووی شۆڕشدا خنکاند، بەڵکوو بناغەی بۆ دروستبوونی ئەم سیستەمە تۆتالیتارە دانا ڕەنگە ساڵانێک دوای لەنێوچوونیشی کاریگەرییەکانی بەسەر ژیانی خەڵکی ئێرانەوە بمێنێت.

## کوردستان؛ قوربانیی سەرەکیی

بەڵام بۆ گەلی کوردستان، ئەم ڕووداوە تەنیا کارەساتێکی نیشتمانی نەبوو، بەڵکوو خراپ بەکارهێنانێکی ستراتیژیک بوو بۆ سەرکوتکردنی ئامانجە ڕزگاریخوازییەکانی. لە بەهار و هاوینی ١٣٥٨دا، کاتێک کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی ڕاپەڕیبوو، ڕژێمی تاران بە بەڵێنی بێ بنەما و کاتکوشتن، دانوستانەکانی لەگەڵ "هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" دوا دەخست. لە ٢٨ی گەلاوێژی هەمان ساڵدا، خومەینی فەرمانی "جیهاد"ی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و هێرشێکی بەربلاو کرایە سەر شارەکانی کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

داگیرکردنی باڵیۆزخانە لە خەزەڵوەردا، ڕێک لە لووتکەی گرژییەکان نێوان دەستەڵاتدارانی تاران و بزووتنەوەی کورددا لە کاتێکدا ڕووی دا ئاخوندەکان بەپەلە خەریک بوون جێگەقوونیان لەسەر کورسیی دەستەڵات خۆش دەکرد. ئەم ڕووداوە دەرفەتێکی بۆ ڕژێم ڕەخساند تا بە بیانووی "یەکریزی دژی ئیمپریالیزم" و سەرقاڵکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە قەیرانی بارمتانەوە، کاتی پێویستی بۆ خۆڕێکخستنەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی و ئامادەکاری بۆ هێرشێکی گشتگیرتر بۆ سەر کوردستان بکرێت.

ئەو "ئارامییە کاتییە" تەنیا فێڵێک بوو. لە کاتێکدا کامێراکانی جیهان لەسەر بارمتە ئەمریکاییەکانی تاران چڕ ببوونەوە، ڕێژێم لە زستانی ١٣٥٨ و بەهاری ١٣٥٩دا، بە بێدەنگی خۆی بۆ هێرشێکی خوێناوی و هەمەلایەنە بۆ سەر کوردستان تەیار دەکرد. بەمجۆرە، هاواری گەلی کورد لە بەرانبەر تۆپ و تانکی پاسداراندا، لەنێو ژاوەژاوی میدیاییی قەیرانی بارمتەکاندا بزر بوو. هەزاران کوردی بێتاوان شەهید کران، گوندەکان سووتێندران و بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستان ناچار کرا بەرەو چیاکان پاشەکشە بکات. پێویستە ئەمەشمان لە بیر بێت، ئەم پاشەکشەکردنەی هێزی پێشمرگەی کوردستان تەنیا بە مەبەستی پاراستنی گیان و ژیانی دانیشتووانی کوردستان بوو.

قەیرانی بارمتان، بووە هۆی بەلاڕێداچوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و ڕژێمی بەهێزتر کرد تا کوردستان وەک "بنکەی جوداخوازی" و "دەستی دەرەکی" سەرکوت بکات. ئەم ڕووداوە، بە شێوەیەکی کاریگەر، دۆزی ڕەوای گەلی کوردی لە چاوی جیهاندا خستە پەراوێزەوە و ڕێگەی بۆ سیاسەتی سەرکوتکاریی دواتر خۆش کرد.

## ڕوانینی هەستیارانە بۆ داهاتوو

چل و پێنج ساڵ دواتر، ١٣ی خەزەڵوەر، ئێستا دەزانین ئەم ڕووداوە سەلماندی ئایدیۆلۆژیا توندڕەوەکان، تەنانەت ئەگەر دروشمی جوان و دژەئیمپریالیستیشیان هەڵگرتبێت، دەتوانن ببنە کۆت و زنجیر بۆ ئازادیی گەلان و وڵات بەرەو تەریککەوتنەوە و وێرانکاری ببەن. لێکەوتەکانی داگیرکردنی باڵیۆزخانە -لە گۆشەگیریی ئابوورییەوە تا سەرکوتی سیستماتیکی نەتەوەکان - دەبێت ببێتە وانەیەکی گرنگ بۆ بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی ئەمڕۆ.

گەلی کوردستان، لە کاتێکدا دەیان ساڵە لە بەرانبەر ستەمی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تاراندا تێدەکۆشێت، پێویستە ئەم مێژووە بە باشی لەبەرچاو بگرێت. ڕزگاریی ڕاستەقینە لە داگیرکاریی سیمبولیک و دروشمی بریقەداردا نیە، بەڵکوو لە یەکگرتنی هەموو گەلانی ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیک، فیدراڵ و لەسەر بنەمای مافی یەکسان و مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەمووانداخۆی دەبینێتەوە.

لە داهاتووشدا تا ئەو ڕۆژەی تاران مافە ڕەواکانی گەلی کورد و باقیی گەلانی دیکەی ئێران بە فەرمی نەناسێت و پابەندی بنەماکانی دێموکراسی و دادپەروەری نەبێت، برینەکانی دوای ١٣ی خەزەڵوەر سارێژ نابنەوە و ئاشتی و سەقامگیریی ڕاستەقینە لە ئێراندا بەدی نایەت. ئەمڕۆ، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، پێویستە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر لە پەندەکانی مێژوو فێر بین و بیر لەوە بکەینەوە، ڕەنگە زۆر ڕووداوی دیکەی وەک داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا ڕووبدەن و لەبەرا خەڵک وابزانن، کار ناکاتە سەر ژیانی ئەوان و دواتر دەربکەوێت چۆن بووەتە هۆی گۆڕینی کارەساتباری ڕەوتی ڕووداوان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

---

**سەرچاوەی بابەتەکان: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان و کورد – کوردستان میدیا**

---



## کۆمەڵێک بابەتی: "رۆچنـــە"وە - وێبلاگی نووسەر

## ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦

---

### پێنج‌خولەک مەودا

کاتژمێری سەر مەچەکی چەپم وەک زۆربەی ئەم کاتانە هاوڕێکی لەپی دەستمە. ساردایی کاتژمێر هەست بە لێدانی دمارە وردەی نێوان پێست و ئێسکی رەقی جومکەی دەستم دەکات. شەپۆلی لێدانی دەمارەکە لە نێوان ئێسقان و پشتی کاتژمێر لە هاتووچۆ دایە. لەمەودای ئەولای کاتژمێرەکەدا دەستی چەپم توند داری دەوری لوولەی چەکەکەمی گرتووە. ئەنگوستی دۆشاومژەی دەستی راستم، دۆشاومژەی چی؟ ئەنگوستی پەلەپیتکەم شلە وتوندە بە پەلەپیتکە دەکات. دێتە سە خاڵی تەقاندن و دەگەڕێتەوە.

نیگام لە نێوان رووبەری کاتژمێر و سەرسێرەی تفەنگ لەهاتوچۆ دایە. میلە کورتە ئەستوورەکەی کاتژمێر دوور لە پانتایی بەرچاوم پاڵکەوتۆتەوە، هەر دەڵێی خەوتووە. میلی چرکەژمێر بە قەڵەمبازی گەورە و هەنگاوی شلەوە دێتە بەرچاو. ئێستا میلی خولەکژمێر خەریکە لە یەکەم چرکەی خولەکی یەکەمی دوای ژمارە١٢ جێگە خۆش دەکات.

نیگام لە نێوان سەرسێرە و کاتژمێردا دێت و دەچێت. میلی چرکەژمێر خاوتر لە هەمیشە قەڵەمباز داوێت. میلی خولەکژمێریش دەڵێی خەریکە بۆخەوتن خۆی خاوکێش دەکات. مەودای نێوان دوو ژمارەی دوازدە و یەکی کاتژمێر چەند ئەوەندی مەودای نێوان سەرسێرە و ئامانجمە.

ئەنگوستی پەلەپیتکەم لە مەودای بۆشایی پەلەپیتکەدا لە هاتوچۆدایە. مەودای نێوان من و ئامانجی پێکان کەمتر دەبێتەوە. مەودای نێوان خاڵی سفر و رەقەمی یەکی کاتژمێر زیادتر دەبێت. زەحمەتە چرکەژمێر بەم هەنگاوە شلانەیەوە بەم زوانە ئەم مەودایە بپێوێت.



سەرچاوە
Serchawe

نیوبازنەی سەرسێرە لەسەر لوولەی تفەنگ دەڵێی هیلالی مانگە و لەسەر پشت کەوتووە، لەبەر چاوم گەورە دەبێتەوە. مەودای نێوان سەرسێرە و ئامانجی دیاریکراو دوور و دوورتر دەبێتەوە، هەر دڵێی بە خێراییەکی لەڕادەبەدەرەوە بۆ دواوە دەکشێمەوە. کێو و دۆڵ و دەشت و شار و لادێکان و پاشان دەریاکانیش دەکەوەنە نێو ئەم مەودایەوە. مەودای نێوان ژمارەی دوازدە و یەکی کاتژمێرەکە وەک دیواری بەردەم پرۆجیکتۆری سینەمای لێدێت و هەموو میلە دەمژمێرەکان کاڵ دەکاتەوە. من هەروا بەرەو دواوە دەفڕم. لەسەر گۆی زەوی دووردەکەومەوە و لە بۆشایی ئاسمان دام. گۆی زەوی لە بۆشاییدا سەما دەکات و لەناکاو دەکەوێتە سەر هیلایلی سەرسێرەی تفەنگەکەم. لە سەر هیلالەکە دەست بە سووڕان دەکات و تا رۆژهەڵاتی ناوین دەکەوێتە رووبەری لای بەرانبەرمەوە، ناوەستێت. رووبەری سینەماکەی بەردەمم وەک ئامێری پێشاندانی فیلمەکەی خێرا کرابێت، بەچەشێنک وێنەکان پێشان دەدات کە ناتوانم هیچکامیان بە روونی ببینم. دەنگی ئەم فیلمە خێرایە وەک فیکەیەکی باریک و ناخۆش مێشکم ئازار دەدات. گۆی زەوی تا هەموو لایەکی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوین دێت و دەچێت و بەرز و نزم دەبێتەوە.

قامکی پەلەپیتکەم سەما بە بۆشایی پەلەپیتکە دەکات. بۆشاییەکە لەبەریەک دەکشێتەوە. لەو چەند رۆژەیدا ماموستا فێری دەکارکردنی ئەم چەکەی کردم، دەیگوت دەبێ دەپێشدا قامکت ئەوەندە توند بکەی تا بۆشاییەکە تەواو دەبێت و ئەوکات دەرزی تفەنگ بە قوونی فیشکەوە نووساوە. بۆ ئەوەی بە لەرینەوەی سینەت لوولەی چەکەکە نەلەرێنێتەوە، هەناست بخنکێنەوە و پەنجەت بگوشە. بەمجۆرە باشتر ئامانجەکەت دەپێکی.
هەر بەراست بزانم سینەم دەلەرێتەوە؟ سەیری سینەم دەکەم. جاران هەردوو سینەم خڕ بوون و وەک گۆی زەوی دەچوون. ئەوەندە پتەو کە مەودای نێوانیان بەحاڵ پەنجەی تێوەدەچوو. ئێستا شۆڕ بوونەتەوە.

قامکم لە سەر کۆتایی بۆشایی پەلەپیتکە وەستاوە. جارێ هەناسەم ناوەستێنم. سەیرێکی سەرسێرە دەکەمەوە. گۆی زەوی، پانتایی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەرچاومدا هەڵدەسووڕێنیت. سینەماکەی بەر مەچەکی دەستی چەپم فیلمەکەی هێدی دەبێتەوە. وێنەکان بە ئارامی تێدەپەڕن و دەنگەکان لێکدەکەمەوە. لە هەموو وشە و رستەکانی ئەکتەرانی فلیمەکە دەگەم. پانتایی رۆژهەڵاتی ناوین لەسەر گۆی زەوی لەسەر هیلالی سێرەی چەکەکەمەوە رووبەرێکی لێدەبێتەوە و دەکەوێتە سەر شاشەکەی بەر مەچەکی راستم و دەبێتە وێنەیەکی بەجووڵە. خێرا خێرا نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوین دێتە سەر شاشە و چەند گرتەیەکی سینەمایی جێگەی دەگرنەوە. فیلمێکە لێڵە. شاشەکە لێڵە، ئەکتەرەکان لێڵن. دەڵێی دەرهێنەر بە ئەنقەست ئەم هەموو ئێفێکتەی خستۆتە نێو فیلمەکەوە. نا، ئەوە کاری تەنیا کەسێک نییە. فیلمنامەنووس و دەرهێنەر و رێکخەری کۆتایی، دەستیان داوەتە دەستی یەک و سەریان لە ئەکتەرەکانیش شێواندووە. حەتمەن دەستی ئەوانەشی تێدایە کە پشتگیریی داراییان کردووە. ئاخ چەندە لەم فیلمە بێزارم!
قامکم لە بۆشایی پەلەپیتکەدا شل دەکەمەوە. سەری نینۆکم خەریکە لاکەکەی بەردەدات. با بەریدات، خۆ ئەم لاکە و ئەم جلەکە خۆڵەمێشییەیان نەگوتووە. رووبەری رۆژهەڵاتی ناوین هەروا لەسەر هیلالی سەرسێرەوە بەرچاوی گرتووە.

سەیرێکی شاشەکە دەکەمەوە. ڕەنگی ئەم لاکە چەندە لەگەڵ جلەکانم دێتەوە؟ لە ژێر کراسە تۆڕەکەمەوە ئاستەڕە هەنارییەکە ڕێک لەڕەنگی نینۆک و گوارەکانمە. دەستێک بە گوێچکەم دادێنم. خەریکە کونی سەر چیلکەی گۆێچکەم کوێر دەبێتەوە. دایکم دەیگوت ئەگەر ماوەیەک بێ گوارە بی، هەر بە یەکجاری کونەکانی چیلکەی گوێت کوێر دەبنەوە. دایکم بە دوای تەرمێکدا رادەکات. جارجار بە جلەڕەشەکانیەوە لەنێو تۆزی ئاپۆرەی دوای مەیتەکەدا ون دەبێت و دەردەکەوێتەوە. هەرچی دەکەم وبیرم نایەتەوە دایکم شینگێری کێیە؟ ئەوە مەیتی کامە خۆشەویستیەتیەتی بەرەو گۆڕستانی دەبەن؟ دایکم هەمیشە باسی شێنگێڕیی دەکرد: ڕۆڵەگیان خۆ بۆخۆشم لەبیرم نەماوە شینم بۆ چەند کەس گێڕاوە. خۆ ئەودەم فەرقمان پێ نەدەکرد و بۆ هەمووان دەگریاین. لەترسی درێژدادڕیی دایکم رووم بەرەو سەرسێرە وەردەگێڕمەوە. دەگەڕێمەوە سەر پەلەپیتکە و سەری سێ قامکی ژێر ئەنگوستی پەلەپیتکەم بەلای چەپی چەکەکەمدا دیارن و بەرەو لەپی دەستم نووشتاونەتەوە. دەگەڕێمەوە سەر شاشەکە. پەنجەکانی دەستی راستم لە تەوژمی گوشینی دەستی ئەودا خوێنیان تێدا نەماوە و سپی هەڵگەڕاون. قوماشە لووسەکەی ئاستەڕی کراسەکەم هەڵپەڕینی سینەکانم خۆشتر دەکات. لە نزیک سەرچۆپی بە چەشنێک هەڵدەپەرم، خەرکیم خۆم لەبیر دەکەم و لەگەڵ دەنگی مۆسیقای هەڵپەڕکێ بە نێو دنیای خەیاڵاتی خۆشدا هەڵدەفڕم. هەڵپەڕینێک کە وەک سەمایەکی شێتانە دەچێت. ڕەشبەڵەک هەروا خەریکە گەورەتردەبێت. لێدانی پێیەکان لە سەرچۆپیەوە تا گاوانی بەموو جیاوزییان نیە. گەڕی ڕەشبەڵەک لە نێو شاشەکەدا جێگەی نابێتەوە:" گورج کەن خۆتان ڕێکخەن پێتان بۆ سوێچکەی و شێخانی". هەموو دەیانهەوێت لە شاشەکەدا دیاربن. هەڵپەڕکێکە دەبێتە ئاپۆرایەکی شێواو و تێکەڵ و پێکەڵ. دەڵێی شارە زەرەواڵەیە و چیلکەت تێوەژاندووە. باوک کوڕی خۆی ناناسێتەوە. نا، دایکم دەیگوت سەگ سێحەبی خۆی ناناسێتەوە. لە جیاتی هەڵپەڕین، تێکەوەداوێن و خۆ پێکدادەن. ناچارم لە شاشەکەوە فڕێیاندەدەمە سەر رووبەری گۆی زەوی. بە پانتایی رۆژهەڵاتی ناویندا هەڵیاندڕێژمەوە. لەوێش هەر هەڵدەپەڕن. ئەنگوستی پەلەپیتکەم لەسەر ئاخری بۆشایی رادەگرم. دەمهەوێ هەناسەم بوەستێنم. چاوێک بە سینەمدا دەگێڕمەوە. قۆنداخی چەکەکەم بە نیوەی لاسینەی خڕمدا رۆچووە. مەمکی راستم لە ژێر فشاری قۆنداخی چەکەکەمدا پاڵی بە دراوسێکەیەوە داوە. وایان پاڵ وێکداوە هەر نیو قامیکیش نێوانیان نەماوە. (جووتێک لیمۆی سەرسنگی هەر دوو قامکیان نێوانە - بە حوکمی ئەڵڵای لەسەر بۆ هەموو دەردان دەرمانە) ئاستەڕە هەنارییەکە ئەوەندە خزە لە نێوان هەردوو گۆ خڕەکانمدا چێژێکی خۆش دەخولقێنێت. هەناسەم وەستاندووە. بە ئارامی پەنجەی پەلەپیتکەم دەگوشم. لەمدیوەی بلێسەکەوە گۆی زەوی پارچە پارچە دەبێت و بەملا و ئەولای لوولەی چەکەکەمدا دڕژێتەخوارەوە. لە جێگەی خۆم هەڵدەستمەوە. بێ ئەوەی سەرنج بدەمە راگرتنی هەناسەم، بە قەڵەمباز هاویشتن بەرەو پێشەوە ڕادەکەم و خێرا خێرا شلە و توندە بە قامکی پەلەپیتکەم دەکەم.

**چەخماخەیەکی ئاگرین لێدەدات و هەموو رووبەری بەرانبەرم لە نێو شەبەقی رووناکیدا دەتوێتەوە.**

سەرچاوە: رۆچنە - وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی فێبریوێری ٢٠١٥

## نەریتەکانی نووسین

**ئێرنێست هەمینگوای** *

**لە فارسییەوە: مستەفا شێخە**

لە یەکەم کتێبمەوە وا دەردەکەوت لە ئاکامدا ڕێگەی خۆمم دۆزیوەتەوە. هەرگیز بۆ ساتێکیش گومانم نەکرد کە پێشڕەوەی پانتاییەکی نوێم و بۆم دەرکەوت ساڵانی داهاتوو بەرهەمەکانم ئاوڕی بەخێریان لێدەدرێتەوە. هەر لەبەر ئەمە بوو، ویستم ئەوەی دواتر ڕاپۆرتێکی ڕاستگۆیانەی لە هەموو هەڵسوکەوت و ڕێباز و ئەندێشەکانی منەوە پێ بگات.

من شوێنکەوتووی شتێکم لەوپەڕی ژیان و لە دەرەوەی سەردەم دایە. بەڵام ئامانجی من پیشاندانی ژیانی مرۆڤە لە هەمان بیچمی ساکاری خۆیدا نەک ئەوەی بیڕازێنمەوە و پۆشتەی بکەم. من بیرمەندێکی گەورە نیم، پەیامێکی ئاگرینیشم بۆ بەرەی مرۆڤ نەهێناوە. سەرەڕای ئەمانە بەجۆرێکی سەرنڕاکێش جیهان بە هەموو قوژبنەکانی ژیانییەوە دەناسم.

هیچکات ناچاری دۆزینەوەی "بابەت" نەبوومە - ئەوە "بابەت" بووە منی دۆزیوەتەوە. وەک نووسەرانی پێشوو، خەڵکی بەهێز و ناسێنەرانی ڕێزداری رووحی سەردەم و تیمارکەرانی خەڵکم باش ویستووە. بابەتی حیکایەتەکان بە چەشنێک گیرۆدەم دەکەن کە ناتوانم ڕوو بکەمە هیچ کارێکی دیکە. ئیلهام دەتوانێ وەک خۆشەویستی هاندەر بێت.

کتێبەکانی من لە دەروون و دڵی ئەزموونەکانمەوە هەڵقوڵاون، بەڵام بەمەوە نەوەستاوم ڕووکەشیانە و بێ بیرلێکردنەوە ڕێکیان بخەمەوە. نەریتەکانی من لە نووسیندا زۆرسادەن: کاتێکی درێژ بۆ بیرکردنەوە و کاتێکی کەم بۆ نووسین.

زۆربەی کارەکانم لە بیرگەمدا ئەنجام دەدەم. بەر لەوەی خەیاڵەکانم ڕێکوپێک نەبن، دەست بۆ نووسین نابەم. زۆر جار گفتگۆکانم هەر ئەو جۆرەی لە نووسیاندا دێن، یەک بە یەک ئەژماردوومن. گوێچکە چاودێرێکی باشە. هەرگیز دێڕێکم نەنووسیوە، مەگەر ئەو کاتەی زانیومە ئەوەی دەینووسم بە جۆرێک دەریدەبڕم کە لای هەموو کەس ڕوونە.

هێندێک جار بیرم لەوە کردووەتەوە شێوازی نووسینم بەر لەوەی ڕاستەوخۆ بێت، هێمایەکە. خوێنەر زیاتر دەبی

بیرکردنەوەی بخاتەکار و ئەگەر وانەکات بەشێکی زۆری هەودای خەیاڵەکانی من نادۆزێتەوە.

من کوێرەوەرییەکی زۆر لە گەڵ کارەکانم دەکێشم. بە دەستێکی ماندوونەناسانە پێیاندا دەچمەوە و ڕێکیان دەخەمەوە. لە قووڵایی دڵمەوە لە زۆر دەستکردەکانی خۆم ڕازیم. بۆ ئەوەی مشتوماڵ بکرێن، بە وردی پێیاندا چوومەتەوە. ئەوەی هەر نووسەرێکی دیکە بە پشکێکی گەورەوە لێی ڕازی بووە، من بە تیفتیفەدانێکی کەمەوە ڕێکم خستووە.

کەمتر ئەم دەرفەتە باشەم بۆ ڕەخساوە بتوانم دەستەڵاتی ڕەخنەگرانەم وەک ئەوەی بۆ کەسانی دیکە کەڵکی لێوەردەگرم، بۆ بەرهەمەکانی خۆم بیخەمە کار.

نووسەر نابێ هەرگیز جگە لەوەی بۆ ڕەزامەندیی خۆی دەینووسێت، شتێکی دیکە بنووسێت. من بۆ شادی دەنووسم، بەڵام هەمیشە ئەوەی نووسیومە نەبووەتە هۆی ئەوە ئۆقرە بگرم.

لە ئەم بڕوایەدا نیم کتێبەکانم وەک باڵەخانەی یادگار لە بیرگەمدا دەمێننەوە( هەوڵم داوە لە خاکەسار بوونمدا ڕاستگۆ بم. زیادتر بیرم لەوە کردووەتەوە نووسەرێکم نەک خاوەن زەوقێکی نووسینی سروشتی) باشترین نموونەی پیاوێکی خۆکرد کە ئەدەب بەرهەمی دێنێت. من هەرگیز شایانی ئەو سەرکەوتن و ناوبانگە گەورەیە نەبوومە کە ئێستا هەم.

چەندە ستایشکاری بە هەراوهوریام هەبوونە کە هەرگیز کتێبێکی منیان نەخوێندووەتەوە، بەڵام پێیان خۆش بووە لە گرینگایەتیمدا زیادەبێژی بکەن و هێندێکش ویستوویانە بە کەم بایەخم بژمێرن.
کتێب دەستاوێژێکە لە بێ کۆتایی. لە زۆربەی بەرهەم و دەستکەوتەکانی بەردەوامی مرۆڤ جیاوازە. پەرستگاکان تێک دەشکێن. تابلۆ و پەیکەرەکان دەبەتلێن، بەڵام کتێبەکان لە جێگەی خۆیاندا دەمێنەوە. زەمەن بەربەرەکانێی ئەندێشە گەورەکان ناکات. ئەو ئەندێشانەی کە لە ئەم سەردەمەشدا وەک ئەو سەردەمانەی پێشوو بە مێشکی نووسەردا تێپەڕیون، هەر وا نوێن و هەر بەمجۆرە لە لاپەڕە چاپ کراوەکانەوە زیندوون کە لە گوتنەوە و بیکردنەوەشدا بەردەوامن. تەنیا کاریگەریی زەمەنە کە لە بەرهەمە باش و خراپەکان دەکۆڵێتەوە و لێکیان جیا دەکاتەوە، چونکە لە ئەدەبدا هیچ شتێک هەمیشەیی نیە جگە لەوەی کە بەڕاستی شیاو بێت.

* لە ژمارە ٥٠٤ ڕەخنەی چاودێری ڕێکەوتی ١٦ - ٢ - ٢٠١٥ بڵاو کراوەتەوە

سەرچاوە: ڕۆچنە - وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## مەترسیی فارساندنی زمانی دایک

کر و تەونی پێکهاتەی هەر زمانێک ئەو ڕێزمان و کەلتووری پێکەوە لکاندنی پیت و بڕگە و وشە و ڕستەکانە کە دەکرێ لەسەر یەک پێی بڵێین داڕشتن. هەر زمانێک جگە لە کری و تەونەکەی خاوەنی کۆمەڵێک وشەی تایبەت بە خۆیەتی.ئەو کۆمەڵە وشەیەی لە هەر زمانێک دا کەڵکیان لێوەردەگیرێت،

دەکرێ بڵێین بە سێ جۆر بەرهەم هاتوون:

١- بەشێک لە وشە زۆر و هەراوەکانی هەر زمانێک بە هۆی پێداویستیی کۆمەڵگەی خاوەن زمانەکە لە لایەن ئاخێوارنیەوە ڕۆنراون.
٢ -ئەو وشانەی بە درێژایی مێژووی زمانەکەدا لە زمانەکانی دیکە وەرگیراون و بە هۆی تایبەتمەندیەکانی زمانی خانەخوێ بە چەشنێک گۆڕاون کە بە زەحمەت ماکە و بنەچەکەی سەرەکیان دەناسرێتەوە.
٣ -ئەو وشانەی بێ ئەوەی ئاڵۆگۆڕی رواڵەتیان بەسەر دابێت، لە زمانانی دیکە وەردەگیرێن و زۆر جاریش لە زمانی خانەخوێدا مانای جیاواز لە مانا سەرەکیەکەی خۆیان دەردەبڕن.

دیارە بەدواداچوونی ئەم دابەش کردنە و فراوانتر کردنی زیاتری ئەم بابەتەی سەرەوە کاری پسپۆڕان و زمانناسانە. ویستم بە بۆنەی ئەم سووکە ئاماژەیەوە بڵێم هیچ زمانێک ناتوانێت هەموو بارەتەقا ماناییەکان لەسەر بنەمای خۆیەوە بەرهەم بهێنیت و پێویستە وشە لە دەر و جیران و زمانەکانی خاوەن داهێنان بخوازێت. هەر لەدراوسێیەتیی زمانی کوردیدا دوو زمانی بەهێزی فارسی و تورکی پڕن لە وشەی بێگانە و هەر بەم هۆیەشە بۆ دەربڕینی مانا و مەبەستە جۆراوجۆرکان نامێننەوە.

ئەم دوو زمانەی ناوبراو تەنیا هۆکاری مانەوەیان پارێزراویی ڕێزمانەکەیانە. ئەوان بە هۆی پێداگری لە سەر ڕێزمان و شێوازی داڕشتنی تایبەت بەخۆیان زمانەکەیان کردووەتە ماڵێکی گەورە، ماڵێک کە بە پێی نەریتی خۆی بە ڕاخەر و دەر و دیوار و بانیژەی خۆیەوە دەناسرێتەوە. لە نێو ئەم ماڵەشدا هەموو میوانێک ڕەنگ و بۆی ماڵەکە دەگرێت.

(دیوەخانێکی کوردی بە فەرشی کاشان و تابلۆی وڵاتانی دیکە بڕازێندرێتەوە جوانیی جەوهەریی خۆی لەدەست نادات) ئەگەر سەرنج بدەینە دوو زمانی فارسی و تورکی (مەبەست تورکیی ستامبۆڵییە) و وشەی بێگانەیان لێ دەربهاوێین، زمانێکی بێ دەرەتان و دەستەوستانیان بۆ دەمێنێتەوە.

ئاخێوەرانی زمانی کوردی پێچەوانەی ئەم زمانانەی ناوم بردن، لە کاتێکدا بۆ کەڵک وەرگرتن لە وشەی زمانانی دیکە سڵ و ڕەوەکن، بەردەوام پێکهاتە و داڕشتنی زمانی خۆیان دەشێوێنن. لە بەشی باشووری کوردستان کە زیادتر لە ٢٠ ساڵە خاوەنی نیمچە دەستەڵاتێکی سەربەخۆیە و بە سەدان ئامێری ڕاگەیاندنی وەک ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەی هەیە، سەرجەم ئەم دەزگایانە بەردەوام زمانی کوردی بەلاسایی کردنەوەی زمانی عەرەبی دادەڕێژنەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش داڕشتنەوەی زمان بە جۆرێکە کە زۆرجار مرۆڤ بە پێویستی دەزانێت ئەم بە کوردی ئاخاوتنە جارێکی دیکە بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕدرێتەوە. ئەم پانتاییە بەرتەسکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەزگا ڕاگەیاندنە ناوچەیەکان دراوە، ئەویش بووەتە مەیدانی تەراتێنی کەسانێکی ناشارەزای زمانی کوردی و بە چەشنێکی خزۆکانە زمانەکەمان بەرەو فارساندن دەچێت.
بۆ تێگەیشتن لە ئەم کێشەیە، وردبوونەوە لە ئەم چەند ڕستەیەی خوارەوە قووڵایی کارەساتەکەمان پێشان دەدات:فیلمەکە کەنگێ شروع دەبێت؟حاڵەتێکی ناخۆش پێی دەست داوم.ئەو قسەیەی کردی زۆر بە منی بەرخوارد.کەی خەرید دەکەی؟غەزاکەم کێشاوە.

فیلمەکە کەنگێ دەست پێدەکات، تووشی بارودۆخێکی ناخۆش بوومە، ئەو قسەیەی کردی ئێشاندمی، کەنگێ دەچی بۆ شت کڕین، چێشتەکەم تێکردووە، ئەو ڕستانەن کە لە سەرەوەدا فارسێنراوەکەیان پێشان درا. زمان خۆی لە نێو خۆیدا و لە سەر بنەمای رابردووی خۆیەوە زاوزێ دەکات و هەر لە سەر ئەم بنەمایە وشە و ڕستەی نوێ بۆ دەربڕین و گەیاندنی مانای نوێ دادەڕێژێت.
ئێمەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە لاسیی کردنەوەی زمانی سەقەتی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن لە لایەک و بەرداشی زمانی دەستەڵاتدارانی کوردستان لە لایەکی دیکەوە زمانی کوردیمان خستووەتە نێو خۆمانەوە و بۆ هاڕینی زیادتری یارمەتی دەرین.

لە ساڵرۆژی بیرهێنانەوەی زمانی دایکدا پێویستە نووسەران و ئاخێوەرانی بە مشووری کورد لەم دیاردە مەترسیدارە ورد ببنەوە و لە هەموو کات و بۆنە و دەرفەتێکدا هەوڵ بدەن بۆ نووسین وئاخاوتن بچنەوە سەر ڕاست دەربڕین و ڕاست نووسینی کوردانەی زمانی کوردی.

سەرچاوە: ڕۆچنە - وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٥

## کاوێژێک و دوو لێکدانەوە

### کاوێژ (چیرۆک)

لە ژێر تابلۆیەک وێستاوە. تابلۆکە دوولینگانەی بەسەر شەقامەکە داهێناوە. پەیکانێکو وشەی."centre of city "

بەدەم روانینەوە، بەردەوام خەریکی کاوێژە. مێشکی وەک گەدەیەکی پڕکارە. وەک ئاژەڵ کاوێژ دەکات. زبڵوزاڵی پاشماوەی کارگەو کارخانەکان و سەرگوڵی شینکە تورتو ئاودارەکانی کوێستانی سازگارو کوتەمقەباو لاستیکی بەرجادەو شۆستەکانو ریزاڵە نایلۆنی گیرساوەی پنچکی ناو پەرێزەکانی پێکەوە کاوێژ دەکاتەوە. رەنگە هیچ پزیشکێک نەزانێ ئەم وردکردنو تێکهاڕینە چ وزەو ڤیتامینێک بەرهەم دێنێ.

بەردەوام خەریکی کاوێژە. نازانێ بۆ گێڕانەوەی بەشێک لە کاوێژەکانی ژیانی لەکوێوە دەست پێبکات. زەمەنی دەست پێکردنی یەکەم کاوێژی لەیاد نەماوە. ناشتوانێ لە بیستو چوار کاتژمێری شەو و رۆژدا سەرەتایەک بۆ دەست پێکردنی یەکەم کاوێژی رۆژانەی بدۆزێتەوە . لە کاتی یەکەم کاوێژییەوە کە نازانێ کەی دەستی پێکردووە، کاتژمێرو شەو و رۆژو مانگو ساڵ، مانایان نەماوەو لەخەو و بێداریدا هەر کاوێژ دەکات.

بەردەوام خەریکی کاوێژە. زۆرجاران چەندین شت پێکەوە لە گەدەی مێشکیدا هەڵدەشێلێتەوە.

بەدەم ئەم کاوێژانەوە، نووسراوی سەر لاستیکی ئۆتۆمبێلێک سەرنجی راکێشا. خەریک بوو بیخوێنێتەوە، ئۆتۆمبێلەکە وەڕێ کەوت. لەگەڵ چەرخ و خولی تایەی ئۆتۆمبێلەکە نووسراوەکە بوو بە هێڵێکی سپی، لە پێشدا بازنەیەکی دروست کرد و بازنەکەش لەناو رەشایی تایەکەدا کاڵ بۆوە. بە هۆی تێکەڵبوونی هەموو نووسراوەی سەرتایەکەو تێنەگەیشتنی، پیتی یەکەمی کاوێژ کردوە، پیتی"C"ی ئنگلیزی. لەم کاوێژەدا وردی نەکردو گەورەی کردەوە. کەوانەیەکی گەورەتری لێ دروست کرد. کەوانەیەکی ئەوەندە گەورە کە بتوانێ لە دیوی ناوەوەی دانیشێتو پاڵ وەقووڵایی کەوانەکە بدات. بە جەمسەری لای خوارەوەدا لینگی شۆڕکردەوە و جەمسەرەکەیتر لە پشتەوەڕا بەسەریدا چەمایەوە. لەگەڵ خێرایی سووڕانو خولی تایەکە پشتی کەوتە ناو کەوانەکەو لە دەرپەڕینو کەوتن دەیپاراست.

خۆیو کەوانەکەو هێڵەسپییەکانی ناوەندی جادەکەو گەرمای ئاکامی خوشینی تایەکە بە سەر قیلەتاوی سەرجادەکەداو دروست بوونی هێڵێکی سپی بازنەیی لە کۆی پیتەکانی سەر تایەکەو کاڵ بوونەوەی بازنە سپییەکە لە ناو رەشایی تایەکەداو وەپێشکەوتنەوەی خۆی و پیتی "C" و هەموو ئەوشتانەی بەسەر ئەو تایانەدا کاوێژ دەکردەوە کە لە جادەکەدا پێشیان دەکەوتەوە. (دەگەڵ ئەو کاوێژە درێژە پشووی سوار دەبوو( وای دەزانی هەموو ئەو تایانەی جێی دەهێشتن، لە پێکهاتەی سەرجەم پیتەکانی نووسراوەکانیان هەر یەکەو بازنەیەکیان کاڵ کردۆتەوە .

ئەگەر هەموو ئەو تایانەی لە جادەکە جێی هێشتن، بەشوێن ئەودا نەڕۆیشتبن، وای بیردەکردەوە بەو لقانەدا بڵاو دەبنەوە کە بەردەوام بەلای راست و چەپی جادەکەدا جیا دەبوونەوە.

هەرکام لەو رێگایانە بگرنەبەر، دەگەنە ئاخری جادەکە. لەکۆتاییدا ناچاردەبن واز لە سووڕان و خول خواردن بە دەوری خۆیان دابێنن‌و راوەستن. پێیوابوو، ئەوانەی لەکۆتایی جادەکان خەریکی کاوێژن، سەرنجیان دەکەوێتە سەر نووسراوەکان‌و دەتوانن نووسراوی سەر تایەکان بە تەواوی کاوێژ بکەنەوە. لە ئاکامی کاوێژی هەموو پیتەکان پێکەوە، بە دەقی نووسراوەکە دەگەن. بە کاوێژ کردنەوەی وشەکان رەنگە بتوانن مەودای نێوان خۆیان‌و سەرەتای دروست بوونی پیتەکان و وشەکان کاوێژ بکەنەوە.

بە هۆی پەستانی بەردەوام لەناو کەوانەکەدا، لە ناو پتی "C" دا لە قالب دراوە. بەردەوام دەسووڕێتو پیتەکەو خۆیو کەوانەکەو جادەکەو ئەو جادانەی جیادەبنەوەو کۆتایی هەموو جادەکان‌و ئەو کەسانەی لە کۆتایی جادەکان خەریکی کاوێژن، کاوێژ دەکاتەوە.(ئەو کاوێژەش گوشارێکی قورسی بۆ گەدەی مێشکی هێنا( لەناو کەوانەکەدا لە قالب دراوەو ناتوانێ پشتەسەرو پەرپێی خۆی ببینێت، تەنیا ئەو شتانەی لە بەرانبەریەوە دەکەونە پێش چاوی، کاوێژیان دەکاتەوە.

کاوێژەکەی نوێ دەکاتەوە: "لە هەر کوێ تایەکە توانای راگرتنی قورسایی ئۆتۆمبێلەکەی نەمێنێ، فڕێدەدرێتو سەرتاپەخوار رەنگێکی یەکدەستی لێدەدرێت. لەگەڵ چەندین کۆنە تایەیتر دەکرێتە پەرژینی دەوری باغچەیەکی دووره شار. ئەو کاتە چێڵ و گاو و گۆل بەدەم کاوێژەوە ئەوەندەیان دەلێسنەوە هەتا خۆی و پیتی "C" و ئەو پیتانەی تەنیشتی کە بە هەموویانەوە وشەیەک دروست دەکەن، کاڵ دەبنەوە.

## مامەند قادری



## خوێندنەوەی چیرۆکی کاوێژ

**جوانی چیرۆکی کاوێژ، جوانیەکی دیتنیو ساکار نیە، بەڵکوو جوانیەکی راڤەکردنیو ئیستیعارییە.**

خوێنەری سەرپێیی بە خۆی دەڵێ: ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی تایەیەکەو ئەو چاوەڕوانیەی کە دەبی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی شتێکدا هەبێت نیەتی. زۆرشتی کەمە وەک:شوێن، کات، دیالۆگ،...یان ئەگەر زۆر گوشاری بۆ مێشکی بێنێت، تەنیا دەڵێ: کایەیەکی فۆڕمی گێڕانەوەیەو لە ئاکامدا هەر دەگەڕێتەوە سەر جێگای دەسپێکو کەواتە گێڕانەوەیەکی بازنەییە.

بەڵام ئەمە یانی چاوچووقاندنو بە لاڕێدا رۆیشتن، بەڵام نەوەک لاڕێیەکانی ناو چیرۆک!

دەبێ بزانین ئاسۆی چاوەڕوانی ئێمە لە دەقێکی ئیستیعاری چەندە قووڵە، چدەقێکی بە ئیستیعاری دەزانین؟بە چبەڵگەیەک؟

ئیستیعارە لەبنەڕەتدا مانایەکی ناسیاری ناسی(معرفت شناسی) هەیە. هەر بەو مانا نیچەیەکەی. زمان لە ئیستعارە پێکهاتووە.

ئیستیعارە بەر لەوەی ئاوێکی ڕەوانی ناو توێژەکانی دەق بێت، خوێنێکی خوڕێنی ناو دەقی دەمارەکانی زمانی ئێمەیە.بەڵام ئەو هەمووە بە خۆئاگایی وەدەست نایێت.ئاوڕێکی دیکە لە ئیستیعاوە: ئەگەر بمانهەوێ بە ئاگاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ زمان بکەین، دەزانین هەر دەقێک، هەر مانایەک، ئیستیعارییە، کەوایە بۆ بڕوا بە جەوهەرو لێهاتوویی زمان نەکەین؟ یان بۆ حاشای لێبکەین؟یان بۆ وەک کەرەسە کەڵکی لێوەرگرین؟

چیرۆکی "کاوێژ" هەر لە یەکەم دێڕدا کارەساتی نەبوونی دەرەتانو چارەنووسی داسەپاوی ئەو کەسانە نیشاندەدات کە توانای لادان لە شعووری باویان نیە.

..."تابلۆکە دوولینگانەی بەسەر شەقامەکە داهێناوە. پەیکانێک و وشەی سێنتر ئاڤ سیتی".
دوولینگانە بەسەرداهێنان وەک دۆڵپایەک سواری سەری کەسایەتی سەرەکی "کاوێژ" بووە و بەرەو سێنتر واتە ناوەند لێیدەخوڕی.

وشەی "کاوێژ" لەم چیرۆکەدا بە پێچەوانەی مانا گشتییەکەی مانایەکی نەرێنی نیە، بەڵکوو کاوێژ خۆیلەخۆیدا پرۆسەی دابینکردنی پێداویستیەکانی لەشە بۆ درێژەپێدانی ژیان لەناو ئاژەڵاندایە. ڕاستی ئەم بۆچوونە، کەڵکوەرگرتن لەهەموو جۆرە پێداویستییەکانە. ئەگەر نووسەر تەنیا زبڵو زاڵو ڕیزاڵە نایلۆنو ... هێنابا، دەکرا مانا نەرێنیەکەی لێوەرگیرابا، بەڵام ئەو لە سەر گوڵی شینکە تورتو ئاودارەکانی کوێستانی سازگاریش کەڵک (یان کاوێژ) وەردەگری، لە ئاکامی کاوێژەکەش وزەو ڤیتامینێک بەرهەم دێ، کە گرینگ نیە هیچ پزیشکێک سەر لە چۆنیەتی ئەم پرۆسەیە دەر بێنێ.

لە بەشێک لە دەقدا، نەزانینی زەمەنی دەسپێکی یەکەم کاوێژ و نەزانینی دەسپێکی گێڕانەوەی کاوێژەکانی، تەنانەت لە بیستو چوار کاتژمێریشدا، ئاگادار نەبوون لە ڕابردووی خۆی، هۆی سەرەکی بەهەڵە چوونی کەسایەتی کاوێژکەرە لە ڕاستیدا ئەو بە لاڕێدا چووە.

هێنانەوەی ئیستعارەی ئۆتۆمبێل، یانی دەرەتانی ڕۆیشتن بۆ هەر شوێنێک کە لێخوڕەکەی بیهەوێ بیبا، بەمەرجێک لە پێشدا ڕێگای بەسەردا نەسەپابێ وەک کەسایەتی سەرەکی ئەم چیرۆکە. لە دوایدا ئەم مەبەستە بەڕاست دەگەڕێ. پیتی "سی" ئینگلیزی کەمێکیترمان لە مەبەستەکە نزیک دەکاتەوە. ئەم پیتە ئێمە دەگەڕێنیتەوە سەر دەستە واژەی "سێنتر ئاڤ سیتی" هەر پیتی سەرەتای وشەی سێنتر یان ناوەند. کەسایەتی چیرۆک بە سوار بوونی لە ناو پیتەکە لە پێشدا بە بزۆزی ئەوەمان پێ ئیلقا دەکا کە بازنەکە دەرەتانێکی هەیەبوویە پیتی" ئۆ"ی ئینگلیزی هەڵنەبژاردوە، بەڵام لە درێژایی چیرۆک

دەردەکەویٚ کە بەهۆی سووڕانو خولخواردنی تایەکە ئەویش دەبێتە بازنە. کەسایەتی سەرەکی لەناو ئەم پیتەدا لە قالب دەدریٚو دەبیتە کەسایەتیەکی لە قالبدراو و چوارچیٚوەدار (بە مانا نەریٚنیەکەی) ، ئیشک و سواو، کە ناتوانیٚ پشتەسەر(رابردوو)و بەر پیٚی (داهاتوو) ببینێت، تەنیا ئەو شتانەی لە بەرانبەریەوە دەکەونە پێش چاوی.

ڕۆیشتنو وەپیٚشکەوتنەوەی کەسایەتی سەرەکی لە ئەو تایانەی لە جادەکەدا بەجیٚدەمان وای لەخۆبایی کردبوو کە پیٚیوابوو ئەوان بەبڵاو بوونەوەیان بە لای راستو چەپی جادەکەدا و هەرکام لەو ریٚگایانە بگرنەبەر، دەگەنە ئاخری جادەکە. کە واتە هەر کەسێک لە ریٚگەی سەرەکی کە پێشتر بۆی دیاریکراوە لابدات و بۆناوەند نەچێت ئەوە هەروا لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە و مەحکووم بە لەناوچوون و گەیشتن بە کۆتایی‌و نەمانە. بەڵام ئەمە هەموو بیرۆکەو خەیاڵی ئەو بوو، لە راستیدا ئەوە ئەو بوو کەدوای ئەم بەسەرهاتە جاریٚکیتر کۆدەکریٚتەوە و لە کارگەیەکدا بۆ نویٚکردنەوە کاویٚژ دەکریٚتەوە، دەیکەنەوە تایەو بەرەو تابلۆی"سیٚنتر ئاڤ سیتی" دەبەنەوە. ئەوانەی لە جادە سەرەکیەکە لایانداوە دەتوانن نووسراوەکان بەتەواوی کاویٚژ بکەنەوە. لە ئاکامی کاویٚژی هەموو پیتەکان پیٚکەوە، بە دەقی نووسراوەکان دەگەن. بە کاویٚژ کردنەوەی وشەکان دەتوانن مەودای نێوان خۆیانو سەرەتای دروست بوونی پیتەکانو وشەکان کاویٚژ بکەنەوە.

ئەمە راستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە کە لەناو بیری گشتی ئیٚمەدا کەسانێک کە لەگەڵ بیری باو و زۆربەی رەشۆکی خەڵکیدا نەبن، لەناو دەچن و هیچ ئاکامیٚکیان نیە. هەر بۆیە نابێت خۆت سەربەخۆیی بیرت هەبێتو ئەگەر رۆژێک رچە بشکێنی ئەوە تووشی بەراز دەبی‌و ئانفولانزای بەرازی دەگری! ئەویش جۆری کوشندەی!
لە ئاکامدا دەستخۆشی خۆم لە زمانە سیحرئاوی کاک مستەفا دەکەم کە لەوانەیە زۆرشتی دیکەشی تیٚدابێتو بۆم نەدۆزرابێتەوە.

**مراد ئەعزەمی**



## فۆرمی کاوێژ - کاوێژی فۆرم

چیرۆک، لە کورتترین پێناسەی خۆیدا، ئەو دەقە ڕەواییەیە، کە لە کەمترین مەودای زمانیدا، بەشێکو چرکەیەک لە لایەنە فەرامۆشکراو و خوو پێکراوەکانی مرۆڤ، ڕەوایەت دەکات، تاکوو فەرامۆشی بسڕێتەوە. چیرۆک، ئەم جیهانە تایبەتەی خۆی، بە کەرەسەو تەمهیدگەلی جۆراوجۆر، تۆمار دەکات.کەرەسە گەلی وەک: کەسایەتی، ڕووداو، دیالۆگ، گۆشەنیگا و...، تەمهیدگەلی وەک، گەلاڵە، فۆرم و...

------

کورتە چیرۆکەکانی مۆپاسان، خاوەنی گەلاڵەی پتەو و بەهێزو ڕەگەزەکانی دیکەی دەق پاڵی وێداون. کورتە چیرۆکەکانی چێخۆف، خاوەنی کەسایەتی گەلی داڕێژراو و پەرداختکراونو، زمانێکی ئایرۆنیکیشن، ئەم کەسایەتیانەو باقی ڕەگەزەکان هاوڕێی دەکەن. کورتە چیرۆکەکانی بۆرخێس، فەزایەکی ئەو پەڕ واقیعو مژاویو کەسایەتیگەلی خزیلکو تەمئاوی، بە پاڵپشتی فۆرمگەلی نائاساییو پارادایمی جۆراوجۆر بەجێی گەلاڵە بەرهەم دێنن.

---

فۆرمی چیرۆک، چەن ڕەگەزو تەمهیدان دەگرێتەخۆ. واتا چەند ڕەگەزو چەند تەمهید لە چیرۆکدا، فۆرمی دەق دیاری دەکەن. تەمهیدی گۆشەنیگاو هەروەها هەڵبژاردنی پارادایمی تایبەتی(بازنەیی، هێڵی، لابیرێنتی، دووهێڵیلێکترازاو...)، فۆرمی سەرەکی دەق پێکدێنن. چیرۆکێکی بەهێز، لەوپەڕی سەرکەوتوویی خۆیدا، خاوەنی فۆرمێکی سەرکەوتوو و بەهێزە، کەیاریدەدەری ڕەگەز و تەمهیدەکانو زمانو ناوەڕۆکی دەقە، بۆ پەلکێش کردنی بەردەنگو بەهێزو قەوەتکردنی گێڕانەوە

چیرۆکی«کاوێژ»، هەر بەم ئستراتژیەوە، خاوەنی فۆرمێکی ژیرانە هەڵبژێردراوە، کەتەواو لەگەڵ رەگەزو تەمهیدو بابەتی سەرەکی دەق یەکی گرتۆتەوەو جوانترین هارمۆنیای رەوایی ساز کردوە.

هەر لە سەرەتای پرۆسەی خوێندنەوەدا، سەردێڕی دەق سەرنجی خوێنەری ژێر رادەکێشی.«کاوێژ»، کەلەمانا قامووسیەکەیدا، بەو میکانیزمە فیزیۆلۆژیکیە دەگوترێ، کە مانگاو چێڵو گاو گۆل، بەو گەدە چەند پاژەییەیکە هەیانە، لە کاتی لەوەڕدا، چەن جار گیاو گۆڵ لەناو ورگو گەدەیانەوە، دەگەڕێتەوە ژێرددانیانو دەیجوونەوە و دیسان قوتی دەدەنەوە.

رۆمینەیشن(ی پێدەڵێن، واتا ) بەڵام ئەم زاراوەیە، لە سایکۆلۆژیاشدا کارکردی هەیەو(کاوێژی فکری). لەم پەتا زەینیو دەروونیەدا، مرۆڤ تووشی بیرۆکەو فکرێکی لاساری وەهادێت، کە لەگەڵ ئەوەی بێکەڵکو بێسوودن، بەڵام بەهۆی هێندێک نوقسانی کارکردی نیزامی رەوانی، بەردەوام لە کونو قوژبنەکانی مێشکرا، دێنە بەشی وشیاری زەینو وەک بازنەیەکی بەردەوام، لە نێوان بەشە ئارشیویەکانی مێشکو لایەنی وشیاری زەیندا لە هاتو چۆدایە.

دەقی چیرۆکی«کاوێژ»، رەوایەتی هیچ رووداوێکی دەرەکی و بەرجەستە نیە. باسی هیچ خۆشەویستی یان مەرگو لێکدابڕانو پێکگەیشتنێک ناکات. نە پاڵەوانێک لە ئارادایەو نە دژەپاڵەوانێک. نە شوێنێکیوادیارە و نەزەمانێکی دیاریکراو. تەنانەت زەمانو مەکان گرینگیش نین. نە قەڵافەتی کەسایەتیەک دادەرێژرێو نە گەڵاڵەیەکی (بە پێناسە فۆرستێریەکەی) واش دێتە بەرچاو.ئەی ئەم دەقە چیرۆکی چیەو چجۆرە رەوایەتێکە. بە کورتی دەتوانین بڵێین،«کاوێژ»، رەوایەتی پرۆسەی کاوێژ کردنی بیرۆکەی زەینێکی نەخۆشە. دەقی «کاوێژ»، وتارێکی سایکۆلۆژیک نیە، بەڵام لەوانەیە هیچ تێکستێکی سایکۆلۆژیانە ئاوا وردو روونو بەهێز، توانای شیکردنەوەی زاراوەو میکانیزمی (کاوێژی فیکری) نە بێت.
دەق بە رێکەوەندی(سێنتر ئاڤ سیتی) وە دەس پێدەکا. ناوەندی شار، ناوەندێک کە سووڕان بە دەورخۆیەوە بانگهێشتن دەکات. پیتی (سی) سەرەتای دوو واژەی ئەم رێکەوەندەش، کارکردی خۆی هەیە لە دەقدا. دوایە باری لاستیکی ئۆتومۆبیلێکو نووسراوەکانی سەر لاستیکەکەو هەوڵی خوێندنەوەیانو، تێک چوونو مەسخ بوونی نووسراوەکان بە هۆی سووڕانو خول خواردنی تایەکە، بۆ هێڵێکی بازنەیی، کە هەر پیتی سەرەتایی واتا(سی) دەخوێندرێتەوەو بەس، دەکرێ. واتا کاوێژ دەکرێ. ئەو کاوێژە بۆ زەینی کەسایەتی، ئەوەندە بەرهەستو لە واقیع واقیعترە، کە دەچێتە دەناخی کاوێژەکەوەو، بە دەم راکشان لەسەر پیتی(سی) کاوێژەکە، خۆیشی هەڵدەسووڕێو وێکدێتەوەو لە فۆرمی بازنە نزیک



سەرچاوە
Serchawe

دەبیتەوە. بەددەم ئەم سووڕانو کاوێژ کردنەوەیە، بیر لە باقی تایەکانیش دەکاتەوە کە جێی دەهێشتنو ئەوانیش کاوێژ دەکاتەوە.

دوای تەواوی ئەم کاوێژانە، کاوێژەکانی نوێدەکاتەوەو بیر لەوەی دەکاتەوە کە ئەگەر تایەکە فڕێدرێ، دەبێتە پەرژینی دەوری باغچەیەکو چێڵو گا و گۆل(کە ئەوانیش کاوێژ کەرەوەن(، بەددەم کاوێژەوە پیتی(سی) (کە کاوێژی ئێستای ئەمە) و وشەکانیدی کاڵ دەکەنەوە، وەک ئەوەی بە لەستنەوەیان، قووتیاندەنو دەس بکەن بە کاوێژ کردنەوەیان.

**لە کۆتاییشدا، بە پرسیارێک، کاوێژەکەی بەرەو تەواو بوون دەباو سەرو بنی دەقیش وەک بازنەیەک، وێک دێنێتەوە:**

..."ئەو پرسیارەی کاوێژ کردەوە کە، دوای ئەم بەسەرهاتە جارێکیتر کۆدەکرێنەوەو لە کارگەیەکدا بۆ نوێکردنەوە کاوێژ دەکرێنەوە، ئاخۆ دەبنەوە بەتایەو بەرەو تابلۆی (سێنتر ئاڤ سیتی) دەڕۆنەوە؟

"کاوێژە فکریەکانی کەسایەتی دەق، بەم پرسیارەوە، دیسان دەسپێدەکاتەوەو کۆتایی نایەت

---

ئائێستا، بە روونی بۆ بەردەنگ دەرکەوتووە کە فۆرمی بالادەستو سەرەکی دەق، بازنەیەکی گەورەیە، کە لە یەکەم رستەی سەرەتاییو رێکەوەندی (سێنتر ئاڤ سیتی( یەوە دەست پێدەکاتو هەر لە وێش کۆتایی پێدێت. واتا بەددەم وێک هاتنەوەی کۆتاییو سەرەتای رەوایەت، دەق کاوێژ دەکرێتەوە.لە ناخی ئەم بازنە مەزنەدا، ئینگلیزی، تایەکانی سەر جادە، واژە C چەندین ورکە بازنەش خەریکن هەڵدەسووڕێن. پیتی و وێنەو بیرۆکەکانی کاوێژ کراوی ناو مێشکی کەسایەتیەکەو... ، هەموویان لە ناو جەغزی بازنە هەراوەکەی دەقدا هەڵدەسووڕێن.
ئەم فۆرمە، بە جوانترین شێوە، میکانیزمو کارکردی کاوێژی فیکری وێنا دەکات، واتا فۆرمی بازنەیی دەق، دەلالەتی کاوێژ لە مێشکی بەردەنگدا بەرجەستەدەکات.

ئەم پێوەندیە دوو لایەنە. واتا، وێنەکانی دووپاتە بووی هەڵسووڕانی تایەو پیتی(سی)و نووسراوەکانی سەر تایەکان کە بەددەم سووڕانەوە دەبنە بازنەیەک، و تەنانەت رستەکانی هەناسەبڕکەرەوەی پشوو بڕی لە دوایەک ریزکراو و دووپاتە بوو، کە دۆخی سووڕانو سووڕانو سەردەگێژەوەهاتن بە خوێنەر ئیلقا دەکەن، هەموویان پێکەوە، دووپات بوونەوەی فۆرمە سەرەکیەکەی بازنەیە لە ناخی دەقدا،واتا ئەم جارە، رەفتاری دەق، فۆرمی بازنە پێک دێننو تەنانەت فۆرمەکەش، کاوێژ دەکرێتەوە.کاوێژی زمانی لەم دەقەدا بەرچاوە:

..."خۆیو کەوانەکەو هێڵە سپییەکانی ناوەندی جادەکەو گەرمای ئاکامی خوشینی تایەکە بەسەر قیلەتاوی جادەکەدا و دروستبوونی هێڵێکی سپی بازنەیی لە کۆی پیتەکانی سەر تایەکەو کاڵبوونەوەی بازنە سپییەکە لەناو رەشایی تایەکەداو وەپێشکەوتنەوەی خۆی و پیتی (سی) و هەموو ئەوشتانەی بەسەر ئەو تایانەدا کاوێژ دەکردەوە کە لە جادەکەدا پێشیان دەکەوتەوە.(دەگەڵ ئەو کاوێژە درێژە پشووی سوار دەبوو.)"

ئەم ژیانی هاوتەریبو هارمۆنیکی فۆرم و ناوەرۆکە، لە دەقێکی سەرکەوتووی رەوایی‌دا، کە رەوایەتی رووداوێکی ناڕووداو (یان دژە رووداو)ەو، رەوایەت لە هیچ دەکاتو هیچ کەسی تێدانیەو لە هیچەوە دەس‌پێدەکاو دەگا بە هیچ. زمانی ئایرۆنیکی "مستەفا شێخە" ، جارێکی‌دیش، دەلالەتێکی شاراوەی لە پشت دەقدا و لە ژێرکایە زمانیو فۆرمیکەکەی، ئیلقادەکاتە زەینی خوێنەری پرۆفیشنالو چالاک، کە:

(لەم دنیا پووچەڵاوپووچەدا، شتێک نیە بۆ باس‌کردنو رەوایەت کردنەوە، هەرچی هەیە، دووپات و چەند پات کراوەتەوە. ئێمە بە درێژایی ژیانمان، خەریکی کاوێژ کردنەوەی خۆمانین.)

سەرچاوە: رۆچنــە - وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١٥ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## هێڵکاریی لە سەر رووبەرێکی سووتاو (چیرۆک)



ئۆتۆمبێلەکەمان هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت. بارەکەی قورسە. وەک کەروێشکی بازرە بە کەندولەند و هەورازونشێو و خڕوشیواندا دەخوشێت. دیسان کۆمەڵێک نێرەوەز و ڕێگەی چیاوچۆڵەکان.

زۆر وەڕەزم. هەر دەڵێی ئەم هەموو کەرەستە و خواردەمەنییەی لە نێو ئۆتۆمبێلەکە دایە، هەمووی لەمن بارکراوە. نەک هەر قورسایی خواردەمەنییەکان، نەفەرەکان و ئۆتۆمبێلەکەش قورسایی سەر شانەکانی منن. بە پەلەم لە شوێنێک ڕاوەستین و ئەم بارە قورسەم لەکۆڵ بێتەوە. ئەوانیش کەیفیان سازە. دەڵێی بۆ ئەوە سواربوونە هەرگیز دانەبەزنەوە. خۆ هەموو سواربوونێک، دابەزینەوەی بەدواوەوەیە. سەعاتە ڕێیەک هاتووین و هێشتا شوێنێکی بەدڵی خۆیان نەدۆزیوەتەوە بارگەوبنەی سەیرانی ئەمڕۆی لێ بێخین. داخستنی هەر بارگەوبنەیەکیش لە کاتی خۆیدا کۆکردنەوەی دەوێت. بەم دەنگە گڕانەیانەوە گۆرانی دەڵێن و کەس نۆبەی کەس نادات. هەموو کەس دەنگی گڕ و بێزارکەری خۆی پێخۆشە. ناچارم دەست پێکدەم:

- ئەرێ ئەوە سەفەری کوێ دەکەین؟ زۆر لەمێژە بە ڕێگەوەین و لە گەڕانەوەدا ڕەنگە زیاتریشمان پێبچێت. ئەویش ئەگەر ئەوەندە خۆمان سەرخۆش نەکەین و نەیکەینە فشە و هەڵبەز و دابەز.

هەر ئەم سەرخۆشبوون و هەڵبەزودابەزە بەشی زۆری کاتەکەمان داگیر دەکات. کاتی چی؟ کوا ئێمە بایەخی کات دەزانین؟ هەر نەبێ ئەم کۆمەڵە هاوڕێیە ئەوەی بیری لێنەکەینەوە، بە فێڕۆدانی کاتە.

- با لە جێگەیەک بارگە و بنەمان بە عەردی دادەین. نێو ئەم دارستانە هەمووی هەر خۆشە.

جا کەمێکی دیکە وەرەسەیریان، هەر بۆنی ڤێسکی بگاتە دەمیان، دەست دەکەن بە زەڕەزەڕ. هەموویان وادەزانن دەنگیان خۆشە. ئیلاماشەڵلا دەنگتان چەند ناسکە! جارەکانی پێشوو ئەوەندەش لە شار دوورنەدەکەوتینەوە، لە گەڕانەوەدا هەتا نیوەشەو نەگەیشتینەوە. لە کاتی گەڕانەوەدا جادەکە ئەوەندە ئۆتۆمبێل و حەشیمەتی پێدا دەهات، دەرزیت هەڵاویشتبا نەدەکەوتە زەوی. ئەوەندەی چەپڵە لێدەین و گۆرانی بڵێین، هیلاک و ماندوو دەبووین. ئای ژنی جوانمان دەدیت! تۆ پێم ناڵێی ئەم هەمووە ژنە جوانە لەکوێن و چۆن لەم ڕۆژانەدا دەردەکەون؟ ژنی جوانیش دەردی سەرە. دەردی سەرنا نێعمەتی خوایە. نێعمەتی چی بەڵایە، خۆ نازانی چۆن لە چاوە برسیییەکانی ئەم هەموو خەڵکە بیشاریەوە.

- ئەم جێگە ئاگرانەتان دیتووە؟ تۆ خوا دەست لەمەیان مەدەن. بەردیشی لێ نییە کتری و مەنجەڵ و شتی لەسەر دابنێین. ئەمە سێ جێگە ئاگری دیکە و یەکێکیان بکەنە ئاگردانی ئەمڕۆ.

هەمیشە حەیفم دێتێ ئەم شیناوەردە جوانە بە ئاگر بسووتێنم. ئەوەتا هەر لێرە لە نزیک یەکتر لە چوار جێگە ئاگریان کردووەتەوە. تۆ خوا دەست لەمەیان مەدەن. سەیریکەن ئەم ڕووبەرە ڕەشە لە نێو ئەم سەوزاییەدا چەند جوان دیارە؟ تەڕیشە. خۆ شەوی ڕابردوو باران نەباریوە؟ ڕەنگە شەونمی سەوزاییەکەی دەوروبەری لە ژێر سێبەری داربەڕووکاندا تەڕی کردبێت. با جارێ کەل و پەلی نێو ئۆتۆمبێلەکە داگرین. نا، دەڵێی پەستاوتوویانە. ڕەنگە ئەوەی دواجار ئاگری لەسەر کردووەتەوە، بۆ ئەوەی پشکۆکانی ئاگریان لێنەکەوێتەوە، بە ئاو ڕشاندبێتی. یان ویستوویەتی ئاسەواری ئاگرەکە بسڕێتەوە. کاتێک ئاگر هەموو شتێک بسووتێنێت، ئاسەواری چۆن دەسڕێتەوە؟

ئەمەش بوو بە سەیران؟ تێرەخۆرەی لەشکرێکی گەورە نان و پێخۆر و گۆشت و مریشک و پستە و گوڵەبەڕۆژە و میوەمان هێناوە. من تەنیا خەمی بیرە و ڤێسکییەکانمە. با خێرا لە ژێر سێبەری ئەم دارە بیانخەمە نێو ئاوی ئەم کانیاوە. ئەم کانیاوە بە ئاوی سارد و کەڵلەتەزێنەوە، ئەگەر خاوەنێکی باشی بوویایە، مووچە و مەزرا و ڕەز و باخاتێکی زۆری پاراو دەکرد. ئێستا ئێرە ڕەز و بێستانی لێبوایە، ئەوەندەی ویستبامان لێمان دەخوارد. باش بوو لێی نەبوو، دەنا ئێمەی نەدیوبدی حەشرمان پێ دەکرد. حەشری چی؟ ئەوەنییە شاعیر باسی شەوڕنی بێستان دەکات؟ شەوڕنی چی؟ ئەگەر وابوایە ئێمە بە ڕۆژی ڕوون لێمان دەخوارد. پێم سەیرە شاعیر دەڵێ دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد. باشە لە تاریکیی شەودا چۆن دەکرێ شووتی و گرکە و گندۆرە لە بێستان لێبکەیەوە. تەمەشای کە من چەندە گێلم، لە شێعریش تێناگەم، خۆ شاعیر ناڵێت شووتی و تاڵکە و گندۆرە لێدەکەمەوە. ئەو دەڵێ بێستانکە دەڕنم:

**دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد**
**دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد**

لە شەوڕندا گەییو و نەگەیو، بە قیچکە و بڕکەوە دەڕنن و بێستانەکە وێران دەکەن. پەشیمان بوومەوە، باش بوو لەبەر ئەم کانیاوە بێستانیان نەکرد، خۆ هەر بەرگەی شەوڕنێکی دەگرت.

چیلکەیکی دەمپان دەست دەداتێ. لەسەر جێئاگرە نماوییەکە هێڵێکی نیو کەوانەیی دەکێشێتەوە. وەک لەتە هێلکە دەچێت. چاوەڕوانم هەر بە چیلکەکە، زەردێنە و سپێنەی نێو قاپۆڕی هێلەکەکەش بکێشێتەوە. ئیشتیام دەچێتە هێلکەی گەرم. هێلکەی گەرم ئەگەر زۆر نەکوڵێت و زەدێنەکەی شل بێت، زۆر بەتامە. نیوهێلکەکە دەکاتە چەناگە و دوو لێوی بۆ دروست دەکات. لە سەرووی لێوەکانەوە لووتێک و دوو چاوی پرووش و دوو برۆی ئەستوور دادەنێت. ئێستا بیر لەمە دەکەمەوە ئەم وێنەیە وەک کێ دەچێت.

- هەتیوە لووسکەیە، ئەم چاوە پرووشانە چین دروستت کردوون؟ چاوی خۆت دەڵێی پیاڵەی شەرابن. لەم کۆڕەدا تەنیا تۆ بۆنی مێینەت لێدێت.

لەبەرچاوی من بە داروەکەی دەستی هەردەکە ناسمێنیت و چیلکەکەی دەستی لە سەر هەردە نماوییەکە هێڵێکی تۆخ بەدوای خۆیدا دەڕێژێت. سۆزەبایەک دووکەڵی ئاگرەکەی ئەولاتر دێنێت و بەسەر چاو و قوڕگیدا دابەشی دەکات. فرمێسکی دێت و دەکۆکێت. دووکەڵ بەڵایەکی سەیرە. ئێستا کە لە نێو ئەم دارستانەوە بەرز دەبێتەوە، لە دوورەوە دەزانن کەسانێک لێرەن. ئەوە بۆ چووە چاویەوە و نەیهێشت هێلکارییەکەی تەواو بکات؟ دەڵێن کەسێک دووکەڵی ئاگردانی دەشتێ رووی بکاتێ، حەتمەن خۆشەویستی کچی هەیە. جا ئەم هەتیوە لووسکەیە بەم جوانییەوە کچ هیچ، دایکی حەوت منداڵان بە حەسرەتی بزەیەکیەتی.

ئەم هەتیوە ئەگەر وازی لەسەر شتێک بەسەر چوو، جێی دێڵێت و ڕووی تێناکاتەوە. ئەم دووکەڵە پێی جێ نەهێشتبایە، ئێستا دەیکرد بە پۆرترێتێک و ڕوحی وەبەر دانا. لەم کارەدا زۆر دەسترەنگینە. تەمەشای کە، لە ترسی ئەوەندە دووکەڵە چۆن ڕاکشاوە و هەردوو ئانیشکی کردووەتە سەیوانی چاوەکانی؟

هێلکارییەکەی سەر هەردە ڕەشە نماوییەکە لەبەرچاوم دەڵێی وێنەی سێڕەهەندییە. خەریکم چاوەکانمی بۆ خێل و قیچ دەکەم، بەڵکوو وێنەیەک لە نێو رووبەرەکەیدا شاردرابێتەوە. چیلکەکە دەست دەدەمێ و باقەیەک سمێڵی شۆڕ و ئەستوور بۆ ڕێبوار دروست دەکەم. ئێستا بە ڕێبوارەوە ئێمە لەم سەیرانگایەدا شەش کەسین.

- کاک نارێبوار، خۆ لە گەڕانەوەدا کەسێکمان لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا زیاد دەبێت، مەگەر لەسەر کۆشی یەکتر دانیشین؟

هەتیوە ئەوا گوێت دەگرم و لە گۆشەی زیندانەوە دەتهێنمە ئەم سەیرانگا خۆشە. ئەوەندە دەستت بەم سمێڵە فشانەتدا هێناوە، بۆیە ئەوا هەر دوو لێوی سەر و ژێرتیان داپۆشیوە. بۆ هەتیوە بێ مێشکە، یانی ئەم سەریانگا و ئەم نێو دارستانە لە نێو زیندان خۆشتر نییە؟ باشە بۆ لەخۆڕا خۆتت تووشی ئەم زیندانە کرد؟ من هەتا هاتمەوە دەر، هەر وەخت بوو شێت بم. تۆش بە ملی شکاوتەوە هەمیشە لەبەر دەرگای دوو چاوە ئاودەستەکە دادەنیشتی. جگەرەیەکت بە دەمەوە دەگرت و دووکەڵەکەییت لە گەڵ بۆنی تڕ و تسی ١٢٠ هاوبەندیی خۆتدا هەڵدەلووشیەوە. ئەو کاتەی زیندانیەکان تەنگاو دەبوون و لەبەر دەرگای دوو چاوە ئاودەستەکە بە ریز دەوێستان، تۆ لە خۆشییان نەرمە بزەت دەهاتێ. بە دەم نەرمەبزەیەکی تاڵەوە مژی قووڵترت لە جگەرەکەت دەدا. سەرەتا وامدەزانی شتێکت لە دەنگی تڕی زیندانیەکاندا دۆزیوەتەوە یان دەتهەوێ لە جیاوازیی بۆنی میز و پاشاویان تێبگەی. هەر یەکەو بە تۆمەتێک بەند کراون. ڕێبوار، تۆ بڵێی هەر تۆمەتەو بۆنیشی جیاواز بێت؟ بۆنی دزی، بۆنی دەستدرێژی، بۆنی هاوڕەگەزبازی، بۆنی سیاسەت، بۆنی منداڵبازی و بۆنی ژنکوژی. ئەی بۆنی گەندەڵیی دارایی؟ زۆرم پێخۆش بوو هاتی بۆ سەیران. دەزانی لەو کاتەوە ئەو زیندانەم جێ هێشتووە، بەردەوام لەبیرم نەکردووی؟ زۆرم پێناخۆش بوو تۆ لەوێ بەجێمای. هەمیشە لەگەڵم دای. بەڕاستی پێمخۆش بوو هاتی. هەتیوە خۆ لەوێ لە ئاوی سارد و چێشتی پڕلە کافوور زیاتر هیچی دیکەمان نەدەدیت. جا ئەمڕۆ بە سڵامەتیی خۆمان پێیدادەکەین.

ئەگەر لە بەردەرگای ئاودەستەکە وەجواب نەهاتبای و خەیاڵت نەبڕیبا بە وشە، ئەوا یەکترمان نەدەناسی. نانا، خۆشم دەستم لەم یەکتر ناسینەدا هەبوو. کەس کاری بەسەر تۆوە نەبوو، بەڵام من لێت نزیک دەبوومەوە. جگەرم پێدەدای و دەمدواندی. منیش وەک زۆربەی زیندانییەکان وامدەزانی شێت و دەستوەشێنی. هەر باش بوو قسەت کرد. ئەوکاتەی بەسەر مندا گوڕاندت، زۆر ترسام. گوتم ئێستا لێم دەدەی بەڵام نا. لەبیرتە گوڕاندت:

- ئەوە بۆ ئەوا سەیرم دەکەی؟ چییە؟ گورگت دیوە؟ منیش وەک تۆ بنیادەمم. ئەوە بۆ ئەوا لە خۆت دەفشی؟ تۆش وەک ئەوانیتر ناو سکت پڕە لەو شتە بۆگەنەی بە درێژایی شەو و ڕۆژ دێن لە نێو ئەم دوو چاوە ئاودەستەدا هەڵیدەڕێژن. تۆ خۆتت پێ سیاسەتمەدارە؟ خۆتت پێ نووسەرە؟ بۆگەنی سیاسی و نووسەرەکان لە هەموو بۆگەنێک پیسترە. ئەگەر بۆگەن

نی، ئەگەر درۆ ناکەی، کەسایەتیی لەمن باشترت دەست ناکەوێ. دەبنووسە دەی. ڕوو بە ژنان پەل دەبنەوە و سەدان ڕستەی بە درۆیان بۆ ڕیز دەکەن و دەڵێن نووسەرین. لەبەر بەرپرسێک یان پارەدارێک چۆک دادەن و دەست دەکەن بە حیزە حیزە. هەی لە هەزار نووسەری وەک تۆ... پێتوایە من لە نووسین و تەکینک و شتی وا ناتێناگەم؟ تڕحێو! بەقەت تووکی سەری تۆ ڕۆمان و دیوانە شێعرم خوێندووەتەوە، بەڵام ئەو خوێندنەوانە نەیاتوانی بێناموسم بکەن. ئەگەر کەسایەتیت دەوێت، من کەسیاتیی ڕۆمانێکی دوور و درێژم. دەرونم پڕ لە زووخاوە. لە داخی ئەم هەموو قورسایەی لە سەرمە، ئێرە، بەردەم ئەم ئاودەستەم پێ لە هەموو جێگەیەک خۆشترە. ئەم بۆنە لە بۆنی ئەو ئازادییە خۆشترە ئێوەی درۆزن پێی هەڵدەڵێن. هەرچی من دەیڵێم بینووسە. دەبێ بەقسەی خۆم بکەی. تەنیا یەک وشە لە قسەکانم بگۆڕی، بە گۆڕی بابی تۆ و هەرچی نووسەرە. تۆی نووسەری خوێڕی هیچ نی. حیسابی پووشکەیەکت بۆناکەم. پێمەکەنە بەم نەرمە بزەیەی ژێر لێوتەوە خۆ بەمن پێناکەنی، بە گەمژەیی خۆت پێدەکەنی، پێتوایە من شێتم؟ بە شێتێتیی من پێدەکەنی؟ لەسەر قەرەوێڵەکە خۆم کردبووە خەو، ئاگام لێبوو لەوەی تەنیشتمت دەپرسی ڕێبوار بۆ گیراوە.

ئائا لەسەر دزی گیراوم! خاوەنی ئەم سمێڵە پیاوانەیە بۆ دزیکردن دەبێت؟ خاوەنی ئەم سمێڵە پیاوانەیە تەنیا لەسەر پیاوەتی دەگیرێت. ناماقووڵیت کرد هەتا سەرت هەڵدەگرێ، نووسەری تڕکەن. هەی بێ ناموس. نووسەر ناموسی لەکوێ بوو؟ تۆ بای چاوت لێ دەنووقاند و بێدەنگەت لێی دەکرد. دەتگوت لایەنگری مافی مرۆڤم. مافی تڕەماش. درۆزنی، دەتهەوی ژنان و کچان پێت پێبکەنن و لێت نزیک ببنەوە.

شەرەفی خۆمم رزگار کرد، دەی جا چییە با لێرەدا برزم. چاک نییە شەرەفی خۆم و بنەماڵەکەمم کڕییەوە؟

با پێت بڵێم لەم بەردەرگای ئەم ئاودەستانە دادەنیشم و جگەرە دەکێشم. نە تڕ و تسی زیندانیەکان دەژمێرم و نە بۆگەنەکەیان دەگەڵ دووکەڵی جگەرکەم هەڵدەمژم. ئێرەم سەد جار پێ لەو ماڵە پاکترە ژنێکی ئەواحیزی تێدابێت. دەمزانی قەحبەیە. هەرکە باوکم سەری ئاوا بوو و هێشتا گۆڕەوشار نەدرابوو، بە چاوە بەلەکانی لە ژێرەوە لە پیاوانی دەڕوانی. هەمیشە سنگی ڕەپێش دەخست و دەیگوت خۆم ڕێبوار و ئەم کچانە گەورەدەکەم و وەک پیاوان بە سەریان ڕادەگەم.

لەو ڕۆژەوە زبڵی هێنایە لای ئۆتۆمبێلەکەی زبڵ بردن و زبڵڕێژەکان خۆیان بە قوونی ئۆتۆمبێلی زبڵەوە هەڵواسیبوو و چاویان لە گەڵ و قنگی دەکرد، زانیم ئەم ڕۆژە دادێت. ئەو ڕۆژەی لە مەکتەب ماموستاکە گوتی ڕێبوار ئەوە خوشکت بوو هاتبووە شوێنت؟ هەر مردم و زیندوو بوومەوە. نەموێرا بڵێم نا دایکم بوو. ئاخر دەبوو خۆم بە چڕ و چاوی ئەو سەگبابە دادابا. بڵێ سەگباب بە تۆ چی دایکم هەر وا گەنجە؟ ئێستا ئەگەر باوکەکەم مابایە، ئەوەندە سواری دەبوو، ئەم ژنەتیوە

لای لە کەس نەدەکردەوە. با کردباشیەوە، ئەوەدەم نامووسی من نەبوو، هی باوکم بوو. با ئەو ئاگای لە نامووسی خۆی بوایە. مامۆستای سەگباب پێکەنی. باشە بلێ ژنەتیوە هیچ و پووچە، ئەگەر شتێک لەبن سەرت نییە، بۆ دێی بە شوێن مندا؟ خۆت دەزانی من مندڵۆکەیەک نیم و بەژنیشم بستێک لە تۆ بەرزترە.

دەچمەوە پێی دەڵێم. دەڵێم لەمەودوا حەقت نییە بەلای مەکتەب دابێی. دەبێ شەوانە بە تاریکی زبڵەکە لەبەر دەرگا دابنێی.

ئەخخخ، چ بڵێم؟ چەندی کردم بە قسەی نەکردم. بە قسەی نەدەکردم. دەمزانی ئاگری گرتووە. هەرکاتێک لە ماڵی خۆمان بەسەریان دادەچووم، دەمدیت دەگەڵ باوکم فشە دەکات. باشە ئەوە سێ ساڵە ئەو فشەیەی نەماوە. ئەدی چ دەکات؟ پێم بلێ کاڵە شێتە، بە دزیی من خەریکی چی؟ ناوەکەشی سەد ئەوەندە ئازاری دەدام. ئەو شفتیە کاڵە، ئەم سێوە کاڵە، دەڵێی کاڵە بەیە، ئەم هێڵەی سەروش کاڵ بۆتەوە، من چاوی کاڵم پێ جوانە. ئەوانە هەموویان درۆن. هەر لەبەر من وادەڵێن. بڵێی چۆن لە ئێخەم بێتەوە؟ ڕێبواری کاڵە بێوەژن. باشە باوکە، ڕەبیی لەگۆڕیشدا نەحەسێیەوە، ئەم ژنە چییە هێناوتە؟ تەمەنی لە هی تۆ کەمتر. چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ، بەژن زراڤ و خوێن شیرین. خوێن شیرینی چی؟ خوێنی دەڵێی زەرەندە. دەیبینیم هەست دەکەم تاڵترین رووخسار دەبینم. ئەوەندەی ئەو بزەی دێتێ و خەڵک پێی پێدەکەنن، من زیاتر تەریق دەبمەوە. خەریکە پیاوەتیم پێوە نامێنیت. ئاخخخ هەر من دەزانم چ بەڵایەکی. تەواوی هەتیو و مەتیوی ئەم گەڕەکە شەوانە خەونت پێوە دەبینن. ئەو پیاوە خوێڕییە چاوحیزانە بە یادی تۆوە شەوانە دەچنە پاڵ ژنەکانیان.

تازە سێ ساڵ دەبێ باوکم مردووە، دەڵێی شوو دەکەمەوە؟ دەردت لە گیانی من. ئەدی ئێستێ دەتهێڵم بچییە ژێر زەلامێکەوە و سواری خۆتی کەی. دایکم ناوێ، بۆچیمە؟ دایکێک حەیای خۆم و هەمووعێل و حەشیرەتەکم بەرێ؟

تازە من دەچمەوە ئەم بازاڕە؟ هەتا سەری تۆ زیندووبێت چاوم بەو قەیسەریانە ناکەوێت. من لەکوێ بزانم تۆی! بیرم لە مردنی خۆم دەکردەوە و بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەمەیان تۆ بی. سووربۆتەوە، ئاگای لەخۆی نەماوە. دووکان بە دوگەڕێ. من چۆن بزانم ئەمە تۆی؟ خۆ لەمن گەنجتر دیاری! ئەگەر ئاوڕی نەدەدابایەوە منیش قسەیەکم ڕێدەهاڵاند یان دەستێکم بۆ... ئەستەغفیروڵڵا.

باشە نووسەری هیچ و پووچ، خۆ گوێم لێبوو دەتگوت ئەم ڕێبوارە بۆ کەسایەتیی چیرۆک دەناێیت. دەبنووسە دەی، بابزام چۆنم دەنووسی؟ دەی درۆم بۆهەڵبەستە دەی! دەی بەکەیفی خۆت بنووسە! بنووسە ڕێبوار دایکی خۆی کوشتووە و هەمیشە

خەمۆکە. من خەمۆکم خوێڕی؟ بۆیە دەڵێم خوێڕی، چونکە ئەگەر تۆ بوای لە جیات من، لەبەرانبەر ئەم ژنەتیوە سەرت دادەخست و پیاوەتی و نامووس و شەرەفت لە پێناو قسەیەکی قۆڕدا دادەنا. مرۆڤدۆستی و مافی ژنان، هههە. ئەرێوەڵڵا وەک حیزان سەرت دادەخست و لێدەگەڕای دایکە قەحبەکەت شوو بە پیاوێکی دیکە بکات و زڕبابێکی گەڵەگا ڤیت و ڤنج بەپێشدا بێت و بچێت. ئەرێوەڵڵا لەکۆڵم کردەوە. لە ئێخەی نووسەرە حیزەکان و سیاستەمەدارە درۆزنەکان و حاجیە چاوحیزەکانی بازاڕیشم کردەوە. با چی دیکە کاتێک سەیری دەکەن و لێکاوی لا لغاویان هەڵنەمژنەوە. با حاجیە قوماش فرۆشەکان سەرپەنجەیان بۆ پێک گرتنی پارچە قوماشە تەنکەکان تەڕ نەکەن و پڕ بەدەم پێی نەڵێن خوشکی من و بە دزیەوە لێی نەڕوانن و لیکاویان نەڕژێتە سەر مێزە دارە بۆن گرتووەکانیان. با تەبعی شیعری شاعیرە مێبازەکان کوێر بێتەوە. با سیاسییەکان لە کاتی گەڕانەوە لە کۆبوونەوەکان لە ناو ئۆتۆبمێلە جام ڕەشەکانەوە ملیان بەرەو ڕەسیف خوار نەکەنەوە.

لەبەر ئاوێنە بەرزەکە بە پێوە وەستابوو، خەریکی ڕەشکردنی برۆیەکانی بوو، منیش بە دەمانچەوە لە ئاوەێنە دەرکەوتم. چاوم قوچاند و بە دەنێکی پیاوانە گوڕاندم:"بێ ناموسیم پێ قبووڵ ناکرێت". کە دەنگی خۆم بیست هەستم کرد ئیتر منداڵ نیم و دەنگی نێرانە و پیاوانەم لە گەڵ تەقینی هەرسێ فیشەکەکە تێکەڵ بوو.

ئاوێنەکە پارچە پارچە بوو و بە ناو ژوورەکەدا کەوتە سەر پڕیشکە خوێنەکان.

---

- هەتیوە خوێڕیە هەر ئەوەندە بوو ویستم کەمێک چاوان گەرم بکەم، کوێرا دەستت دایە ئەم داروەکەیە؟ کوێرا ئەم سمێڵە زل و ئاڵۆز و ناشرینەت بۆکێشایەوە؟ خۆ من نەمدەویست بیکەم بە زەلامێکی بێڕەزا. چۆن ئەم جێ ئاگرە جوانەت لەمن خراکرد! دەتگوت بوومی وێنە کێشانە. دە دەست و پەنجەت شکێت، دەستت لێی نەدابا، بزانە دەمکردە چ جوانێک و چۆن پێکێکم دەدایە دەست؟ تازە هیچ، ڕووبەرە شێدارەکەت خرا کرد. ئەگەرنەم باقە سمێڵە فشەت ئەوا نەزانانە لەوێ دانەنابایە، من دەمکرد بە فریشتەیەکی جوان و پاک و لەبار. تۆ بڵێی کەی ڕێگەمان بکەوێتەوە ئەم لێرەوارە و کەی جێ ئاگرەکانی دیکە وەک ئەم جێ ئاگرە ڕووبەرەکەیان بەکەڵکی شێوەکاری بێت؟

سەرچاوە: ڕۆچنــە - وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---

## مەزادخانە



"رۆڵە گیان هەزار جار لە چاوی نەنکت کەوێت، بیکوژێنەوە، با چ دیکە نەبینم.

داپیرە، چەنەی کەوتبووە سەر ئێسکی دەرپەڕیوی سنگی و مەمکە داتەپیوەکانی تلپاتی شیریان تێدا نەمابوو هیچ، وێدەچوو خوێنی ناو رەگەکانیشان بەرەو دەمی بێ ددانی ئەو کچ و کوڕانە داچۆڕابێ کە شەوانی دوور و درێژ بە سەر بێشکەکانیاندا چەماوەتەوە و خەونووچکە بردوویەتەوە .

هەر جارەی سەری کەلاقەکەی لە دەس بەردەبوو، لە سەر ڕێگای سەرەداوی بەربوودا چاوی دە هەڵتۆقیوابییەکانی سەر سنگی هەڵدەنگووت کە مزگێنیی گۆڕانێکی تازەیان پێ بوو. ئەو لە گۆڕانەکە دڵی دەلەرزی و زۆر جاریش ئەو دڵ داخورپانە دەبووە هۆی ئەوەی سەری کەلاقەکەی لە دەست بەربێت و ناچار بە شوێن سەرەداوەکەدا دیسانیش چاوەکانی ڕێیان بکەوێتەوە سنگی و بە ناو تاسەو ئارەزوو و ترس و دڵەڕاوکێ و دڕدۆگیدا شۆڕ بێتەوە .

لە گرێدان و داکوتانی هەر هێلمێکدا بناغەی ژیانێکی ئارەزوومەندانەی ساز دەکرد و دوای بڕین و جیا کردنەوەی داوەکە لە ماشەر و بەستنەوەی هێلمێکی دیکە، بناغەیەکی‌تری دادەناوە. ئەو کاتەی لە پەراوێزەوە بەرەو ناوەند دەچوو، هێلمەکان پاڵیان وێک دەداو بە زەبری کەرکیت و دەفە و بە هۆی پۆوە دەکەوتنە سەر یەک. پێش ئەوەی لە پەراوێزەکە بەرەو تەختایی بپەڕێتەوە، جووتێک باڵندە لە سەر لکێکی سەوز بە چەند گەڵای سەوزترەوە بە شێوەیەک هەڵنیشتبوون چریکە و پێکەنینیان لێ دەباری. ئەم جووتە باڵندەیە کە لە جووتێکی بەختەوەر دەچوون، لە بەرینایی مافوورەکەدا بە درێژایی پەراوێزدا لە ناو کۆمەڵێک لق و گەڵای وردتردا چەند پاتە دەبوونەوە. رووبەری مافوورەکە ماندووتری دەکرد، چونکە هەرکە لە پەراوێزەوە پەڕیباوە تەختایی، دەبوو بۆ ماوەیەکی زۆرتر سەرە کەلافێکی یەک ڕەنگی بە دەستەوە بگرێت و بێ ئێوەدان رایەڵی کرەکەی هێلم باران بکات .

بارستایی گرێیەکان پاڵیان وێک دەدا و دەکەوتنە داوی تان و پۆ یەکان و لە ژێر زەبری کەرکیت تێکدەبەزین و سەرجەمیان دەبوون بە رووبەرێکی پەمەیی کە گوڵێکی ڕەشی گەورەیان لە ناوەندەوە لە خۆ گرتبوو. هەرچی دەیکرد، رووبەری ڕەنگ پەمەیی و گوڵی ڕەش و پانی ناوەندەکەش کە قورساییەکی شانگریان خستبووە سەر کرەکە، لە چاو پەراوێزەوە هەر لە قەبارەیەکی قەبە و بێزراو دەچوون. ئەو کاتەی کرەکە بەرەو تەواوبوون دەچوو، جووتە باڵندەکەش بە درێژایی مافوورەکە بە هەردوو پەراوێزی لای راست و لای چەپدا دووپاتەتر دەبوونەوە. هێلمەکانی ئاخری تەختی فەرشەکە پۆی کۆتاییان کەوتە سەر و یەکەم هێڵی دیوی ناوەوەی پەراوێزیش گەمارۆی ناوەندە پان و یەکدەستەکەی تەواوتر دەکرد و جووتە باڵندەکە بە دووپات بوونەوەیان لاتەنیشتی چوارەمیشیان پڕ دەکردوە. لای راست و چەپی مافوورەکە بە هەودایەکی قایمتر شەتەک درابوون و سەرو بنیشی کەلاشکوت کرابوون. ئەو هێلمانەی هێڵی ناوەوەی پەراوێزەکەیان پێک دێنا، تێکەڵاوێک لە دوو ڕەنگی ڕەشی لێواری پەراوێز و پەمەیی تەختی مافوورەکە بوون. تۆخ و زەق بوونی هێڵی لای دەرەوەی پەراوێز و نەرم و باریکیی هێلی لای ناوەوە ئێزنیان دەدا ئەو هەموو باڵندانەی بە درێژایی پەراوێزەکەدا دوو دوو شتێکی وەک ئەوین بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن، لە شەقەقەی باڵیان دەن یان هەر نەبێ بە قوندە قوندە و پێفرکە بە ناو تەختی پەمەییدا بڵاو ببنەوە و دەگەڵ قاچ و باڵیان تۆوی سەوزاییەکەش بڵاو بکەنەوە. ڕەنگە باڵیشیان کێشرابێت، ئەگینا لە شەقەی باڵیان دەدا و بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵدەفڕین. وێشدەچێت کەس دەستی بۆ باڵیان نەبردبێ و هەر بۆ خۆیان ئەم ژیانەیان لە باب و باپیرانەوە بۆ بە جێ مابێت. هەر چۆنێک بێت، وێدەچێ درەنگ یان زوو باڵان دەرکەنەوە یان باڵە خەوتووەکانیان وەکار

کەونەوە. ئەو بۆخۆی وێنەی مافوورەکەی دانەڕشتبوو. وێنەکە لە رووی مافوورێکی کۆنتر کە ئەویش لە بەر یەکی لە خۆی کۆنترەو گیرابۆوە، وەرگیرابوو. بەڵام پەراوێزی ئەوی تازەیان لەوی پێشتر گەش و روونتر دیاریی دەکرد. ئەوانەی وێنە کۆنەکەیان هێنابوو، دەیانگوت ئەوەی هێناویانە، لە وی بەر لە خۆی گەش و تۆخترە. چەنەی ئیسقانیی داپیرە کە قوڵکە سەرنج راکێشەکەی سەردەمی گەنجیەتیی شوێنەواریشی نەمابوو، سنگی رەق و تەقی ئازار دەدا. سەری هەڵێنا و راست روانیە بەرانبەری...

- بەرخی من ناڵێم بیکوژێنەوە یان بیگۆڕە!
- نەنە گیان بۆ ئەوەندەی پێ قەڵسی؟ ئەدی بۆ خۆت هەمیشە باسی ناکەی؟
- نەنە لە دەوری سەرت گەڕێت، نامهەوێ لە مەزادخانەدا ببیینم.

٣٠ی جانێوێری ٢٠١٥

## تیرۆریست (چیرۆک)



هەر دەڵێی وەستایەکی لێزان ماوەیەکی زۆری بۆ داتاشین و لەبار کردنی ئەم بەردە تەرخان کردووە. ئەو کاتەی لە سەری دادەنیشم، هەست دەکەم ئەم لەشە ناسکەم بۆ ئەوە دروست کراوە لێرە دانیشم. قووڵکەی سەر بەردەکە وا هەڵکەوتووە هەردوو سمتەکانم دەچنە نێوی و پشتم دەکەوێتە سەر تەختایی پاڵپشتە لێکولووسەکەی.

لەشم پڕ بە قۆرتی سەر گابەردەکەیە. وەک ئەوەی سوارێکی چابوک خۆ باوێتە سەر خوانی زینی، خۆم هەڵدەدێرمە سەر بەرزایی بەردەکە و بە گەرمی لە باوەشم دەگرێت.

پاڵم بە رەوەزی سەخت و ئاستەمەکەوە دا. سەرم بۆ لای پشتەوە بەرزکردەوە و لە چیا چڕەکەی سەرووی رەوەزەکەم ڕوانی. بۆ چرکەیەک ترسی داڕووخانی چیا و رەوەزەکە وەک برووسکە بە مێشکمدا رابرد. لە نێو گیرفانەکانی پەستەکە پیاوانەکەمدا بە دوای رادیۆ بچووکەکەمدا گەڕام. دەرمهێنا و ئانتێنەکەم درێژ کردەوە. بۆ ئەوەی رادیۆکە باشتر ئێزگەکان وەربگرێت، ئانتێکەکەم بە لوولەی تفەگەکەی وەنا. زیاتر وەک ئانتێن کەڵکم لە لوولەی چەکەکەم وەردەگرت. بۆ ئەوەی لەو کاتانەدا بۆنی باڕووت ئازارم نەدات، ئەوەندەی بۆم کرابا تەقەم پێ نەدەکرد. چاوم لە سەر دووندی کێوەکەی بەرانبەر، لەنگریان گرت و بە سەر رەوەز و بەفر و رەشانگ و لاپاڵ و داوێن و بەفراوەکاندا شۆڕ بوونەوە، هاتنەوە باوەشی خۆم. رادیۆکە لە نێو هەردوو لەپم دابوو. بە سەری پەنجە بە دوای ئێزگەکاندا دەگەڕام. بیستنی ریتمی مۆسیقایەک ناچاری کردم بگەڕێمەوە سەری، گوێم بۆ شل کرد و لە گەڵ مۆسیقاکە پانیەم لە کورسیە بەردینەکەی ژێرپێم دەدا و وردەوردە شانم لە گەڵدا هەڵدەتەکاند.

هەستە دەی هەستە سەرچۆپی! هەڵپەڕکێ هەر دەهات و گەرمتر دەبوو. یەکێک خێرا شریتی مۆسیقاکەی گۆڕی. گەڕی هەڵپەڕکێ ئەوەندەیتر وەجۆش هات. وەک عادەتی هەمیشەیی لە لای سەرچۆپیڕا چوار کەسم ئەژمارد و لە پشتەوەڕا دەستم هاویشت و زینجیرەی هەڵپەڕکێیەکەم پچڕی و خۆم کردە گەوێکی زنجیری هەڵپەرکێکە. نەمدەزانی سێحری موسیقاکە هەڵمدەپەڕێنێت یان ئەو دوو کەسەی ڕاست و چەپم. جارناجارێک رانی ئەوەی تەنیشتم نەرمەی رانیان دەنگاوتم و مچوڕکێکی خۆش سەرتاپای لەشمی دادەگرت. گۆرانیەکە تەواو بوو.

بێژەری رادیۆکە بە دەنگێکی قورس و گران هاتە زمان. مۆڕەیەکم لە رادیۆکەی کرد و نیگام کەوتە سەر سنگم. هەستم کرد مەمکە قوتەکانم وردە وردە چاکەتە سەربازیە پیاوانەکەم بەرز دەکەنەوە. رادیۆکەم لە نێوان هەردوو ئەژنۆکانمدا رێک گوشی و دەنگی کابرای بێژەرم بە تەواوی خنکاند. هەردوو دەستم بەرەو سنگم برد و رێکمگوشین، هەستم کرد لە جاران توندترن و دیسان ئوخژنێک و مچوڕکێکی چاوەڕوان نەکراو بە لەشم داهات. وەک ئەو تەزوو و مچوڕکانە دەچوو زۆر جاران

لە ئێوارەوە هەتا بەیانی خەویان لێ حەرام کردووم. دەستم بە خۆدا بەردانەوە. ئەژنۆکانم شل کرد و رادیۆکەم دەرهێنـاوە. ئەوەندەی دیکە لە دەنگی بێژەرەکە بێزار بووم. زۆرم لـەو وتـارانـە بیستبوو. نـەک هـەر لـە رادیـۆ زۆر دووپـات کرابوونـەوە، بەڵکوو لە لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکانیشدا بێزاریان کردبووم. بە سەری پەنجە بە دوای ئێزگەی‌تـردا گـەڕام. چـاوم کەوتـە سەر نینۆکەکانم. وەک خەون ئەو کاتـانەم هاتەوە یاد کـە سـەری پەنجـەکانم بـە رەنگـی جلە ناسکە ژنانەکەم دەرەنگاندن. چاوێکم بە کاتژمێرەکەی سەر مەچەکمدا خشاند. ئەوەنـدەی نـەمابوو بـۆ کۆبوونـەوەی رۆژانـە و کـاتی بیسـتنی هەواڵـەکانی پاش نیوەڕۆ. ئێزگەکەم دۆزیەوە، دوو دەنگی نێر و مێ لە رادیۆ بچووکەکەوە هەواڵی کۆنیـان کـاوێژ دەکردەوە. لـە بـەر کـەم بوونی کات وەپەلـە کـەوتم. پشـتم لـە بەردەکـە دوور خسـتەوە و چەکەکـەم هاویشـتەوە سـەر پشـتم. قـایشی تفەنگەکـەم لـە پشتەوەڕا هێنا، لە تۆپەڵـە پرچی پاشەسـەرم هـەڵماڵا و سـەر و لاپیلی راستم خسته نێو قایشەکە و بـە نێـوان هـەردوو مەمکمدا بە سنگمەوە نووسا، دەستێکم پێدا هێنا و رێکیم خست. هەسـتم کـرد مەمکەکانم دەپووچێنـەوە و شـۆڕ دەبنـەوە. بـە گورجی لە سەر بەردەکەڕا خۆم هایشتە خوارەوە و لـە سـەر نـەرمانی بـەر بەردەکـە جـووت‌پێ چـەقیم. خـۆم گرتـەوە و وەڕێ کەوتم. بە دەستێک رادیۆیەکەم بە گوێچکەی چەپمەوە وەنا و لە پشتەوەڕا دەستەکەی‌دیکەم وەبـەر سـەنگایی تفەنگەکەم دا. ئەوەنـدەی بـە بـۆنی بـاڕووت تێـک دەچـووم، دوو ئەوەنـدەش لـە قورسـایی چەکەکـەم بێـزارم. لـە کـەژاوە بەردینەکـە دوور دەکەومەوە. بـە تـەواوی هۆشـم لـە سـەر وتـووێژی دوو سیاسـەتوانی بـانگێشـت کـراوی بەرنامـەی رادیۆکـەیە. هـەلێکی باشـم دەستکەوتووە. بڕیار بوو لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆشدا باسی جۆرەکانی تیرۆریزم بکرێت. چوار پەلم کردووە بـە گوێچکـە و داومـە بە رادیۆکە و مێشکم بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکەدا تەیارتر دەکەم. لاپاڵ و خڕ و کەڤر رەوەز و دوونـدی کێوەکـان دەنگـی تەقینەوەیەکی بەهێز بە چەشنێک لە بـەر یـەک دەگێـڕنەوە و دۆزینـەوەی شـوێنی تەقینـەوەکە ئاسـتەم دەکـەن. بـە نێـو کێـوە هەزار بە هەزارەکاندا بە دوای شوێنی تەقینەوەکەدا دەگەڕێم، نایـدۆزمەوە. لـە دوورەوە چـاوم بڕیبـووە کورسیە بەردینکە. ئاگرێکی سوور و پاشان دووکـەڵێکی رەشی لێ بـەرزدەبێتەوە، بـە دوایـدا کێوەکـان دنگـی تەقینـەوەی دووهـەم لـە بـەر یـەک دەگێڕنەوە. من هەروا رادیۆیەکەم بە گوێچکەمەوە ناوە. هەودای پچـڕاوی تیرۆریسـم دەگەیەنمەوە یـەک و رێگـاکەم دەگـرمەوە بەر. چەند هەنگاو ئەولاتر، باریکە رێگەی بەردەمم دەهەژێت. کێوەکان ئەم تەقینەوەیە لە بەر یەک ناگێڕنەوە.

٣١ی جانێوێری ٢٠١٥

# ئەو ڕێبوارەی بەدوای ناوی خۆیدا وێڵ بوو



**خوێندنەوەی ڕۆمانی *کۆچی هەورەتریشقە*ی مستەفا شێخە**

**ڕەهبەر مەحموودزادە**

(١)

مەنتیقی ڕۆمان مەنتیقی تێکچندراوی[٢] و چەندتوێژ بوونە. مەنتیقی ڕۆمان مەنتیقی سادەیی و ڕەوان بوونیشە. ئایا ئەم ڕستە بەڕواڵەت ناتەبایانە یەک دەگرنەوە و پێکەوە کۆ دەبنەوە؟ یان ناچارەکی[٣] دەبێ یەکیان وەخۆ بکەین[٤] و یەکیان وەلا بنێین؟ تێفکرینی تێکچندراو ڕێگای ئەوەمان پێ دەدا ئەم دوو ڕستە ناتەبایە لە هەناوی بۆچوونێکی تێکهەڵشێلدراوەی پەرداخکراودا جێگیر بکەین و حەقی هەر کامەیان لە جێگای خۆیدا و بەگوێرەی پێویستی بدەین.

ئەم بۆچوونە هەر بەتەنیا لەبارەی ڕۆماندا وە ڕاست ناگەڕێ. بۆ شێعر و فەلسەفەش دەتوانین قسەیەکی لەم چەشنە

بکەین. لە مێژە گوتوویانە و بیستوومانەتەوە شێعری هەندێک لە هەڵکەوتەترین شاعیران (سهل ممتنع) یا ئاسانی دژوارن. واتە ناواخنی چەند تویژ و بەکاکڵی شێعرەکان بە ڕێکخستنێکی ڕەوان و بێقۆرت، بە کەمترین وشە و بە پتەوترین دەربڕین ڕۆنراون ٦ و ڕانراون ٧ و ڕۆحیان وەبەر هاتووە. لە ئەدەبی فارسیدا شێعری حافز و بەتایبەت شێعری سەعدی لەم چەشنەن. لە ئەدەبی کوردیدا شێعری هەژار و بەشێوەیەکی بەرچاوتر شێعری هێمن ئاسانی دژوارن.

لە فەلسەفەدا لەپاڵ دژوارنووسترین فەیلەسووفانی وەک هێگڵ، فەیلەسووفێکی وەک پۆپێرمان هەیە کە زۆرجار سادەوێژی و سادەنووسینەکەی هەندێک کەسی هەڵخەڵەتاندووە و وەسەر ئەو بۆسەیەی پەڕاندوون وا بیر بکەنەوە فەلسەفەکەشی ساکار و ڕووکەشە و بێ گرێ و گرفتچکی تیۆریی شیاوی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە. بەڵام لەبیرمان نەچێ لەپاڵ دوو ئاوەزمەندێتیی٨ تیۆری و کردەییدا، دەتوانین بیر لە ئاوەزمەندێتییەکی جۆری سێهەمیش بکەینەوە کە بریتییە لە ئاوەزمەندێتیی گوتەیی ٩ ئاوەزمەندێتیی گوتەیی بریتییە لە دەربڕینی دژوارترین بابەتی فیکری بە سادەترین شێوەی گونجاو.(پێویستە داکۆکی لەسەر ئاوەڵناوی "گونجاو" بکەین؛ چونکە واهەیە هەندێک دەربڕین سادە نەبن بەڵام سادەترین شێوەی گونجاو بن)

باس کردنی ئەو بابەتەش پێویستە کە تێکچندراوی بە مانای ئاڵۆزی نییە. تێکچندراوی، چەندتوێژ بوونێکی پێکهاتەمەند و ڕێکوپێک و ڕێسادارە. بەڵام ئاڵۆزی، قەرەباڵغییەکی ناڕێکوپێک و وەڕەزیهێنە. تێکچندراوی وێڕای دژوار بوونەکەی بایەخی فیکری و هونەری و جوانیناسانەشی هەیە.

ڕۆمان هەرچی زیادتر هەڵگری وەسفی سادەی تێکچندراو بێ، سەرکەوتووترە. ڕۆمانێکی ئەوتۆ، لە جووڵەی ئاسۆیی١٠ خوێندنەوەدا، خوێنەر بەهێوری بەسەر ڕووبەرێکی نیاندا دەخلیسکێنێ و هەر لەو کاتەشدا لە جووڵەی ئەستوونی١١ خوێندنەوەدا دەست وەبەر هەڵوێستە و تێڕامان و توێژ هەڵدانەوەی خوێنەر ناهێنێ و دەرەتانی دۆزینەوەی بابەتی چاوەڕواننەکراوی پێ دەدا.

(٢)

ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقە ڕۆمانێکی ڕەوانە. بەڵام لە ژێر توێکڵی ڕەوان و نیانی سەرەوە، کاکڵێکی چەندتوێژی تێکتەندراو جێگیر بووە. هەوڵ دەدەین لە چەند ئاستدا چەند دیمەنێک لەم چەندتوێژی و تێکتەندراوییە پێشان بدەین و شیکاری بکەین.

### ئەلف. ئاستەکانی دەربڕین.

لە دێڕەکانی سەرەتادا وا دێتە بەرچاو کە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لە قالبی نامەیەکدا کە ڕەزا بۆ ئەفسانەی نووسیوە، ڕێک دەخرێ. "سڵاو ئەفسانە، من گەیشتمە تونجەلی. بەڵێنیم پێدابووی لە کوێ زانیم دەگیرسێمەوە، بەشێوەیەک ئاگادارت بکەمەوە. لەسەر بەڵێنی خۆمم. تا ئێستا لە کاغەز و قەڵەم بەملاوە دەستم وە هیچ ڕانەگەیشتووە." (ل ٧)

گێڕانەوەی سەرەتایی ڕۆمان بەم نامە نووسین . وەوە دەست پێ دەکا و مەزەندەی[12] خوێنەر ئەوەیە کە ئەم پێودانە هەتاسەر دەوامی دەبێ. بەڵام زۆر زوو ئەم گریمانەیەی خوێنەر بەهۆی گریمانەیەکی ترەوە جێی پێ چۆڵ دەبێ. لەم ڕۆمانەدا ڕەزا ڕاوییە و ئەفسانە ڕەوایەتگر واتە بەردەنگی[13] ڕاوییە. هەبوونی ڕاوی و ڕەوایەتگر، وا دەکا هەڵهێنانەوەی یەکەمین هەنگاو بۆ ڕێکخستنی گەڵاڵەی ڕۆمان هەنگاوێکی مەنتیقی بێ. چونکە لە هەڵسەنگاندنی ڕۆمان یا هەر شێوە گێڕانەوەیەکی تردا، ڕەنگە یەکەمین پرسیار ئەوە بێ کە ئەو ڕووداوانە بۆ دەگێڕدرێنەوە و چ پێویستییەک بۆ ئەو گێڕانەوەیە لەگۆڕێدا هەیە. لێرەدا پێویستییەکە ئەوەیە: "بەڵێنیم پێدابووی لە کوێ دەزانم دەگیرسێمەوە بەشێوەیەک ئاگادارت بکەمەوە." زۆری پێناچێ بە بێ ئەوەی گێڕانەوە بوەستێ، نووسینی نامەکە پەکی دەکەوێ و گێڕانەوە لە جلوبەرگێکی دیکەدا خۆی ئاشکرا دەکا. لە جلکی دوواندن و گوتندا. گێڕەرەوە دەڵێ: "نازانم ئەوەی دەیڵێم چەندەی دەبێتە پیت و وشە و ڕستە و لە نووکی قەڵەمەکەمەوە دەتکێتەوە" (ل ١١) کەواتە ئەوەی گێڕەرەوە دەیڵێ هەمووی خۆی بە ڕووبەری نامەکەدا ناکا. واتە هەتا ئێرە گێڕانەوەکە لە باری چۆنیەتی دەربڕینەوە لە دوو ئاستدایە. ئاستی نووسین و ئاستی گوتن. ئەم دوو خەنیمە ڕکەبەرە چۆن وێک هەڵدەکەن؟ کامەیان دەبن بە شێوەی زاڵی دەربڕین؟ نووسین یا گێڕانەوەی سەرزارەکی؟ خوێنەر ئەو مەزەندەیە لە مێشکیدا گەڵاڵە دەکا کە گێڕانەوە لە ئاستی گوتندا خێراترە و نووسین فریای ناکەوێ. ڕەزا، ئەفسانەی لەبەر چاوی خۆی ژیاندووەتەوە و بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. کوا ئەفسوونی ئەفسانە دەهێڵێ ڕەزا سەر بەسەر لاپەڕەکەدا ڕۆبگرێ و چێژی ئەم چاو دەچاو برینە بە کردەی مێکانیکیی نووسین بگۆڕێتەوە. ئەم بیرۆکەیە کە لە سەرەتادا وەک مەزەندەیەک لە زەینی خوێنەر دا گەڵاڵە دەکرێ و بۆی هەیە ڕاست بێ یا ناڕاست، لە دوایین لاپەڕەی ڕۆماندا پشتڕاست دەبێتەوە و ڕاستییەکەی ئاشکرا دەبێ: "ئەفسانەی من، لەو کاتەوە لە سووکەخەوەکە ڕابووم، قەڵەم و کاغەزم پێیە و خەریکم ئەم نامەیە بنووسم، تەنیا چەند دێڕێکی کەمم بۆ ڕەشبووەتەوە. ڕەنگە ئەم پەڕی کاغەزەش بدڕێنم و نەینێرم." (ل ١٥٦)

ناڕاستیی بۆچوونی ئەوانەی پێیان وایە ئەم ڕۆمانە لە قالبی نامەیەکی ڕەزای بولوتئوغلوو بۆ ئەفسانەی شاری گێلاسئاوا نووسراوە، هەر لێرەدا دەردەکەوێ. نامەکە جگە لە لاپەڕەیەکی ڕەشکراوە چیتر نییە و لاپەڕەکەش هاکا دڕا و تووڕ

هەڵدرا. ڕاستەوخۆترین دەلالەتی ڕەخسانی زەمینەی مەزەندەی یەکەم و ڕاست دەرنەچوونەکەی بریتی‌یە لە وریایی‌دانێک بە خوێنەر سەبارەت بە چەندتوێژ بوون و تێکچندراو بوونی دەقەکە لە ژێر ڕواڵەتی ڕەوانی ڕۆمانەکەدا.

ئەم ورەیەی ئەم مەبەست‌پێکانە وەبەرمان دەنێ وامان لێ دەکا هەنگاوێکی تر بەرەو پێش هەڵبگرین و مەزەندەی ئەوە بهێنینە گۆڕێ وا تەنکە توێژێکی تریش لەو دوو توێژەی دەربڕین واتە نووسین و گوتن وەرپێچراوە. ئەگەر نووسین فریای گوتن نەکەوێ و تۆزی نەشکێنێ و ڕۆژەڕێیەک لێی وەدوا کەوێ، بڵێی لەم پێشبڕکێیەدا هیچ کەرەستەیەکی تر نەبێ گوتنەکەش پاشقول بدا و نەیهەوێ خۆی ببێ بە سەرچەلەی گێڕانەوە؟ بڵێی لە ماوەی گێڕانەوەی گشت ئەو ڕووداوانەدا ڕەزای بوڵوتئوغلوو لەو بەرپەنجەرەیەدا هەر ورتەی لەبەر هاتبێ و وێنەئاسا ئەفسانەی دواندبێ و قسەی کردبێ؟ زەحمەتە وابێ. ئەگەر نووسین فریای گوتن نەکەوێ، بێ‌گومان گوتنیش فریای خەیاڵ ناکەوێ. خەیاڵ، گوتنیش پاشقول دەدا و بێ‌دەنگی دەکا. ڕەزا بە خەیاڵ ئەفسانەی لەبەرچاوی خۆی ژیاندووەتەوە و دەیدوێنێ و هەر بەخەیاڵ چووەتەوە تەورێز و شاری گێلاساوا و بیرەوەرییەکانی بەسەر دەکاتەوە. لەبیرمان نەچێ لە کاتی نووسین و وەدەنگ هاتنیشدا خەیاڵ ئامادەیە. گێرەرەوە بەهۆی خەیاڵەوە خەریکی سەرلەنوێ ڕۆنانەوەی ڕابردووی خۆیەتی. بەڵام لە هەندێک بەشدا نە نووسین و نە قسە کردنی گێڕەرەوە هێچکامیان ئامادە نین و ماکی شوێندانەر هەر بەتەنیا خەیاڵە. ئەو بەشانەی تێیاندا گێڕەوەرە خەریکە لەگەڵ خۆی قسە دەکا بێ‌گومان گێڕانەوە لە ئاستی خەیاڵدایە: " ڕەزای بوڵوتئوغڵوو ئەوە چییە بیری لێ‌دەکەیەوە؟ نە ئاغا شتی وای گوتووە و نە مامانیش بیر لە شتی وا دەکاتەوە....ئەوە چییە ڕەزا؟ بۆ ئەم گومانانە لە خۆت دوور ناکەیەوە؟ ..... ئەم دڵەڕاوکێیە فڕێ دە ڕەزا: (ل ٢٨ - ٢٧)

ئەوە توێژی سێیەمی گێڕانەوە بوو. ئاخۆ توێژێکی وا ماوە لە گەڵاڵە کردنی گێڕانەوەکەدا دەوری گێڕابێ و لەبەرچاوی ئێمە نەدیو مابێتەوە؟ ماوە.

ئەگەر خەیاڵ بۆی هەبێ ڕووی لە ڕابردوودا بێ و ئەوەی ڕووی داوە بەسەر کاتەوە و وێنای بکاتەوە، بۆی هەیە ڕووی لە داهاتووشدا بێ و بیر لە شتی هێشتا نەقەوماو بکاتەوە. ئەوە ئاستێکی دیکەی خەیاڵە و خەیاڵ لەم ئاستەشدا لە دەقی بەرباسی ئێمەدا دەوری گێڕاوە. خەیاڵ لەم ئاستەیدا لەچاو ئاستەکەی پێشوو چالاکترە. چونکە لە ئاستی یەکەمدا خەیاڵ جیهانێکی بەدی‌کراو و ئەزموونکراو دەنوێنێتەوە. بەڵام لەم ئاستەدا جیهانێکی مومکین بەڵام بەدی‌نەکراو دەخولقێنێ. هەر لە لاپەڕەکانی یەکەمەوە پێشاوبرە لێدانەوەی جارجارەی ئەم ئاستە چالاکەی خەیاڵ لە ئاستەکەی تری خەیاڵ خۆی دەردەخا. گێڕەرەوە لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنی بۆ دەرسیم خۆی بەخەیاڵ لەناو فڕۆکەیەکدا هەست پێ‌دەکا کە بۆ وڵاتی سێیەم دەچێ، خەیاڵ لێرەدا خولقێنەرە و لە ئاستە چالاکترەکە دایە: " لە نێو فڕۆکەدا بەرەو وڵاتی سێیەم دەڕۆم. تۆ

بڵێی مەودای نێوان ئێرە و ئەوێ چەند سەعاتە ڕێگا بێت؟ دەترسم لەوێش تووشی ئەفسانەیەکی دیکە بم..." (ل 8) ئەگەر بمهەوێ نموونەی ئەو بەشانەی لە ئەنجامی دەورگێڕانی بەشە چالاکترەکەی خەیاڵ بوونەتە بەشێک لە کروتەونی گێڕانەوەکە بنووسمەوە، ئەوە دەبێتە هۆی درێژدادڕی لە وتارەکەدا. هەر ئەوەندە دەڵێم زۆربەی ئەو بەشانەی ڕەنگێکی ئێرۆتیکیان پێوە دیارە ئاکامی چالاکیی ئەو بەشە هەڵسووڕاوەی خەیاڵی گێڕەرەوەن کە بۆ نموونە هەڵپەی ئەوەیەتی ئەفسانە . چ ئەفسانەی مەش بایرام و چ ئەفسانەی شاری گێلاساوا و چ ئەفسانەی بەدیکراو لە بەژنی تەهمینەدا . بەڕووتی ببینێ. : "دوو سێوی سپی لەسەر میزەکەی ئەفسانە (...) ڕێک بەقەرا یەکترین. سپی. هەردووکیان قاچکەکانیان کەوتووەتە ژێرەوە و لای گوڵووکیان ڕووەو سەرەوەیە. سێوەکانی ئەفسانەن. خۆیان بۆ نەوی دەکات و دەستیان بۆ دەبات. هەر دوو سێوەکانی خۆی گوڵووکیان بەرەو گوڵووکی دوو سێوی نێو دەفرەکەیە. کراسەکەی لێناگەڕێ بکەونە نێو دەفری میوەکانەوە. چ دەبوو کەوتبانە نێو دەفرەکەوە؟ هەڵدەبەزنەوە. نەرم و تورت و پڕ." (ل ٣٢)

## ب. دەنگ و دنیابینیی جوداواز

لە ڕووکەشترین ئاستی ئەم ڕۆمانەدا فرەچەشنییەک لەناو کەسایەتییەکان لەباری نەتەوەیی و لەباری زمان و زاراوە و بنزاراوەوە وەبەرچاو دەکەوێ. بورهانەددین و تەیموور ئەفغانین. توورەج و تەهمینە فارسی تارانین. سەفەرعەلی و مەش بایرام تورکی ئازەرین. خانەخوێیەکەی ئەوبەری سنوور، کرمانجی باکوورە. دوو کوڕە ئەفغانییەکە گەرچی خەڵکی وڵاتێکن، بەڵام سەر بە دوو نەتەوەی جوداوازن. یەکیان هەزارەیە و یەکیان پەشتوونە. هەر ئەم کەسایەتییە جۆراوجۆرانە زاراوە و بنزاراوەی جۆراوجۆریشیان هێناوەتە ناو گێڕانەوەکەوە. ئەفسانە بەکوردییەکی پاراو دەدوێ. دایەمەرجان بە بنزاراوەی دەوری شنۆ و لاجان دەدوێ. کابرای قاچاقچی و خانەخوێکەی ئەوبەری سنوور بە کرمانجی سەروو دەدوێن. مام تاهیر خۆی کرمانجی سەرووە بەڵام بە زاراوەیەکی تێکەڵاو قسە بۆ میوانەکان دەکا. مەش بایرام بە لەهجەی ئازەری کوردی قسە دەکا و ڕەزا بەر لە هاتنی بۆ لای ئەفسانە بە کوردییەکی تێکەڵاو بە فارسی قسە دەکا. بەسێ بە بنزاراوەی مەنگوڕی وە دەنگ دێ. بەڵام ئەوانە هەموو لە تونێکلی سەرەوە و دەرەوەی گێڕانەوەکەدا ئامادەن. یەکەمین هێما و ئاماژە کە زەینی خوێنەر بۆ ئەو مەبەستە ڕەکیش دەکا کە ڕەنگە جوداوازی و وێکچوونەکان لە ئاستەکانی ژێرووتر دا بووبنە هۆی ئەو تەبایی و ناتەباییانە لە چینی دیار و دەرەوەی دەقدا و هەروەها ئەو ختووکەیە دەخاتە دڵی خوێنەر کە ڕەنگە جوداوازییەکان لە ئاستی جوداوازی زمان و زاراوە تێبپەڕێنن و بگەنە ئاستی جیاوازیی شێوەی تێفکرین و جیهانبینییەکان، ئامادەبوونی وەرگێردراوی کوردی شێعری خەیام و دەقە فارسییەکەی لەناو بەشێک لە گێڕانەوەکە دایە: " کوردییە سووک و ڕەوانەکە بە دەنگی تۆ دڵی لەرزاندم. وام دەزانی گوێم داوەتە بێژەرێکی بەتوانا و دەنگی ناسک و خوێندنەوەی ڕەوانت خولیای شێعرەکەی کردم: هاتوومە جیهان چم بە چ کرد؟ تێگەی: هیچ/هەر بنج و بناوانی جیهان دەرخەی: هیچ/ ڕووناکیدەرم، شەمم، کە فووم لێکەی: هیچ/ نەینۆکی دەسی جەمم، لە بەردم دەی: هیچ. لە کۆتاییی چوارینەکەدا

زایەڵەی وشەی هیچ، چەندین‌جار لە گوێمدا دەزینگێتەوە. هەست دەکەم لە شوێنێکی دیکە ئەم شێعرەم بیستووە. کەمێک مێشکی خۆم ڕێک دەکوشم. ناسیمەوە! ڕەنگە ئەم چوارینەیە بێت:

بنگر ز جهان چه طرف بربستم؟ هیچ/ وز حاصل عمر چیست در دستم؟ هیچ/ شمع طربم ولی چو بنشستم هیچ/ من جام جمم ولی چو بشکستم هیچ" (ل ٢٢ - ٢١)

لە تیۆریی ئەدەبی "پاش ئیستعماری" دا هەندێک بابەتی سەرنجڕاکێش لەبارەی ئەو نووسەرانەی سەر بە نەتەوەی کەمینەن بەڵام فێرکاریی فەرمی و نووسینیان بە زمانێکی غەیری زمانی زگماکی خۆیان بووە، هاتووەتە ئاراوە. ئەم تیۆریدارێژانە دەڵێن ئەم کەشە گوتارەکییەی[14] نووسەرانی کەمینە تێیدا هەڵدەسووڕێن کەشێکی چەند دەنگە و سیستەمی دەلالەتسازی ئەم نووسەرانە لەگەڵ هی نووسەرانی نەتەوەی سەردەست جوداوازی هەیە. ئەم جوداوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخ و هەڵکەوتەی ئەو نووسەرانە تێیدا هەڵکەوتوون؛ دۆخێک کە دەکرێ ناوی دۆخ یا هەڵکەوتی سووژەیی[15] لەسەر دابنێین. نووسەری سەر بە نەتەوەی کەمینە هاوکات لەناو دوو فەرهەنگدا ژیاوە. فەرهەنگی کەمینە، فەرهەنگی خۆی و بنەماڵەکەیەتی. بەڵام فەرهەنگی زۆرینە ئەو فەرهەنگەیە بە ڕەسمی پێی پەروەردە کراوە. ئەم دۆخە سووژەییە بە شێوەیەکی هێزەکی (بالقوە) دۆخێکی هەڵکەوتەتری بەو نووسەرەی سەر بە نەتەوەی کەمینەیە بەخشیوە. ئەو نووسەرە عادەتەن جگە لە مێژوو و فەرهەنگی خۆی ئاگاداری مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەی زۆرینەیشە بەڵام پێچەوانەی ئەوە ڕاست نییە. نووسەری سەر بە نەتەوەی کەمینە زمانی نەتەوەی سەردەست دەزانێ بەڵام نووسەری سەر بە نەتەوەی زۆرینە زمانی کەمینەکان نازانێ. نووسەری سەر بە نەتەوەی کەمینە عادەتەن خەریکی تیۆریزە کردن و تەتەڵە کردنی تیۆریگەلی یەکسانی‌خواز و دادپەروەرانەیە. بەڵام نووسەر و ڕووناکبیری سەر بە نەتەوەی زۆرینە زیادتر خەریکی پاساو هێنانەوە بۆ بەردەوام بوون و سەقامگیرتر بوونی سیستەمی نایەکسان و نادادپەروەرانەیە یا ئەوپەڕەکەی لە باشترین حاڵەتدا لەم بارەیەدا بێ‌دەنگە و خێر و شەڕەکەی بەڕواڵەت وەکوو یەکە. ئەوانە هەموو دەبنە هۆی جوداوازیی شوێنی ڕاوەستان و دۆخی سووژەیی سووژە ناسکارەکان. ئەوەی لە کۆڕێکدا لە پێشەوە دادەنیشێ دیمەنی دواوەی خۆی بەدی ناکا، بەڵام ئەوەی لە دواوە دانیشتووە دیمەنێکی کراوەتر بەدی دەکا و جەماعەتی پێشەوەشی لەبەرچاوە. ئێمەی کەمینە لە دواوە دانیشتووین. لە دواوەی مێژوو، لە دواوەی پلاندانان، لە دواوەی تەرخان کردنی بوودجە، لە دواوەی پێڕاگەیشتن. ئێمە لە دواوەی ئەم وڵاتە دانیشتووین. بەڵام ئەو لەدوا دانیشتنە وێڕای هەموو نەهامەتییەکانی چاویشی کردووینەوە و ڕوانینێکی کراوەتریشی پێ‌بەخشیوین.

هەر ئەو چاوکراوەییە هێزەکییەی کەمینەکانە وای لە بیرمەندێکی وەک هێنری لوویس گەیتس کردووە بڵێ سیستەمی ماناسازی و دەلالەتگەری نووسەرانی سەر بە نەتەوەی کەمینە لەگەڵ هی نووسەانی سەر بە نەتەوەی سەردەست جوداوازە.

سیستمی ماناسازی و مێکانیزمی دەلالەتگەری بیرمەندانی نەتەوەی کەمینە زیادتر لەسەر دوودەنگی یا چەنددەنگی دامەزراوە. گەیتس بو جودا کردنەوەی ئەم مێکانیسمە لە نووسینی وشەی signifying دا بە مانای دەلالەت پیتی g ی کۆتایی وشەکە لەناو کەوانە دەنێ؛ بەم شێوەیە: signifyin(g).

لە ڕوانگەی گەیتسەوە signifyin(g) یا دەلالە(ت) ئەم سیستمە دەلالەتگەرانەیەیە وا بە شێوەیەکی هێزەکی مەیلی بۆلای بەرهەم هێنانی گوتاری دوودەنگ و چەنددەنگ و فرەچەشنە.

لەزۆر شوێنی ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقەدا، سیستمی ماناسازی، گەیس گوتەنی لەسەر دەلالە(ت) ساغ بووەتەوە. هەر ئەم شێوە دەلالە(ت)ەیە ئەو هەموو نەتەوە و زمان و شێوەزارەی لەم ڕۆمانەدا پێکەوە کۆ کردووەتەوە.

## ج. دوو ئاستی دەلالەت

خوێنەر دوای بەدی کردنی هەندێک دیاردە و تەمهید لەم ڕۆمانەدا بەرە بەرە بەم ئاکامە دەگا کە جەریانی چیرۆک و مەودای دەلالەتگەری ڕووداوەکان لە دوو ئاستی جیاوازدا بوونیان هەیە. ئاستی یەکەم هەر ئەو ڕووداوانەیە کە ئێمە لە ڕووبەری چیرۆکەکەدا لەگەڵیاندا بەرەوڕووین: چیرۆکی کەسێک کە بەدوای شوناس و پێشینە و ڕەچەڵەکی خۆیدا وێڵە. گەورەترین قەیرانی ژیانی ڕەزا بەر لە دیتنی دواجاری مام تاهیر ئەوەیە بۆی یەکلا نابێتەوە داخوا ئەو کوڕی سەفەرعەلی بوڵوتئوغڵووە یا کوڕی مام میرۆیە یا وەک ئەو مقۆمقۆیەی ڕەزا خۆیشی بیستوویەتەوە کوڕێکی ناشەرعیە. ئەو ڕۆمانە لەم ئاستەدا چیرۆکی ڕێبوارێکە کە بە دوای ناو و شوناسی خۆیدا وێڵە. " کابرا بەساڵاچووەکە دەمێک تێم ڕاما و گوتی خەڵکی کوێی؟ پرسیارێکی زۆر سادە بوو. بەڵام لە وەڵامدانەوەیدا مامەوە. بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووم و پرسیارەکەم لە خۆم کردەوە. پرسیارێک نەبوو بتوانم لە ڕستەیەکدا وەڵامی بدەمەوە. هەر لە خۆمەوە بە مێشکمدا هات بڵێم میوانم." (ل 38)
لەم ئاستەدا کەسەکان کەسی ئاسایین و ناوەکان ناوی ئاسایین و ڕووداوەکانیش ڕووداوی ئاسایین. بەڵام بەرە بەرە خوێنەر هەست بە بوونی هەندێک هێما دەکا کە پەل بۆ ڕووبەرێکی مانایی شاردراوەتر داوێن. بەرە بەرە خوێنەر هەست بە بوونی هەندێک ناو و وەسف و ڕووداوی سەمبۆلیک دەکا. هەست پێکردنێکی وا خوێنەر بۆ لای ئەم مەزەندەیە دەبا کە بەسەرهات و چارەنووسی ڕەزا بەسەرهات و چارەنووسی گەلێکە کە شوناسەکەی لێ بزر بووە و کەسایەتیی خۆی لێ ئەستێندراوە و کەسایەتییەکی ساختە و ناڕاستەقینەی دیکەی پێ دراوە و وەکوو بەرگێکی نارێک بۆ بەژنی درواوە. سەفەرعەلی بە مەش بایرام دەڵێ کوڕی خۆمە و بەناوی ئێمام ڕەزام کردووە. ژنۆژاڵی گەرەکی نەوباری تەورێز دەڵێن بیژووە. لە کۆتایی ڕۆماندا مام تاهیر دەڵێ چونکە مام میرۆی باوکی ڕەزا لە جەماعەتی سەید ڕەزای دەرسیم بووە و لە ترسی حکوومەتی مستەفا کەماڵ پەڕیوەی ئەم دیوەی کوردستان بووە، ناوم نا ڕەزا. ئای لەو غافڵگیرییە شیرنە و ئای لەو مچورکەی لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بەشەدا تووکی جەستەی خوێنەر قرژ دەکا. ئەو ڕەزایەی ژنۆژاڵی گەرەکی نەوباری تەورێز ئیزا بیژی پێ دەڵێن کوڕی خەباتگێڕێکی ئاوارەی کوردی باکوورە و بەناوی یەکێک لە ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی کورد کراوە. ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ڕەسانەیەتییە ڕوونە چۆن لیخن و بۆگەنیو کراوە؟ بەڵام بڵێی ئەو ڕەسەنایەتییە لیخن کراوە هەر هی ڕەزا خۆی بێ یا هی خەڵکی ڕەزاش بێ. ڕەزا ئەو ڕەسەنایەتییە دەدۆزێتەوە و لە قسە کردن بە کوردییەکی پێکەنیناوییەوە دەگا بە کوردی گوتنێکی پاراو و زاراوەکانی دیکەی کوردیش فێر دەبێ. بەڵام بڵێی ئەو خۆ دۆزینەوەیە هەر بە تەنیا خۆ دۆزینەوەی ڕەزا بێ یا هی خەڵکەکەشیەتی. " ئاغام بە تورکییەکی ئازەری پەتی قسە دەکات. تۆ وات لێ کردم من بە کوردییەکی پەتی بیگێڕمەوە" (ل 17) لێرەدا ئیتر ماکەکان لە ئاستی مانای ئاسایی خۆیان لادەدەن و خوێنەر بەم قەناعەتە دەگا بە شێوەیەکی سەمبۆلیک بڕوانێتە ماکەکان. وەسفی کوڕی هەور بۆ ڕەزا لە مانای ئاسایی خۆی دەترازێ. ڕەزا کوڕی کوردێکی خەباتگێڕی خەڵکی باکورە کە پەڕێوەی ڕۆژهەڵات بووە. بۆخۆیشی جارێک پەڕیوەی دەرەوەی کوردستان بووە و جارێکیش پەڕیوەی دەرسیم بووە. ئایا ئەم هەڵاتنەی ڕەزا بۆ دەرسیم ئاوارە بوونێکی ترە یا گەڕانەوە بۆ ئەسڵ و بۆ بنجوبناوانی خۆیەتی. ئەوە نییە میرۆی بابی خەڵکی ئێرەیە و هەر لێرە بە گژ عەسکەی فاشیستی مستەفا کەماڵدا چووە؟ کەواتە ڕەزا کوڕی هەورە چونکە خۆی و بابی و خەڵکەکەشی لە جێگایەکدا نەگیرساونەوە. کوڕی هەورەتریشقەیە چونکە وەکوو برووسک بەگژ زۆرداردا هاتوون. ئەفسانە و ئەفسانەکان بۆیان هەیە ئەفسانەی سەربەستی بن. ئەوەتا خەیاڵی چالاکی ڕەزا باوکی شەهیدی ئەفسانەی وە دەنگ هێناوە. ئامانج دەڵێ: " چۆن تۆ خەریکە وردە وردە خوو بە ئەفسانەوە دەگری، ئەویش خووی بە منەوە گرتووە و من ئەفسانەی ئەوم.(...) ئەگەر ئەفسانە بکەی بە پردی پێوەندی نێوان من و خۆت، بە منیش دەگەی. ئەو کات دەزانی منیش خۆم ئەفسانەیەکم. پێت سەیر نابێ خۆی لە ئەفسانەیەکی دیکە بووە." (ل ٩٩)

میرات ڕەمزی شوناسە. ڕەزا بە دوای میراتی مام میرۆدا وێڵە. ئەو کاتەی دوای مردنی سەفەرعەلی، بنەماڵەی میراتەکەی بەش دەکەن، ڕەزا بە بێدەنگی بەجێیان دەهێڵێ و بەشی خۆی لە میراتی سەفەرعەلیدا نابینێ و نایهەوێ. بە ڕواڵەت میراتی مام میرۆشی پێناگا کە پارچە زەوییەکە وا کابرایەکی بێگانە داگیری کردووە. بەڵام بەسەر میراتێکی زۆر گەورەتردا دەکەوێ و بەڕاستی وەدەستی دەهێنێ. میراتی زمان و شوناس و مێژوو. میراتی مام میرۆ ئەو پارچە زەوییە نەبوو کە لێی داگیر کرابوو. میراتی مام میرۆ ئەوە بوو شۆڕشی بۆ کرد و لە پێناویدا ئاوارە بوو. بۆیە هەر ئەو کاتەش کە ڕەزا بەسەر ئەو میراتە ونبووەدا دەکەوێ و ئەم ڕاستییانە لەزاری مام تاهیرەوە دەبیسێ، باران و ڕەهێڵە و هەور و هێڵەکەش لە مانای ئاسایی خۆیان دەردەچن و دەبنە ڕەمزی ڕەحمەت و ژیانەوە و گەش بوونەوە. بەم شێوەیە وشەی "بێژوو" وردە وردە لە قالبی مانای ئاسایی خۆی تێدەپەڕێنێ و مانایەکی مەزندەیی تازە بۆ خۆی دەستەبەر دەکا. بێژوو لە مانا تازەکەی خۆیدا کەسێکە ڕەسەنایەتی و شوناس و مێژووی خۆی لێ بزر بووبێ.

بیرمەندە پێکهاتەخوازەکان دەڵێن شوناس بەهۆی جیاوازیی لەگەڵ ئەوی دیکەوە پێک دێ. واتە سڕینەوەی جیاوازییەکەن سڕینەوەی شوناسەکانە و بەپێچەوانە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان ڕێزگرتن لە شوناسەکانە. ئەو بۆچوونە پەیامێکی دیکەشی

هەیە. پێکهاتەخوازەکان دەڵێن لە وشەیەکدا ئەگەر تاقە فۆنیمێک بگۆڕدرێ، وشەیەکی دیکە بە مانایەکی تازەوە دروست دەبێ. ڕاستە ئەم دوو وشەیە لەو تاقە فۆنیمەدا جیاوازن بەڵام لە هەموو فۆنیمەکانی دیکەدا وەک یەکن. شوناس و فەرهەنگیش هەر بەم چەشنەیە. هارووکی مووراکامی ڕۆمانێکی کورتی هەیە بەناوی *دوای تاریکایی*. لەم ڕۆمانەدا دوو خوشک بەناوی ئێری ئاسایی و مێری ئاسایی دەور دەگێڕن. دیارە ئەو دوو کەسایەتییە شۆرەتیان یەکە و ناوەکانیشیان تەنیا لە فۆنیمێکدا جوداوزاییان هەیە. ڕەنگە کۆدی ژێنێتیکیشیان لەباری وێکچوون و جیاوازییەوە هاوشێوەی ناوەکانیان بێ. ئەو دوو خوشکە لەباری ڕواڵەت و ئاکار و ئەو دنیایەی تێیدا دەژین زۆر لێک دوورن. هەتا کۆتاییی ڕۆمانەکە ڕۆماننووس لەسەر ئەم دووری و جوداوزاییانە پێدا دەگرێ. بەڵام لە کۆتاییدا مێری بیرەوەرییەکی دێتەوە یاد کە لەگەڵ خوشکەکەی وەها یەکتر لە باوەش دەکەن وەک ئەوەی بووبنە کەسێک و لەناو یەکتردا توابێتنەوە. لێرەدا وێکچوون و جیاوازی وەکوو یەک لەبەرچاو گیراون.

لە ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقەدا مەش بایرامی کۆنە ئەفسەری ساواکی و مام بارامی کوردی شۆڕشگێر دەور دەگێڕن. دوو ناوی بارام و بایرام لە تاقە پیتێکدا جوداوزییان هەیە بەڵام ئەو دوو کەسایەتییە سەر بە دوو شوناسی جوداواز و دوو ڕوانینی جوداواز و دوو جیهانی جوداوازن. دیمەنێکی هاوچەشنی دیکە کە داکۆکی لەسەر زەق کردنەوەی وێکچوون و جوداوزاییەکان دەکا لە بەشێک کە وەسفی ناو ماڵی ئەفسانە و دایە مەرجان و پێک گرتنی وێنەی مێردی یەکەم و دووەمی دایە مەرجان دەکا بەخەستی خۆی دەنوێنێ:

"وێنەی ئامانجی باوکی ئەفسانە لەگەڵ وێنە گەورەکراوەکەی ژووری دانیشتن، لە جلوبەرگیاندا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو. هەردووکیان جلی خۆڵەمێشیان لەبەردابوو. چاوی ئامانج لە ژێر تۆڕە پارچە تەنکەکەوە ترس و دڵەڕاوکێیان پێوە دیار بوو. چاوەکانی مێردە شەهید کراوەکەی دایە مەرجانیش ترس و دڵەڕاوکێیان لێ دەباری. هەر دوو وێنەکە دەتگوت بەزۆر لێوەکانیان بزەیان لێ نیشتووە. ئەو بزەیەی وێنەگر داوا دەکات بەرانبەر بە کامێرا پێشانی بدەی" (ل ٩٦)

هەروەها ئەو دوو کەسە هەردووکیان شەهیدن بەڵام هەر کامەیان لەلایەن سیستمێکی ڕوانینی جیاوازەوە ناسناوی شەهیدیان لەسەر دانراوە.

(٣)

هەتا ئێرە لە بەشی دووی ئەم وتارەدا باسی چۆنیەتی تێکچندراو بوونی دەقی ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقەمان کرد. لە

بەشی یەکیشدا ئەوەمان گوتبوو ڕۆمانی سەرکەوتوو سەرەڕای ئەوەی تێکچندراوە سادە و ڕەوانیشە.

ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقە ڕەوانیشە و هەتا کۆتاییی دەق بە چاوپۆشی کردن لە هەندێک وردە قۆرتی سەر ڕێگای خوێندنەوە کە زیادتر لە گەلاڵەی چیرۆکەکە دان و دەکرا بە شێوەیەک چارەسەر کرابان، خوێنەر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ. دەتوانین هۆی رەوان بوونی دەقی ئەم ڕۆمانە لەم خاڵانەی خورەوەدا ببینینیەوە:

## ئەلف. زمانی بەهێز

نەسر و کوردینووسینی مستەفا شێخە، یەکێک لەبەرچاوترین خاڵە بەهێزەکانی نووسەرە. نووسەری ئەم ڕۆمانە لە بەرهەمەکانی دیکەشیدا ئەو خاڵە بە هێزەی خۆی بە خوێنەرانی سەلماندووە. پێویست بە نموونەهێنانەوە ناکا، خوێنەر دەست بۆ هەر لاپەڕەیەکی ڕۆمان ببا و لێکی کاتەوە و بیخوێنێتەوە، بەسەر زمانێکی پاراو و پتەودا دەکەوێ. بەڵام لە دەقێکی داستانیدا وزەی زمانی جگە لە شێوەی گشتی بەکارهێنانی زمان، لە زمانی داستانیشدا خۆی دەنوێنێ. زۆر نووسەری وا هەن زمانێکی بەهێزیان هەیە بەڵام زمانەکەیان زمانێکی داستانی نییە. بۆ نووسەری دەقی داستانی جگە لە مەرجی زمانزانی مەرجی زاڵ بوون بەسەر زمانی داستانیش لەگۆڕێدایە. لە دەقی ڕۆمانی کۆچی هەورەتریشقەدا هەردوو مەرج وەدی هاتوون.

## ب. تەعلیق یا داهێشتنێک کە خوێنەر بە دووی خۆیدا ڕادەکێشێ

ئەم ڕۆمانە لەباری تەکنیکییەوە بەشێوەیەکی تەکنیکی نووسراوە و مەنتیقی ڕۆمان بەشێوەیەکی جێگیر تێیدا ڕەچاو کراوە. دەرکەوتەیەکی دیاری ئەم تەکنیکی بوونە، تەعلیق یا داهێشتنێکە کە لە دوو ئاست لەناو ڕۆمانەکەدا دەور دەگێڕێ:

ئاستی یەکەم: داهێشتنێکی گشتییە کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە دەست پێ دەکا و هەتا کۆتاییی دەق، خوێنەر بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ. داهێشتنەکە لەم پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕەزا کوڕی کێیە؟ دیارە خودی قارەمانی ڕۆمانیش وەکوو خوێنەر هەتا کۆتایی بە دوای ئەم پرسیارەدا وێڵە.

ئاستی دووەم: هەر وەک نووسیم داهێشتنەکەی سەرەوە هەموو دەقەکەی تەنیوەتەوە. بەڵام لەناو دەقدا وا هەیە پرسیارێک بۆ خوێنەر ساز بێ و وەڵامەکەشی درەنگ یا زوو لە لایەن دەقەوە بدرێتەوە. بۆ نموونە خوێنەر بەمە دەزانێ کە ئەفسانە کچە شەهیدی ئەم لایەیە کەچی وێڕای دایکی مووچەی بونیادی شەهیدیش وەردەگرن. هەتا ئەو جێیەی خوێنەر بۆی ڕوون

دەبێتەوە دایکی ئەفسانە دووجار مێردی کردووە و بابی ئەفسانە سەر بە ڕێبازێک بووە و زڕبابیشی سەر بە خەتێکی دیکە بووە، ئەم پرسیارە هەر زەینی خوێنەر ختووکە دەدا.

داهێشتنە گشتییەکە جگە لەوەی وەک تەکنیکێکی ڕووتینی ناو ڕۆمان دەور دەگێڕێ پێوەندییەکی پتەوی بە تێمی ڕۆمانەکەشەوە هەیە. هەر وەک گوتمان تێمی ڕۆمانەکە بریتییە لە شوناس و گەڕان بە دوای شوناسێکی ون و ساغ کردنەوەی هەنگاو بو هەنگاوی ئەم شوناسە.

١- ناوی ئەم وتارەم لە دێڕە شێعرێکی عەبدوڵڵا پەشێو وەرگرتووە:

لە سووچێکی ئەم دنیایە
ئەو ڕێبوارە بە دوای ناوی خۆیدا وێڵە
ئەو ڕێبوارە بەدوای چاوی خۆیدا وێڵە
ئەو ڕێبوارە برینمە
ئەو ڕێبوارە زەردەخەنە و گرینمە
ئەو ڕێبوارە کوردستانە
لانەی یەکەم ئەوینمە

٢- تێکچندراوی: پیچیدگی

٣- ناچارەکی: الزاما

٤- وەخۆ کردن: وەخۆ گرتن. پذیرا شدن،

٥- تێکهەڵشێلدراو: ورز دادە شدە

٦- ڕۆنان: دامەزراندن. بنیاد نهادن

٧- ڕانان: خستنە ڕوو. عرضە کردن

٨- ئاوەزمەندێتی: عقلانیت

٩- ئاوەزمەندێتیی گوتەیی: عقلانیت گفتاری

١٠- ئاسۆیی: افقی

١١- ئەستوونی: عمودی

١٢- مەزەندە: حدس

١٣ بەردەنگ: مخاطب

١٤- کەشی گوتارەکی: فضای گفتمانی

١٥- دۆخی سووژەیی: موضع سوژگانی

**٢٨ی جانیۆیری ٢٠١٥**

---

# ئاوڕێکی زۆر خێرا بە سەر "کۆچی هەورەتریشقە"ی مستەفا شێخە دا



**عەلی سۆهرابی- شنۆ**

لەو سەر و بەندانە دا کۆزی ساوای رۆمانی کوردی،چاوی بە کۆرپەیێکی ژیکەلانە روون بۆوە کە خوێنی دەمارەکانی، هەلگوشراوی هەوری مێشکی مستەفا شێخە بوو.مسەفاشێخەی زمان خۆش و دەم پاراو.مستەفاشێخەی بە ئەمەگ و قەت نەسرەوتوو."کۆچی هەورە تریشقە"هەوڵێکی جیددی و یەکەم هەنگاوی قورس و پتەوی مرۆڤێکە کە بۆ بەرەو ژوور تێهەڵچوون پەل داوێ.کۆچی هەورە تریشقە یەکەم خشتەی ئەو دیوارەیە کە بڕیارە بە ڕاستی هەتا سوڕەییا بچێتە سەر.بۆیە پێویستە ئەم خشتەیە راست و لە جێی خۆی داندرێ.

یەکەم خشتە بۆیە دەبێ راست و لە جێی خۆی دابێ ،چونکەبنچ و بناغەی خشتەکانی دوای خۆیەتی.هەر بەو هۆیەشە یەکەم ئەزموونی مستەفا شێخە لەم ژانرەدا دەبێ لە هەموو بارێکەوە سەنگ و سووک بکرێ و کەم و کووڕیەکانی دەست نیشان بکرێن. خۆ ئەگەر بۆ ئەو یەکەم خشتەیەش هیچ قازانجی نەبێ،بێ گومان بۆ خشتەکانی دواتری بێ کەڵک نیە.

وەک خوێنەری چالاک نەک وەک رەخنەگررۆمانی "کۆچی هەورە تریشقە"م خوێندەوە.بۆیە پێم وایە ئەو دەقە زۆرتر لەوەی کە بنەماییێکی رەخنە گرانەی هەبێ، تێبینییێکی دۆستانەیە و هەموو خاڵەکانی وەک روانگەی تاکە کەسی دێنە ئەژمار.

کۆچی هەورە تریشقە ریوایەتێکی خەتتیە بە دەیان فلاش بەگ و فۆڕواردەوە.قەیرانی کەسایەتی(بحران هویت)گەورەترین و سەرەکیترین چالشی رۆمانەکەیە کە هەتا دوایین لاپەڕەکانی کتێبەکە خوێنەر بە دوای خۆی دا رادەکێشێ.هەموو قەیرانەکانی تری ناو رۆمانەکە لە خزمەت ئەو قەیرانەدان و بە دەوری بازنەی دیتنەوەی بنچ و بناوانی ئەو قەیرانە دەسووڕێنەوە.داڕشتی کەسایەتیەکان باش نەکراوە.هاسانکارییێکی زۆرهەم بۆ کەسایەتیەکانی ناو رۆمانەکە وهەم بۆ رەوتی بەرەو پێش چوونی  چیرۆکەکە کراوە.بە جۆرێک کە زۆر شتی دەستکردی وەهای تێدایەکە لە دونیای رێئاڵ دا هەرگیز وەبەر چاو ناکەوێ.ئەوە ئاکامی ئەو پەلە پەلیەیە کە نووسەر کردوویەتی و نەیهێشتووە رووداوەکان لە جێی خۆیان دا بقەومێن.من نالێم زەینیەتی رۆمان نووس وشک بێ و هیچ زەوق و سەلیقەی نووسەری تێدا بەدی نەکرێ.من نالێم شتەکەهێندە وشک و بیرکاریانە بێ کە لە چوارچێوەییێکی تایبەتی نەیێتە دەر.قسەی من ئەوەیە ئەگەر رۆمان لە قالبی"رێئالیستی" دا دەنووسرێ، پێویستە هاوسەنگیە مەنتیقیەکانی لە گەڵ دونیای واقیع دا بپارێزرێن و یەکتر بخوێننەوە.بۆ ئەوەی خوێنەر سەری لێ نەشێوێ و بتوانێ پێوەندییێکی مەنتیقی لە گەڵ رۆمانەکە بگرێ.بۆ ئەوەی خوێنەر وەڕەز نەبێ و نەڵێ شتی وا بێ تام بە هەزار ساڵیش جارێک روو نادا. هەر چەند ژانری بەرباسی ئێمە رۆمانە نەک مێژوو،بەو حاڵەش بە باوەڕی من دەبێ ئەو هاوسەنگیانە راگیرێن.

هەر وەک لە ژوور ئاماژەی پێ کرا کاری ئێمە پێدا هەڵگوتن نیە.بەڵکوو دیتنەوەی ئەو لکانەیە کە بە جۆرێک نەخۆشن و پێویستیان بە هەرەس هەیە.بۆ ئەوەی دارەکە سەوزتر و گەشتر و جوانتر بێ.ئێستا هەوڵ دەدەم بە پێی توانا خاڵە کز و کەمایەسیەکانی ئەو رۆمانە دەست نیشان کەم:

١- "کۆچی هەورە تریشقە"لاسایی کردنەوییێکە لە "گڕەوی بەختی هەڵاڵە"ی عەتا نەهایی لە مەڕ شێوەی گێڕانەوە و داڕشتی بنەڕەتی چیرۆکەکە.بەو جیاوازیە کە هەڵاڵە بۆ کەسێکی دەگێڕێتەوە و رەزا وەک نامە بۆ کەسێکیتری دەنووسێ.هەر چەند کاک مستەفا لە دوایین لاپەڕەی رۆمانەکەدا،سەلماندوویەتی کە ئەوە هەمووی نامە نیە و تەنیا پێنج شەش دێڕەکەی سەرەتا وەک نامە رەش کراونەتەوە و ئەوەیتر هەمووی خەیاڵاتی ڕاویە لە کاتی نووسینی نامەکەدا،بەوحاڵەش هەم سەرەتا و داڕشتی رۆمانەکە و هەم کۆتایی رۆمانەکە بە شێوە نووسینی نامە هاتۆتە ئاراوە.لە هەردووک رۆمانەکان دا نووسەر چەندین جار بە فلاش بەگ چۆتەوە ژیانی رابردوو و دواتر بە فۆڕواردێکەوە هاتۆتەوە نێو بەسەرهات و ژیانی ئێستا.پشووی نووسینی کۆچی هەورە تریشقە زۆر درێژ نیە و نووسەر لە زۆرتری رووداوەکان پەلەی کردووە.ئەو بە پەلە نووسینە وای کردووە کە شوێن بخاتە سەر داڕشتی چیرۆکەکە .بە جۆرێک کە زۆرێک لە کردەوەکان و تەنانەت رەوتی چیرۆکەکەش حاڵەتی دەستکرد بە خۆوە دەگرێ.دیارە ئێمە مافی ئەوەمان نیە بە نووسەر بڵێین چی بنووسێ و چۆن بنووسێ.بەڵام بە باوەڕی من ئەگەر قاچاخچیەکە رەزای بە گرتن دابا  و رەزا لە زینداندا وەک بیرەوەری ئەم بەسەرهاتەی



سەرچاوە
Serchawe

نووسیباوە، هەم دەرفەت و دەرەتانی زیاتری دەبوو هەم پوخت و پاراوتر و ڕیئالتریش دەبوو.

٢- لەو ڕۆمانە ڕیئالە دا زۆر شت لە ڕەوتی سروشتی و مەنتیقی خۆیان لایان داوە.بۆ وێنە بە کوردی قسە کردنی مەش بایرام لە تەوریزێ ئەوەی بۆ خوێنەر و بۆ مەش بایرامیش روون بێ کە ڕەزا ئەو کوردیە نارێکەی مەش بایرام حالی دەبێ یان نا.یان متمانە کردنی لە خۆڕا و لە ڕادەبەدەری ئەفسانە و دایە مەرجان بە عەجەمێک!!!کە نایناسن. تێک چوونی تان و پۆی پێوەندی نێوان مامان و سەفەر عەلی بۆلووت ئۆغلوو و ڕەزا ئاوا بە خێرایی و ئەویش لە سەر گرفتێک کە مامان و سەفەر عەلی سی ساڵە لەسەری ڕێک کەوتوون، نموونەیێکیتری ئەو نامەنتیقیەیە کە لەو ڕۆمانە دا وەبەر چاو دەکەون.ئەگەر ژنی سەفەر عەلی وەک لە دەقەکە دا هاتووە ڕەزای بە کوڕی خۆی داناوە،ئەگەر پاش گەڕانەوەی ڕەزا لە بەرەکانی شەڕ،دایکانە باوەشی پێدا کردووە و لە ئامێزی گرتووە،ئەگەر تەمەنێکی دوور و درێژ لە گەڵ ڕەزا لە ژێر میچێک دا ژیاوەو بە کوڕی خۆی زانیوە،زۆر بێ مانایە بە قوونە شەڕێکی لەفزی هەمووی ئەو شتانە بنەوە هیچ و یەکتریان نەوێ و ژیانی بنەماڵە بشێوێ.ئێرە داڕشتی زیاتری دەویست. هۆییێکی وای دەویست کە توانیبای قەڵشتێکی قووڵ بخاتە بەینی ئەندامانی بنەماڵە.هۆیێکی وا کە ڕێگە بۆ وەدەر کەوتنی ڕەزا لەو ماڵە خۆش کا.

٣- بیژوو بوون یان نەبوونی ڕەزا دوای سی و چەند ساڵ، ڕەنگە بتوانێ هۆییێک بێ بۆ بەدواداچوون و روون کردنەوەی بنچ و بناوانی کەسایەتی ڕەزا،بەڵام بە هیچ شێوەیێک نە لە کۆمەڵگای کوردەواری و نە لە کۆمەڵگای ئازەری دا بیژوو بوونی پیاوێکی سی و چەند ساڵە نابێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاران و هەڵپچڕانی پێوەندیە کومەڵایەتیەکانی لێ ناکەوێتەوە.جگە لەوەش وەک دەبینین وشەی"بیژوو"زیاتر بۆ منداڵێکی مەلۆتکە و ساوا دەکار دەکرێ نەک بۆ پیاوێکی زڕت و زەلامی سی و چەند ساڵە.

٤- دەم پاراوی و ئاگاداری و مێژووزانی مام بارام و مام تاهیر زۆر دەستکردن.ئەگەر کەسێک نەزانی ئەوە قسەی مام بارامێکە لە گوندێکی بنار، وادەزانێ ئەوە ماموستای مێژووە و لە زانستگا وانە دەڵێتەوە.لە ڕاستی دا کەم وا هەیە پیرەپیاوێکی گوندێکی بنار ئاوا لە مێژوو شارەزا بێ و لەو کۆڕانەی کە ڕەنگە هەر بۆ ئەو باس و خواسانە گیرابێ و عەجەمێکی نەناسراویشی تێدا بەشدار بێ کە تەنیا یەک دوو جار لە دووکان و شەقام دیتبیان، بێ باکانە ئەو باسانە بورووژێنێ.ئایا لە یەکەم دانیشتن دا تەنیا بە خاتری ئەوە نیە کە باوکی ڕەزا(سەفەرعەلی)سپای دانیش بووە،باسی موسەددیق و ئیسلاحاتی عەرزی و سپای دانیش دێتە گۆڕێ؟خوێنەر هەست دەکا نووسەر بە ئانقەست باسی دانیشتنەکە بەرەو سپای دانیش دەبا بۆ ئەوەی سەرە بگاتەوە سەر (سەفەر عەلی) وپێوەندییێکی ناراستەو و خۆ لە گەڵ ڕەزا و کێشەکەی وەدی بێ.بۆیە خوێنەر هەست دەکا کارکردی ئەو دانیشتنە تەنیا زەق بوونەوەی سپای دانیشە و هەر دەڵێی لە لاوە را بە

چیڕۆکەکە لکێندراوە.

٥- کاک مستەفا بۆ ئەوەی سەر و بنی رۆمانەکە وێک بێنێ و پێوەندییێکی مەنتیقیان لەنێوان دا ساز بکا،هاسان کاری بۆ زۆر شتان کردووە.بۆ وێنە وەرگیرانی عەجەمێک!!! ئاوا بە گەرمی لە لایەن خەڵکی گێلاسئاواوە بە جۆرێک کە خانووی دەدرێتێ،لە پارکان !!! فێرە کوردی دەکرێ ،لە میواندارێیان بەشدار دەبێ وگرێ کوێرەی بۆ دەکرێتەوە.لە دونیای واقیع دا ئەگەر عەجەمێک لە تەورێز را بێ و بیست ساڵیش لە گێلاساوا بمێنێتەوە،ناتوانێ ئاوا متمانەی خەڵک وەدەست بێنێ بە جۆرێک کە "هەنار"رازی بێ لە گەڵی بچێتە دەفتەر خانە و ببێتە ژنی رواڵەتی ئەو.چما هەنار باب و برای نیە؟چما لە گێلاساوا دونیا هەرکەس هەرکەسە؟.... لە کۆتایی رۆمانەکە دا ئەو هاسانکاریانە وا دەکەن کە مام تاهیر هەر بە بارینی رێژنە بارانێک لێفە لەسەر هەتیوان هەڵداتەوە وبە پێوەندییێکی زۆر کرچ و کاڵ و دەستکرد،باران و هەور و برووسکە بە بەسەرهاتی مام میرۆوە گرێ بدا وگرێ کوێرەییێکیتری رەزا بکاتەوە.

٦- شتێکیتر کە لێرە جێی باسە ، هۆی رۆیشتن و بەجێ هێشتنی ئەفسانە و شاری گێلاساوا لە لایەن رەزاوەیە کە وەک گۆشەییێکی تاریک لەم رۆمانەدا دێتە بەر چاو.رەزا تەورێزی بە جێهێشت چونکە لە بنچ و بناوانی خۆی دەگەڕا.چونکە هەر چۆنێک بێ بنچ و بناوانەکەی بەرەو گێلاساوایان رەکێش کردبوو.ئەو پارچە زەویەی کە بڕیارە وەک میرات لە مام میرۆوە بگاتە دەست رەزا، هیمای ئەو ریشە و بنچ و بناوانەیە کە رەزا بە گێلاساواوە گرێ دەدا.بێ ئەوەی رەزا بزانێ کە کوڕی مام میرۆیە و بێ ئەوەی هیچ بەڵگەییێکی بۆ ئیددیعای ئەو زەویە هەبێ.

کەسێک کە نازانێ کوڕی مام میرۆیە ، هیچ بەڵگەی زەویەکەشی لە بەر دەست دانیە،موعەللیمە و دەستیشی دەگاتەوە زاری خۆی، چۆنەو بە چ هیواییێک لە تەورێز را دێتە گێلاساوا ولە وێ دەمێنێتەوە هەتائەفسانەییێکیتر،لە ژیانی رابردووی دابیڕێ؟ئەگەر لە رەزا تەورێز را وەدووی بنچ و بناوانی خۆی کەوتووە و بۆ ئەو بنچ و بناوانە دەستی لە ئەفسانەی مەش بایرام هەڵگرتووە،چ شتێک دەستی پێ لە بنچ و بناوانی خۆی وشاری گێلاساوا و ئەفسانە و خۆشەویستی نیوەڕێی(کۆرپەی نیوەڕێی)هەڵدەگرێ و بەرەو هەندەرانی هەڵەشە دەکا؟

ئایا چونکە مام میرۆ موهاجیر بووە و رەزای کوڕی بە قسەی مام تاهیر بە ناوی سەید رەزای دەرسیمی کردووە،تونجەلی ،دواقۆناغی سەفەری رەزایە یان رەزاش وەک هاوسەفەرەکانی هەوای ئامریکا و ئەورووپای لە کەللە دایە؟ هەروەک لە رۆمانەکە دا هاتووە ئەویش وەک هاوڕێکانی لە بنکەی یووئێن دەگەڕێ و تەمای مانەوە لە دەرسیمی نیە.کە وابوو ئەوە ، بانگەشەی سەید رەزای دەرسیمی نیە کەقارەمانی ئەو رۆمانەی بەرەو تورکیا ڕاکێشاوە،بەڵکوو دڵی ویش بۆ هەوای

فێنکی ئەوڕووپا لێدەدا.هیچ دوور نیە لەوێش بە زمانێکی سەر و گویّ شکاوی ئەوڕووپی کچێکی قژ زەردی ئەوڕووپی لێ ببێتە ئەفسانەو ....لە کۆتایی دا روون نیە ئەو هەموو کۆچەی ئەو هەورە تریشقەیە لە پێناو چی دایە.

٧- رەنگە هەتا ئێرە هەر باس لە کەم و کووڕی و کەمایەسیەکانی ئەو ڕۆمانە کرابێ.بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەو رۆمانە ، رۆمانێکی بێ کەڵک و خێر بێ و خاڵی بەهێزی تێدا نەبێ.هەر لە بنەڕەت را ئەم نووسراوەیە بۆ دەست نیشان کردنی کەم و کورتیەکانی ئەو ڕۆمانە تەرخان کرابوو .دەنا ئەگەر بمانهەویّ باس لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو رۆمانە بکەین، بێ گومان بە نووسروەییێکی ئاوا کورت تەواو نابێ.بۆ وێنە زمانە خۆش و پاراوەکەی گێڕانەوە،دانانی قەرینەی قەندیل لە تەورێز و کوردستان کە یەکەمیان هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤەکان دەکا و دوەمی ژیانی مرۆڤەکان دەپارێزێ.یان دانانی قەرینەی ئەفسانە لەمبەر ئەوبەری گۆلی ورمێ.یان جەخت لە سەر وشەی ئەفسانە کە بیری خوێنەر بۆ سەر ئەفسانەی ژیانی رەزا و مام میرۆ و سەید رەزای دەرسیمی ومەش بایرام و لە هەموان زیاترئامانج و خەبات و مێژووی کورد رادەکێشێ.

## دواقسەم ئەوەیە:

ئەوە ڕوانگەی منە و حەوجە بە شاردنەوە نیە کە ئەگەر کاک مستەفا لە دەرچوونی ئەم رۆمانە پەلەی نەکردبا و زیاتری کار لەسەر کردبا،بێ گومان شوێنێکی گرینگ و بەرچاوی لە سەر داڕشتنەوەکەی دادەنا و زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە بەهێزتر و پتەوتر دەهاتە دونیای رۆمانی کوردیەوە. من "کۆچی هەورە تریشقە"بە یەکەم رۆمانی ئەنجومەنی ئەدەبی شنۆ دەزانم و دەست خۆشی و ماندوو نەبوونیش بە کاک مستەفای شێخە دەڵێم.پڕ دڵنیام کاری داهاتووی کاک مستەفا لەوەش پتەوتر و تۆکمەتر و بەهێزتر دەبێ.جارێکیتر سەری رێز بۆ ئەو قەڵەمانە دادەنوێنم کە لە هیچ بار و دۆخێک دا کول نابن و نانەون.

٢٨ی جانێوێری ٢٠١٥

# پێنج‌خولەک مەودا



کاتژمێری سەر مەچەکی چەپم وەک زۆربەی ئەم کاتانە هاوڕێکی لەپی دەستمە. ساردایی کاتژمێر هەست بە لێدانی دمارە وردەی نێوان پێست و ئێسکی رەقی جومکەی دەستم دەکات. شەپۆلی لێدانی دەمارەکە لە نێوان ئێسقان و پشتی کاتژمێر لە هاتووچۆ دایە. لەمەودای ئەولای کاتژمێرەکەدا دەستی چەپم توند داری دەوری لوولەی چەکەکەمی گرتووە. ئەنگوستی دۆشاومژەی دەستی راستم، دۆشاومژەی چی؟ ئەنگوستی پەلەپیتکەم شلە وتوندە بە پەلەپیتکە دەکات. دێتە سە خاڵی تەقاندن و دەگەڕێتەوە.

نیگام لە نێوان رووبەری کاتژمێر و سەرسێرەی تفەنگ لەهاتوچۆ دایە. میلە کورتە ئەستوورەکەی کاتژمێر دوور لە پانتایی بەرچاوم پاڵکەوتۆتەوە، هەر دەڵێی خەوتووە. میلی چرکەژمێر بە قەڵەمبازی گەورە و هەنگاوی شلەوە دێتە بەرچاو. ئێستا میلی خولەکژمێر خەریکە لە یەکەم چرکەی خولەکی یەکەمی دوای ژمارە١٢ جێگە خۆش دەکات.

نیگام لە نێوان سەرسێرە و کاتژمێردا دێت و دەچێت. میلی چرکەژمێر خاوتر لە هەمیشە قەڵەمباز داوێت. میلی خولەکژمێریش دەڵێی خەریکە بۆخەوتن خۆی خاوکێش دەکات. مەودای نێوان دوو ژمارەی دوازدە و یەکی کاتژمێر چەند ئەوەندی مەودای نێوان سەرسێرە و ئامانجمە.

ئەنگوستی پەلەپیتکەم لە مەودای بۆشایی پەلەپیتکەدا لە هاتوچۆدایە. مەودای نێوان من و ئامانجی پێکان کەمتر

دەبێتەوە. مەودای نێوان خاڵی سفر و ڕەقەمی یەکی کاتژمێر زیادتر دەبێت. زەحمەتە چرکەژمێر بەم هەنگاوە شلانەیەوە بەم زوانە ئەم مەودایە بپێوێت.

نیوبازنەی سەرسێرە لەسەر لوولەی تفەنگ دەڵێی هیلالی مانگە و لەسەر پشت کەوتووە، لەبەر چاوم گەورە دەبێتەوە. مەودای نێوان سەرسێرە و ئامانجی دیاریکراو دوور و دوورتر دەبێتەوە، هەر دڵێی بە خێراییەکی لەڕادەبەدەرەوە بۆ دواوە دەکشێمەوە. کێو و دۆڵ و دەشت و شار و لادێکان و پاشان دەریاکانیش دەکەوەنە نێو ئەم مەودایەوە. مەودای نێوان ژمارەی دوازدە و یەکی کاتژمێرەکە وەک دیواری بەردەم پرۆجیکتۆری سینەمای لێدێت و هەموو میلە دەمژمێرەکان کاڵ دەکاتەوە. من هەروا بەرەو دواوە دەفڕم. لەسەر گۆی زەوی دووردەکەومەوە و لە بۆشایی ئاسمان دام. گۆی زەوی لە بۆشاییدا سەما دەکات و لەناکاو دەکەوێتە سەر هیلایلی سەرسێرەی تفەنگەکەم. لە سەر هیلالەکە دەست بە سووڕان دەکات و تا ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکەوێتە رووبەری لای بەرانبەرمەوە، ناوەستێت. رووبەری سینەماکەی بەردەمم وەک ئامێری پێشاندانی فیلمەکەی خێرا کرابێت، بەچەشێنک وێنەکان پێشان دەدات کە ناتوانم هیچکامیان بە روونی ببینم. دەنگی ئەم فیلمە خێرایە وەک فیکەیەکی باریک و ناخۆش مێشکم ئازار دەدات. گۆی زەوی تا هەموو لایەکی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دێت و دەچێت و بەرز و نزم دەبێتەوە.

قامکی پەلەپیتکەم سەما بە بۆشایی پەلەپیتکە دەکات. بۆشاییەکە لەبەریەک دەکشێتەوە. لەو چەند ڕۆژەیدا ماموستا فێری دەکارکردنی ئەم چەکەی کردم، دەیگوت دەبێ دەپێشدا قامکت ئەوەندە توند بکەی تا بۆشاییەکە تەواو دەبێت و ئەوکات دەرزی تفەنگ بە قوونی فیشکەوە نووساوە. بۆ ئەوەی بە لەرینەوەی سینەت لوولەی چەکەکە نەلەرێنێتەوە، هەناست بخنکێنەوە و پەنجەت بگوشە. بەمجۆرە باشتر ئامانجەکەت دەپێکی.

هەر بەراست بزانم سینەم دەلەرێتەوە؟ سەیری سینەم دەکەم. جاران هەردوو سینەم خڕ بوون و وەک گۆی زەوی دەچوون. ئەوەندە پتەو کە مەودای نێوانیان بەحاڵ پەنجەی تێوەدەچوو. ئێستا شۆڕ بوونەتەوە.

قامکم لە سەر کۆتایی بۆشایی پەلەپیتکە وەستاوە. جارێ هەناسەم ناوەستێنم. سەیرێکی سەرسێرە دەکەمەوە. گۆی زەوی، پانتایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەرچاومدا هەڵدەسووڕێنیت. سینەماکەی بەر مەچەکی دەستی چەپم فیلمەکەی هێدی دەبێتەوە. وێنەکان بە ئارامی تێدەپەڕن و دەنگەکان لێکدەکەمەوە. لە هەموو وشە و ڕستەکانی ئەکتەرانی فلیمەکە دەگەم. پانتایی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەسەر گۆی زەوی لەسەر هیلالی سێرەی چەکەکەمەوە رووبەرێکی لێدەبێتەوە و دەکەوێتە سەر شاشەکەی بەر مەچەکی راستم و دەبێتە وێنەیەکی بەجووڵە. خێرا خێرا نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین دێتە سەر شاشە و چەند

گرتەیەکی سینەمایی جێگەی دەگرنەوە. فیلمێکە لیلە. شاشەکە لیلە، ئەکتەرەکان لیلن. دەڵێی دەرهێنەر بە ئەنقەست ئەم هەموو ئێفێکتەی خستۆتە نێو فیلمەکەوە. نا، ئەوە کاری تەنیا کەسێک نییە. فیلمنامەنووس و دەرهێنەر و ڕێکخەری کۆتایی، دەستیان داوەتە دەستی یەک و سەریان لە ئەکتەرەکانیش شێواندووە. حەتمەن دەستی ئەوانەشی تێدایە کە پشتگیریی دارایییان کردووە. ئاخ چەندە لەم فیلمە بێزارم!


قامکم لە بۆشایی پەلەپیتکەدا شل دەکەمەوە. سەری نینۆکم خەریکە لاکەکەی بەردەدات. با بەریدات، خۆ ئەم لاکە و ئەم جلەکە خۆڵەمێشییەیان نەگوتووە. ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی ناوین هەروا لەسەر هیلالی سەرسێرەوە بەرچاومی گرتووە.

سەیرێکی شاشەکە دەکەمەوە. ڕەنگی ئەم لاکە چەندە لەگەڵ جلەکانم دێتەوە؟ لە ژێر کراسە تۆڕەکەمەوە ئاستەڕە هەنارییەکە ڕێک لەڕەنگی نینۆک و گوارەکانمە. دەستێک بە گوێچکەم دادێنم. خەریکە کونی سەر چیلکەی گوێچکەم کوێر دەبێتەوە. دایکم دەیگوت ئەگەر ماوەیەک بێ گوارە بی، هەر بە یەکجاری کونەکانی چیلکەی گوێت کوێر دەبنەوە. دایکم بە دوای تەرمێکدا رادەکات. جارجار بە جلەڕەشەکانیەوە لەنێو تۆزی ئاپۆرەی دوای مەیتەکەدا ون دەبێت و دەردەکەوێتەوە. هەرچی دەکەم وبیرم نایەتەوە دایکم شینگێری کێیە؟ ئەوە مەیتی کامە خۆشەویستیەتیەتی بەرەو گۆڕستانی دەبەن؟ دایکم هەمیشە باسی شینگێڕیی دەکرد: ڕۆڵەگیان خۆ بۆخۆشم لەبیرم نەماوە شینم بۆ چەند کەس گێڕاوە. خۆ ئەودەم فەرقمان پێ نەدەکرد و بۆ هەمووان دەگریاین. لەترسی درێژدادڕیی دایکم ڕووم بەرەو سەرسێرە وەردەگێڕمەوە. دەگەڕێمەوە سەر پەلەپیتکە و سەری سێ قامکی ژێر ئەنگوستی پەلەپیتکەم بەلای چەپی چەکەکەمدا دیارن و بەرەو لەپی دەستم نووشتاونەتەوە. دەگەڕێمەوە سەر شاشەکە. پەنجەکانی دەستی ڕاستم لە تەوژمی گوشینی دەستی ئەودا خوێنیان تێدا نەماوە و سپی هەڵگەڕاون. قوماشە لووسەکەی ئاستەڕی کراسەکەم هەڵپەڕینی سینەکانم خۆشتر دەکات. لە نزیک سەرچۆپی بە چەشنێک هەڵدەپەرم، خەرکیم خۆم لەبیر دەکەم و لەگەڵ دەنگی مۆسیقای هەڵپەڕکێ بە نێو دنیای خەیاڵاتی خۆشدا هەڵدەفڕم. هەڵپەڕینێک کە وەک سەمایەکی شێتانە دەچێت. ڕەشبەڵەک هەروا خەریکە گەورەتردەبێت. لێدانی پێیەکان لە سەرچۆپییەوە تا گاوانی بەمووو جیاوزییان نیە. گەڕی ڕەشبەڵەک لە نێو شاشەکەدا جێگەی نابێتەوە: "گورج کەن خۆتان ڕێکخەن پێتان بۆ سوێچکەی و شێخانی". هەموو دەیانهەوێت لە شاشەکەدا دیاربن. هەڵپەرکێکە دەبێتە ئاپۆرایەکی شێواو و تێکەڵ و پێکەڵ. دەڵێی شارە زەرەواڵەیە و چیلکەت تێوەژاندووە. باوک کوڕی خۆی ناناسێتەوە. نا، دایکم دەیگوت سەگ سێحەبی خۆی ناناسێتەوە. لە جیاتی هەڵپەڕین، تێکەوەداوێن و خۆ پێکدادەن. ناچارم لە شاشەکەوە فڕێیاندەدەمە سەر ڕووبەری گۆی زەوی. بە پانتایی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەڵیاندرێژمەوە. لەوێش هەر هەڵدەپەڕن. ئەنگوستی پەلەپیتکەم لەسەر ئاخری بۆشایی ڕادەگرم. دەمهەوێ هەناسەم بوەستێنم. چاوێک بە سینەمدا دەگێڕمەوە. قۆنداخی چەکەکەم بە نیوەی لاسینەی خڕمدا ڕۆچووە. مەمکی ڕاستم لە ژێر فشاری قۆنداخی چەکەکەمدا پاڵی بە دراوسێکەیەوە داوە. وایان پاڵ وێکداوە

هەر نیو قامیکیش نێوانیان نەماوە. (جووتێک لیمۆی سەرسنگی هەر دوو قامکیان نێوانە/ بە حوکمی ئەڵڵای لەسەر بۆ هەموو دەردان دەرمانە) ئاستەڕە هەناریەکە ئەوەندە خزە لە نێوان هەردوو گۆ خڕەکانمدا چێژێکی خۆش دەخولقێنێت. هەناسەم وەستاندووە. بە ئارامی پەنجەی پەلەپیتکەم دەگوشم. لەمدیوەی بڵێسەکەوە گۆی زەوی پارچە پارچە دەبێت و بەملا و ئەولای لوولەی چەکەکەمدا دڕژێتەخوارەوە. لە جێگەی خۆم هەڵدەستمەوە. بۆ ئەوەی سەرنج بدەمە راگرتنی هەناسەم، بە قەڵەمباز هاویشتن بەرەو پێشەوە ڕادەکەم و خێرا خێرا شلە و توندە بە قامکی پەلەپیتکەم دەکەم. چەخماخەیەکی ئاگرین لێدەدات و هەموو رووبەری بەرانبەرم لە نێو شەبەقی رووناکیدا دەتوێتەوە.

٧ی فێبریوێری ٢٠١٥

## "گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی نەنووسراو"



**مراد ئەعزەمی**

**خوێندنەوەی ڕۆمانی(کۆچی هەورەتریشقە)ی مستەفا شێخە**

گێڕانەوە، سارێژ کردنەوەی زۆریەک لە برینە ڕۆحییەکانە. وەک برینی بە ژانی قەیرانی شوناس. (کۆچی هەورە تریشقە)، ڕۆمانی سارێژ کردنەوەی ڕۆحی چەند مرۆڤێکە، کە یا بەدوای خودی خۆو شوناسی خۆیان دا وێڵن، یان لە خاک و زێدێک دەگەڕێن کە لە پەنای دا هەست بە حەسانەوەو هێمنایەتی بکەن. بە تایبەت بەسەرهاتی کەسێکە کە نەک هەر خاک و زێدی لێ ونە، بەڵکوو ڕیشەو تەنانەت نێوی خۆیشی لێ نادیارە.

دەق لە فۆرمی نامەیەکدا نووسراوە. نامە کەرەسەیەکە کە مەوداکان بە یەکەوە گرێ دەداو کەسە لێک دوورخراوەکان لە

یەک ئاگاداردەکاتەوە. کە وابوو نامەش دووری و لێک دابڕان بانگ دەکاتە زەین و بیرمان. بەڵام ئەوەی لەم ڕۆمانە گەلێ سەرنج ڕاکێشە، ئەوەیە کە گێڕانەوەکە هەر لە قەوارەی ڕەوایەتێکی شەفاهی دا دەمێنیتەوەو، تەنانەت لە وانەیە نەبووبێتە نامەیەکی نووسراوەش:

" ... ئەفسانەی من، لەو کاتەوە لە سووکە خەوەکە ڕابووم، قەڵەم و کاغەزم پێیەو خەریکم ئەم نامەیە بنووسم، تەنیا چەند دێڕێکی کەمم بۆ ڕەشبۆتەوە. ڕەنگە ئەم پەڕە کاغەزەش بدڕێنم و نەینێرم."ل(144)

واتا ئێمە خەریکین دەقێک دەخوێنینەوە کە قەت نەنووسراوە. دژوازێکی سەیر لە جۆری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. گێڕانەوەکەش، بە قەرا کۆچێکە، لە مەودای نێوان ڕێپێوانی ڕاوی لە سەر سنوورەوە هەتا یەکەم ئاوەدانی ئەوبەر سنوورە، کە دوو ڕۆژ و دوو شەو دەخایەنێ. دیسان وێکچوونێکی سەیر لە گەڵ ژین. مەگەر ژینی کورت خایەنی مرۆڤ چی دیکەیە جگە لە حەڤایەتی کۆچێک. هەڵبەت ئەو گێڕانەوەیەش، کە بە ڕواڵەت دیالۆگەو پتر بۆ ئەفسانەی دایە مەرجان دەگێڕدرێتەوە( واتا نامەکە قەرارە بۆ ئەم بنووسرێ)، بە بانگهێشتنە(تەداعی) لێکدا لێکداکان، بەردەوام دەپچڕێ و بۆ پاشەوەو یادەوەری بەسەرهاتەکانی بەر لە هاتن بۆ سەر سنوور دەگەڕێتەوە. بەم جۆرە ڕەوایەت لە تاکە هێڵێکی تاک ڕەهەندی وەدەر دەکەوی و لق و پۆی لێ جوودا دەبیتەوە و، هاوکات هەڵپەساردنی(تەعلیق) گەورەی دەقیش هەر لەو لاڕێ بوونانەدا دەخوڵقێ. ئەگەر ڕووداوی بەزاندنی سنوور واتا کۆچ، ڕووداوی سەرەکی و ناوەندی دەق بیت، گێڕانەوەکانی سەر بە بانگهێشتنەکانیش دەبنە پەراوێز. کە چی بەشی هەرە زۆری داڕشتنەوەی کەسایەتی ڕاوی و، کەسەکانی گرینگی ژیانی ئەم و، ڕووداو بەسەرهاتەکانی دەق، هەر لەو پەراوێزانەدا بێچم دەگرن و قەبارەی ئەم پەراوێزانە چەند جار لە ڕووداوی ناوەند قەبەتر دەبیتەوە. هەڵگەڕانەوەی پەراوێز بەسەر ناوەندا، بەشی هەرە زۆری دەق دەتەنیتەوەو، وەک ئستراتیژیەک لە پاڵ ئستراتیژی بانگهێشتن، قورسایی پتری دەق وە ئەستۆ دەگریت.

وەک ئەو جێگایەی بەدەم بیستنی شریتی شێعرەکانی خەیام بە کوردی، ڕاوی گێڕانەوەکە(ڕەزا) دەچیتە دە بیرەوەرییەکی قوڵی خۆی:

" ... دەنگی شریتی شێعرەکانی خەیام، دەنگی تورەج و تەهمینە دادەپۆشیت.
بێهوودەیە بیرو خەم، دڵت خۆش کە برا
پرسیار نەکرا، بەشت درا هەرچی درا
تۆ هێشتا نەهاتوویە جیهان، ڕۆژی بەرێ
ئەو ڕۆژەی دەبوو بچییە دەرێ...

خۆم چوومە درێ. ئەو شەوەی لە دەرگای ماڵی ئێمەیاندا، خۆم ڕۆیشتمە دەرەوە و دەرگام کردەوەو فەرمووم لێکردن." (ل ٢٨)

**یان لەو بەشانەدا کە لە خودی دەقەوە هەڵبژێردراون:**

"... بایەکە دەوەستێت و گوڵە مێلاقەکە لە مەودای نێوان لەرینەوەو وەستاندا دەڵێی دەنکی هەنارە. هەنارێکی سوور وەک دەنکە یاقووت. لە نێو داوی ئەفسانەکاندا، خەریکە یاقووتی نێو هەناریش سەرنجم ڕادەکێشیت."(ل٣٩)

"... دوو ئەفغانییەکە نەوینەسەر تەونەکە و جۆڵاتەنەکەیان دیتەوە.

- تەماشای دەڵێی هەزارەیە لە پەسێوی پشت ئەم چڵە بچووکەدا خۆی مەڵاس داوە.

- بۆ ناڵێی "پەشتوون"ە و خەریکە داوێک بۆ "هەزارە"کان دەتەنیتەوە؟

- نەخێر، ئەوە ڕاست خۆمم، بە زۆر دەمهەوێ سنووری ئێران و ئەفغانستان بە یەکەوە ببەستمەوە.

بە نێو شەڕی چەند ساڵەی هەزارە و پەشتوونەکانی ئەفغانستاندا دەسووڕێمەوە."(ل ٣٩ و ٤٠)

"... تەهمینە وێڕای ئەوەی لەم جوانییە بێبەش نییە، لە گەڵ ئەفسانەی من دەڵێی سێوێکە و دوو لەتت کردوون. دوو لەتی چی؟سێ لەت. سێ سێو...، چوار سێو، پێنج، شەش... باغی سێوان. دوو سێوە سپییەکەی نێو دەفرەکەی ماڵی سەفەرعەلی بلۆت ئۆغلوو لە بەردەم ئەفسانەی مەش بایرامن. قەولە بێتە باغی سێوان/ وەختە شێت بم بچمە کێوان. کێو... ئەوە نییە لە کێوانم؟"(ل ٤٨)

"... ئەگەر لەچکەکەی تەهمینە با نەیبردبایە، لەم کاتەدا دایە مەرجانم نەدەهاتەوە یاد.

تەمەن چەندە خێرا دەڕوات؟ ئەوە چوار پێنج ساڵ تێدەپەڕێت و وادەزانم ئێستا دایە مەرجان بەم لەچکەیەوە لەسەر دۆشەکچە بەرانبەرم پاڵی وە پشتییە مافوورچنەکە داوە."(ل ٤٩)

"... دایە مەرجان جامانە شۆڕاوەکە لەسەر تەنافەکە کۆ دەکاتەوە. بۆنی دەکات. لەباوەشی دەگرێت و بە قاڵدڕمەکاندا سەر دەکەویتەوە. ئاوڕێک دەداتەوە و جامانەکە دەکاتەوە و بەسەر شانیدا دەدات.

- کاکە گیان، ئەوەندە فکرانی لێ مەکەوە. جارێ وەرە سەرەوە چایەکی وەخۆ و تاوێک بحەسێوە.

مام بارام جامانەکەی کەمێک لە نێوچاوانیەوە بەرەو تەوقەسەری هەڵدەکێشیت و بەسەر چاویلکەکانیدا یەک بە یەک لێمان دەڕوانیت."(ل ٧٤)

زۆر جێگای تریش هەر بەم جۆرە، بە تەداعییەک دێن و دەچن و لە نێوان ئێستاو ڕابردوودا هات و چۆ دەکەن. بەو بانگهێشتنانەوە، دەق لە شەپۆلی زەین نزیک دەبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە توێژی وشیاری دا دەمێنیتەوەو، ناگاتە توێژی نیوەوشیارەوە، بۆیەش ناکرێ بڵێین لە شەپۆلیزەین بۆ گێڕانەوە کەڵک وەرگیراوە. دیتنەوەی نموونەی زیاتر لەو

جۆرە، دەهێڵینەوە بۆ خوێنەری هێژای ئەم دەقە.

ئەو بانگهێشتنانە لە هێندێک جێگای دەقدا، بە تەمهیدێک ڕەوایەت دەکرێن کە وێڕای پەلکێش کردنی خوێنەر(تەعلیق)، دەق دارماڵ دەکەن لە مەجاز و چەلیش خوازەوە. لەو شوێنانەی کە هەست و سۆز و دۆخێکی تایبەتی دەروونی کەسایەتییەکانی داگرتبێت، دەق جار بە مەجاز و جار خوازەوە دۆخەکە وێنا دەکا و،

**خوێنەر بە دیتنی وێنەکەو نیشانەکانی ناخی ئەم، بە وردی ئاگاداری حاڵ و ئەحواڵی کەسایەتییەکان دەبێت:**

"... مچورکێک لە بەری پێمەوە دێت و تاڵە موویەکانی تەوقی سەرم قرژتر دەکات. بە یارمەتی دەستەکانم سەنگایی خۆم بە مێزەکەوە دەپارێزم."(ل ١٧)

"... تەیمور و بورهانەدین دەڵێی بیبارێکی زۆریان خواردووە و تازە لە ئاودەست گەڕاونەتەوە..."(ل ١٤٢)

وەک دەبینین، ورووژان و دڵە ڕاوکەی ڕاوی و کەسایەتییەکان، لە جیاتی ئەوەی بە یەک دوو واژە بگوترێت، نیشان دراوە. یان، لەو کۆپلەی خوارەوەدا، کە بارودۆخی نالەباری کەش و فەزاو دۆخی کەسایەتی، بە شێوەی مەجازی و بە دەم وێنەوە دەگوازرێتەوە بۆ بیرو هەستی خوێنەر:

"...درزی شکانی شووشەی پەنجەرەکەی بەردەمم وێنەی ئەو دیو پەنجەرەکەی بە شێوەیەکی ئاسۆیی دوولەت کردووە." (ل ٧)

ئەگەر چی بە داخەوە ئەژماری ئەو شێوە وێناکردنانە زۆر نین.

بەشێک لە داڕشتنەوەی دوو کەسایەتی سەرەکی دەق، ڕەزا بوڵووت ئۆغلۆ و ئەفسانەکان، دەکەوێتە سەر ئەستۆی ناویان. هەرتک ئەفسانە،

**بە تایبەت ئەفسانەی دایە مەرجان، خاوەنی کەسایەتییەکی سیحراوی و ئەفسانەئاسان:**

"... سێبەری ئەفسانەکان هەموو کون و کەلەبەرێکم لێ داگیر دەکەن. هەست دەکەم هەمیشە لە سێبەردا دەژیم. سێبەری ئەفسانە." (ل ٨)

"... نەکا شاقەلی عەبا فشەکەت ببن بە دوو باڵی چەترئاسا و ئەوەندە بەرزت بکەنەوە بە نێوان هەسارە دوورەکاندا ئاوابی و بۆ هەمیشە لە سێبەرت بێبەری بم."(ل ٩)

کەسایەتی ڕەزا، کەسایەتییەکی بێ سنوورە، بێ خاک و ڕیشە، ڕێک وەک هەور، کە خەریکە سنووران دەبەزێنێت، تا کۆ

بکات بە زێد و ڕیشەیەک بدۆزێتەوە،

**بۆیەش بلۆت ئۆغلوو ناوێکی پڕ بە پێستە بۆی:**

"... ڕەزای کوڕی هەور، گومان لەوەدا نییە تۆ لەم ناوچەیەدا لە دایک بوویە. بەڵام نازانی لەگەڵ شریقژنی هەورەکاندا چۆن یەکەم جار چاوت کردووەتەوە."(ل ١٣٤)

لەو ڕۆمانەدا، کە بەشی هەرە زۆری باسی خۆشەویستی و ئەوینە، دوو لایەنی ئەوینی پاک و لایەنی جەستەیی لێک جوودا کراونەتەوە. لایەنە پاکەکە، لە پێوەندی نیوان ڕاوی و ئەفسانەکان بە تایبەت ئەفسانەی دایە مەرجان(کە ئەووەی دی داوێتە پەراوێزەوە)، نیشان دراوە. بەڵام لایەنە جەستەییەکەی دراوەتە پاڵ توورەج و تەهمینە و شێوەی پێوەندی ئەو دووانە لەگەڵ یەک یان لەگەڵ دیتران.

وێڕای ئەو ڕاستییە کە زمانی دەق، زمانێکی پتەو و ڕێک و پێکە، بەڵام نووسەر بە هەڵبژاردنی ڕاوی یەکەم کەس و، ئەویش کەسێک کە سەرەتا کوردی جوان نەدەزانی و، دوایە وردەوردە کوردییەکەی باشتر دەبێت، بەسەر لێوارێکی زۆر تەسک و ئەستەم دا هەنگاوی ناوەتەوە. چوونکە لە لایەک دەبێ وریای ڕێک و پێکی زمانی دەق بێت و، لە لایەکیتر، بە شێوەزاری تایبەتی ڕەزا عەجەمەوە دەبێ بئاخفێت و، لەحنی تایبەتی ئەم بخوڵقێنێت. جگە لەمە، دەبێ ڕەوتی چاکتر بوونەوەی کوردییەکەی ڕەزا، لە دیالۆگە بەدوایەکەکانیشدا، ڕەچاو بکات. ئەوە لە حاڵێک دایە کە چەند کەسایەتی دیش هەن بە ڕاوێژ و زمانی جووداوە، کە پێویستە بەردەوام لە کاتی گێڕانەوەیان و، گواستنەوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەو خۆی دیالۆگەکانیان، وشیاری تێک نەچوونی مەنتقی گێڕانەوەی ڕەوایەت بێت. وەک ئەو کاتانەی کە خەریکە بەسەرهاتەکانی مەشە بایرام دەگێڕێتەوە،

**یان ئەو دەمەی نامەکەی ئەفسانەی مەشە بایرام دەخوێنیتەوە:**

"... زووبە تەواوی کە. بۆیە چاوانم دەقووچێنم، نەتبینم."
"مەش بایرام بە شێوەزاری خۆی قسەکانی بەسێی گێڕایەوە. ئەوە تۆ بووی جارێکی دیکە لاسای بەسێت کردەوە."(ل ١٩)

ڕستەکەی دوای دیالۆگەکە، کە لە زمانی ڕاویەوە هاتووە، کارکرد و فەلسەفەی ئامادەبوونی هەر بە تەنیا بۆ پاساو هێنانەوەی دیالۆگەکەی بەسێیە، کە مەش بایرام خەریکە دەیگێڕێتەوە، کە ئەگەر نەهاتبایە، بە ئاشکرا لە مەنتقی

گێڕانەوە لای دابوو. چوونکە ئەگەر قسەی بەسە خەریکە لە زمان مەش بایرامەوە دەگێڕدرێتەوە، دیارە دەبا بە شێوە زاری تایبەت بە ئەم هاتبایە، نەک کوردیەکی پەتی. ئەوەش تەمهیدێکە کە بەویوە نووسەر خۆی لەدەس هەڵەی گێڕانەوە خەڵەساندووە. یان لەو بەشەدا،

**کە ڕەزا خەریکە نامەی ئەفسانەی مەش بایرام دەخوێنیتەوە:**

"... گوتم با ئەم چەند سەترە بنووسم و ئاگادارت بکەمەوە..."
"نامەکە بە فارسی نووسرابوو. هەستم دەکرد ئەفسانە لەبەر چاومە. خۆی نامەکەم بۆ دەخوێنیتەوە و بە هۆی لەهجە ئازەرییەکەیەوە هەموو پیتەکانی قافم بە گاف دەبیست."(ل ٣٢ و ٣٣)

ئەفسانەی مەش بایرام تورکی تەورێزە و کوردی نازانیت. نووسەر لە دەم ڕاویەوە پاساو دەهێنیتەوە کە ئەگەر ئەفسانە کوردی زانیبا، بەو شێوە زارەوە قسەی دەکرد. ئەگەر ئەو پاساوە نەبا، لێرەش هەڵەی گێڕانەوە ڕووی دەدا.

***

تا ئێرە باسی ئەو تەمهید و تەکنیک و ڕەفتارانە کرا کە بوونەتە هۆی بە هێز و ڕێک و پێک بوونی پێکهاتەی دەق. لە دەوامدا باسی چەند خاڵێک دەکرێت کە بوونەتە هۆی درز بردنی ئەو پتەوی و یەکدەستیەی پێکهاتەی دەق.

(١)

دەق لە گۆشەنیگای یەکەم کەسی تاکەوە گێڕدراوەتەوە. واتا ڕەزا بلۆت ئۆغلوو ئەوەی دەیبینیت و دەیبیسیت، بۆ ئەفسانەی ناو خەیاڵی خۆی دەیگێڕیتەوە( چوونکە لەو کاتەدا ڕەوایەت دەگێڕدرێتەوە، ئەفسانە غایبە). دیارە ئەو گۆشەنیگایە لە چاو گۆشەنیگای سێهەم کەسی تاک دەستی کورتترەو، هەر بە تەنیا دەرەوەی دیاردەکان دەبینیت و، لە لایەنی ناوەوەی کەسەکان بێ خەبەرە. کە چی لە شوێنێکدا،

**ڕاوی باسی ناکۆکی دەروونی و ڕەفتاری دەرەکی کەسایەتی دەکات:**

"... بێئەوەی خۆی بیهەوێت، ڕوخساری کەمێک بەرەو لای من وەرسووڕا."(ل ٣٦)

ئەو ڕستەیە ئەو دەلالەتە دەگەینێت کە، ئەو ڕەفتارەی لە کەسەکە دەبینرێت، لە گەڵ ویست و مەیلی دەروونی ئەم ناسازەو

یەک ناگرنەوە. دیارە لێرەدا گێڕانەوەکە لە مەنتقی خۆی لای داوە. ڕاوی یەکەم کەس بۆی نییە باس لە لایەنی دەروونی کەسەکان بکات، مەگەر بە مەزەننە، کە لێرەدا هیچ قەرینەو نیشانەیەک بۆ ئەوەی بە مەزەننە باسی ویستی دەروونی کەسەکەی کردبێت( وەک: واوێدەچێت، لەوانەیە، شایەدو...)، نەهاتووە.

(٢)

وەک لە دەق دەردەکەویت، ئەفسانەی دایە مەرجان، کوردیزانێکی تەواوەو، پتر بە کوردییەکی پەتی دەدوێ:

"... سکاڵات بە ناوی کێیە؟

... زۆر گەڕاین، ڕابردووی تۆ لەنێو هیچ پەروەندەیەکدا تۆمار نەکراوە. ڕەنگە ڕابردووی تۆ زۆر ئاڵۆز بێت.

... من ڕۆژانی پێنجشەممە لێرە زوو تەواو دەبم، پێنجشەممەیەک وەرە کەمێک کوردیت فێر دەکەم."(ل ٢٣ و ٢٤)

دیارە ئەوەندە بەسەر زمانی کوردی دا زاڵە کە بە تەمایە ڕەزاش فێرکات. بەڵام هەر ئەو کوردی زانە هێندێک جار لە وشەی تەواو ناکوردی کەڵک وەردەگریت:

"... من چدیکە تاب ناهێنم. ئەوانە شەڕیان لەگەڵ منە.

... دەست لە ژیانی من وەردەدەن. لەوە زیاتر تاب ناهێنم."(ل ١٢٠ و ١٢١)

دیارە (تاب هێنان و نەهێنان)، گرتەهەڵگرتنەوەی ڕاستەوخۆی (تاب آوردن و نیاوردن)ی فارسییە. کە چی لە کوردیدا ڕێکەوەندی( بەرگە گرتن و نەگرتن) مان هەیەو، لە ئەفسانەی کوردی زان چاوەڕوان دەکرا ئەو ڕێکەوەندە دەکار کات. مەگەر ئەوەی کە ئەو پاساوە بێنینەوە کە، لەو کاتەدا ئەفسانە زۆر تووڕە بووەو، بۆیە کوردیەکەی لێ تێک چووە. واتا نووسەر ویستوویەتی لەو هەڵە زمانیە وەک کەرەسەیەک بۆ ڕادەی قەڵس بوونی ئەم کەڵک وەربگریت. بەڵام ئەوجارەش، بە لەونێکیتر هەڵە ڕووی دەدات. دەروونناسی زمان پێمان دەڵێت کە، لەو ساتەوەختانەدا کە مرۆڤ ڕادەی دەستەڵاتی وشیاری و ئیرادەی کەم دەبێتەوە( بۆ نموونە کاتی ورووژان بە هۆی تووڕە بوون، ترسان، قوشقی بوون، تێکڕابوون و...، یان بە هۆی دەخەوڕاچوون، یان هیپنۆتیزم کران) زمانی نابەئاگایانە، دەگەڕێتەوە زمانی یەکەمی واتا دایکی و، ئەو زمانەی لە سەرەتای ژیان و منداڵی دا فێری بووە. کە وابوو، بە پێی سەربووردەی ئەفسانە، گەڕانەوەی ئەفسانە بۆ منداڵی واتا گەڕانەوەی بۆ کوردیەکی پەتی.

(٣)

یەک لە پرەنسیپەکانی مەنتقی ڕەوایەت، یەک گرتنەوەی کەسایەتی و ڕادەی زانیاری ئەوە لەگەڵ گوتەو قسەکان و بیرو ڕای. ئەوەی کە پیاوێکی بەساڵاچووی کوردی لادێیی، ئاوا بە وردی باسی مێژووی هاوچاخ و بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بکات، تۆزێ لە قەناعەت هێنانی خوێنەر سەبارەت بە کەسایەتی و باوەڕ پێ کردنی کەم دەکاتەوە. لەو بەشەدا، وەک ئەوەی مام بارام خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکی مێژوویی و ڕامیاری بیت، بەوردی و ڕێک و پێکی لە دامەزران و ڕووخانی موسەدیق بە هۆی کۆدتاوەو، ئیسلاحاتی ئەرزی شاوە، هەتاکوو دەگاتە شۆڕشی ١٣٥٧ گەلانی ئێران دەدوێت. تەنانەت لە دوانێکی ڕەهاش لای دەدات و تەتەڵەو شەن و کەویشی دەکات و، هێندێک لە ڕووداوەکانی پشتی پەردەش ڕوون دەکاتەوە. گوتارو و زانیارییەک کە لە ڕاستیدا پتر لە پسپۆڕێکی مێژوویی یان ڕامیاری و مامۆستایەکی زانکۆ ڕەچاو دەکرێت، دە دەمی پیاوێکی نەخوێندەواری لادێیی ئاخنراوە. هیچ قەرینەیەکیش لە دەقدا بۆ خوێندەوار بوونی مام بارام دیار نییە. بۆ ئەو سەردەمیش یەکەم پێش گریمانە لەو کاتەدا، نەخوێندەبوونی کەسەکانە.

***

لە کۆتایی وتاردا، ئاماژە بە دوو خاڵی دیش دەکەین، کە وەک خاڵی لاواز یان بەهێزی دەق و پێکهاتەی ڕۆمان ناکرێ چاویان لێ بکرێ.

سەرەتا، باسی وێکچوونێکی نێوان دەقی سەیری (کۆچی هەورە تریشقە) و( گرەوی بەختی هەڵاڵە) دەکەین. هەڵبەت ئەو وێکچوونە، لە تویژی گەلاڵەی ڕۆمان دا نییەو، پتر قالب و فۆرمی دەق و هێندێک کەسایەتییەکان دەگرێتەوە. ڕۆمانی(گرەوی بەختی هەڵاڵە)، لە فۆرمی دیالۆگێکی یەکەم کەسی تاک لەگەڵ خۆشەویستەکەی پێک هاتووە. کەچی کەسی بەردەنگ(هەڵاڵە) لە هۆش چووە و ئاگای لە گێڕانەوەی ڕاوی(دوکتۆرسەعید ڕەحمانی) نییە. واتا لە واقیعدا دەق لە قەوارەی مۆنۆلۆگدا بەرهەم هاتووە. لە ڕۆمانی(کۆچی هەورە تریشقە) شدا، هەر ئەو دۆخە، بە لەونێکی دی دەکارکراوە. ڕاوی( ڕەزا بلۆوت ئۆغلوو)، بە تەمایە بەسەرهاتی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی(ئەفسانە) بنووسێت. کە چی لێرەشدا لەبەر ئەوەی بەردەنگ غایبەو، نامەکەش دیار نییە دەنووسرێ یان نا، ئەگەریش نووسرا، بە دەست بەردەنگی دەگات یان نا، دیسان دەبیتەوە مۆنۆلۆگ. لە هەردووک دەقدا، شۆڕش و خەبات و کۆچ و قەیرانی شوناس، بابەتی سەرەکی دەقن. لە هەر دووکیان دا، کچێکی ژیرو وریای کورد دەوری سەرەکی دەگێڕیت و، هەردووکیان باوکیان پێشمەرگە بوونەو لە قۆناغێک دا لە قەندیل ژیاون. هەڵبەت ئەو وێکچوونە، نە دەبیتە ئیرادی دەق و نەک دەبیتە هۆی سەرەتی بوونیی. خاڵە هاوبەشەکان، لەهەریەک لە دەقەکاندا، کارکردی تایبەتی خۆیان هەیەو، مۆرکی تایبەتی دەقیان پێوەیە.

خاڵی کۆتایی بەرباسی ئەم وتارە، وێنەیەکی مەجازی سەرنجڕاکێشە.

**کاتێ باسی قەندیل و جوغرافیای کوردستان دەکرێ، ڕاوی بەشێک لە کتێبەکی جوغڕافیایی دەخوێنیتەوە:**

"... لەسەر دەریای نێوەڕاستەوە دێن و باوەشباوەش هەور و بارانیان پێوەیە. با هەورەکان لەسەر دەریای نێوەڕاستەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەبات. تورکیا و بەشێک لە سوریاو بەشێک لە باکووری ئێراق و بەشێکیش لە خاکی ئێرانی پێ پاراو دەبێت."(ل ١٣٤)

ئەگەر خاکی کوردستان، لە سەر زەوی پارچەپارچە کراوە، لە لای سەروو و لە ئاسماندا، هەموو پارچەکان لە یەک سەرچاوە و لە سینەی گەواڵەهەورێکەوە بە دەم باوە پاراو دەبن و گەشە دەکەن و سەوز دەبن.

٢١ی جۆزەردانی ١٣٩٣ هەتاوی - شنۆ

٢٨ی جانێویری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# وردە ژانی کاڵ بوونەوە



## چیرۆک

دەزانم خەریکی چی. ئەو کاتەی لاپەڕەی رۆژنامەکان ئەمدیو ئەودیو دەکەی، ئەو وەختانە کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکە دەگریە دەست و کەناڵەکان دەگۆڕی، تەنانەت ئەو دەمانە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەتدا لە سەر شەپۆلەکانی ئێف ئێم گوێ بۆ بانگەشەکان شل دەکەی، دەزانم لە دەروونتدا بیر لە چی دەکەیەوە.

ئەوەندە دڵ لە دڵ مەدە و مەترسە. کەمێک غیرەت وەبەر خۆت بنێ و بمکە بە کەسایەتیی ئەم چیرۆکەت. بۆ تۆش زۆر ناخۆشە هەمیشە دڵت لای من بێت و لە ڕواڵەتدا گوێ نەدەیە ئاواتی دڵت و باسی من نەکەی. تەنیا دەتوانی بە گێڕانەوەم لە کۆڵ خۆتم بکەیەوە و باری خۆت سووکتر بکەی.

پێت خۆش بێت یان نا، مل دەدەیە گێڕانەوەم. ئەگەر ڕاستیت دەوێت، دوای گێڕانەوەش لە کۆڵت نابمەوە. چی دیکە بەحەسرەت دیتنی من، خۆت بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە ماندوو مەکە. لە بەرانبەر تەلەفزیۆندا دەست وەبەر چەنەت مەدە و بە بەدوای وێنەی مندا کەناڵەکان مەگۆڕە.

من لەخەمی تۆدام. دەترسم لەحەسرەت بیستنی دەنگی من لە رادیۆ "ئێف ئێم"ی نێو ئۆتۆمبێلەکەتدا هۆشت بڕوات و تووشی رووداوێکی ناخۆش بی. پێم خۆش نییە هەر نەبێ تۆی نووسەر وابزانی کەسایەتیی چیرۆکەکەت خەمی تۆی نییە. ئەوەندەی من خەمی تۆمە، رەنگە تۆ نیو ئەوەندەش لە فکری مندا نەبی.

رەنگە تۆ بتهەوێت بە تیفتیفەدانی ئاکار و وێنەی من کەسایەتییەکی دڵخوازی خۆت بۆ چیرۆکەکەت بخوڵقێنی، بەڵام من ناهێڵم و دەبێ هەموو شتێک بەدڵی من بێت. هەرچۆنێک بۆتی دەگێڕمەوە ئاوا بینووسییەوە. لێرە ئێزنت پێ دەدەم هەرچی خۆت لەمنەوە دیتووتە و ئەوەی من بۆت دەگێڕمەوە، هەمووی بخەیە ناو گێڕانەوەکەتەوە. تۆ گێڕانەوەی خۆت دەست پێبکە و لە کوێدا من دەنگ هەڵبڕم و دەست پێبکەم، پێویستە بێدەنگ بی و ئەوەی دەیڵێم بێ دەستکاری کردن و گۆڕین بینووسیەوە. مافی ئەوەت نییە تاقە پیتێکیش لە قسەکانی من زیاد و کەم بکەی. چۆن من لە سەر ئەم رووبەرە ساف و لووسە توانای جووڵەم نییە، تۆش ئەوا بۆت نییە لە فەرمانی من لابدەی و تەنیار راسپاردەی من جێبەجێ دەکەی. لێرەدا زۆریش بۆت بە پەرۆشم کەناچاری رێنمایی لە کەسایەتییەکی تەنک و بێبارستایی وەک من وەربگری، بەڵام دیسانیش ئەمە بەو مانایە نییە، ئەم دڵسۆزییەی من بە دەرفەت بزانی و لە رێنوێنیەکانی من لابدەی. نووسەر ئەگەر کۆیلەی بەردەستی کەسایەتی نەبێت، ئەوەی دەیگێڕێتەوە تەنیا کۆمەڵێک درۆ و دەلەسەی هەڵبەستراوە.

***

لە یەکەم رۆژی هاتنی ئەو بۆ نێو ئەم بانگەشەیە، هەستم کرد ئەوە تەنیا من نیم ئەو بەلای خۆیدا ڕامدەکێشێت. لەنێو بازاڕ و لە کۆڕ و دانیشتنی نێو کافتریاکان و تەنانەت کاتێک بە تەنیشت ئەو خەڵکەدا ڕادەبرم کە سەیری وێنەی بەربژارەکان دەکەن، هەست دەکەم زۆربەی خەڵکی ئەم شارە وەک من پێیان خۆشە بۆ ساتێکی کورتیش بێت لە بەر وێنەکەی وچانێک بدەن. بە بیانووی خویندنەوەی نووسراوەی ژێرەوەی وێنەکە، کەمێک سەیری سیحری چاوەکانی بکەن. چاوەکانی پڕن لە ئێما و ئاماژە و گێڕانەوە. دەڵێی بەتەمایە بەم روانینەی بینەر ببەستێتەوە و چاوەتیژەکانی بکاتە کەرەستەی سووک کردنی ئەم هەموو قورساییەی دڵی پڕی ئازار دەدات. لەو ماوەیەدا کە وێنەکەی کەوتۆتە سەرلاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکان و لە شاشەی تەلفزیۆنەوە خۆی دەنوێنێت، رۆژ لە دوای ڕۆژ تیشکی چاوەکانی زیاتر دەمگرێت. لەم دواییانەدا کاتێک خۆی دیار نییە، بڵاوبوونەوەی دەنگی لە ڕادیۆکانیشەوە ئەم تیشکە تایبەتەی چاوی زیندوو دەکاتەوە.

وێنەیەکی باڵابەژنی بە دارتێلێکی چیمەنتۆوە چەسپێندراوە. ئەستوورایی دارتێلە بەرزەکە باوەشێک پڕ دەکات. ماوەی چەند رۆژێک بەسەر دەستپێکردنی بانگەشەکاندا تێپەڕیوە. تینی هەتاو زۆربەی پۆستەرەکانی کاڵ کردووەتەوە. چاوە تیژەکان دیسان دەمگرن. ناتوانم تێبێڕانەمێنم و پڕ بەدڵ سەیری نەکەم. پێمخۆشە لە پەنجەی پێیەوە تا تەوقی سەری سەیری بکەم. چاوەکانی ناهێڵێن بەدڵی خۆم سەیری لەشی رێکی بکەم و چیرۆکێک بۆ ئەو پرچە شۆڕانەی دابڕێژم کە بەتەمان

سینەی لەباوەش بگرن و بەرەو گەردنی درێژی بەرزیان کەنەوە. چاوەکانی سێحراوین و پێش بە جێبەجێ کردنی هەموو خەون و ختوورەکانم دەگرن. نازانم ئەو کاتەی لەبەر وێنەکەی وەستاوم کەمە یان زۆرە. هەست دەکەم قسەم لەگەڵدا دەکات. ڕوانینی تیژی وەک نەشتەرێکی تیژ دڵم دادەچڵەکێنێت و پێمۆایە بە دەنگێکی نیان وەقسە دێت. دەنگی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ" چ دیکە بیر مەکەوە، ئەوەی دەیبینی ڕاستییە و من دەمهەوێ قسەت بۆ بکەم. دەبێ لەسەر ئەم پەیمانە سوور بی و بەڵێنیم پێ بدەی لە گێڕانەوەدا خەیانەتم پێ نەکەی. هەر چی من دەیڵێم، بێ ئەملاو ئەولا بینووسیەوە. هەر لەسەر ئەم بەڵێنییە تۆ بێدەنگ بە و نۆرە گێڕانەوەی منە."

- بەرلەوەی گوێ بۆقسەکانم شل بکەی، ئاوڕێک لە دواوەی خۆت بدەوە. ئەم هەموو وێنە ڕەنگاوڕەنگەت دیتووە بەرانبەری من بە دیوارەوەکەوە چەسپێنراون؟ تەنیا من لەم بەرە بە دارتێلەکەوەم. نازانم وێنەی من لە کوێی دیکە بەدار و دیوارانەوەیە و ئەوەی کە دەڵێی وێنەم بە دیوارەکانەوەیە و لە شاشەی تەلەفزیۆن و لاپەڕەی گۆڤارەکانەوە بڵاو کراوەمەتەوە، ئاگاداری هیچیان نیم. لێرەدا من تەنیا وێنەیەکم لەو سەدان وێنەیەی لەخۆمەوە کۆپی کراوە. من تەنیا چیرۆکی ڕابردووی خۆمم لەبیرە. هەمووی ئەم چیرۆکە بە چەندین ساڵ تەمەنەوە تا ئەو کاتەی چوومە بەر کامێرا و بووم بەوێنە. کاتێک بردیانم بۆ ئاتلیەی وێنەگرتن و چوومە نێو کامێرای دیجیتاڵ و پاشان خرامە سەر ڕووبەری ئەم کاغەزە، هەر ئەوەندە ئاگادار بووم کاغەزەکان خشە خشیان دێت و دەکەونە سەر یەک. بە دەنگ و ڕاوێژی کرێکارەکانەوە زانیم ئەوە چاپی ئۆفسێتە شەق و هۆڕیەتی. من تەنیا ڕووبەرێکی سپی کاغەزم بەرانبەر بەخۆم دەدیت و دەشمزانی پشتم بە کاغەزێکی دیکەوەیە، بەڵام نەمدەدیت. تەنیا ئەو کاتە هەستم کرد ئەوانیش وێنەی من بوون کاتێک بوو کە دایانمە دەست کۆمەڵێک گەنج بۆ ئەوەی بە دار و دیوارەکانەوە هەڵمبواسن.

گەنجێکی کەم تەمەن بە دوو دەست ئەملاو ئەولای گرتبووم. لەپێشەوەی دەستەیەک کاغەزی دیکەوە بووم. هەستم دەکرد کۆمەڵێک کاغەز لە پشتمەوە کەوتوونەتە سەریەک و پشتی منیان قایمتر کردووە. گەنجەکە تا گەیاندمیە ئێرە، بێزاری کردم. لەم لاو لەولای دەڕوانی و لووتی دەخستە نێوان سینەمەوە. ئەو وەک تۆ هەستی بە سیحری چاوانم نەکردبوو. ئاگادار بووم دەم دەنێتە نێو سینەم و پڕ بەدڵ هەوای دەوروبەر هەڵدەمژێت و سییەکانی لێ پڕ دەکات و دەیداتەوە دەر. کاتێک گەیشتە ئەم دارتێلە، منی بێرەوە چەسپاند. وەک دەبینی، دارتێلەکە وەک کۆتەردارێکی خڕی ئەستوورە و هەردوو لاتەنیشتی ڕاست و چەپم بە دارەکەوە نووساون و بەرەو پشتەوە شکاونەتەوەتە. لە نێوان هەردوو سمتەکانمەوە بە مووغەرەی پشتمەوە تا دەگاتەوە نێوەڕاستی پشتە سەرم بەرەو پێشەوە فشاریان بۆ هاتووە. گەنجەکە بە دارتەلەکەوە توندی کردم. لێوێکی نا بەلێومەوە و بە تاسەوە سینەی ڕەسینەم خشاند و دوای ئەوە کەمێک لێم دوورکەوتەوە، هەستم کرد بەچاوێکی حیزانەوە لێم دەڕوانێت و بە باوەشێک وێنەی خۆمەوە لێم دووردەکەوێتەوە. لە کاتی ئاوابوونیدا سەیرم کرد لەنێو پۆستێرەکانی دیکەدا

گەڕاوەتەوە سەر وێنەیەکی دیکەی خۆم. لەو کاتەوە هەست دەکەم کوتە کاغەزێکی هیچم و داهاتووم دراوەتە دەست منداڵان و با و بۆران و گەرمای هەتاو.

چەند رۆژێکی دیکە بانگەشە تەواو دەبێت. ئەوکاتیش نازانم ئەوەی دێت لەم دارتێلە چیمەنتۆیەم بکاتەوە، وەک تۆ دەڕوانێتە چاوانم یان ئەویش بە سینەمدا دادنووسێت و تۆزی ئەم چەند رۆژەی ماوەی بانگەشەکردن دەخاتە نێو سییەکانییەوە، یان بەکەیفی خۆی گۆێچکەیەکم دەگرێت، کوت کوتم دەکات و دەمخاتە ناو سەبەتەی زبڵەوە. چاوەڕوانم ئاخۆ ئەو ئۆتۆمبێلەی کۆکەرەوەی زبڵ چۆن لەگەڵ پیسایی و کوتە مقەبا و کۆنە پەڕۆی دیکەدا رەپێچەکم دەدات و هەڵمدەلووشێت.

من لەو داهاتوویەم دەترسم، بۆیە داوام لە تۆ کرد بە ئەمانەتەوە چیرۆکی ژیانم بنووسیەوە. پێم وایە چیرکنووسێکی بوێری. تۆ گێرۆدەی چاوەکانی من بووی و منیش لە چاوانی تۆدا ئەوەم خوێندەوە کەسێکی ئازای و خەریکی راوی چرکەساتەکانی. منیش پێم خۆشە بەرلەوەی بە پرۆسەی هەڵبژاردنێکدا تێپەڕم و ئەنجن ئەنجن بکرێم و جارێکی دیکە چەنگی ئامێری هەڵلووشینی زبڵی ئۆتۆمبێلی زبڵ گواستەنەوە رێکم بگوشێت، ژیانی ئەم چەند رۆژەت بۆ بگێڕمەوە. تازە باش دەزانم لەجەستەی ئەو خانمە دابڕاوم کە چیرۆکی ژیانی زۆر دوور و درێژە و لە تۆی چیرۆکنووسی بوێریش ڕانابینم بتوانی هەمووی بنووسیتەوە. پێمخۆشە لەسەر ئەوەندە رێک بکەوین، تۆ مافی ئەوەت نەبێ هیچ زانیارێکی پێش وێنەگرتنەکە لەمن بپرسی و منیش تازە نامهەوێت بە سەر سەربردەی ئەو ژیانەدا بچمەوە.

***

دەتگوت لە بەر دادوەرێکی بەهەیبەتدا رێککەوتننامەکەمان واژۆ دەکەین، بڕیارماندا هیچکاممان دەقی ئەم رێککەوتننامە بێ خاڵ و تێبینییە پێشێل نەکەین. چۆنی ئەو ژیانی خۆی لەم چەند رۆژەی بانگەشەکردندا بۆم گێراوەتەوە، بە ئەمانەتەوە دەیگێڕمەوە. بەڵێنیشم لێ ئەستاندووە خۆی نەیەتە نێو گێڕانەوەکەم و خۆ وەبەر قسەی من هەڵنەدات، بەڵام کاتێک من لە رەوتی گێڕانەوەدا تووشی لەبیرچوونەوە یان هەڵەیەکی نەخوازراو هاتم، مافی ئەوەی هەیە دەنگ هەڵبڕێت و جڵەوی گێڕانەوەم لێ بستێنێتەوە. لەم ماوەیەی رۆژانی بانگەشەدا قسە و باسی خەڵک و وێنە جوانەکانی، ناچاریان کردم لە هەرشوێنێک وێنەی ئەو ببینم راوەستم و تا مەراق و ئارەزووی دڵم دەخوازێت سەیری بکەم. نازانم چەند رۆژ لەمەوبەر بوو بێرەدا رابردم و دیتم وێڕای ئەوەی وێنەکانی بانگەشە بەرەو کاڵبوونەوە دەچن و تەنانەت دروشمە ڕەنگاورەنگەکانی حیزب ولایەنەکانیش کاڵ دەبنەوە، بەڵام رەنگی ئەو هەروەک رۆژانی سەرەتای چاپکردنییەتی. پێموایە دەمڕاستانی کاروباری بانگەشە و کاربەدەستانی چاپخانە هەوڵیان داوە وێنەی ئەم جوانچاکە بەڕەنگی تایبەت و لەسەر کاغەزی تایبەت چاپ بکەن. ئەم پۆستێرە چەند رۆژە بێئەوەی گۆڕانێکی بەسەردابێت، بەرەو باکوور پاڵی بە ئەم دارتێلەوەداوە و هەر میتر و

نیویک دوور لە دارتێلەکەش ئەم هەموو وێنەیە بەڕیز بەدیواری قوتابخانەکەوەن و بەچەشنێک بەرەو کاڵبوونەوە دەڕۆن، ئەگەر نووسراوەکانیان نەخوێنیەوە رەنگی تایبەتی حیزب و لایەنەکانت بۆ لێک جودا ناکرێتەوە.

- رەنگە بەوە لە خۆت بایی بووبی کە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەم بە تۆ ئەسپاردووە، بەڵام من پێموایە تۆ وەک خۆم ناتوانی بەسەرهاتەکەم بگێڕیەوە. تۆ لەدەروونی مندا نی و لە دەستت نایەت بەسەر کەلێن و قوژبنی ژیانی مندا ئاگادار بی. من وەک کەسایەتییەکی سەربزێو ئیزنت پێ نادەم وەک نوێنەری تەواو لە جیاتی من قسە بکەی یان رەوتی گێڕانەوەی رووداوەکان بەو ئاقارەدا ببەی کە خۆت حەزت لێیەتی. ئەورۆژەی کوڕە گەنجەکە منی بە نێوقەدی ئەم دارتێلەوە نووساند، دیوارەکەی بەرانبەرم هیچ وێنەیەکی پێوە نەبوو. منیش لێرەدا وەک تۆ بێخەبەرم. نازانم ئەو کاتەی گەنجەکە منی لێرە شەتەک دا بۆچی ئەم دیوارەی بەرانبەرم ئەوا بە چۆڵی مابۆوە. ئەوەندە لە کوڕە گەنجەم بیست، لەبەر خۆیەوە دەیگوت خۆزگە دیوی لای شەقامی دارەتێلەکە وێنەی دیکەی پێوە نەبوایە، ئەوکات بەرەو شەقامەکە هەڵمدەواسی. هەر ئەوەش بوو نەهێشت من وەک پۆستیرەکانی دیکە بکەومە بەر تیشکی هەتاو و وێڕای ئەوان کاڵ ببمەوە. من بەرەو باکوورم و ئەوان بەرەو باشوور و لە بەیانییەوە تا خۆرئاوابوون تیشکی هەتاو دەیانئەنگێویت. ئەوەنییە منیش جەمسەری راست و چەپم بەرەو کاڵبوونەوە دەچن؟ لەبەر سیحری چاوەکانم کەس لەخۆی ڕانابینێت پۆستێرێکی دیکە بەسەر منەوە بدات. من تەنیا چەند کاتژمێرێک لەم ناوەدا بە تەنیابووم. پاشان ئەو پیاوانەی وێنەی بەربژارەکان بڵاو دەکەنەوە، سێسەرەیان لەم ناوە هەڵنەگرت و لە چەند خولەکێکدا ئەم دیوارەی بەرانبەرم پڕ بوو لە وێنە. یەکەم جار گەنجێک بە باوەشێک وێنەوە لەبەر دەمم وێستا. تێر سەیری کردم و وێنەی ئەم دوو پیاوەی بەرانبەرمی بە دیوارەکەوە نووساند. دوای ئەوە گەنجێکی دیکە هات و چەند وێنەی دیکەی لەملاو ئەولای ئەم وێنانەوە بە دیوارەوەدا. دوای ئەو لەبیرم نییە و ژمارەم لەدەستدا نەماوە. هێندێکیان خێسەیەکیان لێم دەکرد و لەکاتێکدا هەر چاویان بەسەر منەوە بوو، وێنەکانی ناو باوەشیان بە خوار و خێچی لە دیوارەکە قایم دەکرد. لە بەیانیەوە تا دەرەنگانی شەو ئەوانەی بە نێوان من و ئەم وێنانەی سەر ئەم دیوارەدا رادەبرن، تەنیا سەیری من دەکەن.

مێشکم پڕ بووە لەو تەپ توانجانەی لە دەم رێبوارەنەوە بەسەرم دادەبارێت. یەکێک دەڵێت: "ئەڵلاهـ لەم هەموو جوانییە، ئاخۆ نایەتە باوەشم؟" یەکی دیکە دەڵێ: "ئافرەت و ئەم بەزم و رەزمە؟" گەنجێک دەیگوت " لەدەوری سەرت گەڕێم، وەڵڵا من تەنیا دەنگ بەتۆ دەدەم." قەیرەکچێک بە هاوڕێکەی گوت، وەرە لێی گەڕێ، دەتوانم سوێند بخۆم ئەمە سۆزانییە." ئەوەندەی لەبیرم بێت تەنیا پیرەژێک بە جلی رەشەوە ئاوڕێکی لێدامەوە و گوتی "دەک خوا سەرکەوتووت بکات کچم"!

کاتی شەو دەرنگان، پۆستەرەکانی بەرانبەرم لێم وەخۆ دەکەون. ئەوەندەی بە قسەی ئەوان تێکدەچم نیو ئەوەندەش لە

تەپ و تۆانجی ڕێبوارانی بەر هەتاوی ڕۆژانە بێزار نیم. کاتێک هاتووچۆی ڕێبواران نامێنێت، ئەوان دەست پێدەکەن. ئەم پیاوەی ڕێک بەرانبەرم دەستی بەرز کردووەتەوە دەیگوت بەڵێنیت پێدەدەم دەنگێکی باش کۆ دەکەیەوە. هەردووکمان دەردەچین. ئەوکات هەوڵ دەدەم ببی بە جێگر یان سکرتێری مەجلیسەکە.

ئەم نێوچەوان دەرپەڕیوەی ئەولاتر هەموو شەوێ دەڵێت کاتێک دەرچووین، یەکیەتیی زگورتیەکان دادەمەزرێنین. ئەوەی هێروەتر هەوڵدەدات خۆ وەک لایەنگری مافی ژنان پیشان بدات، بەڵام لە پشت قسەکانییەوە دیارە لەم دیوارەی بکەنەوە لە پێناو مندا هاوسەرەکەی دەخاتە دۆزەخی ژیانەوە. من تەنیا بەچاوەکانم سەیریان دەکەم و ئەوانیش لە بەر شەبەقی کلۆپی سەر شۆستەکەدا بێ نۆرە گرتنەوە قسە دەکەن. تا ئێستا چەند جارێک لە ژێر تاریکیی شەودا کارەبا دەبڕێت و شنەبای نیوەشەو سرت و خورتی وێنەکانی دیوارەکەم بە گوێ دادەدات کە خەریکە لەسەر من دوژمنداریەکیان ئاشکرا دەبێت. کاتێک کارەباکە دێتەوە هەر هەموویان هەوڵدەدەن نێوچاوان گرژیەکەی نێو تاریکایی بێکارەبایی بشارنەوە.

ئەو کاتەی لە ستۆدیۆی وێنەگرتندا وەستابووم و هێشتا نەببووم بە وێنەی دیجیتاڵ، لەوێش بۆ چەند خولەکێک کارەبا ڕۆیشت. لەوکاتەدا وێنەگرەکە خەریک بوو جلەکانمی لە سەر شانمەوە ڕاست دەکرد و هەوڵی دەدا لەبەر کامێراکە کەمێکی دیکەش سینەم دەرکەوێت و بە مەبەستی سەر بەرز کردنەوە و بەرز بوونی گەردنم دەستێکی گەیاندە بەر چەنەم. سەرم کەمێک بەرز کردەوە و کارەبا بڕا. لە تاریکیدا، دەستەکە لە گەڕانەوەدا هێڵی نێوان سینەی دیار و ستیانەکەمی تێکدا. هاوڕێکەی سەرپەرشتیکاری بانگەشەش بە بیانووی پاراستنم لە مەترسیی ناو تاریکیەوە باوەشێکی نەرمی پێمداگرت.

کوا تۆی نووسەری بێ ئاگا لەم هەموو زانیارییە وردە دەتوانی بەم شێوەیە بۆ بەردەنگەکانت بگێڕییەوە؟ هەر لە یەکەم ڕوانینتەوە من تێگەشیتم تۆش یەکێکی وەک ئەم هەموو بەڕێزانەی لە بەرانبەرمدا بە دیوارەکەوە چەسپاون. لە ڕوانگەی منەوە جیاوازییەکی ئەوتۆت لەگەڵ وێنەگرەکە و هاوڕێکەی سەرپەرشتیکاری بانگەشەش نیە. ڕەنگە زۆر وەک ئەو گەنجەش نەبی کە لەم دارتێلە شەتەکی دام. بەڵێنیم پێداوی تا بەم دارتێلەوەوەبم و تۆ پێت خۆش بێت، هەموو ڕۆژان وەرە بەردەمم و لە چاوەکانم بڕوانە. پەیوەندییەکە ڕێک بخەوە و منیش ئەوەندەی مەودام هەبێت، بۆت دەگێڕمەوە. بەڵام دوای ئەوەی بە ئەم دیوارەوە نەمام، مافی ئەوەت نییە تاقە پیتێکیش بە گێڕانەوەکەوە زیاد بکەی. بۆ ئەو رابردوویەش، یانی بەرلەوەی بۆ ئاخرین جار لە ناو ستۆدیۆی وێنەگرتندا لە جەستەی خوێن و گۆشتی خۆم جیابوومەوە، مافی ئەوەت نییە هیچ شتێک بنووسی.

***

لەژێر گەرمای بەتینی خۆری دەمەو نیوەڕۆدا لە ڕووکاری لای شەقامەکەوە سەرنجم کەوتە سەر وێنەی پیاوێک. پەلەمە

بەدەوری دارتێلەکەدا بسووڕێمەوە و بەکۆمەڵێک پرسیارەوە لە چاوە تیژەکانی بڕوانم. لەپەنجەی پێیەوە پێدا هەڵدگەڕێم. دووهێڵی یەکتربڕ خاچێکی رەشیان لەسەر سینەی سپیدا نەخشاندووە. هێڵێکی چیمەنتۆ ئەم لاو ئەولای قژی لە لای سەرو جیا کردووەتەوە و رووبەری خۆڵەمێشیی دارتێکەلەی بە نێوان دوولەتی وێنەکەدا تێکەڵ کردووەتەوە. دەڵێی هەردوو لاپرچی بڕاون و بەچیمەنتۆکەوە چەسپێنراون. لە لای سەرووی دابڕانەکەدا نێوچاوان و تەوقە سەری دیارە و چەند تاڵێک لە بڕۆی راستی جەمسەری ئەم بەشە لە لای سەرووی هێڵی دابڕێنەری چیمەنتۆکەدا دەتوێنێتەوە. چەندی هەوڵ دەدم ناتوانم لە نێوان دوو پارچەی دابڕاوی پۆستێرەکەدا چاوەکانی ببینمەوە. وەردەسووڕێم و سەیری پۆستێرەکانی سەردیوارەکە دەکەم، خەریکن لە نێو کاڵبوونەوەدا نوقم دەبن.

١٢ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٣٦ی کوردی = جوولای ٢٠٣٦ی زایینی

---






سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین


بۆ هاوڕێ مستەفا شێخە بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، بابەت و چیرۆکەکانی.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی